CHILDREN AND FAMILIES
EDUCATION AND THE ARTS
ENERGY AND ENVIRONMENT
HEALTH AND HEALTH CARE
INFRASTRUCTURE AND TRANSPORTATION
INTERNATIONAL AFFAIRS
LAW AND BUSINESS
NATIONAL SECURITY
POPULATION AND AGING
PUBLIC SAFETY
SCIENCE AND TECHNOLOGY
TERRORISM AND HOMELAND SECURITY

The RAND Corporation is a nonprofit institution that helps improve policy and decisionmaking through research and analysis.

This electronic document was made available from www.rand.org as a public service of the RAND Corporation.

Skip all front matter: Jump to Page 1

## Support RAND

Purchase this document

Browse Reports & Bookstore

Make a charitable contribution

## For More Information

Visit RAND at www.rand.org

Explore the RAND Corporation

View document details

### Limited Electronic Distribution Rights

This document and trademark(s) contained herein are protected by law as indicated in a notice appearing later in this work. This electronic representation of RAND intellectual property is provided for non-commercial use only. Unauthorized posting of RAND electronic documents to a non-RAND website is prohibited. RAND electronic documents are protected under copyright law. Permission is required from RAND to reproduce, or reuse in another form, any of our research documents for commercial use. For information on reprint and linking permissions, please see RAND Permissions.

This report is part of the RAND Corporation research report series. RAND reports present research findings and objective analysis that address the challenges facing the public and private sectors. All RAND reports undergo rigorous peer review to ensure high standards for research quality and objectivity.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان . وەزارەتی تەندروستی

# چاکسازی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان — عێراق

## چاکسازی دارایی، چاودێری سەرەتایی، و سەلامەتی نەخۆش




س. ڕۆس ئەنتۆنی
مێلیندا موور
لیی هـ. هیلبۆرن
ئەندروو و. مولکاهی

RAND CORPORATION

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان . وەزارەتی تەندروستی

# چاکسازی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان — عێراق

## چاکسازی دارایی، چاودێری سەرەتایی، و سەلامەتی نەخۆش

س. رۆس ئەنتۆنی
مێلیندا موور
لیی هـ. هیلبۆرن
ئەندروو و. مولکاهی

RAND
پەروەردە

ئەو توێژینەوەی لەم راپۆرتەدا شرۆڤە کراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سپۆنسەر کراوە و لەلایەن RAND تەندروستی، کە یەکەیەکی دامەزراوەی RAND ئەنجامدراوە.

دامەزراوەی RAND ڕێکخراوێکی نا-قازانجە کە لەرێگەی لێکۆڵینەوە و شیکارەوە یارمەتیدەرە لە باشکردنی سیاسەتی بڕیارداندا. مەرج نیە بڵاوکراوەکانی RAND ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی کلایەنتەکان و سپۆنسەرەکانی لێکۆڵینەوەکانی بن.

پشتیوانی بکە لە RAND—بەخشینێکی خێرمەندانەی باج لێدەرکراو ئەنجام بدە لەرێگەی www.rand.org/giving/contribute.html

RAND® هێمابازرگانیەکی تۆمارکراوە.

© مافی لەبەرگرتنەوە 2014 حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم بەڵگەنامە و ئەو هێمابازرگانیانەی لێرەدا هاتوون بە گوێرەی یاسا پارێزراون. ئەم نوێنەرایەتیکردنەی هزری ژیری RAND تەنها بۆ مەبەستی نابازرگانی دەستەبەر دەکرێت. پۆستکردنی ڕێپێنەدراوی بەڵگەنامەکانی RAND لە سەر وێبسایتەکانی غەیری RAND قەدەغەیە. بەڵگەنامەکانی RAND بەگوێرەی یاسای مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراون. ڕێپێدان بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە تەنها بۆ بەکارهێنانی کەسییە، هەتا ئەو رادەی کە نەگۆڕ و تەواوە. دوبارە بەرهەمهێنان یان دوبارە بەکارهێنانی هەر بەڵگەنامەیەکی توێژینەوەی ئێمە بۆ مەبەستی بازرگانی پێویستی بە ڕێپێدانە. بۆ زانیاری دەربارەی ڕێپێدانەکانی دوبارە چاپکردن و لینک کردن، تکایە بڕوانە پەڕەکانی ڕێپێدانی RAND (http://www.rand.org/pubs/permissions.html).

ئۆفیسەکانی RAND

SANTA MONICA, CA • WASHINGTON, DC

PITTSBURGH, PA • NEW ORLEANS, LA • JACKSON, MS • BOSTON, MA

CAMBRIDGE, UK • BRUSSELS, BE

# پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە توێژینەوەکە بۆ سێ بواری جیاوازی بەڵام پەیوەندیداری سیاسەتی تەندروستی (دارایی، چاودێری سەرەتایی، و سەلامەتی نەخۆش و کوالیتی) کە پێویستە دەسنیشان بکرێت کاتێک کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە باشترکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستی خۆی. لە هەر سێ بوارەکە، لێکۆڵەرانی دامەزراوەی RAND بابەتەکەیان شیکردەوە و لێکۆلینەوەیان لە سەرکرد، پێداچوونەوەیان کرد بۆ پێشینەی پەیوەندیدار، کۆمەڵێک هەڵبژاردەی سیاسەتیان پەرەپێدا و بەهەند وەرگرت، پلان و ڕێگەیان پەرەپێدا بۆ زاڵبوون بە سەر ئاستەنگەکان و بەدەستهێنانی ئامانجە دەسنیشانکراوەکانی سیاسەتەکە. بۆ بواری چاودێری سەرەتایی، RAND یارمەتیدەر بوو لە جێبەجێکردنی سیستەمێکی زانیاری بەڕێوەبردنی نوێ.

دامەزراوەی RAND ئەم توێژینەوەی ئەنجامدا لە سەر داواکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژێر چاودێری وەزارەتی پلاندانان (MOP) و بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی (MOH). تیمی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجامدا لە ماوەی کانونی یەکەمی 2011 تا کانونی یەکەمی 2012.

پێویستە ئەنجامەکان بە شێوەیەکی گشتی جێگەی گرنگی پێدانی ئەو کەسانە بێت کە پەیوەندیدارن بە چاودێری تەندروستی و سیاسەتەکانی تایبەت بە چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق (KRI) و بەشێوەیەکی زۆر گشتی تر بۆ سیاسەتی چاودێری تەندروستی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک بەشێک لە هەنگاوی تەندروستی جیهانی تایبەت بە تەندروستی RAND ئەنجامدرا. تەندروستی RAND ناوبانگێکی جیهانی هەیە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بابەتیانە، کواڵیتی بەرز و کرداری بۆ پشتیوانیکردن و باشترکردنی سیاسەتەکان و ڕێکخراوەکان لە سەرانسەری جیهان. کارەکەی جەخت دەکاتە سەر کۆمەڵێک بواری سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، بەلەخۆگرتنی جۆری چاودێری، باشترکردنی تەندروستی، دارایی، ڕێکخراو، ئامادەیی تەندروستی گشتی، چاکسازی چاودێری تەندروستی ناوخۆیی و جیهانی، و سیاسەتی تەندروستی سەربازی.

بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە بە د.ڕۆز ئەنتۆنی (Ross_Anthony@rand.org)، یان مێلیندا موور (M.D., M.P.H، Melinda_Moore@rand.org)، بەڕێوەبەری لێکۆڵەران. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تەندروستی RAND، سەیری ئەم لینکە بکە http://www.rand.org/health.html یان پەیوەندی بە بەڕێوەبەر بکە (زانیاری پەیوەندیکردن لە سەر لاپەڕەی وێبەکەیە).

## ناوەرۆک


**پێشەکی** ........ iii
**شێوەکان** ........ ix
**خشتەکان** ........ xi
**پوختە** ........ xiii
**سوپاس و پێزان** ........ xxi
**کورتکراوەکان** ........ xxiii

بەشی یەک
**پێشەکی** ........ 1

بەشی دوو
**بابەتی بڵاوکراوە لەسەر دارایی تەندروستی** ........ 3
بەشی کی ........ 3
بابەتی بڵاوکراوە لەسەر داراییکردنی چاودێری تەندروستی ........ 3
پرسیارە بنەڕەتییەکان ........ 3
جووڵەی پارە ........ 8
سیستەمی ئێستای داراییکردنی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ........ 8
پێکهاتەی دانیشتوان ........ 9
نیشاندەرەکانی تەندروستیی ........ 9
خەرجەکانی تەندروستیی کەرتی گشتی ........ 10
دەسڕاگەیشتن و کەڵک لێ وەرگرتن ........ 13
گۆڕانکارییە یاساییەکانی پێشنیارکراو ........ 14
ئاستەنگەکانی داراییکردنی تەندروستی کە رووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە ........ 15

بەشی سێ
**چاکسازی داراییکردنی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق: رێگایەک بەرەو پێشەوە** ........ 19
دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داراییکردنی تەندروستی ........ 19
رێبازەکانی داراییکردنی چاودێری تەندروستی ........ 19
سیستەمەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی لە سەر بنەمای بودجەی حکومەتی ........ 20
خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی کە بودجەیان لە باجە تەرخان کراوەکان مسۆگەر دەکرێت ........ 20
بیمەی تەندروستی کۆمەڵایەتی ........ 21
بیمەی تەندروستی تایبەتی ........ 21
رێبازێکی ستراتیژی دوو-قۆناغی بۆ چاکسازی لە داراییکردنی چاودێری تەندروستی هەرێمی کوردستان ........ 22
قۆناغی 1: دروستکردنی خزمەتگوزاریەکی تەندروستی نیشتیمانی بەرپرسیار لە هەرێمی کوردستان ........ 22
قۆناغی 2: بیمەی تەندروستی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان—عێراق ........ 31

بەشی چوار

**دووکاری (لەناو پزیشکاندا): بژاردەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تێکەڵکردنی کاری گشتی و تایبەت لەناو پزیشکەکاندا** 37
پێشەکی 37
دیاریکردنی پرسیاری سیاسەتی تەندروستی 37
بیروبۆچوونە باسکراوەکان لە دەقە پسپۆڕییەکاندا سەبارەت بە دوو کاری 38
پێناسەی دوو کاری 38
کاریگەری دوو کاری لەسەر کارامەیی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان 39
کاریگەری دوو کاری لەسەر یەکسانی دەسگەیشتن بە چاودێری تەندروستی 39
تیۆری دوو کاری 39
کێشەکانی تری پەیوەندیدار بە دوو کاریەوە 40
بارودۆخی هەنووکەیی دوو کاری لە هەرێمی کوردستان—ی عێراقدا 41
هەقدەسی پزیشک 41
کەرتی تایبەت 43
هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت 43
بەربەستە یاساییەکان 43
زانیارییەکان 43
ئاڵۆزی ڕێنماییەکان 44
بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانە 44
بودجە 44
بەربەستە یاساییەکان 44
1. ڕێگەدان بە گەشەی بازاڕ بەبێ دانانی بەربەست بۆ دوو کاری 44
2. سەپاندنی بەربەستی یاسایی لەسەر کارکردنی پزیشک لە کەرتی تایبەت 45
3. سەپاندنی بەربەست لەسەر بنەمای کات، داهات و فاکتەری تری پزیشک 45
4. دابینکردنی پاڵنەری دارایی بۆ پزیشکان 46
5. زامنکردنی کواڵیتی لە کەرتی گشتیدا 46
پێوەرەکانی بڕیاردان 47
شێوازی سیاسەتی پێشنیارکراو 47
قۆناغی I: خۆئامادەکردن بۆ گۆڕانکاری سیاسەت 47
قۆناغی II: چاکسازی سیاسەت 49
قۆناغی III: بەردەوامبوون لە پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی سیاسەت کاتێک زانیاری و کەرەستەکانی سیاسەت دەگۆڕێن 52
دەرەنجام 53

بەشی پێنجەم

**چاودێری سەرەتایی** 55
پێشەکی 55
دیاریکردنی ئەنجامەکان: بەستانداردکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری سەرەتایی لە ئاستە جیاوازەکانی چاودێریدا 55
سیستەمی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان 61
یارمەتی تەکنیکی زێدە 69
دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان 73

بەشی شەش

**کواڵیتی و سەلامەتی نەخۆش** 75
پێشەکی 75
شەش بوارەکەی دامەزراوەی پزیشکی ئەمریکی بۆ کواڵیتی چاودێری تەندروستی 75

دەرەنجامە بەراییەکانی هەڵسەنگاندنی کواڵیتی لەلایەن ئێمەوە ..... 76
هەوڵە دیاریکراوەکان بۆ باشترکردنی کواڵیتی ..... 77
نەبووی پلانی ستراتیژی بۆ زامنکردنی سەلامەتی نەخۆش ..... 78
ڕێگە بەرەوەپێشەوە ..... 78
پێشنیازی 1: دروستکردنی تیمێکی سەرکردایەتی هەرێمی ..... 79
پێشنیازی 2: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق ..... 80
پێشنیازی 3: تاقیکردنەوەی نەخۆشخانە متمانە پێدراوەکان بۆ زانینی ئەوەی چۆن سەرکەوتنیان بەدەستهێنا ..... 88
پێشنیازی 4: ئامادەبوون لە پرۆگرامێکی کرداری کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی ..... 88
ئەنجام ..... 89

بەشی حەوتەم
**پوختە و دەرەنجامەکان** ..... 91

**لیستی سەرچاوەکان** ..... 95

## شێوەکان


شێوەی 1.2. ڕێبازی بەکار هێنراو بۆ پشکنینی چاکسازی دارایی تەندروستی ............................ 4
شێوەی 2.2. توخمە سەرەتاییەکانی داراییکردنی چاودێرییەکانی تەندروستی ............................ 4
شێوەی 3.2. جووڵەی پارە لە سیستەمی داراییکردنی تەندروستیدا ........................................ 8
شێوەی 4.2. ڕێژەی مردنی ساوا لە هەرێمی کوردستان و
چەند وڵاتێکی تر ................................................................................. 10
شێوەی 5.2. پزیشک بۆ هەر 10000 کەسێک لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی تر ............ 11
شێوەی 6.2. خەرجیەکانی حکومەت لەبواری تەندروستیدا، 2011 ........................................ 12
شێوەی 7.2. دۆلاری خەرجکراو لە بواری تەندروستی بەپێی تاکەکەس، 2011 ........................ 12
شێوەی 1.3. پوختەی دیدگای هەرێمی کوردستان بۆ چاودێری تەندروستی و داراییکردنی چاودێری
تەندروستی داراییکردنی چاودێرییەکانی تەندروستی ................................................ 19
شێوەی 2.3. ڕێبازە ستراتیژیەکانی داراییکردنی چاودێرییەکانی تەندروستی ............................ 20
شێوەی 3.3. ستراتیجی گشتی داراییکردنی چاودێرییەکانی تەندروستی بۆ حکومەتی
هەرێمی کوردستان ................................................................................ 22
شێوەی 4.3. قۆناغی 1: بەدیهاتنی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی نیشتمانی وەڵامدەر ................ 23
شێوەی 5.3. داراییکردنی تەندروستی گشتی لە ڕێگای سەرچاوەی پەیوەندیدار بە داهات ............. 29
شێوەی 6.3. جووڵەی پارە لە کۆتایی قۆناغی 1 .................................................... 32
شێوەی 7.3. گوزەرکردن لە خزمەتگوزاریەکی تەندروستی نیشتیمانی بەرپرسیارەوە بۆ بیمەی
تەندروستی کۆمەڵایەتی ........................................................................... 32
شێوەی 8.3. جووڵەی پارە لە کۆتایی قۆناغی 2 .................................................... 34
شێوەی 1.5. دوو چالاکی گرنگ لە ماوەی ساڵی 2012: پێوەرەکان و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی
پەیوەندیدار بە زانیاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ......... 56
شێوەی 2.5. فۆرمی داتاکانی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتی زانیاری چاودێری تەندروستی
سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لاپەڕەی 1 ........................................ 62
شێوەی 3.5. فۆرمی داتاکانی پەیوەندیدار بە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری چاودێری
تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لاپەڕەی 2 ............................ 63
شێوەی 4.5. لاپەڕەی پێڕستی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری ........................................ 66
شێوەی 5.5. داپۆشین (ڕووماڵ) ی دانیشتوان لەلایەن بنکەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی
هەرێمی کوردستانەوە، بەپێی دەسەڵاتی دادوەری ............................................. 67
شێوەی 6.5. ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک کە لانیکەم
یەک پزیشکی ددانیان هەیە یان خاوەن ئامێرەکانی تیشکی ئێکسی(X-ray) پزیشکی ددانن .... 68
شێوەی 7.5. ئاستەکانی خوێندنی ستافی پەرستاری ناوەندی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک ..... 69
شێوەی 8.5. بنکەکانی چاودێری تەندروستی کە خزمەتگوزاری کوتان پێشکەش دەکەن .............. 70
شێوەی 9.5. هەبوونی خزمەتگوزاری تاقیگەیی لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی
سەرەتایی ........................................................................................... 71
شێوەی 10.5. خزمەتگوزاری پاش نیوەڕوانە و شەوانە لە ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی ..... 72
شێوەی 1.6. شەش بوارەکەی IOM بۆ کواڵیتی چاودێری تەندروستی .................................. 76
شێوەی 2.6. پێکهاتەی ڕێکخراوەیی گرنگ بۆ تیمی سەرکردایەتی هەرێمی ............................ 80

# خشتەکان

خشتە 1.4.  پزیشکی زیاتر کە پێویست دەبن لە هەرێمی کوردستان - عێراق لە 2020 و لەسەروو ئاستەکانی ئێستا، بەپێی ڕێژەی سوودوەرگرتن (بەکارخستن) ........ 42
خشتە 2.4.  سیاسەتەکانی دووکاری بەپێی چەندین پێوەری جیاواز ........ 48
خشتە 1.5.  خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ ئاستە جیاوازەکانی ناوەندەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق، 2012: پێوەرە گشتیەکان دانیشتوانی خزمەتکراو سیستەمەکانی ناردن، فەرمانبەران، و خزمەتگوزاری و ئامێرە سەرەتاییەکان ... 57
خشتە 2.5.  خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ ئاستە جیاوازەکانی ناوەندەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق، 2012: خزمەتگوزاری تایبەت ........ 59
خشتە 3.5.  پێڕستی خشتەکان و هێڵکارییە ستاندارد کراوەکان بۆ سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ........ 64
خشتە 4.5.  ئامێرەکان لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک ........ 66
خشتە 1.6.  نەخۆشخانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە متمانەیان پێدراوە لە لایەن کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی ........ 82

## پوختە

لە ساڵی 2010، حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) داوای لە دامەزراوەی RAND کرد بۆ یارمەتیدان لە ڕێنوێنی کردنی چاکسازی سیستەمی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق (KRI). ئامانجی گشتگیری چاکسازی بریتی بوو لە یارمەتیدان لە دامەزراندنی سیستەمێکی تەندروستی کە خزمەتگوزاری کواڵیتی بەرز دابین بکات بە شێوەیەکی گونجاو بۆ گشت کەسێک بۆ ڕێگری کردن، چارەسەرکردن، و بەڕێوەبردنی نەخۆشی و برینە جەستەیی و دەروونیەکان. لە قۆناغی یەکەمی کارەکەیدا، RAND جەختی کردە سەر (1) چاودێری سەرەتایی، (2) خەمڵاندنی خواست و سوود وەرگرتن لە چاودێری تەندروستی، و (3) دانانی بنەماکانی چاکسازی دارایی تەندروستی. ئەم ڕاپۆرتە پوختەی قۆناغی دووەمی کارەکەی RANDە.

لە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی 2011 تا کانونی یەکەمی 2012، کە قۆناغی دووەمی پرۆژەکەی گرتەوە، لێکۆڵەرانی RAND توێژینەوەیان کرد بۆ سێ بواری جیاوازی بەڵام پەیوەندیداری سیاسەتی تەندروستی: پەرەپێدانی سیاسەتی دارایی، جێبەجێکردنی پێشنیازە زووەکانی چاودێری سەرەتایی، و هەڵسەنگاندن و پێشنیازەکانی سەلامەتی نەخۆش و کواڵیتی. ئەمانە لە لایەن وەزیری تەندروستی و وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاریکران وەک بواری گرنگ کاتێک بەردەوام دەبێت لە باشترکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستی خۆی. لە سەر دواکاری وەزیرەکان، لێکۆڵەران هەر یەک لە بابەتەکانیان دیراسە کرد، پێداچوونەوەیان بۆ پێشنیە پەیوەندیدارەکان کرد، گەڕان بە نێو بابەتەکە لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکیەکان، کۆمەڵێک هەڵبژاردەی سیاسەتی جیاوازیان پەرەپێدا و هەڵسەنگاند، و پلان یان ڕێگەیان پەرەپێدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکان و ئامانجەکانی سیاسەتی دیاریکراویان بەدەست هێنا. لە بواری چاودێری سەرەتایی، لێکۆڵەرانمان هەستان بە پەرەپێدان و یارمەتیدەر بوون لە جێبەجێکردنی سیستەمێکی زانیاری بەڕێوەبردنی نوێ.

### دارایی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق:

ئەو ڕێگەی کە وڵاتێک سیستەمی چاودێری تەندروستی خۆی پارەدار دەکات زۆر گرنگە بۆ توانای وڵاتەکە لە پێکانی ئامانجە تەندروستیە نیشتیمانیەکانی. حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە RAND کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستەمی دارایی ئێستای چاودێری تەندروستی و پەرەپێدانی هەڵبژاردەکان و نەخشەڕێگایەکی ستراتیجی بۆ یارمەتیدان ڕێنوێنیکردنی هەوڵەکانی چاکسازی.

سیستەمی دارایی تەندروستی پێویستە پێنج پرسیاری بنەڕەتی دەربارەی چاودێری ئاراستە بکات: کێ شیاوە، کامە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرێت، کێ پارەکەی دەدات (پارەدارکردن)، چۆن پارەکان کۆدەکرێنەوە، و چۆن پارەدان ئەنجام دەدرێت. لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕەشنووسی دەستوری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق مافی ئەوەیان هەیە یان شیاون بۆ، خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی بنەڕەتی کە دابینکراوە لە کەرتی گشتی، گەرچی هەرگیز ئەوە بە تەواوەتی ڕوون پێناسە نەکراوە کامە خزمەتگوزاری دەگرێتەوە (پاکێجەکانی سوودمەند بوون). پارەدابین کردن بۆ خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی کەرتی گشتی بە شێوەیەکی سەرەکی لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت، کە زۆرینەی لە ڕێژەی 17%ی بودجەی عێراقەوە دێت، لە کاتێکدا چاودێری کەرتی تایبەت لە لایەن کەسەکانەوە خۆیان پارەکەی بە کاش دەدرێت.

کۆکردنەوەی پارە بۆ درێژکردنەوەی مەترسی لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوو دەدات، کە تەرخانکردنی بودجە دابین دەکات بۆ دابینکەران، وەک نەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (PHCs)، و مووچەی ستاف دەدات. ڕێگەی نموونەیی کڕینی خزمەتگوزاریەکان هاندەر دابین

دەكات بۆ كڕینی *بڕی دروستی* جۆری خزمەتگوزاری، هەرچۆنێك بێت، لە كاتی ئێستادا لە هەرێمی كوردستانی عێراق ئەم جۆرە هاندەرە بوونی نیە. پزیشكان مووچەیەكیان پێدەدرێت لە لایەن وەزارەتی دارایی، و دامەزراوەكان بودجەیەك وەردەگرن. هیچ پەیوەندییەك نیە لە نێوان پارەدان و ئەدا؛ سیستەمەكە پاداشتی دامەزراوەكان ناكات كە كاری باش دەكەن یان ئەو پزیشكانەی كاتژمێری زیاتر كاردەكەن و چاودێری زیاتر دابین دەكەن لە كەرتی گشتی.

پێشبینی دەكرێت كەرتی تایبەت 20% بۆ 30% تێچووی چاودێری تەندروستی بكات. بڕێكی بەرچاوی ئەم چاودێریە لە لایەن ئەو پزیشكانەوە دابین دەكرێت كە لە كەرتی گشتی مووچە وەردەگرن بەڵام بەشێكی زۆری كاتیان بە كاركردن لە نۆرینگەكانی كەرتی تایبەت بەسەر دەبەن، كە لەوێ پارەوەرگرتن بەرزترە. ئەم دیاردەیە زۆر جار پێی دەوترێت *دوو كاری* (DP).

**ئاستەنگەكانی جێبەجێكردنی چاكسازی دارایی تەندروستی**

بۆ بەرەوپێش چوون لە چاكسازی دارایی تەندروستی، بڕیاربەدەستانی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێویستیانە بە سەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بن:

- سەرچاوەكان نەشیاون—بە تایبەتی لە سیستەمی گشتی—بۆ ئەوەی تەواو بە پێی داواكاری ئێستا بێت بۆ چاودێری تەندروستی، و حاڵەتەكە خراپتر دەبێت لە گەڵ گەشەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی داهات.
- لە دەستوورە پێشنیاركراوەكە، ئەوە ڕوونە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕوای وایە كە چاودێری تەندروستی مافێكی بنەڕەتیە، و حكومەت پابەندە بە دابینكردنی ئاستێكی بنەڕەتی چاودێریەكە بۆ گشت دانیشتوانی هەرێمی كوردستانی عێراق. لەبەرئەوەی ئەو چاودێریە تا ئێستا بەو شێوەیە دابینكراوە بە كەمترین تێچوو بۆ خەڵكی دابینكراوە، خەڵك گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی كە مافی چاودێریەكی بەخۆڕاییان هەیە لە كەرتی گشتی، ئەم ئیستیحقاقە بۆ ماوەیەكی درێژ بەردەوام نابێت.
- داتای پێویست بۆ دانی بڕیاری باشی بەڕێوەبردن، دانانی سیاسەتی دارایی، و بەڕێوەبردنی سیستەمێكی دارایی مۆدێرن لە كاتێ ئێستادا لە هەرێمی كوردستانی عێراق بەردەست نین.
- وەزارەتی تەندروستی (MOH) لە كاتی ئێستادا توانا، كارمەند، یان پارەی پێویستی نیە بۆ جێبەجێكردن یان بەڕێوەبردنی چاكسازی دارایی چاودێری تەندروستی پێشبینیكراو.
- پارەدانی هاوبەشی نەخۆش لە كەرتی گشتی زۆر نزمە بۆ ئەوەی بتوانێت داهاتەكان بەرز بكاتەوە یان هاندەر دابین بكات بۆ بەكارهێنانی شیاو.
- كەرتی نەخۆشخانە كێشەی بۆ دروست بووە بەهۆی پێویستی بۆ نۆژەنكردنەوە و كەرەستەی نوێ لەبەرئەوەی پشتگوێخستنی سەردەمی سەددام، و سەرپەرشتانی نەخۆشخانەكان كۆنترۆڵی كەمیان هەیە بە سەر ستاف و كەمترین مرونەی بودجەیان هەیە. زۆربەی بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەكان دكتۆری بەڕێزن كە هیچ ڕاهێنانێكی بەڕێوەبردنیان نیە.
- سیستەمی دارایی تەندروستی هیچ هاندەرێك دابین ناكات بۆ پاداشتكردنی كار، ئەدا یان بەرهەمداری. ئەمە بە تایبەتی ڕاستە لە نێو ئەو دكتۆرانەی كە مووچەكانیان ڕەنگدانەوەی ئەو بڕە یان ئەو جۆرەی خزمەتگوزاری نیە كە لە كەرتی گشتی دابینی دەكەن.
- كەرتی تایبەت بەخێرایی فراوان دەبێت بێ بوونی ڕێنوێنی ڕێككاری یان پرۆسەی وەبەرهێنانی ستراتیجی.

سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، كاتێكی باشە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی بڕیاری سەرەكی بدات سەبارەت بە ئایندەی سیستەمی چاودێری تەندروستی خۆی. وڵاتەكە سەرچاوەی باشی هەیە—هەم مرۆیی و هەم كانزایی—بۆ پشتیوانیكردنی خواستەكانی. نەبوونی سیستەمێكی پارێزراو هەلێكە بۆ پەرەپێدان و جێبەجێكردنی دیدی چاودێری تەندروستی ستراتیجی كە بەردەست بوونی چاودێری كواڵیتی بەرز فەراهەم دەكات و بە نرخێكی باشتر دابینی دەكات.

**ڕێگەی دوو قۆناغی بۆ چاكسازی دارایی**

لێكۆڵەرانی RAND دیدێكی ستراتیجی و نەخشەڕێگایەكیان پەرەپێدا بۆ ڕێنوێكردنی چاكسازی دارایی تەندروستی لە هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ دەیەی داهاتوو. نەخشەڕێگاكە ڕێگەیەكی دوو قۆناغی دادەنێت بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەكانی ستراتیجیەتەكە. جەختەكە بۆ پێنج تا حەوت ساڵی داهاتوو پێویستە لە سەر

قۆناغی 1 بێت؛ جاحکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات بچێتە سەر قۆناغی 2 ئەوە پشت بە چەندین هۆکار دەبەستێت کە چەندین ساڵ دەبێت لە داهاتوودا.

**قۆناغی 1**، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت لە پێنج تا حەوت ساڵی داهاتوو، خواستەکان بۆ گواستنەوە لە سیستەمی پشت بەستوو بە داهاتی بودجە بۆ خزمەتگوزاریەکی کاریگەری تەندروستی نیشتیمانی بەرپرسیارانە (A-NHS). حکومەت بەرپرسیار دەبێت لە دابینکردنی پارە بۆ چاودێری تەندروستی و بەردەوام دەبێت لە بەرپرسیاریەتی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ گشت هاوڵاتیان تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە بە ویستی خۆیان کەرتی تایبەت بەکار دێن؛ هەرچۆنێک بێت، کۆکردنەوەی داهات، هاندان، و بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردن بە شێوەیەکی بەرچاو جیاواز دەبێت لە دۆخی ئێستا. سیستەمی بەرهەمهاتوو دەبێتە هۆی دابینکردنی چاودێریەکی باشتر، بە شێوەیەکی باشتر پێویستیەکانی دانیشتووان دابین دەکات، و هانی بەرهەمداری دەدات و هاندەرەکان یەکدەخات بۆ شیاوی و باشترکردنی کواڵیتی جێگیر.

وەک بەشێک لە باشترکردنی A-NHS، کۆی پاکێجەکە لە سوودە دابینکراوەکان لە لایەن سیستەمی گشتی پێناسە دەکرێت و ڕوون دەکرێتەوە بۆ ئەوەی گشتگیر بێت هەروەها بەڵام سنووردارە بەهۆی سەرچاوە بەردەستەکان و سیاسەتی هەڵبژاردەی سەرکردەکانی سیاسەت. باجی کرێ بۆ یارمەتیدان لە پارەدارکردنی زەمانی تەندروستی نیشتیمانی بە قۆناغ دەبێت، و هاندەرەکان یەکدەخرێنەوە بۆ هاندانی شیاوی و کواڵیتی لە لایەن نەخۆشخانەکان و دکتۆرەکان. لە کۆتای قۆناغی یەکەم، نەخۆشخانەکان ناوەندی تێچووی سەربەخۆ دەبن کە کۆنترۆڵی بودجەی خۆیان دەکەن، و یاسا و هاندەرە نوێکانی پەیوەست بەو پزیشکانەی لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی کاردەکەن دەخرێتە کارە. ئاژانسێکی نوێ—جا بەشێک بێت لە وەزارەتی تەندروستی یان سەربەخۆ بێت—کۆنترۆڵی پارەی زەمانی تەندروستی دەکات و داهاتەکان کۆدەکاتەوە لە حکومەتی ناوەندی و دابەشیان دەکات بە سەر دابینکەرانی خزمەتگوزاریەکانەوە. گواستنەوە بۆ A-NHS ێکی خاوەن پارەیەکی باش هەوڵێکی بەرزیخوازە کە پێویستی بە جەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بۆ ئایندەی پێشبینیکراو.

لە **قۆناغی 2**، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاربدات دەیەوێت بگوازێتەوە بۆ سیستەمی زەمانی تەندروستی کۆمەڵایەتی کارا (SHI) لەگەڵ پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمەکە. چاوەڕوان دەکرێت زەمان (insurance) گشت کەسێک بگرێتەوە. سیستەمی (SHI) مامەڵەی لە گەڵ بانگەشەکان دەکات و پارەی دەدات لە سەر بنەمای مۆدێلێکی پارەدان کە هانی شیاوی و بەرزکردنەوەی بەرهەمداری دەدات. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردەی ئەوە بکات بگوازێتەوە بۆ (SHI)، پارەی زەمانەکە دەدرێت بۆ خزمەتگوزاریەکان کە دەکرێت دابین بکرێت لە دامەزراوەکانی چاودێری کەرتی گشتی یان تایبەت.

**مەرجە پێشوەختەکان و کردارەکانی سیاسەت بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی دارایی**

لێکۆڵەرانی RAND مەرجە پێشوەختەکانیان دیاریکردووە، لەگەڵ کردارەکانی سیاسەت، کە پێویستە لە هەر یەک لە قۆناغەکان بۆ بە دەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان.

لە **قۆناغی 1**، مەرجە پێشوەختەکانی گۆڕانکاری سیستەمی داتای باشترکراو دەگرێتەوە، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی مۆدێرنکراو، باشترکردن لە کواڵیتی چاودێری لە کەرتی گشتی، دەرکردنی کارتی تەندروستی، و دامەزراندنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمە نوێکە.

هەروەها لە **قۆناغی 1**، کردارەکانی سیاسەت بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێت هاندانی گەشەی زەمانی تایبەت دەدرێت بۆ دروستکردنی لێهاتوویە داواکراوەکان، وەک مامەڵەکردن لە گەڵ بانگەشەکان و پارەدان، دانانی پاکێجی سوودەکان، پارەدانی دابینکەران، هەڵسەنگاندنی مەترسی و تەکنەلۆژیا نوێکان، و کۆکردنەوە و بەکارهێنانی داتا بۆ ڕێنوێنی کردنی کردارەکانی بیزنز. باجی کرێ دەسەپێنرێت لە سەر ئەو کارمەندانەی مووچەیان هەیە و لە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت یان کۆمپانیا گەورەکان کاردەکەن. خاوەن کارەکانی کرێکارە بیانیەکان دەبێت تەواوی تێچووی زەمانیان بدەن. کردارەکانی تری سیاسەت ئەمانە دەگرێتەوە؛ بەڕوونی پێناسەکردنی پاکێجی سوودەکانی تەندروستی دابینکراو کە حکومەت خۆی بۆ ناچارکردووە، چاکسازی کەرتی نەخۆشخانە، و سیاسەتی گۆڕانکاریە پەیوەستەکان بە پزیشکان ئەوانەی لە کەرتی تایبەت و گشتی کاردەکەن.

کاتێک خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی ((National Health Service (NHS) بە دروستی دادەمەزرێت (لە ماوەی پێنج بۆ حەوت ساڵ)، لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت بچێت بۆ قۆناغی 2 و سیستەمێکی SHI تەبەنی بکات لە گەڵ زەمانی تایبەتی تەواوکەر بۆ پارەدارکردنی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

لە **قۆناغی 2**، مەرجی پێشوەختە و چالاک ککەرەکان توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە لە باجدانان و باج کۆکردنەوە، هاودەم کردنی سیاسەتەکان لە گەڵ بەغداد، و دامەزراندنی ئاژانسێکی نوێی زەمانی

کۆمەڵایەتی ((Social Insurance Agency (SIA)، کە بەرپرسیار دەبێت لە پەرەپێدانی سیاسەتەکانی پارەدان، مامەڵەکردن لە گەڵ بانگەشەکان، و دانی پارەی دابینکەران بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی دابینی دەکەن.

هەروەها لە **قۆناغی 2**، کردارەکانی سیاسەت کارکردن بە سیستەمی SHI دەگرێتەوە لەگەڵ، دروستکردنی پێکهاتە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سیستەمەی لە قۆناغی 1 پەرەپێدرا. بە هاوکاری لە گەڵ وەزارەتی دارایی، ئاژانسە نوێکە ڕێژەی باجی کرێ و ڕێژەکانی SHI دیاری دەکات؛ لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە هەڵبژێرێت چەند گروپێک ببورێت و سیستەمێک پەرەپێبدات بۆ دابینکردنی چاودێری بۆ کەسانی هەژار.

زەمانی تایبەتی تەواوکەر ڕێپێدراو دەبێت و هاندەدرێت لە **هەردوو قۆناغەکە** بۆ پشتیوانی کردنی پارەدان بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی نەهێنراونەتە نێو کەرتی گشتی یان بەشێکیان هاتووە بۆ پارمەتیدانی تاکەکان لە بڵاو کردنەوەی مەترسیەکانیان ئایا بڕیاربدەن لە سەر بەکارهێنانی کەرتی تایبەت. هێشتا خەڵک داواکراو دەبن بۆ پشتیوانیکردنی سیستەمی گشتی تەنانەت گەر بشیانەوێت زەمانی تەواوکەر بکڕن. ئێمە پێشنیازی تەبەنی کردنی سیاسەتێک ناکەین کە ڕێگەدەدات بۆ جێگۆڕینی زەمان، کە تیایدا زەمانی تایبەت ڕێپێدراوە بۆ جێگۆڕینی کڕینی زەمانی گشتی، لەبەرئەوەی ئەمە زۆرجار دەبێتە هۆی چاودێری تەندروستی دوولایەنە و کواڵیتی نزمی لە سیستەمی گشتی.

### دەسنیشانکردنی ئاستەنگی دوو کاری

چەمکی *دوو کاری* ئاماژەیە بۆ کرداری ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە تیایدا پزیشکەکان، ئەوانەی مووچەیان پێدەدرێت لە لایەن وەزارەتی دارایی بۆ کارکردن لە کەرتی تەندروستی گشتی، تەنها چەند کاتژمێرێکی کەم لە نەخۆشخانە گشتیەکان یان بنکە تەندروستیەکان کاردەکەن بەر لەوەی ڕۆژانە بڕۆن بۆ کارەکانیان لە کەرتی تایبەت. هەروەها پزیشکەکان گەرەنتی قەرەبویەکیان پێدەدرێت کە بڕەکەی پەیوەندیدار نیە بەو بڕەی چاودێری کە پێشکەشی دەکەن. دوای هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەڵ، لێکۆڵەرانی RAND گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە DP لە هەرێمی کوردستانی عێراق نەشیاوە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێت. هێزێکی زۆر لە کەرتی گشتی دەبات کە پێویستیەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و بەربەستێکی زۆر بەرچاوە لە دارایی گشتی و چاکسازی نەخۆشخانەکان.

ئەم ڕاپۆرتە باس لە هەڵبژاردەی سیاسەتەکان دەکات بۆ دەسنیشانکردنی ئاستەنگە پەیوەندیدارەکان بە DP و هەڵبژاردەکان تاقی دەکاتەوە لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە، بەلەخۆگرتنی کاریگەریەکانی سەر پشتیوانی پزیشکەکان لە کەرتی گشتی، ئاسانی جێبەجێکردنی سیاسەتە نوێکان، ئاڵۆزیە ڕێکەکان، کواڵیتی چاودێری، و دادپەروەری. دوای نمایشکردنی فرەیی سیاسەتە بەدیلەکان، ئێمە پێشنیاری ڕێگەیەکی کرداری دەکەین بۆ دەستکردن بە دەسنیشانکردنی کێشەی DP ڕاستەوخۆ-تایبەتمەندانە، داواکردن لە پزیشکان بەوەی کار بکەن بۆ ماوەی سێ بۆ پێنج ساڵ خزمەتیان هەبێت لە تەندروستی کەرتی گشتی، بەر لە کارکردن لە کەرتی تایبەت، پەیوەستکردنی کرێ بە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن، و چاکسازی مووچەی پزیشکان بۆ ئەوەی ببەسترێتەوە بە قەرەبووی خزمەتی ژمارەی ساڵەکان.

لە ماوەیەکی درێژتر، کاتێک سیستەمی داتای باشتر کارپێکراو دەبن و چاکسازی نەخۆشخانەکان تەواو دەبێت، کواڵیتی چاودێری یان ڕێوشوێنە جێبەجێکراوەکان دەکرێت لەخۆ بگیرێت وەک ڕێوشوێن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی گشتگیری پارەدان-بۆ-ئەدا بکرێت دروست بکرێت.

### چاودێری سەرەتایی

لە بواری چاودێری سەرەتایی، RAND کارە درێژخایەنەکانی بنیات ناوە لەوەتەی 2010 ەوە بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی گۆڕانکاری. بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و ئەزموونی پێشووترمان، مەبەست/ئامانجی چاودێری سەرەتاییمان پێناسەکرد: ستافی پێشنیارکراو، کەرەستە، و لیستێکی پێشنیارکراوی خزمەتگوزاریەکان کە ئێمە بڕوامان وایە پێویستە خزمەتگوزاری ستاندەر بێت کە پێشکەش بکرێت لە هەر جۆرێک یان ئاستێکی ناوەندی تەندروستی. پێشنیازەکان بۆ ستاف، کەرەستە، و خزمەتگوزاریەکان ووردبینیکراون لە نێو سەرکردەکانی سیاسەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەر لەوەی تەواو بکرێن. وەزیری تەندروستی ئەوانەی پەسەند کرد وەک سیاسەتەتی نوێی وەزارەتی تەندروستی، ئەو بەڵگەنامەیەی کە RAND پەرەیپێدا وەریگێڕایە

سەر زمانی کوردی، و بڵاویکردەوە بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکانی گشت پارێزگاکان بۆ ئەوەی بەکاری بێنن وەک ئامانجەکانی پلاندانانیان.

بۆ پشتیوانیکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتەکە، ئێمە سیستەمێکی زانیاری بەڕێوەبردنمان پێشخست بۆ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی بتوانێت بزانێت کام ناوەندی تەندروستی ستاف و کەرەستەی دیاریکراوی هەیە و خزمەتگوزاری پێشبینیکراو پێشکەش دەکەن. سیستەمی زانیاری بەڕێوەبردن کۆمەڵێکی زۆر زانیاری دابین دەکات بۆ پلانی بەردەوام و بەڕێوەبردن لە هەموو ئاستەکان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق. ئێمە فۆرمی داتامان پەرەپێدا و تاقیکردەوە، پێداچوونەمان بۆ کرد لە سەر بنەمای پشکنین لە دهۆک و گفتوگۆی تێروتەسەڵ لەگەڵ نوێنەرانی گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، و دەستمانکرد بە جێبەجێکردنی بە یارمەتی وەزارەتی تەندروستی و بەشەکانی تەندروستی (DOHs) لە گشت پارێزگاکان. وەزارەتی تەندروستی فۆرمەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و ناردی بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا. وەک لە کۆتاییەکانی تشرینی دووەمی 2012، تەنها دهۆک داتای تەواوی پێشکەشکرد، بەڵام داتای پارێزگاکانی تر لەچاوەڕوانیدا بوو.

ئەم ڕاپۆرتە نمایشی خشتە و گرافی هەڵبژێردراو دەکات بە شێوەیەکی سەرەکی لە داتای دهۆک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەم داتایانە دەبنە هۆی دروستکردنی سیاسەتێکی شیاوی بەکارهێنان و ئامرازێکی بەڕێوەبردن. داتای دهۆک هەندێک دیدگەی گرنگ کارا دەکات، بەو شێوەیە لە ڕاپۆرتەکە باسکرا، و ڕێژەی سنورێکی دیدگەکان شیاو دەبێت کاتێک داتای پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لێکدەدرێتەوە ئاوتپوتەکان دروست دەکرێن.

داتاکە وا دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ستاندەرەکانی خزمەتگوزاری بەراورد بکات لەگەڵ ئەو دۆخانەی کە هەن، بەم شێوەیە ئامرازی بەهێز دەداتە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردنی چاودێری سەرەتایی و ڕێنوێنی کردنی سیاسەتی چاکسازی.

## کواڵیتی و سەلامەتی نەخۆش

ئێمە هەڵسەنگاندنێکی سەرەتاییمان ئەنجامدا بۆ سەلامەتی نەخۆش (لایەنێکی سەرەکی کواڵیتی گشتی چاودێری) لە نەخۆشخانە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئێمە هەڵسەنگاندنەکەمان بنیاتناوە لە سەر سەردانی شوێن و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسان، بەڕێوەبەرانی چاودێری تەندروستی، و دابینکەرانی چاودێری لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق. ئێمە پشکنینمانکرد بۆ سەلامەتی نەخۆش لە ڕوانگەی چوارچێوەی پێشخراو لە لایەن پەیمانگای ئەمریکی بۆ پزیشکی.

### دەرەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵسەنگاندنی سەلامەتی نەخۆش

چاودێریەکی گرنگی هەڵسەنگاندنەکە بریتی بوو لەوەی کە دابینکەران ئاگاداری سنووداریەکانن لە تواناکانیان لە گەیاندنی چاودێری لە دۆخی کارکردنی ئێستادا. ئەم درک پێکردنە گرنگە لەبەرئەوەی بەهێزترین چالاککەری گۆڕانکاری کادرێکی پسپۆڕە کە بەرپرسیار دەبێت لە "خاوەنداریەتی" ئایندەی سیستەمی گەیاندنی چاودێری تەندروستی. هەروەها تیمی RAND دەربارەی هەنگاوەکانی باشترکردنی کواڵیتی تایبەتی زانی کە ئێستا ڕوو دەدەن—بۆ نموونە، لە نەخۆشخانەی ئازادی فێرکار لە دهۆک—سەبارەت بە پرۆژە یاسای تایبەتی داڕێژراو بۆ پاراستنی مافەکانی نەخۆش.

هەرچۆنێک بێت، *ئەوەی نیە بریتیە لە پلانی جێگیر و ڕێکخراو بۆ باشترکردنی کواڵیتی و سەلامەتی لە سەرانسەری دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی*. زۆربەی هەوڵەکان دەرکەوت پشت ببەستێت بە هەنگاو و ویستی کەسانی تایبەت لە نێو سیستەمی نەخۆشخانەی دابڕاو.

لە دۆخی ئێستای گەیاندنی چاودێری تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنێکی ڕوون بۆ هەر یەک لە ئامانجەکانی پەیمانگەی پزیشکی نەکرا ئەنجام بدرێت. هەرچۆنێک بێت، هەندێک هەوڵی سەرەتایی تایبەت لە هەندێک بواری کواڵیتی دەست پێدەکەن (بۆ نموونە سەلامەتی). بە پێچەوانەوە، DP، کە لە هەرێمەکە بوونی هەیە سیستەمێک دروست دەکات کە شیاو نیە بۆ گشت نەخۆشەکان، هانی ناگونجاوی دەدات لە گەیاندنی چاودێری، دەبێتە ئاستەنگ بۆ ئاوێتەکردنی سیستەمەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی (زۆرینەی بۆ کەرتی گشتی) ئەو کاتەی هەوڵ دەدرێت چاودێری بە پێی کات دابین بکرێت. لەبەرئەوەی

پزیشکەکان سۆزی دوو لایەنەیان هەیە لە نێوان کارەکانیان لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، سیستەمی گەیاندن کە بوونی هەیە زیاتر جەختی لە سەر دابینکەرە نەوەک خودی نەخۆشەکە.

**پێشنیازەکانمان بۆ باشترکردنی سەلامەتی نەخۆش**

بە گوێرەی ئەنجامەکان و بەشداری وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان، ئێمە پێشنیاری چوار چالاکی بەرجەستە دەکەین بۆ ڕێنماییکردنی دابینکەرانی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەو ستاندەرە جیهانیەکان. پێشنیازی یەکەم، کە جەخت دەکاتە سەر بەدەستهێنانی متمانە بۆ دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی، چالاکیەکی قۆناغدارە کە دەکرێت ئێستا دەست پێبکات، گەرچی جێبەجێکردنی تەواو پێویستە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا ڕوو بدات. سێ پێشنیازەکەی تر دەکرێت لە ساڵی داهاتوو جێبەجێ بکرێت. پێشنیازەکان بە تێروتەسەلی لە ڕاپۆرتەکە باسکراون و لێرە پوختکراون.

***پێشنیازی 1: بەدواداچوونی متمانەپێدانی ناسراوی جیهانی بۆ دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان — عێراق***

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆدێلێکی متمانەپێدان پەرەپێبدات بۆ دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی کە هاوتا بێت لەگەڵ ستاندەرە جیهانیەکان بۆ گەیاندنی چاودێری تەندروستی. پێویستە هەوڵەکانی متمانەپێدان لە نەخۆشخانەکان دەست پێبکات، لەگەڵ فراوانکردنی دواتر بۆ شوێنەکانی تری گەیاندنی چاودێری تەندروستی. لە زۆربەی مۆدێلەکانی متمانەپێدان کە لە جیهان بەردەستن، ئێمە پێشنیاری بەکارهێنانی مۆدێلی متمانەپێدانی کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی دەکەین لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی جیهانی ناسراوە و بە باشی پێشوازی لێکراوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. سەرەڕای ئەمەش، لەبەرئەوەی زۆربەی نەخۆشخانەکان و سیستەمی تەندروستی لە هەرێمە جوگرافیەکە لێکۆڵینەوەیان لە متمانەپێدان کردۆتەوە، لە وڵاتانی دراوسێدا هاوکاران هەن کە دەکرێت وەک سەرچاوەی سەرکردەی چاودێری تەندروستی لە کوردستان کاربکەن.

کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی پێنج جۆری سەرەکی "پێویستیەکانی کواڵیتی" پێناسە دەکات کە لە ژێریانەوە ستاندەرەکان و ڕێنماییەکان پۆلین دەکرێن. بەگوێرەی ئەمانە، ئێمە پێشنیاری پێنج کرداری تایبەت دەکەین بۆ وەزارەتی تەندروستی بۆ بەدواداچوونی متمانەپێدانی جیهانی:

- **دامەزراندنی تیمی سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی.** هەردوو سەرکردایەتی بەڕێوەبردن و کلینیکی گرنگن، و سەرکردایەتی باڵا ئاراستەی کۆی ڕێکخراوەکە دادەنێت.
- **دامەزراندنی تیمی هێزی کار بۆ پێشخستنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەی مرۆیی.** بە تایبەتی، پێویستە هەرێم بەرپرسیاریەتی بگرێتە ئەستۆ بۆ دروستکردنی داواکاریەکانی مۆڵەتدانی کارمەندانی پسپۆری هاوتا بن لەگەڵ ستاندەرە جیهانیەکان بۆ پەروەردە و فێربوون، ڕاهێنان، و ئەزموون.
- **دامەزراندنی تیمێکی ژینگە-سەلامەتی-چاودێری.** داواکاریەکان بۆ زامنکردنی ژینگەیەکی سەلامەتی هەمەچەشن دەبێت لە دۆخی سەرانسەری نەخۆشخانەکان بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پشکنینی ڕۆتینی دامەزراوەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ گەرەنتی کردنی بەردەستی ئاوی خواردنەوەی پاک و تەزووی کارەبا، و دروستکردنی پرۆگرام بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشی نەخۆشخانەکان و بەکارهێنانی دەمامک، دەستەوانە، و پارێزەری تر بە پێی پێویست.
- **دامەزراندنی تیمێک بۆ جەختکردنە سەر چاودێری کلینیکی نەخۆشەکان.** داواکاریەکان پرۆسەی جێگەی متمانە دەگرێتەوە بۆ دروست دەسنیشانکردنی نەخۆشەکان، دەستخستنی ڕەزامەندی لە کاتی شیاو، دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی تیشکگرتنی تاقیگەیی و دەسنیشانکردنی تیشکی، زامنکردنی ئەوەی کە خزمەتگوزاریەکان شیاون بۆ پێویستیەکانی نەخۆش، و فێرکردنی نەخۆشەکان و خێزانەکانیان بۆ بەشداریکردن لە چاودێری نەخۆش.
- **دامەزراندنی تیمی کواڵیتی و سەلامەتی.** پێکهاتەکان لێرە سیستەمی ڕاپۆرتکردنی ڕووداوی زیان بەخش دەگرێتەوە، لەگەڵ ئاگاداربوونی تایبەت بۆ پرۆسە مەترسیە بەرزەکان و نەخۆشیە مەترسی بەرزەکان، و سیستەمێک کە تیایدا نەخۆشەکان و خێزانەکان دەتوانن باس لە مەترسیەکانی کواڵیتی چاودێری بکەن، کە تیایدا ڕێنمایی کرداری کلینیکی شیاو و ستاندەرەکان بەکاردێن، و تیایدا بە شێوەیەکی گشتی دیارن کە گشت کەسێک لە ڕێکخراوێک بەرپرسیارن لە باشترکردنی کواڵیتی.

***پێشنیازی 2: تاقیکردنەوەی نەخۆشخانە متمانە پێدراوەکان بۆ زانینی ئەوەی چۆن سەرکەوتنیان بەدەستهێنا***

زۆربەی نەخۆشخانەکان لە هەرێم متمانەپێدانی کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانیان بەدەست هێنا. سەردانیکردنی دامەزراوەکان دەکرێت یارمەتی سەرکردەکانی چاودێری تەندروستی هەرێمی کوردستانی عێراق بدات لە تێگەیشتن لەوەی چۆن نەخۆشخانەکان و وڵاتەکان متمانەپێدانانیان وەرگرتوە و تۆڕێکی هاوکارانیان پەرەپێداوە لە نێو هەرێمەکە کە دەتوانن پشتیوانی و ڕێنوێنی دابین بکەن.

***پێشنیازی 3: ئامادەبوون لە پرۆگرامێکی کرداری کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی***

لە پرۆگرامێکی کرداری کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی، سەرکردەکانی چاودێری تەندروستی جیهانی و هەرێمیەکان نمایشی ڕاهێنانی کرداری دەکەن لە سەر پرۆگرامی پەروەردەیی کە تێگەیشتنی بەشداربووان بەهێز دەکات سەبارەت بە داواکاریەکان و ستراتیجیەتەکان بۆ بەدواداچوونی متمانەپێدان. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە تیمەکە کوردستان سەرکردەکانی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی نەخۆشخانەی دوو یان سێ نەخۆشخانە لەخۆ بگرێت کە دەیانەوێت یەکەمین بن بۆ متمانەپێدان.

***پێشنیازی 4: دروستکردنی تیمێکی سەرکردایەتی هەرێمی***

ئێمە پێشنیازی دامەزراندنی ئەنجومەنی کواڵیتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە سەرکردایەتی بکرێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان. ئەنجومەنەکە چاودێری گرنگ دابین دەکات و پێنج تیم لە شارەزایان لەخۆ دەگرێت لە بواری هەر یەک لە پێنج پێویستیەکانی کواڵیتی کە پێناسەکراوە لە لایەن چوارچێوەی کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی (سەیری بەشی شەش بکە). هەر یەک لە تیمەکان دەتوانێت ئامانجی تایبەت دیاری بکات بۆ نەخۆشخانەکان لە هەرێم و پرۆگرامی یەکخراو و چەمکەکان دەسنیشان بکات بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەکان ئەم ئامانجانە بپێکن. سەرۆکی هەر یەک لە تیمەکان، یان کەسی ڕاسپێرِدراو، لەوانەیە شیاو بێت بۆ بەشداربوون لە کردارەکە (پێشنیازی 3).

## جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بۆ پێشخستنی گۆڕانکاری

زانرا لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی تێروتەسەڵ و بەشداری لایەنی پەیوەندیدار، ئێمە پێشنیاری چاکسازی سیاسەتی تایبەت، کرداری و بەدەستهاتوو دەکەین لە دارایی چاودێری تەندروستی، چاودێری سەرەتایی، و سەلامەتی نەخۆش. گروپی هەنگاوەکان کە ئێمە پێشنیازمان کرد بەرزیخوازە. هەرچۆنێک بێت، هەر وەک ڕوون بوو لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ کۆمەڵەی حکومی و دابینکەران، ویست بۆ باشترکردن لە سیستەمی چاودێری تەندروستی کوردستان ڕەسەن و بەهێزە.

ئەگەر بە تەواوەتی تەبەنی بکرێت، ئەو چاکسازیانە لێرە باسکران کاریگەریەکی بەرچاوی دەبێت لە سەر باشترکردنی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە چەند ساڵی داهاتوودا. هەروەها هاندەری بەهێز دابین دەکەن کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کواڵیتی بەرزتر و شیاوی زیاتر لە چاودێری تەندروستی بۆ گشت دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

## سوپاس و پێزان

حەز دەکەین سوپاسی یارمەتی بێ پایانی گشت پسپۆرانی چاودێری تەندروستی بکەین کە لە هەرێمی کوردستان—عێراق دەژین کە زۆر یارمەتیدەر بوون بۆمان لە ماوەی تەواوی توێژینەوەکە. بە تایبەت سوپاسی ڕێنوێنی ژیرانەی وەزارەتی پلاندانان دەکەن، کە لە ژێر چاودێریان ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدرا، و بە تایبەتی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری بایەخداری وەزیری پلاندانان، بەڕێز عەلی سیندی. هەروەها ئێمە زۆر سوودمان بینی لە ئامۆژگاری و فیدباکی زاگرۆس فەتاح سیوەیلی، بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان. بە شیوەیەکی یەکسان قەرزارباری گشت ستافی وەزارەتی تەندروستین ئەوانەی کە یارمەتی ئێمەیاندا؛ بە تایبەتی، دەمانەوێت سوپاسی وەزیری تەندروستی، بەڕێز ڕێکەوت ڕەشید بکەین، لە گەڵ وەزیری پێشووتری تەندروستی، بەڕێز تاهیر هەورامی، هەردوو بەڕێز فیدباک و ڕێنمایی بایەخداریان پێشکەشکردین.

زۆر کەسانی تر تەواو یارمەتیدەر بوون لە ماوەی ئەم توێژینەوەیە. ئێمە سوپاسی کۆی ستافی وەزارەتی تەندروستی دەکەین، و بە تایبەتی بەڕێوەبەرە گشتیەکان بۆ گشت یارمەتیان لە کۆی گشتی پرۆژەکە و یارمەتیدان لە زامنکردنی داتای زانیاری بەڕێوەبردنی داواکراو. هەروەها سوپاسی تایبەت بۆ عامر عمر بۆ کارکردن وەک خاڵی پەیوەندی سەرەکی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و بۆ یارمەتیە بێ پایانەکەی.

## کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ANC | چاودێری بەر لەدایک بوون |
| A-NHS | خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی بەپرسیارانە |
| DG | بەڕێوەبەری گشتی |
| DOH | بەشی تەندروستی |
| DP | دوو کاری |
| DRG | گروپی پەیوەست بە دەسنیشانکردن |
| ECG | وێنەی بەیانی کارەبایی دڵ |
| ESR | ڕێژەی ڕامالین |
| GDP | کۆی بەرهەمی ناوخۆیی |
| GM | چاودێری گەشە |
| GP | پزیشکی گشتی (مومارسی گشتی) |
| GPS | سیستەم شوێنگەریی جیهانی |
| Hct | هیماتۆکریت |
| Hgb | هیمۆگلۆبین |
| HSA | ئاژانسی خزمەتگوزاری تەندروستی |
| IOM | پەیمانگای پزیشکی |
| ISO | ڕێکخراوی جیهانی بۆ بە ستاندەرکرن |
| IT | تەکنەلۆژیای زانیاری |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان—عێراق |
| KRSO | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| MIS | سیستەمی زانیاری بەڕێوەبردن |
| MOF | وەزارەتی دارایی |

| | |
|---|---|
| MOH | وەزارەتی تەندروستی |
| MOP | وەزارەتی پلاندانان |
| NHS | خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی |
| ORS | گیراوەی قەرەبوكردنەوەی شلە لە ڕێگەی دەم |
| PHC | ناوەندی چاودێری تەندروستی سەرەتایی |
| SHI | زەمانی تەندروستی كۆمەڵایەتی |
| SIA | ئاژانسی زەمانی كۆمەڵایەتی |
| UAE | میرنشینی یەكگرتووی عەرەبی |
| USAID | ئاژانسی ویلایەتە یەكگرتوەكان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی |
| USPHS | خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی ویلایەتە یەكگرتوەكان |
| VAX | كوتان |
| WBC | خرۆكەی سپی خوێن |
| WHO | ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی |

# پێشەکی

لە ساڵی 2012، لە سەر داواکاری وەزارەتی پلاندانان (MOP) و وەزارەتی تەندروستی (MOH) حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)، کۆمپانیایRAND درێژەی بە پێکهێنان و جێبەجێ کردنی پێشنیاری سیاسەتە بەهێز کەرەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی هەرێمی کوردستان—عێراق داوە. RAND، لە گرنگیدا بە: (1) چاودێری سەرەتایی، (2) خەمڵاندنی خواست و سوود وەرگرتن لە تەندروستی و (3) دیاریکردنی پرنسیپەکانی چاکسازی دارایی تەندروستی. راپۆرتی قۆناغی یەکەم پوختەیەکی وردە لەسەر پێکهاتەی دانیشتوان و باری تەندروستی.

لە قۆناغی 2، لە RAND داوا کرا کە باس لە سەر سێ بواری جیا و لە هەمان کاتدا پەیوەندیدار بە یەکی —کاروباری دارایی چاودێری تەندروستی، جێبەجێ کردنی پێشنیارەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی، و هەڵسەنگاندن و راسپاردە لە بواری سەلامەتی نەخۆش و کواڵیتیشیکاری و راڤەی خوارەوە لە بوارەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری سەرەتایی و کاروباری ماڵی لە سەر بنەمای کارێک دامەزرابوو کە RAND لە ساڵی 2010 دەستی بەوە کردبوو. چالاکی ئێستا بریتی بوو لە یەکەم تێڕامانمان لە سەلامەتی نەخۆش و بابەتەکانی کواڵیتی لە نەخۆشخانەکان..

لە پێڕاگەیشتن بە **کاروباری دارایی چاودێری تەندروستی**، ئێمە بارودۆخی ئێستای KRI مان تاوتوێ کرد و بە وردەکارییەوە خەریتەیەکی رێگا لە ئیمکانات و کارە سیاسەتییەکانمان ئامادە کرد، تا لە دوو قۆناغدا جێبەجێ بکرێت و بە سەر هەندێک لە لەو کێشانەی کە KRG ئێستاکە لەگەڵیان رووبەڕوو بووەتەوە، سەرکەوێت. ئامانجی کۆتایی ئەم چالاکیانە پێکهێنانی سیستەمێکی شیاو، دادوەرانە و دڵنیای تەندروستی و دەرمانە کە دەتوانێت چاودێریگەلێکی بە کواڵیتی بەرز پێشکەش بکات و پێویستی تاکەکانی KRI چارەسەر بکات. زێدە لەوەش داوامان لێکرابوو کە باسی کێشەی *کارکردنی هاوکات لە کەرتی گشتی و تایبەتی* (DP)—مۆدێلی پیشکەش کردنی خزمەتگوزاری لە کەرتی تایبەتی و گشتی لە نێوان پزیشکان، کە دەبێتە هۆی لاواز بوونی کارامەیی نەخۆشخانە و هەڕەشە لە توانای KRG بۆ بەدیهێنانی بەڵینەکانی خۆی بە پیی یاسای بنچینەیی پێشنیارکراوی خۆی دەکات—بکەین. ئێمە بۆ کێشەی کارکردنی هاوکات لە کەرتی گشتی و تایبەتی پیسنیارگەلێک پیشکەش دەکەین.

لە بواری **چاودێری سەرەتایی**، ئێمە پیڕستێکی تەواو لە کارگێڕان، ئامێرەکان، و خزمەتگوزارییەک کە دەبێت لە جۆرە جیاوازەکانی ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی هەبن، ئامادەمان کردووە و پاشان بۆ بەدواداچوونی ئەم کارانە و چالاکییەکانی تر، سیستەمێکی بەڕێوەبەرایەتی زانیاریمان پێکهێنا بۆ ئەوەی کە کارامەیی دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی باشتر بکەین؛ شێوازی کۆکردنەوە و ناردنەناوی داتا پێویستەکانمان فێر کارگێڕانی ناوچەیی کرد؛ و داتا پیشکەش کراوەکان بە خۆمان لە کۆپڵەیەکی پەیوەندیدار بە داتا کە ببێتە هۆی ئاسانکردنەوەی بڕیاردان و بەڕێوەبەرایەتی سیستەمی چاودێری تەندروستی سەرەتایی، کۆ کردەوە. هاوکات راوێژمان کرد لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی تەندروستی لەسەر ئەو چالاکییانەی کە دەتوانن وەک تاقیکردنەوە بەکاریان بهێنن بۆ ئاشنابوون بە شایستەیی چاکسازیە پێشنیارکراوەکان. ما با وزارت بهداشت و مدیران کل بدهند، مشورت کردیم.

لە بواری **کواڵیتی و ئاسوودەیی نەخۆش**، ئێمە بەرنامەیەکمان ئامادە کرد کە وەزارەتی تەندروستی دەتوانێت بۆ نەخشەدانان و جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی کاری چۆنێتی کەڵکی لێ وەربگرێت.

خوێنەران دەبێت سەرنج بدەن کە چاکسازی لە هەر ناوچەیەک دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزکردن وجێبەجێ کردنی چاکسازی لە ناوچەکانی تردا لە حاڵێکدا کە هەرکامیان ناوەندێکی جیا لە چاکسازی دەگرنە بەر.

وتووێژەکانمان بەم جۆرە رێکخراون:

- بەشی دوو خەریتەیەکی رێگا بۆ چاکسازی سیستەمی دارایی چاودێری تەندروستی KRG پیشان دەدات.
- بەشی سێ چاکسازییەکانی ماڵی ئێستا و پێشنیارکراوی چاودێری تەندروستی KRI دیاری دەکات.
- بەشی چوار باس لە کارکردنی هاوکات لە کەرتی تایبەتی و گشتی (DP) دەکات و بژاردە هەبووەکانی ئەم بوارە پێشکەش دەکات.
- بەشی پێنج بەستەکانی کارگێڕی، ئامێرەکان، و خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە دەبێت لە ناوەندەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری سەرەتاییەکاندا ببن، شرۆڤە دەکات و پێکهێنان و جێبەجێ کردنی سەرەتایی سیستەمێکی بەڕێوەبەرایەتی زانیاریی چاودێری تەندروستی سەرەتایی نوێ لە KRG بە مەبەستی پەرەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی و پلاندانڕێژی باس لێ دەکات.
- بەشی شەش باس لە هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ کواڵیتی گشتی چاودێری تەندروستی و ئاسوودەیی نەخۆش لە KRI دەکات و بۆ پەرەپێدانی کواڵیتی و ئاسوودەیی بۆچوونێک پێشکەش دەکات.
- بەشی حەوت باس لە کورتەیەک لە دەرەنجامە بینراوەکان دەکات.

## پێشەکی

شێوازێک کە وڵاتێک بۆ داراییکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستی خۆی بە کاری دەهێنێت، رۆڵێکی گرنگ لە توانستی وڵات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستی نیشتمانی دەگێڕێت. سیستەمی داراییکردنی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ داراییکردنی چاودێری تەندروستی هەیە دەستنیشان دەکات و ئەو هاندەرانەی کە رۆڵێکی گرنگیان لە دەسڕاگەیشتنی تاکەکان بە چاودێرییەکانی بە کواڵیتی سەرەوە و بە خەرجێکی گونجاو هەیە، پێشکەش دەکات. هەروەها کە KRI نوێ دەکرێتەوە و KRG خەریکی شێوازی داراییکردنی بەڵێنەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی خۆی بۆ کەسانی ناوچەیە، ئێمە شێوازی داراییکردنی سیستەمی تەندروستی و دەرمان دەپشکنین بە جۆرێک کە KRG بتوانێت یارمەتی کار و لە ئاکامدا سەلامەتی هاووڵاتیانی KRI بدات.

هەروەها کە KRG بە دوای باشتر کردنی کاری سیستەمی چاودێری تەندروستی گشتییە، ئێستا کاتی ئەوە گەیشتووە کە هەڵسەنگاندنی بژاردە داراییەکانی چاودێری تەندروستی داهاتوو دەست پێبکات، تا بەرنامەیەکی داراییکردنی تەندروستی ستراتێجیکی ئامادە بکات، و چەند میکانیزمێک بۆ گەیشتن بە دەرەنجامە خوازراوەکان پێک بهێنێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، KRG لە کۆمپانیای RAND داوای کردووە کە سیستەمی ئێستای داراییکردنی چاودێری تەندروستی بپشکنێت و بە مەبەستی یارمەتی بە و رێنموونی هەوڵەکانی پەیوەندیدار بە چاکسازی نەخشە رێگا و بژاردەگەلێک پێک بهێنێت.

وەکوو بەشێک لەم کارە، توێژەرانی RAND لەگەڵ سەرۆکەکانی چەند جۆری چاودێری تەندروستی وتووێژیان کردووە، چاویان بە دەق و داتا هەبووەکاندا خشاندووە، سنووردارێتییەکان و کۆسپە سەرەکییەکان لە سەر رێگای جێبەجێ کردنی گۆڕانکارییەکانیان پشکنیوە، لە شرۆڤەکردنی روانگەی داراییکردنی تەندروستی یارمەتی وەزارەتی تەندروستی یان داوە، و رێبازی ستراتیجیکی پێویستیان پێک هێناوە. شێوەی 1.2 هێڵکاری رەمزی لە رێبازی ئێمە پیشان دەدات.


### بابەتەکانی داراییکردنی چاودێری تەندروستی

رێکخراوەی تەندروستی جیهانی (WHO) داراییکردنی چاودێری تەندروستی بەم جۆرە پێناسە کردووە "کاری سیستەمێکی تەندروستی سەبارەت بە ئامادەکردن، کۆکردنەوە و تەرخانکردنی سەرچاوەکانی دارایی بۆ رووماڵی تەندروستی خەڵک، بە تاکی و کۆمەڵ، لە سیستەمی تەندروستی" (رێکخراوی تەندروستی جیهانی، 2010، لاپەڕەی 72). زێدە لەوەش، رێکخراوەی تەندروستی جیهانی دەری دەبرێت کە "لە بەر دەستدا بوونی سەرچاوەکانی دارایی، و هەروەها دیاریکردنی هاندەرە داراییە شیاوەکان بۆ پیشکەشکاران، دڵنیابوون لەوەی کە هەموو تاکەکان بە چاودێری تەندروستی تایبەتی و گشتی شیاو دەسڕاگەیشتنیان هەیە، ئامانج داراییکردنی تەندروستییە" (رێکخراوەی تەندروستی جیهانی، 2000، لاپەڕە 95).

#### پرسیارە بنەڕەتییەکان

داراییکردنی چاودێری تەندروستی باس لە سەر پرسیارە بنەڕەتییاکان سەبارەت بە تەندروستی و چاودێری تەندروستی دەکات. سیستەمێکی داراییکردنی چاودێری تەندروستی دەستنیشان دەکات کە کێ تێچوونەکانی چاودێری تەندروستی دەدات، چەنێک پارە دەدات، و شێوازی پارەدانەکە چۆنە. پتر لەمەش ئەم سیستەمە

**شێوەی 1.2**
**ڕێبازی بەكار هێنراو بۆ پشكنینی چاكسازی دارایی تەندروستی**




**شێوەی 2.2**
**توخمە سەرەتاییەكانی داراییكردنی چاودێری تەندروستی**




جۆری چاودێری تەندروستیی پێشكەش كراو و كەسێك كە دەبێتە خاوەن ئەم چاودێرییانە دیاری دەكات (شێوەی 2.2). وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئاڵۆزانە، بەو جۆرە كە لە كۆمەڵەی سەرچاوەكانی داراییكردنی و پارەدانی خزمەتگوزاری تەندروستییدا هاتووە، چەندین هاندەر دروست دەكات كە پێشكەشكارەكان و نەخۆشەكان بە پێی ئەوانە كار دەكەن. لە ئاكامدا، وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە ڕۆڵێكی گرنگی لە دیاریكردنی ئەم بابەتە هەیە كە ئاخۆ سیستەمێكی پێشكەشكەری دەسڕاگەیشتنی شیاوی چاودێری تەندروستییە یان نا و كواڵیتی و تێچوونی ئەم دەسڕاگەیشتنە چۆنە. سیاسەتدانەرانی هەموو وڵاتەكان دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بدەنەوە و وەڵامی ئەوان پیشاندەری سیستەمی داراییكردنی تەندروستی ئەو وڵاتەیە. (بۆ خوێندنەوەی وتووێژی تەواوتر سەبارەت بەم بابەتانە، بڕوانن بۆ، موور و هاوكارانی، 2012 و ئانتۆنی، 2012.)

***شیاوبوون: چ كەسانێك دەكەونە نێو بازنەی (خزمەتگوزاری)***

شیاوبوون دیاری دەكات كە كێ مافی دەسڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی هەیە، كە ڕەنگە پارەی تێچوونی ئەم چاودێرییانە بدرێت یان كەرتی گشتی یان تایبەتی پێشكەشیان كات. زۆرێك لە وڵاتەكانی دنیا دەسڕاگەیشتن بە بەستە

سەرەتاییەکانی خزمەتگوزاری تەندروستیی بە "مافی" هەموو هاووڵاتییەک دەزانن. زۆربەی حکومەتەکان، لەوانە KRG، ئەم یاسایانە کردوویانەتە یاسایەک لە یاسای بنچینەیی یان لە یاساکان بە پێی بەندی 20 و 21 یاسای بنچینەیی پێشنیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG، "دەسەڵاتی پەیوەندیدار بە هەرێم لە کاتی نەخۆشی، لە کار کەوتوویی، بێکاری، یان پیری بیمەکانی مسۆگەرکردنی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات" و "حکومەتی هەرێم گەرەنتی دەکات کە بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی کار بکات بۆ هەوڵە بەردەوامەکان بە مەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پزیشکی لە راستای پارێز، دەرمان و دانان و نووسینی دەرمان." مادەی 30 دەستوری بنەڕەتی عێراق روونی دەکاتەوە کە "حکومەت هەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، ئەم پێویستییە سەرەکییانە بۆ هەبوونی ژیانێکی ئازاد و شیاو، بۆ تاکەکان و خێزانەکان—بە تایبەت منداڵان و ژنان—گەرەنتی دەکات و شیاوبوونی داهات و دۆخی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان دەستەبەر دەکات. " (وەزارەتی تەندروستی عێراق، 2012، لاپەڕەی 18).

به کورتی، هەموو هاوولاتیانی KRI مافی ئەوەیان هەیە کە خاوەن خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی بن. لە باری مێژووییەوە، هاووڵاتیانی کورد باوەڕیان وایە کە مافی ئەوەیان هەیە کە لە چاودێری تەندروستی سەرەتایی هەبوو لە ناوەندە گشتییەکاندا سوود وەرگرن هەرچەندە یاسا شتێکی وەهای دیاری نەکردبێت.

***ئەو خزمەتگوزاریانەی کە کەوتوونەتە نێو بازنەوە: بەستەی قازانجەکان***

تەواوی پلانە داراییەکانی نیشتمانی و تایبەتی دەبێت دیاری بکەن کە کام لە خزمەتگوزارییەکان کەوتوونەتە نێو بازنەی ئەم پلانەوە. لە پێناسەی بەستەی قازانجەکان نابێت تەنیا باس لەو خزمەتگوزارییە بکرێت کە تێچوونەکەی لە باری ئابوورییەوە بەڵکو دەبێت پەرچی رادە و ئاستی ئەو سەرچاوانە بدرێتەوە کە بۆ دانی پارەی تێچوونەکانی ئەو چاودێرییانەی کە کەوتوونەتە نێو بازنەی خزمەتگوزاری هەیە. هاوڕاییەکی گشتی لە نێوان زۆربەی سیاسەتدانەرانی تەندروستی هەیە سەبارەت بەوەی کە پلانێکی نیشتمانی بەستەی پاکەیجی خزمەتگوزاری سەرەتایی، بریتیە لە چاودێری خۆپارێزی پارێزەرانە و سەرەتایی، فریاکەوتنی، و چاودێرییەکانی پزیشک و هەروەها دەسڕاگەیشتن بە دەرمانە پێویستەکان، پێشکەش بکات. بەوەشەوە، کێشەی سەرەکی لە سەر پێناسەی وردی بازنەی(رووماڵی) پەیوەندیدار بە چاودێری و دیاریکردنی پیوەرەکان و قۆناغەکانی نوێکردنەوەی پێرستەکانی رووماڵییە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەو تەکنۆلۆجییە نوێیانەی کە لە داهاتوودا دەردەکەون، هاوتایی هەبێت.

تا ئێستا لە KRI، هیچ بەستەیەکی پەیوەندیدار بە قازانج پیناسە نەکراوە. لە زۆرێک لە ناوچەکانی KRI، کەمبوونی بودجە بووەتە هۆی نەبوونی ئامێرەکان و فێرکاری مۆدێرن و پێشکەشکردنی هەندێک لە خزمەتگوزاریەکانی نەشیاو و مەحاڵ کردووە. لە راستیدا، خزمەتگوزاری بە پێی هەبوون پلە بەندی دەکرێن، و هەندێک لە پێویستییەکان بەدی نایەن.

***سەرچاوەکانی بودجە***

یەکێک لە کارە گرنگەکانی داراییکردنی چاودێری تەندروستی دۆزینەوە و ئامادەکردنی سەرچاوە پێویستەکان بۆ داراییکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستییە. بە شێوەی ئاسایی سیستەمەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵەی سەرچاوەکان پێک دێن بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە، تا جێگایەک کە دەکرێت، سەرچاوەکان (1) بە شێوەیەکی دادوەرانە و کارامە بێنە ئاراوە؛ (2) بۆ خستنە نێو بازنەی مەودایەکی تەواو لە خزمەتگوزاری تەندروستی کە لە نێو بازنەدان لەوانە چاودێری تەندروستی گشتی و سەرەتایی، شیاو بن؛ و (3) بۆ یارمەتیدانی کەسانی نەخۆش، زیان لێکەوتوو، یان زۆر هەژار بۆ پارەدانی تێچوونی خزمەتگوزاری بەس بن.

سەرچاوەی بودجە بە پێی سیستەم و رادەی پەرەسەندنی وڵاتێک جیاوازە. بە شێوەی ئاسایی هەمووکات زیاتر لە سەرچاوەیەکی بودجە بوونی هەیە. سەرچاوەی دارایی بە شێوەی ئاسایی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە تاکەکان (بۆ نموونە، باج، دانی بیمە و هاوبەش بوون لە تێچوونەکانی تر، پارەی بیمە)، کۆمپانیاکان (بۆ نموونە، باج و پارەدانەکان بۆ قازانجەکانی بیمەی تەندروستی فەرمانبەران)، حکومەت (بۆ نموونە، بودجەی نیشتمانی، وڵاتی، و خۆجێیی)، و یارمەتییە نێونەتەوەییەکان مسۆگەر دەکرێن. سەرچاوەی داراییکردنی، زۆربەی جار بەرابەر بوونی بەهرەمەندی لە سیستەمی چاودێری تەندروستی پیشان دەدات. ئەم شتە بە تایبەت بۆ بەشێک لە چاودێری تەندروستی کە تێچوونیان لە رێگای خەرجەکان لە دەرەوەی بەڵێنەوە مسۆگەر دەکرێن، راستە.

لە KRI، ئەمڕۆکە سەرچاوەی سەرەتایی بۆ داراییکردنی هەموو خزمەتگوزاریەکی حکومەت تەرخانکردنی 17- لە سەدی بودجەی عێراقە کە بە پێی یاسای بنچینەیی KRG مافی بەهرەمەند بوونی هەیە؛ ئەم تەرخانکردنی بودجە سەرەتا لە داهاتی نەوت مسۆگەر دەکرێت. پارەدانە بچووکەکان و بڕێک بۆ کارە تایبەتە گشتی/تایبەتییەکان یەکێک لە پارە بچووکەکانی داراییکردن.

***لە سەر یەک کۆبوونەوەی بودجە***

سرووشتی سیستەم هەرچی بێت، هەموو سیستەمەکانی داراییکردنی چاودێری تەندروستی نیشتمانی بە جۆرێک داهاتەکە لە سەر یەک کۆ دەکەنەوە (بۆ نموونە، داهاتەکان لە سندۆقێکدا کۆ دەکرێنەوە تا بە پێی پێویستییەکان دابەش بکرێن). لە راستیدا یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی بیمە ئەوەیە کە پارەکان بە مەبەستی دابەش کردنی مەترسی لە سەر یەک کۆ بکەینەوە. ئەو سیستەمانەی کە داهاتەکان لە سەر یەک کۆ دەکەنەوە، بە جۆرێک دروستکراوە تا بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر بەڕێوەبەرایەتی مەترسیە تەندروستیەکان بکەن.. بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک ناچار بێت هەموو تێچوونی نەشتەرگەرییەک بە سەرچاوە زۆر چڕەکانیەوە، بۆ نموونە نەشتەرگەری چاندنی جگەر، بدات بە ئەگەری زۆرەوە دۆخی دارایی جەرگبڕ دەبێت. بەوەشەوە، چاندنی جەرگ نەشتەرگەریەکی دەگمەنە کەواتە ئەگەر تێچوونی سەرانەی ئەم نەشتەرگەرییە لە نێوان کەسانێکی زۆردا دابەش بکرێت، بڕی مام ناوەندی پارەیەک کە دەبێ بدرێت تەنیا بەشیکی بچووک لە داهاتی هەر کەسێک دەبێت. ئەم بنەما بۆ ئەو نەشتەرگەریانەی کە خەرجی زۆریان تێدەچێت و دەگمەنیشن، وەک نەشتەرگەری بایپەس شادەماری کروونەریش بە کار دێت.

شێوازی ئاسایی بۆ دابەش کردنی ریسک ئەوەیە کە پارە لە ڕێگای بودجەبەندی نیشتمانی یا بەکار هێنانی جۆرێک سیستەمی بیمەیی—حکومەتی (نیشتمانی، وڵاتی یان خۆجێیی)، پەیوەندیدار بە کۆمپانیا، یان تایبەتی—کۆ بکەنەوە. دەکرێت بە شێوازێک نەخشە بۆ سیستەمەکانی نیشتمانی بکێشرێت کە حکومەت بتوانێت مێکانیسمی بیمە بەڕێوەبەرایەتی یان لە نزیکەوە چاودێری بکات بەلام ناتوانێت خزمەتگوزاری تەندروستیی پێشکەش بکات؛ بەم کارانە *بیمە ی تەندروستی کۆمەڵایەتی* (SHI) دەوترێت. نموونەگەلێک لە وڵاتەکانی بە داهاتی سەرەوە و خاوەن سیستەمەکانی SHI بریتین لە ئەڵمانیا و ژاپۆن.

لە کەمێک لە وڵاتەکان (بۆ نموونە، سوید)، بە پێی یاسا پێویستە لەسەر هەموو کەسێک کە لە ڕێگای پێشکەشکارانی بیمەی تایبەتی، بیمەی تایبەتی بسێنن. لە زۆربەی وڵاتەکاندا، لە سەریەک کۆبوونەوەی بیمەی گشتی کە لە لایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەبرێت یان حکومەت چاودێری لە سەر دەکات، لە ئاستی نیشتمانیدا رێک دەخرێن بەلام هەندێک لە وڵاتەکان پارەی بیمەی گشتی خۆیان لە ئاستی ناوچەیی یان ویلایەتی دا ڕێکی دەخەن. بۆ وێنە، کەنەدا بودجەی بیمەی تەندروستی پەیوەندیدار بە پارێزگای هەیە کە لە فەرمانە کاریەکان و رێساکانی پیرەوی دەکات، بەڵام بودجە لە ئاستی پارێزگادا ڕێک دەخرێت و بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت. داراییکردنی سیستەمەکانیSHI زۆربەی جار لە ڕێگای تێکەڵێک لە کرێی پەیوەندیدار بە داهات و داهاتەکانی پەیوەندیدار بە باجی گشتی جێبەجێ دەبێت.

لە سەرێکی ترەوە، لە سیستەمێکی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی (NHS)، حکومەت بودجە کۆ دەکاتەوە و وەکوو پیشکەشکەرێکی چاودێری تەندروستی کار دەکات. لانی زۆری سیستەمەکان لە سەر بنەمای مۆدێلێکی NHS خاوەن رووماڵی زۆرەملێی گشتگیرن جیهانین، کە بودجەی خۆیان لە داهاتە گشتییەکانی حکومەت مسۆگەر دەکەن؛ باوە کە کەرتی گشتی چاودێرییەکان پێشکەش دەکات. نموونەکان بریتین لە بەریتانیا پێش چاکسازییەکانی سەرۆک وەزیرانمارگرێت تاتچەر، هەروەها وڵاتە یەسکەندنافیەکان..[1] پێشکەش کردنی چاودێرییەکانی تەندروستی لەم وڵاتانەدا بە دەور یەکەکانی کارگێڕی بە شوێنی جوگرافیایی جیاوە رێک دەخرێن.

لە KRI، لە سەر یەک کۆکردنەوەی بودجە لە ڕێگای پرۆسەی بودجەی KRG بەرهەم دێت. KRG داهات کۆ دەکاتەوە تەرخانکردنی دارایی 17 لە سەدی لە عێراق وەردەگرێت، پاشان بەشێک لەم بودجە بۆ پێشکەشکەرانی چاودێری تەندروستی تەرخان دەکات. چونکە لە کەرتی تایبەتیدا بیمە زۆر کەمە، چاودێری کەرتی تایبەتی بە شێوەی نەخت لە ڕێگای تاکەکان و بە بێ کۆبوونەوەی ریسک پێشکەش دەکرێت.

***تەرخانکرنی سەرچاوەکان یان پارەدان***

رەچاو کردنی *تەرخانکرنی سەرچاوەکان*—شێوازی کڕینی خزمەتگوزاری و ئیمکانات—*بابەتی گرنگی کۆتاییە*. لە ڕێگای ئەم پرۆسە بودجەکان بە پیشکەشکەران دەدرێن تا بە دەستی خزمەتگوزاری تەندروستیی بدرێت. سەندنی خزمەتگوزاری دەتوانێت بە شێوەی ناچالاکانە یان ستراتێجیک جێبەجێ ببێت. *سەندنی ناچالاکانە* بودجەیەکی لە پێشدا دیاریکراو یان تەنیا دانی پارەی لیستەی حسابە پێشکەش کراوەکان پیشان دەدات. سەندنی ستراتێجیک بریتییە لە بە شوێندا گەڕانی بەردەوامی باشترین ڕێگاکان بۆ گەیاندن بە بەرزتری ئاستی کاری سیستەمی تەندروستیی لە ڕێگای بڕیار دان سەبارەت بەوەیکە کامیەک لە دەستێوەردانەکان، چۆن و لە کێ دەبێت بسێندرێت. سەندنی ستراتێجیک دەتوانێت لە ئاستی سیستەمی تەندروستییدا جێبەجێ بکرێت یان دەتوانێت بە گرووپەکان یان تاکەکان، ناوەندەکان و پێشکەشکاران بدرێت.

---

[1] ئەمڕۆ، ئەم سیستەمە لە ئینگێلترا ئەدی NHS ی پەتی پێش لە بە سەرۆک وەزیر بوونی مارگاریت تاچێر نییە. ئەم سیستەمە زۆرتر تێکەڵێک لە سیستەمی گشتی و تایبەتییە.

شێوازێک کە ڕێگای ئەوەوە خزمەتگوزاری دەسێندرێت دەبێت هاندەری سەندنی *ڕادەیەکی گونجاو* لە *جۆرێکی شیاوی* خزمەتگوزاری بێت. نرخی پارەدانەکان بە پێشکەشکەرانی خزمەتگوزاری کە بە دروستی ڕێک دەخرێن، بۆ کردەوەی کارامە و کاریگەری سیستەمی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی هاندەرێتی دروست دەکات. بۆ ئەوەی کە پێشکەش کارەکان بتوانن فەرمانبەرانێک لە سەر کار دابمەزرێنن و ئیمکاناتی تری (بۆ نموونە بانداژ) پێویست بۆ پێشکەش کردنی چاودێرییەکان بسێنن، پارەدانی تەواو پێویستە. بە شێوەی ئاسایی لە بودجەی چاودێریی تەندروستی بۆ سەندنی چاودێرییەکانی پەیوەندیدار بە نەخۆشخانە، چاودێریی فریاکەوتنی، خزمەتگوزاری پزیشک و پەرستاری، دەرمان، بیناکان و ئامێرەکان، تەندروستی گشتی، چاودێرییە سەرەتاییەکان، خزمەتگوزاری تاقیگەیی، خزمەتگوزاری توانا بەخشینەوەیی، تەکنۆلۆجی زانیاری (IT) و پیشینەی پزیشکی، خزمەتگوزاری پزیشکی ددان، و پێویستییەکان و خزمەتگوزاری هاوشێوە کەڵک وەردەگیردرێت.

مێتۆدی *پارەدانی پێشکەشکەر* بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی سەندن. جۆرە باوەکانی پەیوەندیدار بە مێتۆدەکانی پارەدانی پێشکەشکەر کە لە هەموو دنیادا دەدۆزرێنەوە، بەم جۆرەیە کە لە خوارەوە دێت:

- سەرژمێری: دانی پارەی ساڵانەی نەگۆڕ بۆ کاتێکی لە پێشدا دیاریکراو، بە شێوەی ئاسایی یەک مانگ یان یەک ساڵ. ئەم بڕە نەگۆڕە بە شێوەی ئاسایی بریتییە لە خزمەتگوزاری نەخۆشی دەرەکی و پزیشکی زێدە لەگەڵ دەرمانەکان. ئەم شێوازە دەتوانێت زۆر بگۆڕدرێت، لە بەستەی تا ڕادەیەک تەواوی پەیوەندیدار بە چاودێری لە ڕێکخراوەکانی پاراستنی تەندروستی تا بەستە بچووکترەکان کە بە شێوەی ئاسایی لە ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی سەرەتایی (PHC) بە کار دەهێنرێن.
- پارەدانی پێچراوەیی، وەکوو گرووپەکانی پەیوەندیدار بە دەستنیشانکردن (DRG): دانی پارەی بڕی دیاریکراو، بە پێی دۆزینەوەی نەخۆشین و ڕادەی مام ناوەندی تێچوونەکان بە بێ ڕەچاوکردنی تێچوونەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری ناوەندی خەوتن لە جیاتی تێچوونە ڕاستەقینەکانی چاودێری.
- دانی پارەی تێچوون بۆ خزمەتگوزاری:دانی پارەی تێچوونی هەر کام لە خزمەتگوزارییەکان یان نەشتەرگەرییەکان پاش پێشکەش کردن
- بودجەبەندی جیهانی:بودجەیەکی ساڵانەی دیاریکراو بۆ کۆمەڵەیەک لە خزمەتگوزاری پیناسە کراو پێشکەش دەکات
- بودجەی پەیوەندیدار بە ریز:بودجە بۆ خزمەتگوزاری کە دابەش دەبێت لە سەر کەتێگۆرییەکان وەک مووچە یان سەرمایە
- پارەدان بە پێی مووچە.

لە 25 ساڵی ڕابردوودا سیستەمەکانی پارەدان بۆ خزمەتگوزاری نەخۆشخانەیی بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو دنیادا گۆڕدراون. ئەمڕۆکە لانی زۆری وڵاتەکان لە چۆرێک پارەدانی پێچراوەیی ڕوو لە داهاتوو کەڵک وەردەگرن کە زۆربەی جار لە سەر بنەمای دەستنیشان کردن (بۆ نموونە لە سەر بنەمای DRG) بۆ خزمەتگوزاری نەخۆشخانەییە. بۆ وێنە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تێچوونی خزمەتگوزاری نەخۆشخانەیی مێدیکەر بە پێی DRG کە ئەم خزمەتگوزارییە بۆ ئەو تەرخان کراوە، دیسان دەدرێتەوە.[2] کەواتە بە بێ ڕەچاو کردنی ئەو سەرچاوانەی کە نەخۆشخانە بۆ دەرمان کردنی نەخۆش بەکاری هێناون یا ماوەیەک کە نەخۆش لە نەخۆشخانە خەوێندراوە، نەخۆشخانە بۆ DRG ی تەرخانکراو بۆ جێکرکردنەوەی سمت یان منداڵبوونی سیساریەن، بڕی پارەیەکی پەیوەندیدار بە دانی "ستاندارد" وەردەگرێت.[3] توێژینەوەکان پیشانیان داوە کە سیستەمی DRG نەخۆشخانەکان هان دەدات بۆ ئەوەی کە بە بێ ڕەچاونەکردنی کواڵیتی چاودێرییەکان، کارامەتر بن. هەرچەند ماوەی کاتی خەوتن لە نەخۆشخانە و تێچوونەکانی نەخۆشخانە زۆر پەیوەندییان پێکەوە هەیە.

زۆرێک لە وڵاتەکان لە زۆرتر لە شێوازێکی پارەدان کەڵک وەردەگرن. بۆ وێنە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕەنگە هەندێک لە کۆمپانیاکانی بیمە بە شێوەی پارەدانی تێچوون لە هەمبەر خزمەتگوزاری بە پزیشکێکی تایبەت پارەیەک بدەن، لە حاڵێکدا کۆمپانیایەکی تر ڕەنگە تەنانەت بەو

---

[2] مێدیکەر بەرنامەیەکی بیمەی فێدراڵی گەورە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایە کە کەسانی ژوور 65 ساڵ یان کەسانی لە کار کەوتوو یان کەسانێک کە تووشی دیالیزی گورچیلەن دەخاتە نێو بازنەی خزمەتگوزاری خۆیەوە.

[3] لە ڕاستیدا، سیستەمی مێدیکەر کەمێ ئاڵۆزترە. نرخی ستانداردی DRG گۆڕانکاری تایبەتی بە سەردا هاتووە بۆ ئەوەی کە فاجتۆرگەلێک وەک شوێنی گوند یان ئەوەی کە ئاخۆ نەخۆشخانە نەخۆشخانەیەکی بۆ فێرکارییە یان نا، ڕەچاو بکرێن. زێدە لەوەش کۆمەک خەرجییەک بۆ *بابەتی دوور*، وەک کاتێک کە بابەتێک بە هۆیەک کە هەڵەکاری لە لایەن ناوەندەوە نییە، زۆرتر لە کاتی ئاسایی تێچوونی دەبێت، بوونی هەیە. سوستاوییەکان، کە زۆربەی جار پێویستیان بە خەوتنی چەن مانگە لە نەخۆشخانە هەیە و وەلامدانەوەی هەرکام لە نەخۆشەکان بۆ دەرمانی زۆر جیاوازە و پێش بینی ناکرێت، نموونە شیاوەکانی بابەتی دوورن.

پزیشکیشە نرخێکی سەرانە یان نرخێک بە پێی بەرنامەکانی پەیوەندیدار بە تێچوونەکانی پەیوەندیدار بە هەمان خزمەتگوزاری پارە بدات. لە زۆرێک لە وڵاتەکان، پزیشکان مووچە وەردەگرن، لە حاڵێکدا تێچوونی نەخۆشخانەکان بە پێی پارەدانی پێچراوەیی بۆ گرووپێکی دەستنیشانکراوەیی دەدرێت. لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی بودجەی نەخۆشخانەکان مسۆگەر دەکات، و تا رادەیەکی زۆر هەموو کارگێڕانی پزیشکی راستەوخۆ لە وەزارەتی دارایی (MOF) حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچە وەردەگرن.

**گەڕانی پارە**

ڕێگایەکی تر بۆ پشکنینی داراییکردنی چاودێری تەندروستی، بەدواداچوونی جووڵەی پارەیە (بۆ نموونە، شوێن کەوتنی پارە). شێوەی 3.2 جووڵەی پارە لە وڵاتێکی نوێنەر پیشان دەدات کە لەوێدا رووماڵی و دەسڕاگەیشتن دیاریکراوە.


جگە لەو پارمەتیانەی کە لە دەرەوەی وڵات نێردراون یان کارە مرۆڤدۆستانەکان، بنەماڵەکان دوایین سەرچاوەی داراییکردن بۆ ئەم سیستەمە، و هەروەها وەرگرانی کۆتایی چاودێرییەکانن. بنەماڵەکان بە حکومەت باج دەدەن. حکومەتیش لە دیکەی سەرچاوەکانی داراییکردن، وەک باجە وەرگیردراوەکان لە کۆمپانیاکان، تێچوونەکان، و بایی کرێ، بەهرەمەندە. سەبارەت بە KRI، داهاتی نەوت کە لە ڕێگای بەغداوە بە دەست دێت هەروەها بەشێک لە سەرچاوەکانە. هەموو سەرچاوەکانی داراییکردن لە حکومەت یان کۆمپانیاکانی بیمەی تایبەتی یان کۆمەڵایەتی پڕ کراون.

کاتێک حکومەت یان کۆمپانیاکانی بیمەی بودجەی هەبوو کۆ دەکەنەوە، دەبێت بڕیار بدەن کە تێچوونی چ خزمەتگوزارییەک (بۆ نموونە، نەخۆشخانە، پزیشک، و چاودێری سەرەتایی) و چ پارەیەک دەبێت بدەن. رەنگە بنەماڵەکانیش بەهایەک راستەوخۆ و بە شێوەی پارەی بیمە بە بەرپرسی کۆکردنەوە یان بە شێوەی راستەوخۆ بە شێوەی تێچوونەکانی بەکارهێنەری یان پارەدانی دەرەوەی بەڵێنی تایبەتی بە پێشکەشکارەکان پارە بدەن.

## سیستەمی داراییکردنی تەندروستی ئێستا لە هەرێمی کوردستان—عێراق

بە تەواوەتی دیارە کە، لە کاتی سەدام حسێن، بە شوێن کوردەکانەوە بوون و دەچەوسانەوە، و لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە شێوەی سیستەماتیک و بە ئەنقەست کەمبوونی سەرمایە خستنەگەڕ هەبوو. KRI هێشتا لەم گوێ نەدانی ئازار دەبینێت. هەر چەند KRI گەشەکردنی خێرای لە ماوە ئەم چەن ساڵەدا بە خۆیەوە دیوە، ئەم وڵاتە بە پێی هەندێ تێبینی پێکهاتەیی زیاتر لە وڵاتێک بە داهاتی ناوەنجییەوە دەچێت. بۆ نموونە، داتاکان، تەکنۆلۆجی زانیاری، و سیستەمەکانی کارگێڕی حکومەتی زۆر زەختیان لە سەرە کە ئەمڕۆکە بتوانن لە بەرنامەیەکی بیمەی کۆمەڵایەتی پشتگیری بکەن. KRI لە بواری چاودێری تەندروستی پێشینەی بێهاوتا و درێژی هەبووە کە بە بۆنەی نەبوونی سەرمایە خستنە گەڕی سیستەماتیک لەم بەشەدا، لە کاتی سەدام حسێن دا لەگەڵ بارودۆخێکی ناخۆش رووبەڕوو بووە.

**شێوەی 3.2**
**گەڕانەکانی پەیوەندیدار بە پارە لە سیستەمێکی داراییکردنی تەندروستی**




RAND *RR490-2.3*

لەگەڵ زێدەبوونی داهاتی بنەماڵەکان، ئاستی فێرکاری چووەتە سەرەوە، و پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی و ئامانجێکی تاک و نیشتمانی هەیە. زێدە لەوەش KRI حکومەتێکی دێمۆکراتیکی هەیە و لە لێهاتوویبە پێویستەکان بۆ بەڕێوە بردنی ئەو بەهرەمەندە. دانیشتووانەکەی تا رادەیەک لاون و لە کاتی شەڕی یەکەمی کەنداو بە خێرایی گەشەی کردووە.

**پێکهاتەی دانیشتوان**

به پێی ماڵپەڕی فەرمی KRG، 5.2 میلیۆن

پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کورد، ئاشوری، کەلدانی، تورکمەن، ئەرمەنی و عەرەبن.

ئەم ناوچە دانیشتووانێکی لاو و لە حاڵی گەشەی هەیە، بە جۆرێک کە 36% یان لە نێوان 0-14 ساڵدان و تەنیا 4% لە سەرەوەی 63 ساڵدان. رادەی مام ناوەندی تەمەنی لە کوردستاندا لە سەرەوەی 20 ساڵدایە، واتە زیاتر لە 50% لەوانە کەمتر لە 20 ساڵ تەمەنیان هەیە.

دانیشتووان ناسی هەرێمی کوردستان لە چەند دەیەی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕدراوە و هۆی سەرەکی ئەوە کۆچی ناچاری خەڵک لە لایەن حکومەتی پێشووی عێراق بووە کە یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی رۆشتنی یەکجاری خەڵک لە گوندەوە بۆ شارە. تا ساڵی 2001، لانیکەم 600.000 کەس لە ناوەی وڵاتدا شوێنی خۆیان گواستووەتەوە و هۆی سەرەکی ئەو سیاسەتەکانی رژێمی پێشووی عێراق لە دەیەی 1970 ە. بۆ نموونە تەنیا زیاتر لە 100.000 کەس لە نۆڤەمبەری 1991 لە لایەن حکومەتی عێراق لە کەرکووک کراونەتە دەرەوە. بە پێی راپرسییەک [بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان]، 66% لە کەسانی دانیشتووی پارێزگای دهۆک مەجبوور کراون لە هەر قۆناغێکی ژیانیاندا شوێنی نیشتەجێی خۆیان بە هۆی شەڕ بگۆڕن، لە حاڵێکدا رەقەمەکان بۆ سلێمانی و هەولێر بە ریز 31% و 7% ە.

لە پاش کۆتایی پێهاتنی شەڕەکانی کەنداو، کەسانێک کە بۆ ئێران، تورکیە و وڵاتەکانی تر هەڵاتن گەڕانەوە بۆ عێراق و بە رادەیەک کە ژیان لە عێراقدا زیاتر بۆ رەوشی سرووشتی خۆی دەگەڕایەوە، رێژەی منداڵبوون بەرزبووەوە. (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2010).[4]

**نیشاندەرەکانی تەندروستیی**

لە ساڵەکانی 2008 و 2009، نیشاندەرەکانی تەندروستیی، لەوانە ماوەی تەمەن، نرخی مردن و تیاچوون، تیاچوونی کۆرپە، و نیشاندەرەکانی تری تەندروستیی ماکرۆ (گەورە)، لە ئاستێکی باشتر لە رادەی مام ناوەندی جیهانی و باشتر لە پێوەرە هەبووەکانی عێراق بە گشتی بوون بەڵام ئەم ئاستە کەمتر لە ئاستی تەندروستی لە ئەورووپا یان وڵاتە پێگەیشتووەکانی کەنداو.نمونەیەک بریتیە لە مردنی ساوا لە هەرێم (شێوەی 4.2) یە.


هۆی سەرەکی تیاچوونی گەورەساڵان لەم ناوچەدا تا رادەیەکی زۆر راهاتوو لەگەڵ ئاراستە بینراوەکان کە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکوور، لەوانە برینەکان جراحات (کە زۆرتر بە هۆی رووداوی کارەساتی هاتوچۆ دروست بوون)، نەخۆشی شێرپەنجە، سەکتەی مێشک، و نەخۆشی دڵی—دەماری، هاوتان. بە درێژەدانی پەرەسەندنی ئابووری، بە ئەگەری زۆرەوە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تەشەنەکەر وەکوو پێشتر کەم دەبێتەوە، و لە ئاکامدا بۆی هەیە KRI لە ئاراستەیەکی تەندروستیی هاوشێوە لەگەڵ ئەو ئاراستانەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی کەنداودا هەیە بەهرەمەند ببێت.

وێنەی سەرچاوەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستی یان ئیمکانات، وەک پزیشکان، پەرستاران، و جێگەکانی نووستنی نەخۆشخانە، داستانێکی هاوشێوەمان بۆ دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە، ژمارەی پزیشکان بۆ هەر 10.000 کەس لە KRI زیاترە لەم ژمارە لە عێراقدا بەڵام ئەم رەقەمە بە گوێرەی وڵاتانی عەرەبی دراوسێ، وەک تورکیا، لوبنان، و ئەردەن کە پێشکەوتووترن، کەمترە بەڵام رادە (ژمارە) بە گشتی بە گوێرەی ژمارەی پزیشکان لە عێراق و لە وڵاتانی عەرەبی هەژار، وەک سوریا یان وڵاتانی ئەفریقای باکوور، زۆرترە. هەروەها کە وترا، سەرچاوەکانی تەندروستیی سەرانە لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی عەرەب و ئەورووپادا هەیە جیاوازیان زۆرە) پێویست بە زێدەبوونی خێرای ژمارەی پزیشکان، پەرستاران،

---

[4] چونکە لە ماوەی ساڵانێکی زۆر سەرژمێرییەکی فەرمی بە رێوە نەبراوە و بۆ ئەوەیکە لە سەر ئەو شتەی کە KRI پێک دەهێنا جیاوازی بۆچوون هەبوو، ژمارەی سەرجەم دانیشتووانی هەبوو، ئامارێکی دانیشتووانی دێتە ئەژمێر.

**شێوەی 4.2**
**ڕێژەی مردنی ساوا لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیاریکراو، 2010**




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2013، لاپەڕە 5.
تێبینی: UAE = میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی.
RAND *RR490-2.4*

و نەخۆشخانەکان لە ڕاپۆرتی قۆناغی 1 RAND بە وردەکاری و بە ڕیزی بەروار شرۆڤە کرابوون (موور و هاوکارانی، 2012)، کە کە بریتی لە پلانەکانی تەندروستی پێویست و چڕ و پڕ بۆ KRI بوو.


**خەرجەکانی تەندروستیی کەرتی گشتی**

ئەگەر کەسێک کۆی ڕێژەی دۆلارە خەرجکراوەکان بۆ چاودێری تەندروستی بەپێی تاکەکەس لە سەرانسەری ناوچەدا بپشکنێت، دەرەنجامەکان زۆر جیاواز دەبن. بەراورد کردنی ئەم ڕەقەمانە کەمێک سەختە چونکە کۆبەرهەمی ناوخۆیی (GDP) و بودجە لە وڵاتەکانی خاوەن سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی نەوت زۆرترە، کەواتە بڕی خەرجکراو بە پێی لە سەد لە وڵاتانێک وەک قەتەر یان کوەیت کەمترە بەڵام ئەم پارە لە پارەی وڵاتانی بە بێ نەوت بە پێی دۆلار زۆرترە. (بڕوانە شێوەی 6.2). هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق خاوەن سەرچاوەکانی نەوتن، بەڵام لە نەوتی ئەم ناوچانە هێشتا بە تەواوەتی بەرهەم نەهێنراون. کاتێک عێراق لە پاش دوایین شەڕی کەنداو هەندێک لە پێویستیە گرنگەکانی خۆی بەدی هێنا (بۆ نموونە، کارەبا و ئاو)، لە سەتێک لە بودجەی تەرخانکراو بە چاودێری تەندروستی زێدە بوو بەلام ئەم ڕادە هێشتا کەمتر لە بودجەی وڵاتانی بە داهاتی زۆر و تەنانەت ئەو وڵاتانەیە کە عێراق لەگەڵیان بەراورد دەکرێت: ئەردەن و تورکیا

کاتێک بڕوانینە هەموو دۆلارە خەرجکراوەکانی پێوەندیدار بە تاکی کۆمەڵگا بۆ چاودێری تەندروستی لە ساڵی 2010 دا، وێنەیەکی ڕوونترمان دەست دەکەوێت. ئەم ڕاستییە کە هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق بە گشتی پتر لە وڵاتانی نانەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانە تورکیا یان سوریا، خەرج دەکەن، ڕاهاتوویە لەگەڵ مۆدێلە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە (بڕوانە شێوەی 7.2)، بەڵام ئەم ڕادەیە زۆر کەمتر لەو بڕەپارەیە کە وڵاتە پڕداهاتەکان یان وڵاتانی پەرەسەندووی دەوروبەری کەنداو، لەوانە میرنشینی یەکگرتوویعەرەبی، قەتەر، یان عەرەبستان سعوودی، خەرجی دەکەن.

لەم کاتەدا، بودجەی بەشی تەندروستی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەرخانکردنی بودجەی گشتی مسۆگەر دەکرێت. زۆربەی بودجەکان لە بودجەی ناوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستی بۆ پێشکەشکارانی چاودێری تەندروستی (نەخۆشخانەکان، ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی سەرەتایی، و مووچەی کارمەند) مسۆگەر و پێشکەش دەکرێت. بودجەی ناوەندیی KRG

**شێوەی 5.2**
**ژمارەی پزیشک بۆ 10.000 کە سلە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیاریکراو، 2008**




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2013، p. 7.
RAND *RR490-2.5*


زۆرتر لە تەرخانی لەسەدا 17 لە شاری بەغداوە مسۆگەر دەکرێت. هەندێ لە بودجەکانی وەبەرهێنان یان کڕینی ڕاستەوخۆی کەلوپەل و ئامرازەکانیش ڕاستەوخۆ لە بەغدا یان لە حکومەتەوە پێشکەشی چاودێری تەندروستی دەکرێت. وێرای پەسەند لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە، بودجەکان ڕاستەوخۆ لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەشی بەڕێوەبەری گشتی (DG) تەندروستی لە ئاستی پارێزگادا دەکرێت. هەروەها جێی ئاماژەپێکردنە کە ئەمڕۆکە عێراق فێدراسیۆنە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەر هەرێمی کوردستانی عێراقدا زاڵە بەڵام سنووردارێتیەکانی بەردەوام لێکدەدرێنەوە و لەسەریان هاودەنگی تەواو نیە. واتە، بەپێی چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، نەرمونیانی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر زۆرە بەڵام ئەم حکومەتە دەبێت لە چوارچێوە و بە هاوکاری لەگەڵ سیستەمی گشتی چاودێری تەندروستی لە بەغدا کار بکات.

ڕەوتی دراو بۆ وەبەرهێنانی سەرمایە کارێکی ئاڵۆزترە. داراییکردن (1) لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەوە لە وەزارەتی تەندروستییەوە پێشکەشی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی پارێزگا دەکرێت، (2) لە بودجەکانی پارێزگارەکان، یان (3) لە بەغداوە ڕاستەوخۆ بە شێوەی ئامراز یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای پارێزگارانەوە جێبەجێ دەکرێت.

ئێستاکە، تێچوونی داراییکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستی گشتی لە KRI لە دیکەی سامانەکان کەمترە. بۆ وێنە، تاکەکان بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی گشتی تێچوونی بەکارهێنانی زۆر کەم دەدەن: لە ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی سەرەتاییدا، نەخۆشەکان 250 دینار (0.21 دۆلار) دەدەن تاکو بتوانن بەڵگەی چاولێکردن وەرگرن و ئەگەر پێویستیان بە دەرمان بێت 500 دینار (0.42 دۆلار) دەدەن. بەوەشەوە، باجەکان و تێچوونەکان دەتوانن سەرچاوەیەکی گرنگ بن بۆ بودجەبەندی لە داهاتوودا. ئێستاکە بەشی تەندروستی نزیکەی لەسەدا 5 لە بودجەی KRG بەکار دەهێنێت، و بەپێی ئەزموونی دیکەی وڵاتەکان ئەم لەسەدە لە دە ساڵی داهاتوودا بە شێوەی بەرچاو زێدە دەبێت.

ئەگەرچی ڕێژەو ڕەقەمی ڕێک و وردبینانە لە بەردەست نییە، هەندێ تاکەکەس بۆ چاودێری پزیشکی تایبەتی، کە بە شێوەی ئاسایی ئەو چاودێرییانەیە کە هەر ئەو پزیشکانە بەیانیانە لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن لە دوانیوەڕۆ و ئێوارەدا پێشکەشی دەکەن، بڕەپارەیەک لە دەرەوەی بەڵێنی جێی سەرنج دەدەن. هەروەها


**شێوەی 6.2**
**خەرجە حکومەتییەکانی تەندروستی و دەرمان، 2011**




سەرچاوەکان: WHO, undated; Kurdistan Region Statistics Office (KRSO).

RAND *RR490-2.6*

**شێوەی 7.2**
**دۆلارە بەپێی تاکەکەس کە بۆ چاودێری تەندروستی خەرج دەکرێن، 2011**




سەرچاوەکان: World Bank, 2010, Table 7.15; KRSO.

RAND *RAND RR490-2.7*

ڕێژەی نەخۆشخانەکانی تایبەتی کە زۆر چکۆلەترن لە نەخۆشخانە گشتییەکان، بەتایبەت لە هەولێردا، خەریکە زیاتر دەبێت.

هەروەها حکومەت تێچوونەکانی بەڕێخستنی ناوەندە پزیشکییەکان دەدات. مووچەی تاکەکان (بۆ نموونە، پزیشکەکان، سستەرەکان، مامانەکان، پزیشکانی ددان، دەرمانسازەکان، تەکنیسیەنەکانی تاقیگە، لێخوڕانی ئامبولانس، خاوێنکەرەوەکان) زۆرینەی ئەم تێچوونانە پێکدەهێنن، بەڵام بودجە گشتییەکانیش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تێچوونی دەرمانەکان، تاقیگەکان، چاودێری پزیشکی ددان، کوتان، زبڵ بۆ هاوێشتن، تێچوونی ئامبولانس، تێچوونی مووچەی خانەنشینی، خوێندن و فێرکاریی، و دیکەی کەرستەکانی بەکارهێنان و خزمەتگوزاریی قەرەبوو دەکەنەوە.

حکومەت تێچوونە سەرەکیەکانی چاودێرییەکانی تەندروستی لە بودجەی وەبەرهێنان دەدات. ئەم تێچوونانە بریتین لە کرینی ئامرازە سەرەکیەکان، بیناکان، و دیکەی تێچوونەکانی وەبەرهێنان. وەزارەتی تەندروستی هەلی تەرخانکردنی بودجەی وەبەرهێنانی لە ڕێگای ڕەوتێ کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان، پارێزگارانی پارێزگاکان، و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بەغدا جێبەجێ دەکرێن، ڕەخساندووە.

بودجەی چاودێری تەندروستی گشتی بۆ ساڵی دارایی 2010 بەرابەری 629.712 میلیۆن دینار دیاری کراوە، کە 531.424 میلیۆن دیناری ئەوە بۆ تێچوونەکانی کار و 98.288 میلیۆن دیناری ئەوە بۆ وەبەرهێنان تەرخان کراوە. چاودێری تەندروستی لەسەدا 5.2 لە بودجەی گشتی وەردەگرێت کە ئەم ڕادەیە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتیەکان و تەنانەت ناوچەییش لە خوارەوەیە. لە دیمانەکاندا، بەرپرسانی KRG ئاماژەیان کرد کە ڕادەی بودجەی سەرەتایی ئەوەندە تەواو نەبووە کە لەگەڵ ڕادەیەک کە پێشکەشکاران بۆ ڕووماڵی چاوەدێرییە سەرەتاییەکان و دەرمانەکان بە پێویستیان زانیوە، ڕاهاتوو بێت. بە گشتی، کاتێ ئەو حکومەتە خۆجێییانەی قەزاکان کە لەسەر بودجەی گشتی چاوەدێریی دەکەن بگەن بە ئاستی بودجەی خۆیان، لە ڕێگای گواستنەوەی بودجە لە ناوچە کەمتر گرنگەکان، لە ڕێگای کەمبوونی بودجەکانی وەبەرهێنان، و داوای پارمەتی زێدە لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی دارایی، سامانی زیاتر پێکدەهێنن.

### دەسڕاگەیشتن و کەڵک لێ وەرگرتن

لە ڕاپۆرتی تەندروستی یەکەمین ساڵی ئێمەدا، *داهاتووی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان-عێراق: بەرەو سیستەمێکی کاریگەر و خاوەن چۆنایەتی چاک، و جەخت لەسەر چاودێری سەرەتایی*، ئێمە دەسڕاگەیشتن و کەڵک وەرگرتن لە خزمەتگوزاریی تەندروستیمان لێکدایەوە (بڕوانە موور و هاوکارەکانی، 2012، لاپەڕەکانی 29—42 چاولێکەن). ئێمە ڕادەی داواکاریەکانمان لە داهاتوودا بەپێی سێناریۆ جیاوازەکان پێشبینی کرد و پێویستیەکان و پێشکەشکردنی تەختەکانی نەخۆشخانە و خزمەتگوزاریی پزیشکیی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی ئەوانەمان مەزندە کرد. ئەم ڕاپۆرتە بارودۆخی بە شرۆڤەی خوارەوە کورت کردووەتەوە:

> لە ڕەوشی پێگەدا و لە سێ سێناریۆی پێشبینی کراودا، گەشەی دانیشتووان سەرەکیترین بزوێنەری بەکارهێنانی چاودێری تەندروستی لە داهاتووی نزیک دایە. گەشەی نێوەنجی دانیشتووان لە کەڵک وەرگرتن لە چاودێری تەندروستی بە شێوەی خەواندن و سەرپێیی بە تەنیایی دەتوانێت تا ساڵی 2015 بە ڕادەی لەسەدا 20 و تا ساڵی 2020 بە ڕادەی لەسەدا 40 زیاتر بکات. ئەم گەشەی پێشبینی کراو پیشاندەری پێویستی بە زیاترکردنی بەرچاوی هێزی کاری چاودێری تەندروستی و توانستی نەخۆشخانەکانە. ئێستاکە، ڕێژەی پزیشکەکان تاڕادەیەک بە جۆرێ خەریکە زێدە دەکات کە بۆ پاراستنی ئێستاکەی ڕادەی پزیشک بە گوێرەی دانیشتووان بەسە. بەوەشەوە، ڕێژەی پزیشک بە گوێرەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کەمتر لەم ڕێژەیە لە هەموو ناوچەکانی دراوسێدا. لەوێوە کە داواکاریی بۆ چاودێرییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەسی پێکراوە، پێویستی بە پزیشک و ئیمکاناتی تری تەندروستی بە جۆرێکی جێی سەرنج زێدە دەبێت. ئێمە ناتوانین ڕێژەی تەختەکانی نەخۆشخانە پێشبینی بکەین، لەبەر ئەوەی کە ئەم کارە دەسمایە (سەرمایەی) دەوێت و تەرخانکردنی بودجەی بۆ گەڕەنتی نەکراوە. هەروەها کە وتراوە، توانستی تەختەکانیش کەمتر لە ڕادەی ئاسایی (نۆڕماڵ) لە ئاستی نیودەوڵەتییە و بەپێی ڕادەی چێکردنی تەختی نوێ ئێستاکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم بابەتە خراپتر ببێت. (لاپەڕەی 42)

لە "کۆنگرێسی نێودەوڵەتی لەسەر چاکسازی و پەرەپێدانی سیستەمی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان" کە لە 2—4 ی فێبریوەری 2012 لە هەولێر بەڕێوەچوو، وتەبێژان مەزندەیان کرد کە کەرتی تایبەتی لە سەدا 20 تا 30 لە کۆی پارە خەرجکراوەکان بۆ چاودێری تەندروستی پێشکەش کردووە؛ پاشماوەی ئەم بڕە پارەیە کەرتی گشتی خەرجی کردووە. لە ڕێگای ئەم مەزندەکردنانەوە، ئێمە دەتوانین لەسەدی کۆبەرهەمی ناوخۆیی کە بۆ چاودێری تەندروستی تەرخان دەکرێت، نزیکەی لە سەدا 3 مەزندە بکەین.

ئەم رادەیە دەکرێ بەراورد بکرێت لەگەڵ لە سەدا 2.5 بۆ عێراق بە گشتی لە ساڵی 2007، لە سەدا 8.9 بۆئۆردون، لە سەدا ٥ بۆ تورکیا، و نێوان لە سەدا 8 تا 10 بۆ زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان (بانکی جیهانی، 2010). کەواتە، رێژەی کۆبەرهەمی ناوخۆیی کە ئەمرۆکە بۆ چاودێرییەکانی تەندروستی خەرج کراوە بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتیەکان کەمە و چاوەڕوانی دەکرێت باشترکردنی دەسڕاگەیشتنی KRI بە چاودێری زیاتر ببێت.

داتا دەسکەوتەکان لە وەزارەتی دارایی پیشان دەدات کە بودجەبەندی چاودێرییەکانی تەندروستی کەرتی گشتی بۆ ساڵی 2011 بەرابەری 485.545 میلیۆن دیناری عێراقی دیاری کراوە، کە لە ماوەی ساڵی 2010 دا لە سەدا 17 زیاتر بووە. نزیکەی لە سەدا 80 لە کۆی گشتی ئەم بڕە پارەیە بۆ داراییکردنی مووچەی تاکەکان بەکار دەهێنرێت. رێژەی فەرمانبەرانی حکومەتی کە دەبێت لە بەشی تەندروستیدا بودجە وەرگرن، لە ساڵی 2011 دا بە رادەی لە سەدا 8 زیاتر بوو و گەیشتە 42.236. دهۆک خێراترین زێدەبوونی رێژەی فەرمانبەرانی بە خۆیەوە بینیوە، بەرابەری لە سەدا 15؛ رادەی دامەزراندنی بەشی تەندروستیی بودجەبەندی کراو بە ریزەوە لە هەولێر و سلێمانی بە رادەی لە سەدا 6.5 و لە سەدا 7.5 زیاتر بووە.

پاش ئەوەی کە وەزارەتی تەندروستی هەرکام لە پێنج بەڕێوەبەری گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێداویستیەکانی خۆی لە ساڵی دواتردا ئاگادار بکاتەوە، رەوتی دیاریکردنی بودجە دەست پێ دەکات. وەزارەتی تەندروستی ئەم داتایانەی لێکداوەتەوە و بودجەیەکی جێبەجێکاریی گەڵاڵە کردووە، کە لەم بارەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان قسە کراوە. پاشان ئەم بودجە پێشکەشی وەزارەتی دارایی دەکرێت، و ئەم وەزارەتەش داواکاریەکە لێکدەداتەوە و بڕی بودجە کە نزیکەو هەمیشە کەمترە لە رێژەی داواکراو، دیاری دەکات. بەڕێوەبەرە گشتییەکان تا کۆتایی ساڵ دەتوانن داوای ئاستی بودجە بکەن؛ هەروەها ئەوان دیسان بودجەیەک بۆ دانی تێچوونەکانی هەرێمەکانی خاوەن پێشترێتی لەوانە مووچە و دەرمان تەرخان دەکەن.

جێی ئاماژەیە کە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی کارگێڕانی پزیشکی راستەوخۆ دەدات، و ناوەندەکان بودجە وەردەگرن. هیچ پێوەندییەک لە نێوان بڕی پارەیەک کە دەدرێت و کار یان تەنانەت نێوان بڕی پارەیەک کە دەدرێت و رێژەی کاتژمێرەکانی کار نییە، ئەم سیستەمە بەو ناوەندانەی کە بە چاکی کار دەکەن پاداشت نادات. بە هۆی ئەوەی کە "نەخۆش پارە چێکەر نییە"، ئەم جۆرە کڕینە بە هیچ جۆرێک تاکەکان هان نادات کە سەختتر کار بکەن یان چاودێری خاوەن چۆنایەتی چاک پێشکەش بکەن. لە باری مێژووییەوە، دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا لەوانە بەشی چاودێرییەکانی تەندروستی بە واتای پیشەیەکی نەگۆڕ و بەردەوامە. کەواتە، جێی سەرسووڕمان نییە کە ئاستی کارگێڕانی زۆرێک لە چارەسەرگەکان و نەخۆشخانەکان لە باری پسپۆڕانەوە زۆر بەرزترە—هەندێ جار بە رادەی لە سەدا 50 —لە ئاستی پێویست بۆ هەڵسووڕانی شیاوی نەخۆشخانەیەک یان چارەسەرگەیەک. بە درێژایی مێژوو ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە راکێشانی هێز بڕیاری داوە، واتە شتێک پتر لە تێبینیەکان سەبارەت بە کاری شیاوی ناوەندەکەیان لەواندا هاندەرێتی پێکهێناوە. جێی سەرنجە کە بەپێی پێشبینیەکان ئەم ناوچە تووشی کەمبوونی پزیشک دەبێت، بەڵام پێشکەشکردنی کارگێڕانی پشتیوان لە رادەبەدەر پێویستە.

هەروەها کە لە سەرەوە ئاماژە کرا، مەزندە دەکرێت کە کەرتی تایبەتی لە سەدا 20 تا 30 لە تێچوونەکانی چاودێری تەندروستی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ خۆی تەرخان بکات. بەشی زۆری چاودێری، پزیشکەکان لە نووسینگە تایبەتیەکانی خۆیاندا پێشکەشیان دەکەن و تاکەکانیش تێچوونی ئەوانە لە گیرفانی خۆیان دەدەن. هەروەها رێژەی نەخۆشخانە تایبەتیەکان و زۆرێک لە دەرمانخانە تایبەتیەکان خەریکە زێدە دەبن. چاوەڕوانی دەکرێت هەموو ئەم ناوەندانە پاش پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە شێوەی نەختی پارە وەرگرن. وێڕای ئەوەی کە ناوەندەکان تێچوونە گونجاوەکان بەپێی ستانداری رۆژئاوایی داوا دەکەن، بەڵام ئەم تێچوونانە زۆر گرانترن لە تێچوونی چاوەدێریی لە کەرتی تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە پاڵپشتی دارایی حکومی زۆری بۆ دیاری دەکرێت.

**گۆڕانکارییە یاساییەکانی پێشنیارکراو**

چەند ساڵ پێش یاسایەکی پێشنیارکراو لە پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتە ئاراوە تاکو بەرنامەیەکی بیمەی سەلامەتی بۆ فەرمانبەران حکومەتی لە بەرچاو بگیردرێت. ئەم یاسا پێشنیارکراوە پێویستی بە پێکهێنانی مێکانیزمێکی ناوخۆیی وەزارەتی تەندروستی هەیە تاکو بەرنامەی بیمە هەڵسووڕێنێت.

جگە لە هەندێ کەسی بیانی، نزیکەو هیچ کام لە تاکەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەلایەن بیمەی تایبەتییەوە رووماڵ ناکرێن. لە ساڵی رابردوودا رێژەیەکی کەم کۆمپانیای بیمە کراونەتەوە و بیمەی تەندروستی و چارەسەریی پێشکەش دەکەن، بەڵام رێژەی کەسانی رووماڵ کراو ئێستاکە زۆر کەمە. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جیدی سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی نۆژەنی لەبەرچاو دەگرت، ناچار

دەبوو کە تاکەکان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای بیمەی تایبەتی هان بدات و کاری پێویست جێبەجێ بکات تاکو هەلی بەهێزترکردنی شارەزایی پێویست بۆ بەڕێوەبەرایەتی سیستەمێکی بیمە، کە پارەی بیمە کۆ دەکاتەوە، ریزبەندی ئەژمێرەکان لە باری یاساییەوە ڕێک دەکات، و بڕێ پارە بە پێشکەشکاران دەدات، دابین بکرێت. لە راستیدا، ئەوڕۆکە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا جۆرە باوەکانی بیمە (ئوتۆمبیل، خانووبەرە، و بیمەی تەمەن) بە شێوەی ئاسایی لە بەردەست نین یان بەکار ناهێنرێن.

لە باری **شیاوبوون**، لەم دواییانەدا هەموو هاوولاتییانی عێراقی، چ ئەوانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەژین یان نا، دەتوانن بەپێی هەر ئەو مەرج و ڕێسایانەی دانیشتووانی کوردستان لە ناوەندەکانی تەندروستیی و خزمەتگوزاریی دەرمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەلک وەرگرن. بە پێی یاسای بنچینەیی، دانیشتووانی ناکوردستانی کە عێراقی نین ناتوانن وەکو دانیشتوانی کوردستان هەر لەو پشتیوانیانە کەڵک وەرگرن.

لە کوردستاندا، هەموو هاوولاتییان خاوەن مەرجی بەکارهێنانی بەستەیەکی بەربلاو لە **قازانجەکانی** چاودێری تەندروستی، پزیشکی ددان، و خزمەتگوزاریی فریاکەوتنین کە لە نەخۆشخانە حکومەتیەکان و ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتاییدا پێشکەش دەکرێن. رادەی بودجە، ئامرازەکان و دەرمانە هەبووەکان، و خوێندن و ئاستی خوێندنی کارگێرەکان، خزمەتگوزاریی پێشکەشکراو سنووردار دەکەنەوە. ئێمە ئاگادار نین کە ریزبەندێکی وردبینانە لە خزمەتگوزاریی ڕووماڵکراو تاکو ئەمڕۆ شرۆڤە کراوە یان ئەوەی کە ڕەوتی دیاریکردنی خزمەتگوزاریی کە دەبێت ڕووماڵ بکرێت، دیاری کراوە.

لە کوردستاندا، دەرکێکی دڵنیایی بۆ چارەسەرکردنی کەمبوونی خزمەتگوزاریی هۆیەک لەسەر پشتڕاستکردنەوەی وەرگرتنی چاودێرییەکان لە دەرەوەی وڵاتە. جگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، حێزبە سیاسیەکانیش ئەگەر پێویستیان بە چاودێریی هەبێت و دەسیان نەگات بە خزمەتگوزاریی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان عێراقدا تێچوونی چاودێرییەکان لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەندامانی حێزبی خۆیان دەدەن.

## کێشەکانی داراییکردنی تەندروستی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تووشیاریانە

لەوێوە کە ئەوان روانگەیەک و بەرنامەی داراییکردنی تەندروستی ستراتێژیک ئامادە دەکەن، سیاسەتدانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت زاڵ بن بە سەر هەندێ لە کێشەکان لەوانە ئەو بابەتانەی خوارەوە:

- **بودجەبەندی ناشیاو:** بودجەبەندی—بە تایبەت لە سیستەمی حکومەتی—شیاو نییە بە جۆرێ کە ئەمڕۆکە ناتوانێت بودجەی داواکاریی بۆ چاودێری تەندروستی بە چاکی مسۆگەر بکات، و بە زێدەبوونی دانیشتووان و داهاتەکان ئەم بارودۆخە هەستەمتر دەبێت (بڕواننە موور و هاوکارەکانی، 2012). سەرەڕای ئەوەش، ڕێژەی پزیشکەکان و تەختەکان بەپێی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد لەگەڵ ولاتانی هاوشێوە کەمە. ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم ناهاوسەنگییە، لەگەڵ گەشەی خێرای ئابووری، ببێتە هۆی زێدەبوونی سامانە پێویستەکان بۆ داراییکردنی سیستەمەکە بە جۆرێ زیاتر لە رادەی بودجەی ئێستاکە. لە کۆتاییدا، زۆرێک لە چاکسازیەکانی شرۆڤەکراوی ئەم پاژە، و هەروەها چاکسازیەکانی پێوەندیدار بە بابەتی کارکردنی هاوکات لە کەرتی تایبەتی و گشتی لە نێوان پزیشکەکان (واتە، تێکەڵێک لە خزمەتگوزاریی کەرتی گشتی و تایبەتی پێشکەشکراو لەلایەن پزیشکەکانەوە)، بۆ جێبەجێ کردن پێویستیان بە بودجە و پارەی زیاتر هەیە.
- **وێنای ئەوەی کە چاودێری تەندروستی دەبێت بەخۆڕایی بێت:** بە پێی یاسای بنچینەیی، ڕوونە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری تەندروستی بە یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤەکان دەزانێت و راشکاوانە بەڵێندارە کە بۆ هەموو کەسانێ کە لە کوردستاندا دەژین، بەستەیەکی چاودێرییە سەرەتاییەکان پێشکەش بکات. بەوەشەوە، خەڵک بەڵێندارن کە مافی ئەوەیان هەیە سەبارەت بە خزمەتگوزاریی کەرتی گشتی لە چاودێریی خۆڕایی یان نیوە خۆڕایی کەڵک وەرگرن،[5] بەڵام ئەم بابەتە لە یاسای بنچینەیی ئێستاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان عێراقدا نەهێنراوە. ئەم بابەتە دەبێت روون بکرێتەوە، و رادە و سنووردارێتی بەڵێنی حکومەت دەبێت بۆ هەموو کەسانی پێوەندیدار دیاری بکرێت، بەپێچەوانەوە دەسڕاگەیشتن بە چاکسازی دارایی راستەقینە سەخڵەت دەبێت.
- **نەبوونی داتاکان و سیستەمەکانی زانیاریی:** ئێستاکە داتا پێویستەکان بۆ بڕیاردانی بەڕێوەبەرایەتیی شیاو، دانانی سیاسەتەکانی پێوەندیدار بە دارایی، و بەڕێوەبەرایەتی سیستەمێکی دارایی نۆژەن (مۆدێرن) لە هەرێمی کوردستانی عێراق نییە. زانیاریی، شیکردنەوەکان، و لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ ڕێنوێنی سیاسەتە شیاوەکان و هەروەها بەڕێوەبەرایەتی سیستەمەکە گرێدراوی ئەو بڕیارانەیە کە لە بواری سیاسەتەکاندا

[5] چاودێرییەکان بەپێویست بەخۆڕایین، جگە لە تێچوونەکانی کۆکراو و زۆر کەمی ناونووسی و دەرمان.

دەدرێن. بەوەشەوە، بە بێ هەبوونی ئەم زانیاریانە ئەگەری ئەوە نییە کە بتوانین چاکسازیی پێوەندیدار بە سیاسەتی سەرکەوتوو دەستەبەر بکەین.

- **توانستی رێکخراوەیی ناشیاوی وەزارەتی تەندروستی:** ئێستاکە، وەزارەتی تەندروستی توانستی رێکخراوەیی شیاو، کارگێڕی فێرکراو، یان بودجەی پێویست بۆ پەرەپێدان، جێبەجێکاریی، یان بەڕێوەبەرایەتی گۆڕانکاریی پێویست لە چاکسازیی دارایی چاودێری تەندروستی نییە. بۆ ئەویە کە بتوانین بەرنامەی چاکسازیەکانی شرۆڤەکراو لەم راپۆرتەدا سەرکەوتووانە پێڕەو بکەین، دەبێت توانستی تەکنیکی وەزارەتی تەندروستی پەرەبدرێت. لەم نێوانەدا، پێکهاتەی ئێستاکە کە تێیدا وەزارەتی تەندروستی سیاسەتەکان دادەنێت و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی (واتە، نەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی) بەڕێوەبەرایەتی دەکات، دەبێت لێکبدرێتەوە. زۆرێک لە وڵاتان تێگەیشتوون کە دابەشکردنی ئەم کارانە شیاوترە.
- **نەبوونی رەوتی چاوەدێریی و پێوەندیدار بە سیاسەت:** هیچ جۆرە رەوتی پێوەندیدار بە سیاسەت یان چاوەدێریی روون لە سیستەمی چاودێری تەندروستی هەرێمی کوردستانی عێراقدا نییە. زۆربەی گۆڕانکارییەکانی دارایی سەرەکی دەبێت لای ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش بکرێن کە لە چاکترین رەوشدا کارێکی سەخت و پرووکێنەرە.
- **بودجە ناشیاوەکان:** بودجەی ساڵانەی چاودێری تەندروستی کەرتی گشتی و بودجەی پێوەندیدار بە تاکی نەخۆشخانەکان تاکو ئێستا لەسەر شێوازی مێژوویی، نەک رێژە یان چۆنایەتی خزمەتگوزاریی پێشکەشکراو، بووە. سەرەڕای ئەوە، بودجە کاریەکان و وەبەرهێنانی زۆر پێوەند نەدراون بە یەکەوە؛ بەرپرسیارێتی لێکدانەوەی بودجەکان بە ئەستۆی وەزارەتخانە جیاوازەکانە و ئەم جیاییە دەتوانێت هۆی لێکپچڕانەکان بێت. رەوتی لێکدانەوەی بودجەش روون نییە.
- **پارەدانە هاوبەشەکانی کەم:** لە کەرتی گشتیدا، تاکەکان بڕەپارەدانی هاوبەشی زۆر کەم بۆ خزمەتگوزاریی چاودێری تەندروستییان هەیە، کە ئەم بڕەپارەیە بۆ زێدەکردنی بودجە یان پێشکەشکردنی هەندێ هاندەرێتی بۆ بەکارهێنانی شیاو لە سیستەمەکە لە رادەبەدەر کەمە.
- **بەشی نەخۆشخانە کە بارودۆخی فیزیکی ناوەندەکان بۆی لەمپەڕی پێکهێناوە:** دۆخی ئێستاکەی نەخۆشخانە گشتییەکان کێشەی زۆر پیشان دەدات. سەرەتا ئەوەی کە لە زۆربەی بابەتەکاندا بیناکانی نەخۆشخانە پێویستیان بە چاکسازیی و نوێکردنەوە هەیە لەبەر ئەوەی کە لە سەردەمی سەددام حوسێن دا وەبەرهێنان لەسەریان بۆ ساڵانێکی زۆر جێبەجێ نەکراوە. پێویستی بە ناوەندە نوێیەکان هەستی پێدەکرێت، و نزیکەو هەموو ناوەندەکان پێویستیان بە ئامراز و تەکنۆلۆژیای بەڕۆژ هەیە. هەروەها شێوازی داراییکردن و بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکانیش پێویستی بە هەندێ گۆڕانکاریی هەیە. ئێستاکە، بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە دەسەڵاتی تەشەنەی زۆر کەمیان هەیە و بودجەی ئەوانە بە رادەیەکی زۆر کەم دەکرێ بگۆڕدرێت. نزیکەو هەموو مووچەکان، کە زۆربەی تێچوونەکان پێکدەهێنن، راستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی دارایی دەدرێت بە ستاف و کارگێڕەکان؛ کڕینی دەرمان و ئامرازەکانیش ناوەندیی کراوەتەوە. راکێشانی هێزی کار ئێستاکە لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیراندا جێبەجێ دەکرێت. بە کورتی، دەسەڵاتی تەشەنە یان توانایی بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی سامانەکان لە ناو ناوەندەکانی خۆیاندا کەمە. لە کۆتاییدا، زۆربەی بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە پزیشکانێکن کە لە بواری بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەدا فێر نەکراون یان ئەزموونیان نییە.
- **هاندەرە ناشیاوەکان:** هاندەرێتی دارایی زۆر کەم لە سیستەمی دارایی چاودێری تەندروستیدا هێنراون کە لە بەرانبەر کار، کردەوە، یان دەرکەوتی شیاودا پاداشت بدەن. لە بەشی نەخۆشخانەدا، بەڕێوەبەران ناتوانن مامەڵەی پێوەندیدار بە دارایی جێبەجێ بکەن، کارامەییەکان بناسێنن، و پاشان لە بودجە دەستەبەرکراوەکان بۆ پەرەپێدانی نەخۆشخانەی خۆیان کەڵک وەرگرن. هیچ کات لە بەرانبەر رێژەی چاودێرییەکان یان چۆنایەتی کاری پێشکەشکارانی چاودێری تەندروستی و بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە، بەم کەسانە پاداشت نادرێت. بە کورتی، ئەم سیستەمەی کە لەم دواییانەدا پێکهاتووە، ئەو هاندەرێتیانەی نییە کە کارامەبوون یان چۆنایەتی، کە بنەما سەرەکیەکانی چاودێری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهێز بکەن.
- **کارکردنی هاوکاتی پزیشکەکان لە کەرتە گشتی و تایبەتیەکاندا:** رێبازی کارکردنی هاوکات پزیشکەکان لە کەرتی گشتی و تایبەتیدا کێشەیەکی گەورەیە. لە بەرانبەر کار لە کەرتی گشتیدا، بە پزیشکەکان مووچەیەک و مووچەی خانەنشینی دەدرێت. بڕەپارەیەک کە دەدرێت بەتەواوەتی لە رادەی کار لە کەرتی تایبەتی، چۆنایەتی ئەوە، دەرکەوتی کاری پزیشک، یان شوێنی پێشکەشکردنی چاودێرییەکان (بۆ وێنە ناوچە گوندنشینەکانی دووره دەس) جیایە. سەرەڕای ئەوەش، بڕەپارەیەک کە دەدرێت بۆ هەر کارێک لە کەرتی گشتیدا زۆر کەمتر لە کەرتی تایبەتییە. لە ئاکامدا، پزیشکەکان هاندەرێتی ئەوتۆیان نییە

بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بە چۆنایەتی چاکەوە لە کەرتی گشتیدا و نیوەیەک لە ڕۆژی کارکردنی خۆیان بۆ چاولێکردنی نەخۆشە تایبەتیەکان تەرخان دەکەن، کە ڕاستەوخۆ تێچوونی چاودێرییەکان دەدەن. ئەم سیستەمە ناکارامەیە، کەرتی گشتی لە دارابوونی کارگێڕانی پزیشکیی شیاو بگرە تاکو کارگێڕانی نەخۆشخانەی کەرتی گشتی لە داهاتوودا بێبەر دەکات، و بەرگیری دەکات لە چاکسازییەکان.

- **گەشەی ڕێنوێنی نەکراوی چاودێرییەکانی تەندروستی کەرتی تایبەتی:** بەشی چاودێری تەندروستی تایبەتی بە بێ لەبەرچاو گرتنی پێویستیەکان و بە بێ هەبوونی هەندێ یاسا بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەم پەرەپێدانە لە ئاڕاستەی بەرژەوەندی گشتیدا بە خێرایی خەریکە پەرە دەستێنێت. ئێستاکە هیچ ڕەوتێکی وەبەرهێنانی ستراتێژیک یان پێوەری وەبەرهێنان نییە کە ئەم پەرەپێدانە لە ئاڕاستەی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا ڕێنوێنی بکات.

وێرای ئەم کێشە زۆرانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڕیاردانی بنەڕەتی سەبارەت بە داهاتووی سیستەمی چاودێری تەندروستی خۆی پێویستی بە کاتبەندی هەیە. وڵات خەریکە پەرە دەستێنێت و بۆ پشتگیری لە ئامانجەکانی خۆی سامانی—مرۆیی و کانزایی—جێی سەرنجی هەیە. نەبوونی سیستەمێکی سەقامگیر و بەربڵاویش هەلی پەرەپێدان و جێبەجێ کرنی دیمەنێک لە چاودێری تەندروستی ستراتێژیک کە یارمەتی دەسڕاگەیشتن بە چاودێرییەکانی خاوەن چۆنایەتی چاک دەدات و ئەم چاودێرییانە بە تێچوونی بەقازانجتر پێشکەش دەکات، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکات. زۆرێک لە کێشەکانی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە دەکرێ بە پەرەپێدانی ئەو سیاسەتانەی کە بەربەستەکان دیاری دەکەن و ڕێگاکانی زاڵبوون بە سەریاندا پێشکەش دەکەن، چارەسەر بکرێن.

# چاکسازی سیستەمی (داراییکردنی) تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق: رێگایەک بەرەو پێشەوە


## دیمەنی داراییکردنی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پێش نووسی یاسای بنچینەیی KRG، روانگەی حکومەت سەبارەت بە تەندروستی و چاودێری تەندروستی،لەوانە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤەکانە، بە روونی باس لێ دەکات و جەخت دەکاتە سەر بەڵێنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دڵنیایی لەوەیکە هەموو دانیشتوان دەسڕاگەیشتنیان بە چاودێری تەندروستی بە کواڵیتی و بەهای شیاو هەیە. لە پاش وتووێژەکان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی پلاندانان، و پسپۆڕانی تری تەندروستی، ئێمە پەرەمان بە ئاسۆی لە بەر چاو گیراو و ئامانجەکانمان لە راستای بردنە بەرەوە و رابەری کردنی سیاسەتەکان و چاکسازییەکانی داهاتوو، دا (شێوەی 1.3).

## رێبازەکانی پەیوەندیدار بە داراییکردنی چاودێری تەندروستی

هەرچەند وڵاتەکان لە رێگا جۆربەجۆرەکان بۆ داراییکردنی چاودێرییەکانی تەندروستی کەڵک وەردەگرن، بەلام چوار جۆری سەرەکی هەیە کە لە زۆربەی سیستەمەکاندا رەچاو دەکرێن: (1) خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی، کە بە شێوەی گشتی خەرجەکانی ئەو بە شێوەی راستەوخۆ لە بودجەی حکومەتی یان باجە تەرخان کراوەکان دەدرێت؛ (2) بیمەی تەندروستی کۆمەلایەتی؛ (3) بیمەی تەندروستی تاکەکەسی؛ و (4) پارەدانی کەسی، کە زۆربەی جار *خەرجەکانی دەرەوەی بەڵێن* دەوترێت (بڕوانن بۆ شێوەی 2.3). لە راستیدا، *نزیکەو تەواوی وڵاتەکان سیستەمەکانیان پێکەوە تێکەڵ کردووە.* بەشێوەی ئاسایی سیستەمێکی گشتی هاوئاهەنگ لەگەڵ سیستەمێکی تایبەتی کە بەرنامەیەکی داراییکردن زۆر جیاوازی هەیە، کار دەکات و لە نزیکەو تەواوی بابەتەکانیشدا تاکەکان بە شێوەی رێژەیی یان گشتی راستەوخۆ بۆ هەندێک لە خزمەتگوزارییەکان بە شێوەی نەختی پارە دەدەن. ئێستا، هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەن خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی لە سەر بنەمای بودجەیە و چاودێری تەندروستی حکومەتی پێشکەش دەکات لە حاڵێکدا کە تاکەکان لە هەمبەر وەرگرتنی چاودێرییەکان لە کەرتی تایبەتی، کە بودجەی بە شێوەی تاکەکەسیانە مسۆگەر دەکرێت، پارەیەک دەدەن.

**شێوەی 1.3**
**ئاگادارینامەی چاودێری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دیمەنی داراییکردنی چاودێری تەندروستی**




RAND *RR490-3.1*

**شێوەی 2.3**
**ڕێبازە ستراتیجیكییەكانی داراییكردنی چاودێری تەندروستی**

| | |
|---|---|
| خزمەتگوزاری تەندروستی (NHS) نیشتیمانی | حكومەت پارە دابین دەكات بۆ چاودێری تەندروستی، كە بە شێوەیەكی گشتی لە بودجەی گشتی و باجی تایبەتەوە دێت و زۆرینەی خزمەتگوزاریەكانی چاودێری تەندروستی دابین دەكات |
| زەمانی تەندروستی كۆمەڵایەتی (SHI) | حكومەت پارەی چاودێری تەندروستی دەدات بەڵام زۆربەی خزمەتگوزاریەكان دابین ناكات. بە شێوەیەكی گشتی پارە لە باجە دیاریكراوەكانەوە دێت (باجی كرێ) و تەواو دەكرێت لە ڕێگەی بودجەی حكومەتەوە . |
| زەمانی تەندروستی تایبەت | كەسەكان یان كۆمپانیاكان زەمانی تایبەت دەكڕن كەپارەی دابینكەران دەدات بۆ خزمەتگوزاریەكان. |
| پارەدانی تایبەت | تاكەكان پارەی خزمەتگوزاریەكان دەدەن بە كاش لە پارەی تاكە كەسی خۆیان. |

RAND *RR490-3.2*

**سیستەمەكانی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی لە سەر بنەمای بودجەی حكومەتی**

سیستەمەكانی لە سەر بنەمای بودجەی حكومەتی لە زۆرێك لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە و لەو وڵاتانەدا كە خاوەن سیستەمی بەهێزی بەڕێوەبەرایەتی و كۆكردنەوەی داتاكان نین (بەشێوەی ئاسایی لەگەڵ كەرتێكی تایبەتی گرنگ كە لەودا نەخۆشەكان بە شێوەی ڕاستەوخۆ خەرجی چاودێرییەكان لە بودجەی خۆیان دەدەن)، دەدۆزرێنەوە. بە گشتی، لەم چەشنە سیستەمانەدا، بودجە ناوەندییەكان، تێچوونەكانی وەزارەتی تەندروستی مسۆگەر دەكەن و ئەم وەزارەتخانەیشە تێچوونەكانی ناوەندەكانی چاودێری تەندروستی گشتی مسۆگەر دەكەن و ئەم ناوەندانە بەڕێوە دەبەن.

سیستەمەكانی لە سەر بنەمای بودجەی گشتی چەندین قازانجیان هەیە. ئەوانە دەتوانن بە خێرایی كاردانەوەیان سەبارەت بە گۆڕانكاریی جێبەجێ كراو لە سیساتەكانی حكومەتدا هەبێت، بۆ خستنەكار پێویستیان بە بە سیستەمەكانی بەڕێوەبەرایەتیی كەمتر پێشكەوتوو هەبێت، تێچوونی كارگێڕی كەمیان هەبێت، و ئەم هەلە بڕەخسێنن تا بتوانن تێچوونەكان لە ڕێگای پرۆسەی دانانی بودجە بە ئاسانی كۆنترۆڵ بكرێت. لە لایەكی ترەوە، ئەوان پێیان خۆشە بودجەی تەواو بۆ بەشی تەندروستی و دەرمان لە بەر چاو نەگرن، بە هێواشی لە تەكنۆلۆژی نوێدا سەرمایە دەخەنە گەڕ، لە هاندەری كەم بۆ هاندانی كارامەیی یان كواڵیتی خزمەتگوزاری كەڵك وەردەگرن، لە لایەن هێزە سیاسییەكانەوە كۆنترۆڵ دەكرێن، و دەیانهەوێت لە پلاندارێژی درێژماوە بەرگیری بكەن چونكە داراییكردن گرێدراوی ئەو بودجانەیە كە ڕەنگە لە ساڵێك بۆ ساڵێكی تر بگۆڕدرێت.

**خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی كە بودجەیان لە باجە تەرخان كراوەكان مسۆگەر دەكرێت**

لەو وڵاتانەدا كە تێچوونی ڕادەیەكی زۆر لە چاودێری حكومی لە ڕێگای سیستەمی تەندروستی نیشتمانی لە سەر بنەمای باج مسۆگەر دەكرێت، وەک شانشینی یەكگرتوو (ئینگلیز) لە ڕۆژەكانی یەكەمی سیستەمی تەندروستی نیشتمانی خۆی، [1]بودجەیەكی سندوقی بیمەی حكومی نە تەنیا پارە كۆ دەكاتەوە و پارەی خزمەتگوزاری دەدات، بەڵكوو خاوەن و بەڕێوەبەری ئەو ناوەندانەیە كە خزمەتگوزاری پێشكەش دەكەن. قازانجی سیستەمەكانی تەندروستی نیشتمانی كە بە شێوەی هاوبەش ئاماژەیان پێكراوە، بریتین لە كردەوەی شیاو، دانانی بودجەی دادوەرانە، و چاودێری شیاو لە سەر تێچوونەكانی پزیشک و نەخۆشخانە. لە لایەكی ترەوە، ڕەخنەگەرەكان ئاماژە بە هەندێ زیانی تایبەت دەكەن: تێكەڵی سیاستەكان بە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری شتێكی ئاڵۆزە و پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتی پێشكەوتوو و لێزانانە و كارمەندی پزیشكی هەیە كە بتوانێت لە سەر سیستەم چاودێری بكات

[1] ئەمڕۆ، ئەم سیستەمە لە ئینگلیزدا نموونەیەكی پەتی لە NHS پێش لە بە سەرۆک وەزیران بوونی مارگارێت تاچێر نییە. ئەم سیستەمە زۆرتر خەریكی چاكسازی بوو، پزیشكە گشتییە تایبەتەكان، و نەخۆشخانە یەكگرتووەكان تێكەڵ كراوە.

و جێبەجێی بکات؛ بە شێوەی ئاسایی سیاسەتەکان لەگەڵ پێخۆشبوونی کەسانی زۆرتر دەوڵەمەند بۆ وەرگرتنی چاودێریی، باشتر لەو شتەی کە لە کەرتی گشتیدا پیشکەش دەکرێت، لە دژایەتیدان؛ و بەش کردنی چاودێرییەکان لە ڕێگای تەرخانکردنی کاتێک بۆ چاوەڕوانی ئەنجام دەبێت، و ئەمە زۆرێک لە نەخۆشان ناهومێد دەکات و ڕەنگە ببێتە هۆی گەشەی بازاڕەکانی پەیوەندیدار بە بیمەی دووەمی و تایبەت.

### بیمەی تەندروستی کۆمەڵایەتی

هەرچەند ڕەنگە سیستەمەکانی SHI نموونەیەکی شیاو لە مسۆگەرکردنی تێچوونەکانی بودجەی حکومەتی بن، بەلام بە شێوەی ئاسایی بە جۆرێک ڕێکخراون کە لە باری کارییەوە لە حکومەت سەربەخۆ بن. بەوەشەوە، بەشێوەی ئاسایی بودجەی پێویست لە لیستەی مووچە یان باجی دامەزراان لە سەر کاری دانراو بۆ کۆمپانیاکان مسۆگەر دەکرێت کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بودجەی بیمەی کۆمەڵایەتی دادەنرێن. پاشان بیمەی کۆمەڵایەتی بودجەی گرێبەستەکان-زۆربەی جار بە شێوەی کۆمەڵ—بۆ پێشکەشکردنی چاودێرییەکان لە نێوان پێشکەشکارانی تایبەتی و گشتی پێشکەش دەکات. بەشێوەی ئاسایی یاسا ڕادەی بودجەی بیمەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات و ئەم بودجە هەلی کاری سەربەخۆ و بەشداری بەرابەر لە مسۆگەرکردن دابین دەکات.

یەکێک لە قازانجەکانی ئەم پێکهاتە ئەوەیە کە دانانی بودجەی سەربەخۆ لە پرۆسەی سیاسیدا دەمێنێتەوە؛ لەوانە ئەو هاندەرانەی کە خەڵات دەکەن بۆ کواڵیتی و کارامەیی چاودێرییەکان؛ و دانانی بودجیەکی تا ڕادەیەک نەگۆڕیان هەیە کە هەلی پلاندارێژی درێژماوە دابین دەکات. لە لایەکی ترەوە، خستنە کاری ئەمجۆرە سیستەمە کارێکی ئاڵۆزە. زێدە لەوەش، ئەم سیستەمە لە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکانی باجی گشتی، پێشکەوتنخوازترە، ئەگەر بودجەی لە ڕێگای باجی داهات مسۆگەر بکرێت ڕەنگە تاکەکان بۆ بەکرێگرتنی هێزی کاری دڵسارد بکاتەوە، و بەڕێوەبەرایەتی کردنی دژوار بێت چونکە پێویستی بە هاوکاری شیاو لە نێوان پێشکەشکاران وئەو کەسانەیە کە پارە دەدەن.

### بیمەی تەندروستی تایبەتی

سیستەمەکانی بیمەی تەندروستی تایبەتی پێویستیان بەوەیە کە تاکەکان یان بنەماڵەکان بیمەی تەندروستی تایبەتی بسێنن. لە ئاستی وڵاتدا، حکومەت دەتوانێت فەرمان بدات کە هەمووکەس یان کۆمپانیایەک فەرمانبەران یان خۆیان بیمەی تایبەتی بکەن. ئەم سیستەمە کێشەی زۆری هەیە، و بە گشتی ئەم جۆرە سیستەمانە وەکوو ستراتیجییەکی نیشتمانی کارامە نین.

سیستەمەکانی بیمەی تایبەتی چەند قازانجیان هەیە. ئەوانە مێکانیسمێک بە تاکەکان پێشکەش دەکەن کە لە ڕێگای ئەوانەوە بەرنامەکانی حکومەتی تەواو دەکرێن بە جۆرێک کە بتوانن بۆشاییە پێزانراوەکان داپۆشن و ریسک و مەترسی خۆیان دابەش بکەن، توانستی پێشکەشکردنی قازانجی بە توانستی گۆڕان و نەرمیان هەبێت کە هاوتا لەگەڵ پێویستییە کەسییەکاندا ئامادە کراون، و پێشکەشکارانی کەرتی تایبەتی بە بەرپرسانی حکومەتی بناسێنن تا ئەگەر پێیان خۆش بوو لەگەڵیان گرێبەست واژۆ بکەن.

بەوەشەوە، سیستەمەکانی بیمەی تایبەتی دەتوانن هاندەری پەرەسەندنی پزیشکی دوانە بن، بە شێوەیەک کە سیستەمی تایبەتی کەسانی دوڵەمەندتر و سالم تر و سیستەمی حکومەتی کەسانی هەژارتر و نەخۆشتر لە ژێر داپۆشەری خۆیاندا دەگرن. زێدە لەوەش، سیستەمەکانی بیمەی تایبەتی ڕەنگە لە هەڵبژاردنی مشتەرییەکانی خۆیاندا جیاوازی دابنێن تا لە مسۆگەرکردنی تێچوونی کەسانێک افرادی، وەکوو کەسانی پیر، کە تەندروستیان ڕووبەڕووی مەترسی زۆرترە، بەرگیری بکەن؛ بەشێوەی ئاسایی ئەم سیستەمانە بە شێوەیەکی نەگونجاو چاودێری سەرەتایی و پارێزەرانە لە ژێر بازنەی خۆیاندا دەگرن؛ و لە قازانجی زۆرتر لە قازانجی کۆمەڵگا سوود دەبەن.

نزیکەو تەواوی وڵاتەکان ئەو دەرفەتە بۆ بیمەی تەندروستی تایبەتی دەڕەخسێنن کە لە پاڵ سیستەمێکی گشتی و نیشتمانی بە جۆرێک کار بکات کە کەسانێک کە دەتوانن پارە بدەن و پشتگیری باشتریان دەوێت بتوانن رووماڵی تەواوکەری زێدە بسێنن. بەم شێوە پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە کە ئاخۆ بیمەی تایبەتی تەواوکەری سیستەمی گشتییە یان ئاخۆ تاکەکان دەبێت ڕێگەیان پێدرابێت کە لە ژێر رووماڵی بیمەی تایبەتی جێگردا بن و پاشان لە پلانی گشتی بڕۆنە دەرەوە (بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری زۆرتر، موور و هاوکارانی، 2012 ببینن). ئەگەر چوونەدەرەوە لە سیستەمی گشتی ڕێگەپێدراو بێت، بە گشتی تاکەکان و کۆمپانیا دەوڵەمەندەکان لەم سیستەمە دەڕۆنە دەرەوە و جۆرێک لە پزیشکی دوانە دروست دەبێت. زێدە لەوەش ئەم شتە هێزی بەرزکەرەوەی حکومەت بۆ جێبەجێ کردنی گۆڕانکارییە سیاسەتییەکان لە سەرانسەری سیستەمدا کەم دەکاتەوە چونکە هەلی چوونەدەرەوە لە سیستەمی گشتی دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی دەسەلاتی حکومەت.

## ستراتیجییەکی پەیوەندیدار بە ڕێبازێکی دوو قۆناغی بۆ چاکسازی پەیوەندیدار بە داراییکردنی چاودێرییەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق

لە پاش راڤە و پشکنینی بژاردەکانی پەیوەندیدار بە ڕێبازی هەبوو و دیاریکردنی ئەوەیکە ستراتیجی ئەمڕۆ کە لە سەر بنەما و تەوەرەی بودجەیە بۆ داراییکردن جۆرێکە لە NHS، وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە سەبارەت بە ڕێبازی دوو قۆناغی بۆ چاکسازی داراییکردنی تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق (شێوەی 3.3). لە قۆناغی 1، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیهەوێت لە جیاتی سیستەمی ئێستای خۆی لە یەک NHS ی مۆدێرن، شیاو و کارامە با بیمەی تایبەتی تەواوکەر، کە پێی دەڵێین خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی وەڵامدەر (A-NHS)، کەڵک وەربگرێت. لە پاش گەیشتن بە ئامانج، کە چەندین ساڵ دەخایەنێت و بریتی لە جۆرە بەربڵاوەکانی کارە سیاسەتیەکانە کە لە خوارەوە شرۆڤە کراون، ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی خۆش بێت کە بەرەو سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بیمەی تایبەتی تەواوکەر بڕوات (بگوێزێتەوە).


تەنانەت بۆ جێبەجێ کردنی قۆناغی 1 لەم ڕێبازە دوو قۆناغییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ئەنجامدانی کاری پەیوەندیدار بە سیاسەتی زۆر هەیە. بەوەشەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتا دەبێت کۆپڵەیەک لە تواناکردنەوەی پێویستی پەیوەندیدار بە سیاسەت لە جێگای خۆیان دابنێت چونکە ئەگەر بڕیار وابێت کە کارەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەت بکرێن و کارامە بن، بوونیان پێویست دەبێت.

لە دوو بەشی دواتردا، ئێمە خەریتەیەکی ڕێگا پێشکەش دەکەین کە سیاسەت دانەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن بۆ گەیشتن بە چاکسازی داراییکردن لەوە پێرەوی بکەن. لە بەشە تەرخانکراوەکان بۆ قۆناغی 1 و قۆناغی 2 ی ئەم هەوڵانە، بە تایبەت بۆ قۆناغی 1، ئێمە تواناکردنەوەکان و کارە سیاسەتییە پێویستەکان بۆ گواستنەوە لە دۆخی هەبوو بۆ A-NHS یەک و پاشان بۆ سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ڕێبەرانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار بدەن بۆ ئەنجامی ئەم کارە، شرۆڤە دەکەین. ئێمە بە وردەکاریی زۆرتر لە قۆناغی 2 باس لە قۆناغی 1 دەکەین چونکە ناکرێت بە تەواوەتی باس لە قۆناغی 2 بکرێت تا ئەو کاتەی کە وردەکارییەکانی قۆناغی 1 نەپشکێندراون و جێبەجێ نەکراون. چونکە بڕیارەکانی قۆناغی 2 بە شێوەی ڕێژەیی گرێدراوی ئەو بڕیارانەیە.

### قۆناغی 1: پێکهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی وەڵامدەر لە هەرێمی کوردستان-عێراق

قۆناغی 1، سیستەمێکی داراییکردنی تەندروستی دیاری دەکات کە لەوێدا حکومەت بەردەوام بەرپرسیارێتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە ئەستۆدایە؛ بەوەشەوە، کۆکردنەوەی داهات، هاندەرەکان،

**شێوەی 3.3**
**ستراتیجی گشتی داراییکردنی چاودێری تەندروستی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان**




RAND *RR490-3.3*

و بەرپرسیارێتییەکانی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ دۆخی هەبوودا جیاوازی دەبێت. سیستەمی نوێی NHS هەموو دەگرێتە بەر و یارمەتی چاکسازی سەرجەم سیستەمی پێشکەشکردنی تەندروستی گشتی دەدات. هەروەها کە وترا، سەرەتا تەنیا توێژێکی دانیشتوان بیمەیان دەبێت چونکە باجی داهات ناتوانرێت ئێستا لە سەر ڕێژەیەکی زۆر لە کرێکارانی کەرتی نافەرمی بگونجێندرێت. بە شێوەی گشتی، ئێمە چاوەڕوانین سیستەمێک پێکبهێنرێت کە لەودا بەستەی قازانجەکان بە باشی پێناسە کرابێت؛ هەندێک لە گرووپەکان، ئەگەر بکرێت، باجی داهات دەدەن تا بودجەی پەچنێکی بیمەی تەندروستی نیشتمانی کە یارمەتی پشتیوانی کردن لە خزمەتگوزاری پەیوەندی بە تەندروستی دەکات، مسۆگەر بکرێت؛ و هاندەرەکان دابین دەکرێن تا نەخۆشخانەکان و پزیشکان هان بدرێن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارامە و بە کواڵیتی لە سەرەوە. لە کۆتایی قۆناغی 1، نەخۆشخانەکان دەگۆڕێن بە ناوەندگەلێکی تێچوونی سەربەخۆ کە لە سەر بودجەکانی خۆیان چاودێری دەکەن، و یاسا و هاندەرە نوێکان سەبارەت بەو پزیشکانەی کە لە هەر دوو بەشی گشتی و تایبەتی دا کار دەکەن، لە جێگەی خۆیاندا دادەنرێن. ئێمە بیر لە ڕێکخراوەیەکی نوێ-بریتی لە بەشێک لە وەزارەتی تەندروستی یان سەربەخۆ لەو-دەکەینەوە کە بودجەی بیمەی تەندروستی و دەرمان بەڕێوەبەرایەتی دەکات، هاوکارییەکانی حکومەتی ناوەندی کۆ دەکاتەوە، و ئەوانە لە نێوان پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری دابەش دەکات.

دەرەنجامی خوازراو سیستەمێکی زۆر کارامەیە کە بە شێوەیەکی بەرچاو چاودێری باشتر پێشکەش دەکات، پێویستی تاکەکان بە شێوەیەکی روون تر چارەسەر دەکات، و هاندەری ئاستە بەرزترەکانی تەندروستی و بەرهەمداری لە دانیشتواندایە. ئەم سیستەمە بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی بودجەبەندییەکی شیاوتر پێشکەش دەکات و خاوەن هاندەرگەلێکە کە بۆ بەرهەمداری و کواڵیتی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاری خەڵات دەکات.


### *پێشمەرج و چالاکەرەکانی سیاسەت لە قۆناغی 1*

پێش لەوەیکە وەزارەتی تەندروستی بە گۆڕانکارییە سیاسەتییە باسلێکراوەکانی خوارەوە رابگەیەت و ئەوانە جێبەجێ بکات، مەرجە پێش وەختەکان و و توانابیدانەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتەوە هەن کە دەبێت لە جێگای خۆیاندا دابنرێن بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دیاریکراو جێبەجێ بکەن (شێوەی 4.3).

#### سیستەمەکانی زانیاری و راڤەی داتاکان

جێبەجێ کردن و بەڕێوەبەرایەتی سیستەمێکی بیمەی تەندروستی نیشتمانی و مۆدێرن هەروەها کە بیری لێکراوەتەوە، پێویستی بە رادەیەکی زۆر لە داتا هەیە کە سیاسەتە شیاوەکان دیاری بکرێن و سیستەم بە شێوەی کارامە بەڕێوەبەرایەتی بکرێت. پێویستییەکان بریتین لە دیاریکردن و بەڕێوەبەرایەتی بەستەی قازانجەکان، دیاریکردنی ئەمەیکە بە کامیەک لە پزیشکان دەبێت پارە بدرێت و چۆنیەتی هاندان بۆ بەشداریکردن و کارامەیی لە بەشی گشتیدا چۆنە، دیاریکردنی بودجەکانی نەخۆشخانەکان، دیاریکردنی بودجەکانی نیشتمانی کە پەیوەندیدارن بە پێویستییە داراییەکانی ئێستا و داهاتوو، و چاودێری و هەڵسەنگاندنی سوودوەرگرتن و گۆڕانی سیستەمی تەندروستی.

**شێوەی 4.3**
**قۆناغی 1: بەدیهاتنی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی نیشتمانی وەڵامدەر**




RAND *RR490-3.4*

*ئایتێمە کردەوەییەکان*

وەزارەتی تەندروستی دەبێت گرووپێک لە پسپۆڕان کۆبکاتەوە یان گرێبەستیان لەگەڵ ببەستێ تا یارمەتی بدات بۆ پێناسە کردنی داتا پێویستەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی. پاش کۆتایی ئەم کارە، وەزارەتی تەندروستی دەبێت پرۆسەی لە حاڵی رۆشتن لە بواری کۆکردنەوە، شیکاری و راڤە، و گواستنەوەی داتاکان بۆ رێبەرانی سیاسی و بەڕێوە بەرانێک کە پێویستیان بەم داتایانە هەیە، دەستنیشان بکات.

*خشتەی پەیوەندیدار بە کات*

ئەم چالاکییە دەبێت دەسبەجێ دەسپێبکات و دوو ساڵ پاش ئەمەیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی چاکسازی پەیوەندیدار بە داراییکردن وەربگرێت و پێڕەوی لێبکات، تەواو ببێت. (هەموو خشتە کاتییەکانی دواتر لە وەرگرتن و پێڕەوی کردن لە بەرنامەیەکی چاکسازی دارایی گشتگیر وەکوو خاڵی دەسپێک بۆ بەروارە ئامانجە پێشکەشکراوەکان، کەڵک وەردەگرن.)

**مۆدێرنیزە کردنی وەزارەتی تەندروستی**

هەرچەن زۆرێک لە پسپۆڕی لێزان لە ئاستەکانی نیشتمانی و پارێزگاییدا تەرخان کراون، وەزارەتی تەندروستی لەم دوایانەدا سەرچاوەکان، پسپۆڕی، یان پێکهاتەی رێکخراوەیی پێویست بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاریگەری سیستەمێکی ماڵی مۆدێرنی نییە. تواناکردنی وەزارەتی تەندروستی بۆ گەلاڵە دارێژی، جێبەجێکاری، و بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەی چاکسازی ماڵی و بوارەکانی تر پێویستی بە سەرچاوەی زۆرتر، فێرکاری کارگێڕانی ئێستا، و تواناکردنەوەی شیاو هەیە.

*ئایتێمە کردەوەییەکان*

پێشنیار دەکەین کە گرووپێکی راوێژکار دیسان بۆ پشکنینی پێکهاتەی پەیوەندیدار بە رێکخراوە و پێویستییە تەکنیکی و کارمەندانی وەزارەتێکی تەندروستی مۆدێرن فێرکاری تێپەڕێنن. ئەم شیکاری و راڤانە دەبێت لەو کردەوانە سەرچاوە بگرێت کە وەزارەتی تەندروستی ناچارە بۆ ئەنجامدانی ئەوانە تا بگات بە ئاسۆیەک کە لە بەرچاوی گرتووە و لە پەرەسەندنی کارامەی سیاسەتەکان، پلاندارێژی، یاساکان، توێژینەوەکان، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پشتیوانی بکات. رێبەرانی پەیوەندیدار بە سیاسەتیش دەبێت سیاسەتەکان لە پێشکەشکردنی کارە چاودێرییەکان جیا و بە دوو گرووپ دابەش بکەن، رێک وەک قەتەر و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کە بۆ باشتر کردنی ئاستی کارامەیی ئەم کارەیان جێبەجێ کردووە.

لە پاش دیاریکردنی پێویستییەکانی وەزارەتی تەندروستی، ئەم وەزارەتخانە دەبێت بودجە پێویستەکان بۆ پشتیوانی لە پلان دەستەبەر بکات و بیپارێزێت بۆ ئەوەی ئاستی توانستەکانی ئەم پلانە بەرز بێتەوە. وەزارەتخانە دەبێت فەرمانبەرانێک دابمەزرێنێت، فێرکاری زێدە پێشکەش بکات، پەرە بە شوێنی کارگێری بدات، توانستی کەمپیوتەر بەرز بکاتەوە، و پلانەکە جیبەجێ بکات. نزیکەی دوو ساڵ دەخایەنێت تا وەزارەتی تەندروستی بگات بە توانایە پیویستەکان؛ پرۆسەی پێسکەوتن تا رادەیەکی زۆر گرێدراوی رادە و کاتبەندی سەرچاوە هەبووەکانە. زێدە لەوەش وەزارەتی تەندروستی دەبێت پرۆسەیەک جێبەجێ بکات کە پێشکەوتنی چۆنێتی لە حاڵی ئەنجام گەرەنتی دەکات. مۆدێرنیزە کردنی وەزارەتی تەندروستی هەنگاوێکی پێویست بۆ بە دەست هێنانی هەموو چاکسازیە لە بەر چاو گیراوەکان دێتە ئەژمێر.

*خشتەی پەیوەندیدار بە کات*

پرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی وەزارەتی تەندروستی دەبێت دەسبەجێ دەست پێ بکات و بە تێپەڕینی کات لە رێگای بەرەوپێش چوونی بەردەوام، کواڵیتی بپارێزرێت. پرۆسەی چاودێری لە سەر پێویستییەکان، هەڵسەنگاندنی پێشکەوتن، و باشتر کردنی کاری لە حاڵی ئەنجامدا دەبێت.

**باشتر کردنی خزمەتگوزاری بەشی گشتی**

کواڵیتی نەخۆشخانەکان و پزیشکان دەبێت بە شێوەی رێژەیی لە رێگای وەرگرتنی بڕوانامەی پزیشک و رێدانامەی فەرمی نەخۆشخانە باشتر بێت و لە کاتی جێبەجێ کردنی گۆڕانکاری سیاسەتی پەیوەندیدار بە داراییکردن، گەرەنتی بکرێت. ئێستا، زۆرێک لە تاکەکان باوەڕیان بەوەیە کە چاودێرییەکان لە کەرتی گشتیدا شیاو نین و بەم بۆنەوە بە دوای چاودێرییە پێشکەش کراوەکانی کەرتی تایبەتیەوەن. چاکتر بوونی کواڵیتی شتێکی پێویستە: تاکەکان بە دوای چاودێری ئاسوودە و بە کواڵیتییەوەن کە پێش نووسی یاسای بنچینەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاسۆی لە بەر چاو گیراوی چاودێری تەندروستی نیشتمانی ئەوانەی وەکوو یەکێک لە ئامانجەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دیاریکردووە. لە روانگەی سیاسەتییەوە، ئەگەر تاکەکان باوەڕیان بەوە

بێت کە سیستەمی چاودێری تەندروستی، خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە چاودێری شیاو پێشکەش دەکات، پێیان خۆش دەبێت کە زۆرتر پارە بدەن.[2]

*بابەتە کردارییەکان*

لە قۆناغی یەکەم، پێشنیار دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەکارهێنانی یەکێک لە سیستەمە نێو نەتەوەییەکان کە ئێستا قەبووڵ کراوە، سیستەمێکی پەسەندی بڕواداری بەشی نەخۆشخانەیی دابمەزرێنێت. زێدە لەوەش پێشنیار دەکەین بۆ پزیشکان سیستەمێکی باشتر بۆ وەرگرتنی بڕوانامە کە بریتییە لە ستانداردەکان و پێویستییەکانی پەیوەندیدار بە فێرکاری بەردەوام، پێک بهێنێت. ئەم کارانە، کە لە بەشی شەشدا بە وردەکارییەوە شرۆڤە کراوە، بوارێک پێکدێنێت کە ئەدی کواڵیتی ناتوانێت لە ئاستی خوارتردا بمێنێتەوە و بنەڕەتی پرۆسەیەک لە بەرەوپێشچوونی چۆنێتی بەردەوام دروست دەکات.

*خشتەی پەیوەندیدار بە کات*

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەم سیستەمە لە ماوەی دوو تا سێ ساڵدا بگرێت.

**دەرچوونی کارتەکانی بیمەی تەندروستی گشتی**

بۆ جێبەجێ کردنی هەرکام لە جۆرەکانی چاکسازی، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیستەمێک دەبێت کە بتوانێت چاودێری لە سەر دەسڕاگەیشتن بە چاودێرییەکان هەبێت و ببێتە هۆی ئاسانکردنی کۆکردنەوەی داتاکان و چاکتربوونی چاودێری لە نەخۆش. ئاسانترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەم پێویستیانە دەرچوونی کارتەکانی بیمە بۆ هەموو کەس بووە و پێویستی بەوەیە کە ئەوان بۆ وەرگرتنی چاودێری لە کەرتی گشتی خۆیاندا ئامادە بن. هەر کارت دەبێت ژمارەیەکی بێ هاوتای هەبێت. ڕەنگە لەو کەسانەی کە پێویست نییە پارەی باجی داهات بدەن، بەهایەیەکی کەم بۆ دەرچوون و دانی کارت داوا بکرێت ( باسی خوارەوە ببینن). هەموو کرێکارانی بیانیش پێویستە بۆ وەرگرتنی ڤیزای کار، خاوەن ئەم کارتە بن. وەزارەتی تەندروستی دەبێت بە مەبەستی پێشکەشکردنی کارتەکان بەو کەسە لاوازانەی کە ناتوانن پارەی تێچوون کارتەکان بدەن، پرۆسەیەک جێبەجێ بکات.

*ئایتێمی کاریی*

سیستەمێک پێک دەهێنن و کارتەکانی بیمە بۆ هەموو حەشیمەت دەردەکەن. وەکوو بەشێک لە پرۆسەی ڤیزا پێویستە بە شێوەیەک کە کرێکارانی بیانی پارەی تێچوویێک بۆ ئەوە دەدەن و کارتەکانی بیمە وەردەگرن.

*خشتەی پەیوەندیدار بە کات*

ئەم کارە دەبێت لە ماوەی دو ساڵدا جێبەجێ بکرێت.

**تاوتوێ کردنی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانە**

ئێستا، هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی کەمی بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەییە کە بە باشی فێر کرابێتن، ئەم شتە بووەتە هۆی ئەوەی کە جێبەجێ کردنی گۆڕانکاری سیاسەتی—کە زۆرێک لەوانە لە نەخۆشخانەدا جێبەجێ دەبن—ئەستەم بێت. پاشان، ئێمە سەبارەت بە گۆڕانکاری سیاسەتی قسە دەکەین کە بۆ گۆڕینی نەخۆشخانەکان بە ناوەندەکانی تێچوونی سەربەخۆ و چاودێری لە سەر بڕیارەکانی بواری بودجە و کارمەند لە بەر چاو گیراون، بەلام ئەم گۆڕانکارییانە سەرناکەون و بە شێوەی گشتی باشتربوونی کواڵیتی چاودێری بە بێ هەبوونی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەیی شیاو بۆی نابێت. ئێستا، بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە بەشێوەی ئاسایی پزیشکانی پەیوەندیدارن کە لە بواری بەڕێوەبەرایەتیدا فێرکاری زۆر کەمیان دیتووە یان لێزانینی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتیی زۆر کەمیان هەیە؛ دەسەڵاتی ڕەوایشیان کەمە و بودجەی مەسلەحەتی کەمیان هەیە.

*ئایتێمە کردەوەییەکان*

بۆ باشترکردنی ئاستی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانە، پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بابەتانە جێبەجێ بکات:

- دیاریکردنی کەمترین ستانداردەکان بۆ بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان و نوێکردنەوەی ستانداردەکان بە تێپەڕبوونی کات.
- داڕشتنی چەند کۆرسێکی ڕاهێنان لە بواری بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە بۆ بەڕێوەبەرانی ئێتسای نەخۆشخانەکان. دەکرێت ئەم کۆرسانە لەلایەن ڕابەرانی تەندروستی ڕاهێنراو و ڕاهێنەران لە بواری

---

[2] پارەدانەکانی کەسی دەتوانێت شێوازی جۆربەجۆری هەبێت، لەوانە باجی داهات زۆرتر بۆ دانی پارەی تێچوونی بیمەی تەندروستی؛ نرخی بیمەی هاوبەشی (دوولایەن) زۆرتر، کە لە سەدێک لە سەرجەم کۆی بایی پسوولەی حسابێکە کە کۆمپانیای بیمە بۆ کەسی داناوە؛ یان فرانشیزی زۆرتر، کە بایی پارەیەکە کە کەس ڕێکەوتووە لە سەری کە پێش لەوەیکە پارەی بیمەی تێچوون بدات، پارەی ئەوە بدات.

بەڕێوەبەراندا پێشکەش بکرێن، گەر هەبوون، بەڵام پێویستە هاوکاری بکرێن لەلایەن راوێژکاری شارەزای نێودەوڵەتیەوە.ئەو سەرۆکانەی هەرێمی کوردستانی عێراق بن کە لە بواری بەڕێوەبەرایەتی فێرکاریان دیوە فێرکاراوان لەم لقە بن، بەڵام ئەم کەسانە لە پەنای خۆیاندا پێویستیان بە راوێژکارانی نێو نەتەوەیی لێهاتوویش هەیە.

- رێژەیەکی کەم لە کەسانی لێهاتوو و هەڵبژێردراو بۆ فێرکاری و خوێندن بۆ دەرەوە بنێرێت.
- زیادکردنی رێژەی شارەزایی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە. زیادکردنی رێژەی شارەزایی ئێستا تەنانەت ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بێت لە ماوەیەکی کورتدا، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەڕێوەبردنی چاودێری تەندروستی لە کەرتی تایبەت، چونکە تەنها ژمارەیەکی کەم نەخۆشخانەی گشتی گەورە هەیە.

***خشتەی پەیوەندیدار بە کات***

ئەم کارە دەبێت بە خێرایی هەرچی زووتر دەست پێبکات و درێژەی هەبێت.

***کاری سیاسەتی قۆناغی 1***

پاش ئەوەی پێشمەرجەکان بەدیهاتن، دەکرێت دەستبکرێت بە جێبەجێکردنی سیاسەتی کاری نەخشەرێگای قۆناغی 1 (بڕوانە شێوەی 3.4).

**پێناسەی پاکەیجی قازانجەکانی سیستەمی گشتی**

هەنگاوێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی سیستەمی بیمە بریتیە لە دیاریکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی رووماڵ دەکرێن، چ لە کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەت. بە بێ ئەوەی پێناسەیەکی روونمان هەبێت لەوەی کە دەکەوێتە نێو بازنەوە، ناتوانین بەهای ئەو قازانجانەی کە پێشکەش دەکرێن، واتە بەهایەک کە لە سەر بنەمای ئەو نرخە دیاری دەکرێت، مەزندە بکەین. چونکە تەکنۆلۆجی و لە بەر دەستدا بوونی ئامێرەکانی پزیشکی، شێوازەکان و دەرمان بە درێژایی کات دەگۆڕێت، دەبێت پرۆسەیەک پێک بهێنرێت تا لە رێگای ئەوەوە تەکنۆلۆژیا نوێکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و ئەو بڕیارانە بدرێن کە بە پێی ئەو تەکنۆلۆژیا و خزمەتگوزاریە نوێیانە لە بەستەی قازانجەکان دەکەونە نێو بازنەی بیمەوە. جۆری پرۆسە هەرچی بێت، دەبێت بە بیرکردنەوەی زۆرەوە هەڵبژێرابێت، بۆ هەمووان روون بێت و بە شێوەیەکی گشتی لە بەر دەستدا بێت. لە روانگەی سیاسەتی، حکومەتەکان دەبێت لە نێوان رادەی رووماڵی خزمەتگوزاری و تێچوونی پێشکەشکردنیان جۆرێک لە هاوسەنگی دروست بکەن. (دامەزراوەی پزیشکی [IOM]، 2001). هەر چەندە کە خزمەتگوزاری زیاتر بکەونە نێو بازنەی بیمەوە—بە تایبەت خزمەتگوزاری تەکنۆلۆجی پێشکەوتوو-تێچوونی پێشکەشکردنی چاودێرییەکان زۆرتر دەبێت کەواتە، حکومەت دەبێت بە پێی قازانجە گشتییەکان و سەرچاوە هەبووەکان سەبارەت بە رووماڵی پوشش خزمەتگوزاری بڕیار بدات.

لە ئاکامدا، پێشکەشکردنی پێناسەیەکی روون لە بەستەی قازانجەکان کە تاکەکان مافی هەبوونی ئەوەیان هەیە، مەبەستی یاسای بنچینەیی پێشنیارکراو بەدی دەهێنێت ولە هەمان کاتدا سنووردارێتی پەیوەندیدار بە چاودێرییە خۆڕاییەکان دیاری دەکات و پرۆسەیەکی سیاسەتی گونجاو پێک دێنێت تا سەبارەت بە رووماڵییە کەسییە دژوارەکان بڕیار بدرێت.

***کاری سیاسەتی***

پێشنیار دەکەین کە وەزارەتی تەندروستی لیژنەی پسپۆڕانی پزیشکی و رێبەرانی سیاسەتی پێک بێنێت تا بەستەی قازانجەکانی خزمەتگوزاری و تەکنۆلۆجییەکانی پەیوەندیدار بە پزیشکی هەبوو پێناسە بکەن و دیمەنێکی گشتی لە قۆناغەکان و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی تەکنۆلۆجی نوێ بەرۆژ کردنەوەی رێکوپێکی بەستە پێشکەش بکەن. زێدە لەوەش وەزارەتی تەندروستی دەبێت پێوەرگەلێک بۆ پاساوی دەرمان لە دەرەوەی وڵات کشور دابنێت؛ ئەم پێوەرانە دەبێت لەگەڵ بەستەی قازانجەکانی پێناسە کراودا هاوتا بێت.

***خشتەی پەیوەندیدار بە کات***

ئەم کارە دەبێت لە ماوەی دوو ساڵدا دەست پێبکات.

**پێناسە و پارمەتیدانی بیمەی تایبەتی**

هەرچەند لە ساڵی رابردوودا ژمارەیەک کۆمپانیای بیمەی تایبەتی دامەزراون، بەلام بە گشتی بیمەی تایبەتی زۆر کەم لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا هەیە. لە روانگەی تەندروستی و دەرمان، هاندان بۆ پێکهێنان و تەشەنەی بازاڕی کۆمپانیاکانی بیمەی تایبەتی چەند قازانجی هەیە. ئەگەر کۆمپانیاکان بە دروستی دابمەزرێن و ئەزموونی نێونەتەوەییان هەبێت، لە لێهاتوویە پێویستەکان بۆ کار لە بازاڕیان دەبێت. ئەم لێهاتووییانە

بریتین لە پیراگەیشتنی داواکارییەکان، دانی پارەی داواکارییەکان، پێکهێنانی بەستەکانی قازانج، پارەدان بە پێشکەشکاران، هەڵسەنگاندنی ریسک و تەکنۆلۆجی نوێ، کۆکردنەوە و کەڵک وەرگرتن لە داتا بۆ ڕێنموونی لە بواری شێوەکانی کاروکاسبی ئەوان، و بەڕێوەبەرایەتی دەرمانەکان. ئەم لێهاتووییانە رۆڵێکی گرنگیان لە بەڕێوەبەرایەتی بیمەی تەندروستی گشتی و تایبەتیدا هەیە. شایانی باسە کە ئەگەر بمانەوێت بازاڕی بیمەی تەندروستی تایبەتی بە شێوەی شیاو، دادوەرانە، کارامە و کاریگەر کار بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ڕێساگەلێکی بۆ ڕێک بخات. هەموو وڵاتانی خاوەن پلانەکانی بیمەی تایبەتی کارامە، دامەزراوە و کۆپڵەیەک لە یاسا و ڕێسایان هەیە کە بتوانن لە سەر کردەوەی کۆمپانیاکانی بیمەی تایبەتی چاودێری بکەن. ئەم توانست و توانابییە ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا نییە و—بۆ دڵنیا بوون لەوەیکە مشتەرییەکان پارێزگارییان لێ دەکرێت، یاساگەلێک بۆ بازاڕ لە بەر چاو گیراوە و کۆمپانیاکانی بیمە بە باشی لە ژێر چاودێری دان—با گەشەکردنی بیمەی تەندروستی تایبەت، هەست بە پێویست بوونی ئەم توانستە و تواناییانە، بە تایبەت لەوەزارەتی تەندروستی، دەکرێت.

کاتێک کە ئەم لێهاتووییانە لە کوردستان دروست بوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەگەڵ کەرتی تایبەتی گرێبەست واژۆ بکات و لەم ڕێگایەوە یارمەتی پێراگەیشتن بە داواکارییەکان و ئەنجامدانی کارەکانی تر کە وەزارەتی تەندروستی پیناسەی کردووە، بدات؛ ئەمجۆرە کارانە لە زۆرێک لە وڵاتانی تردا (بۆ نوونە ئاڵمانیا، ویلایەتە ئەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرانسا) باون. زێدە لەوەش، بوونی بیمەی تایبەتی ئەو هەلە بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێت کە ریسکی خۆیان دابەش بکەن و بەرپرسیارێتی دانی پارەی تێچوونەکانی تەندروستی زۆر و پڕکۆسپ زیاتر لە پارەی بیمە و بڕی کەم هاوردووی خۆیان، لە ئەستۆیاندا نەبێت. لە ئاکامدا، بۆ گەیشتن بە ئاسۆی لە بەرچاوگیراوی داراییکردنی تەندروستی لە سەر بنەمای هەبوونی سیستەمێکی بیمەی تەندروستی نیشتمانی کاریگەر و کارامە و هەلی وەرگرتنی بیمەی تەندروستی تەواوکەر بۆ تاکەکان، پێویستە بژاردەی بیمەی تایبەتیش لە بەردەستدا بێت.[3]

#### *کاری سیاسەتی*

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت یاساکان و سیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە بیمەی خۆی بپشکنێت و بگۆڕێت تا بتوانێت یارمەتی ئاسانکاری دامەزراندنی کۆمپانیا نوێکان بدات و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی لە دەرەوەی وڵات بۆ سەرمایە خستنەگەڕ لە هەرێمی کوردستانی عێراق هان بدات.

#### *خشتەی پەیوەندیدار بە کات*

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەم پرۆسەیە لە ماوەی ساڵێکدا دەست پێبکات.

#### چاکسازی بابەتی کار کردنی هاوکات لە کەرتی گشتی و تایبەتی (ئەو پزیشکانەی کە بە شێوەی هاوکات لە کەرتی گشتی و تایبەتیدا کار دەکەن.)

ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگە کە نزیکەو تەواوی سەرۆکەکانی سیاسەتی تەندروستی و دەرمان لە سەر ەو باوەڕەن کە ئەگەر بمانەوێت پەرە بە کارامەیی و کواڵیتی بەشی چاودێری تەندروستی بدەین، دەبێت باسی لێ بکەین. دۆخی ئێستا دەبێتە هۆی لاواز بوونی دەسەلاتی کارگێرانی پزیشکی لە نەخۆشخانەکانی گشتیدا پێویستیان پێیان هەیە و جێبەجێ کردنی چاکسازییەکانی تریش زۆر سەخت دەکات. لە بەشی دواتر باس لە وردەکاری ئەم بابەتە کراوە، و لەوێدا بژاردە تایبەتەکان بۆ کاری کورت ماوە و درێژماوە هێنراون.

#### زێدە بوونی کارامەیی نەخۆشخانەی گشتی

هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، نەخۆشخانە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئێستا خاوەن پێکهاتەیەکی کارین کە تا رادەیەکی زۆر گارانتی دەکات کە ئەوانە بە شێوەیەکی کاریگەر کار ناکەن. بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە بەشێوەی ئاسایی پزیشکی پەیوەندیدارن کە دەسەلات و نەرمونیان بودجەی ئەوان زۆر لە خوارەوەیە یان دەسەڵاتی رەوایان بۆ گرتنی هێزی کار کەمە. بریارەکان سەبارەت بە رادەی دامەزراندن لە سەر کاری کارگێران و گرتنی هێزی کاری لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران دا پەسەند کراون، و وەزارەتی کاروباری دارایی بە شێوەی راستەوخۆ پارەی کرێی کارگێرانی پزیشکی دەدات. پێداویستییەکان، ئامێرەکان، شتومەکی شیاو بۆ یەکجار بەکارهێنان و دەرمانە پزیشکییەکان لە سایتەکانی دابەش کردنی ناوەندیدا پێشکەش دەکرێن و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگا بودجەیان مسۆگەر دەکەن. لە ئاکامدا، بۆ ئەوەیکە پزیشکان وەڵامدەر نین،

[3] ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین کە بیمەی تەواوکەر کاریگەری ئەرێنی لە مەیدانی چاودێری تەندروستی هەرێمی کوردستانی عێراق دا دەبێت. لە لایەکی ترەوە، لە سەر ئەو باوەڕەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێت ڕێگا بە تاکەکان بدات کە بیمەی تایبەتیان هەبێت و لە سیستەمی حکومەتی بڕۆنە دەرەوە. ئەم سیاسەتە بە شێوازێک کە ناکرێت دووری لێ بکرێت دەبێتە هۆی پزیشکی دوانە و لەگەڵ لە دژایەتی ئامانجەکانی هەرێم بۆ داهاتوودا دەبێت.

كاتژمێری كەم لە نەخۆشخانە گشتییەكاندا كار دەكەن و پاشان بۆ شوێنی چاوپێكەوتنی (عەیادە) كەرتی تایبەتی خۆیان دەڕۆن. ئەم شتە بووەتە هۆی ئەوەیكە كاری نەخۆشخانەكان زۆر ناكارامە بێت و هیچ هاندەرێک بۆ باشتركردنی كاری ئەوان نییە.

*كارە سیاسەتییەكان*

پێشنیار دەكەین كە حكومەتی هەرێمی كوردستان نەخۆشخانەكان بكات بە ناوەندەكانی تێچوونی سەربەخۆ و بەرپرسیارێتی كاری ماڵی ئەوان بخاتە ئەستۆی ئەم ناوەندانەوە. ئەم بەرپرسیارێتیانە بریتین لە بەخشینی دەسەلاتی رەوای خستنە سەركار و دەركردنی فەرمانبەران و دیاریكردنی ستانداردەكانی كاركردن لە ناوەندەكان بۆ بەڕێوەبەران. پێشنیار دەكەین كە بودجەیەكی گشتی لەگەڵ ئامانجە كارییەكان بخرێتە بەردەستی نەخۆشخانەكان، تا ئەوان بتوانن ئەم بودجەیە بۆ هەر شتێک كە بە شیاوی دەزانن -بۆ نموونە، دامەزراندنی كارگێران، ئامێرەكان، دەرمانەكان، یان بابەتە پێویستەكانی تر—خەرج بكەن. ئەگەر نەخۆشخانەكان لە یەک ساڵدا دەركەوت و كاریگەرییان هەبێت، دەتوانن بە هەر شێوەیەک كە بە شیاوی دەزانن پاشەكەوتی خۆیان لە ناوەندەكانیاندا بخەنە گەڕ. ئەم گۆڕانكارییە بە تایبەت ئەو كاتەی گرنگایەتی دەبێت كە حكومەتی هەرێمی كوردستان سیستەمێكی پەیوەندیدار بە بیمەی پێک دێنێت كە لەوێدا پارەدانەكان بە پێی پارەدانی دەستەیی ئەنجام دەبن و هاندەر و خەلاتگەلێک بۆ كارامەیی و كواڵیتی لە سەرەوەی خزمەتگوزاری لە بەر چاو دەگیرێن.

كاری تر دەتوانێت بریتی بێت لەم بابەتانە:

- لە نەخۆشخانە گشتییەكان خزمەتگوزاری 24 كاتژمێرە پێشكەش بكرێت و نەخۆشخانەكان بتوانن ئەگەر بیانەوێت ناوەندەكان بكەن بە كەرتی تایبەتی یان ئەم ناوەندانە بە كەرتی تایبەتی بە كرێ بدەن.
- هەروەها كە نەخۆشخانەكان بەرەو كاری كارامەتر دەڕۆنە پێس، نەخۆشخانە تایبەتییە نوێكان دەبێت سەرەتا ئەو كارگێرانی پزیشكییە دابمەزرێنن كە رەنگە لە كەرتی گشتی بكرێنە دەرەوە.
- دەبێت بازنەیەكی بەربڵاو لە بەشدارییە گشتی/ تایبەتییەكان رەچاو بكرێن وەک ئەوەی كە كەرتی تایبەتی نەخۆشخانەی نوێ دابمەزرێنێت و لە بەرانبەر پارەیەک كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە داهاتوو و بە پێی وتووێژە ئەنجامدراوەكان بە دەیدات، نرخی داشكێنراوی پاڵپشتیكراو خزمەتگوزاری پێشكەش بە نەخۆشەكان بكات.

*خشتەی پەیوەندیدار بە كات*

ئێمە باوەڕمان بەوەیە كە گۆڕینی نەخۆشخانەكان بە ناوەندی تێچوون چەندین ساڵ دەخایەنێت، بەلام ئەو نەخۆشخانانەی كە بۆ تاقیكردنەوەن دەكرێت تا رادەیەكی زۆر تێست بكرێن. پێناسەی ئەم چەمكانە لە هەندێک لە نەخۆشخانەكانی تازە دامەزراو دەبێت لە بەر چاو بگیردرێت چونكە ئەمە هەلیان بۆ دەڕەخسێنێت كە هەر لە سەرەتاوە كردەوەی نوێ و كارامەتریان هەبێت.

**ناساندنی بیمەی تەندروستی لە نێوان هەندێک لە گرووپەكاندا**

لە ئاكامدا، بۆ گەیشتن بە دیمەنی NHS یێكی كارامە و كاریگەر كە بەشێک لە بودجەی ئەو لە لایەن بیمەوە مسۆگەر دەكرێت، حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت خەریكی شیوازی نەخشە كێشانی سیستەمێكی بیمەی تەندروستی بێت و لەم رێگاوە بۆ مسۆگەركردنی شیاوی بودجەی بەشی چاودێری تەندروستی گشتی یارمەتی بدات. بە پێی پێشنیاری پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە فەرمانبەرانی حكومەت، پێشنیار دەكەین كە ئەم سیستەمە سەرەتا سیستەمێكی بیمەی تەندروستی تەنیا بۆ فەرمانبەرانی مووچەخۆر پێک بهێنێت و هەموو كرێكارانی حكومەت، و هەروەها فەرمانبەرانی كۆمپانیاكانی بە لانیكەمی كەسی دیاریكراو و هەموو فەرمانبەران لە بەر بگرێت. پێشنیار دەكەین كە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەروەها لە بودجەی فێدرالی یارمەتی زۆری تێچوون بدات و پارەی بیمەی تاكەكان بە پێی نرخێكی تا رێژەیەک كەم دیاری بكرێت تا هاوڕا و هاوتا لەگەڵ سیستەم بێت. دەكرێت پارەی بیمەكان بە جۆرێک دیاری بكرێت كە رادەی بودجەیەک كە بۆ بەشی چاودێری تەندروستی هەیە بە گشتی زێدە ببێت، و ئەم كارە بە شێوەی رێژەیی لە رێگای ناچار كردنی ئەو كۆمپانیایانەی كە كرێكاری بیانی دەگرن، بە دانی پارەی سەرجەم تێچوونی ئاماری بەستەكانی بیمەی گشتی كارگێرانی دامەزراو لە سەر كار بۆی دەبێت. هەرچەند NHS هەموو كەسێک ناخاتە نێو بازنەی بیمەی خۆیەوە، بەلام لە ئەمڕۆدا كۆكردنەوەی پارەی بیمەكانی بیمەی تەندروستی و دەرمان لە رێگای سیستەمێكی پەیوەندیدار بە باج لە هەرێمی كوردستانی عێراق بۆی نییە چونكە ژمارەی بەشە نافەرمییەكان زۆرە و ئەوان پیشینەكان بە باشی تۆمار ناكەن یان پارەی باجەكان نادەن. بە تێپەڕینی كات و پێشكەوتنی ژمێریاری و تۆماری راپۆرت لە كەرتی تایبەتی، حكومەت دەیهەوێت كە باجی داهات لە سەر هەموو ئەوانەی كە باجدانیان

پێبەخشراوە، بگونجێنێت چونکە ئەوان ئەوەندە هەژارن کە توانای پارەدانی تێچوونەکانیان نییە یان لە پۆلێنێکی جیاواز و تایبەتدان (بۆ نموونە کەسانی پیر)

ئێستا سیستەمێک هەیە کە بۆ کارگێرانی مووچەخۆر جۆرێک لە باجی داهات دادەنێت. 14 لە سەدی مووچەی کارگێرانی کەرتی گشتی کەم دەبێتەوە: حەوت لە سەدی وەکوو باج، و 7 لە سەدی بۆ مووچەی خانەنشینی رەچاو دەکرێت. پێمان وتراوە کە هەموو ئەم بودجانە لە سندۆقی بودجەی ناوەندیی دادەنرێت و هیچ بودجەیەکی جیاواز بۆ مووچەی خانەنشینی بوونی نییە. سەبارەت بە بیمەی تەندروستی، پێشنیار دەکەین کە دامەزراوەیەکی جیا پێک بهێنرێت و بودجەی بیمەی تەندروستی و دەرمانی گشتییەکی دیاریکراو بەڕێوەبەرایەتی بکات. هەموو ئەو پارانەی کە لە پارتەکان کۆ کراونەتەوە لەم بودجەی بیمەدا دادەنرێن و پاشان هاوتا لەگەڵ سیاسەتە دانراوەکان بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری پارە دەدرێت (بڕوانن بۆ شێوەی 5.3).

***کارە سیاسەتییەکان***


جێبەجێ کردنی ئەم پلانە ئاڵۆزە کات بەرە. لەم بەشەدا، ئێمە قۆناغە پێویستەکان بۆ جێبەجێ کردنی بە سەرکەوتووانەی ئەم پلانە شرۆڤە دەکەین.

**قۆناغی 1: پێکهێنانی رێکخراوەیەکی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی و گرتنی هێزی کاری شیاو بۆ ئەو.** ئەم ئەم رێکخراوە دەتوانێت سەر بە وەزارەتی تەندروستی بێت یان وەکوو رێکخراوەیەکی سەربەخۆ کار بکات. رێکخراوە، بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەرایەتی سیستەمی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی، جێبەجێ کردنی کارەکانی خوارەوە، و کۆکردنەوەی پارەکان و دابەش کردنیان لە نێوان پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری لە ئەستۆیدا دەبێت. دوایین بەرپرسیارێتی دەبێت بە بەشداری و هاوکاری وەزارەتی دارایی و وەزارەتی تەندروستی ئەنجام بگرێت.

بە مەبەستی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە، وەزارەتی تەندروستی یان راوێژکارانی پەیوەندیدار بە دامەزراندن دەبێت کاری رێکخراوە؛ یاسا کارگێرییەکان؛ و سەرچاوە پێویستەکان، قۆناغەکانی چاودێریی، و پرۆسەی پەیوەندیدار بە پەیوەندی لەگەڵ پێشکەشکاران، کاروکاسبییەکان، و کەسانی قازانج وەرگر پێناسە بکات.

**قۆناغی 2: بەراوردی تێچوونی ئاماری ئێستای پێشکەشکردنی قازانجەکانی تەندروستی گشتی.** قۆناغی 2 قۆناغێکی پێویستە بۆ دیاریکردنی پارەی بیمە و ئاگاداری لەم بابەتە کە گۆڕانکاری داهاتوو لە بەستەی

**شێوەی 5.3**
**داراییکردنی تەندروستی گشتی لە رێگای سەرچاوەی پەیوەندیدار بە داهات**




RAND *RR490-3.5*

قازانجەكان چۆن كاریگەرییان لە سەر تێچوونەكان دەبێت. بۆ ئەنجامی ئەم ژماردنە، لیژنە دەبێت كۆتایی بە پێناسەكردنی بەستەی قازانجەكان بدات. پێشنیار دەكەین كە وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەنجامی ژماردنەكان لەگەڵ گرووپێكی راوێژكاردا گرێبەست واژۆ بكات. ئەم ژماردنانە دەبێت بە شێوەی ساڵانە بە رۆژ بكرێنەوە؛ كەواتە، دەبێت لە هەموو ئەو گرووپانەی كە یارمەتی پەیوەندیدار بە راوێژكاری پێشكەش دەكەن داوا بكرێت كە مێتۆد و تەكنۆلۆجی بەكار هێنراو بە جۆرێك بگوێزنەوە كە وەزارەتی تەندروستی بتوانێت لە داهاتوودا ئەم ژماردنانە دووپات بكاتەوە.

**قۆناغی 3: دیاریكردنی ئەمەیكە كامیەک لە گرووپەكان لە لەسەر یەک كۆبوونەوەی بیمەی تەندروستی و دەرمان بەشدارییان كردووە و كامیەک لەوانە بەشداری ناكەن.** بە ئەگەری زۆرەوە پەرلەمان دەبێت دەستنیشان بكات كە كامیەک لە گرووپەكان دەبێت لە هاوپەیمانی بیمەی تەندروستی و دەرمان دا بەشداری بكەن، بەڵام پیش بینی دەكەین كە ئەم هاوپەیمانییە لە گرووپگەلێک پێک دێت كە بە ئاسانی دەكرێت بە شوێنیاندا بگەڕێیت و ئێستا پارەی باجی داهات دەدەن. ئەم گرووپانە بریتین لە هەموو كارگێرانی حكومەت، هەموو كارگێرانی كۆمپانیاكانی زیاتر لە ڕێژەیەكی دیاریكراو، و هەموو ئەو كۆمپانیایانەی كە كرێكاری بیانی (عێراقی نین) لە سەر كار دادەمەزرێنن.

**قۆناغی 4: دەرچوونی كارتەكانی بیمە.** ئەم كارتانە لە كارتەكانی بیمەی تەندروستی گشتی دەچن كە پێشتر سەبارەت بەوان شرۆڤە كراوە بەڵام جیاوازیان دەبێت جۆرێک بێت كە بكرێت هەر كەسێک پارەی تێچوونی بیمەی خۆی دەدات، دیاری بكرێت. چونكە ئەم كەسانە باجی داهات دەدەن، پێشنیار دەكەین كە ڕێكخراوی خزمەتگوزاری تەندروستی (HSA) بە بێ وەرگرتنی خەرجی كارتەكانیان پێ بدات. پتر لەمەش پێشنیار دەكەین ئەم دەستە لە كەسانێک كە پارەی باجی داهات دەدەن، قازانجی زیاتر وەربگرن (بۆ نموونە پارەدانی هاوبەشی كەمتری كاتژمێرە كلینیكییە تایبەتەكان، كاتی چاوەڕوانی كەمتر بۆ نەشتەرگەری) بۆ ئەوەی لە قازانجە كەسییەكانی ئەم سیستەمە نوێیە ئاگادار بین.

**قۆناغی 5: دیاریكردنی بەشدارییەكانی باجی داهات و بودجەی فیدراڵ بۆ داراییكردنی سیستەمی تەندروستی و دەرمان بۆ گرووپە جیاوازەكان.** ئەم گرووپانە بریتین لە كەسانێک كە كەوتوونەتە نێو بازنەی بیمەی تەندروستی و پارەی باجی داهات دەدەن، كرێكارانی بیانی، و كەسانی تر.

شێوەی 3.5 شێوازی كاری ڕێبازی نوێی دانانی بودجە پیشان دەدات. ئێستا، بودجەی چاودێری تەندروستی بە گشتی لە رێگای تەرخانكردنی بودجەی نیشتمانی و وەرگرتنی پارەدانە هاوبەشەكان بە كەمی مسۆگەر دەكرێت. ئێستا ئەو چاودێرییانەی كە لە باری پزیشكییەوە شیاون و بە شێوەی تیۆری كەوتوونەتە نێو بازنەوە، بە هۆی كەمبوونی بودجە، ئامێرەكان، یان پسپۆرە فێركراوەكان پێشكەش ناكرێن. ئێمە بەم جۆرە لە چاودێریی بەم شێوە "چاودێرییە پێشكەش نەكراوەكان" دەڵێین.

پێشنیار دەكەین كە (1) كەسانی لە سەر كار كە مووچە وەرناگرن تێچوونی كارت و پارەدانە هاوبەشەكان بدەن، (2) كارگێڕانی مووچەخۆر كە دەبێت باجی داهاتی ئاماژە پێكراو لە سەرەوە بدەن، پارەی باجێكی داهاتی كەم بدەن، و (3) سەرجەم پارەی تێچوونی ئاماری بیمە دەبێت وەكو مەرجی وەرگرتنی ڤیزای كاری درێژماوە بۆ كرێكارانی بیانی بدرێت. وەكوو یاسایەكی گشتی، ئێمە لە بەرچاومان گرتووە ئەو كۆمپانیانەی كە كرێكار دەگرن بەرپرسیارێتی پارەدانی تێچوونی بیمەی ئەو كرێكارانەیش لە ئەستۆ بگرن. كاتێک كەسانێک وەكوو خزمەتكاری ناو ماڵ یان كرێكار دەست بە كار دەكەن دەبێت بۆ دڵنیابوون لەوەیكە خاوەن رووماڵی بیمەی تەندروستی و دەرمانن، پرۆسەیەک جێبەجێ بكەن، وەكوو سەندنی بیمە لە فرۆكەخانە یان لە نەخۆشخانە كاتێک كە بۆ جاری یەكەم لە بیمە كەڵک وەردەگرن.

زێدە لەوەش پێشنیار دەكەین كە بۆ جگەرە و خواردنەوە ئەلكۆلییەكان باج رەچاو بكرێت و پارەی دەستكەوتوویش بۆ چاودێری تەندروستی بە كار بهێنرێت چونكە ئەم كارانە تێچوونی چاودێری تەندروستی زێدە دەكەن. ئەم پێشنیارە بۆ پەرلەمانی حكومەتی هەرێمی كوردستان هێنراوەتە ئاراوە و بە شێوەی چالاكانە لە حاڵی تاوتوێ كردندایە.

ئێمە چاوەڕوانین كە بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەروەک جاران بەشێكی گەورەی لە داراییكردنی تەندروستی گشتی هەبێت. هەموو پارەی بیمەكان و یارمەتییە پیشكەش كراوەكان لە بودجەی نیشتمانی لە سندۆقی بیمەی تەندروستی و دەرمان دادەنرێت، و پاشان تێچوونەكان بە پێشكەشكاران (بۆ نمونە نەخۆشخانەكان و ناوەندەكانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی) دەدرێن. وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی دارایی دەبێت لە سەر وردەكارییەكانی وەها كارێک برۆن، بەڵام ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین كە ە وەزارەتی دارایی درێژە بە تەرخانكردنی بودجە بۆ سندۆقی HSA بدات. هەموو دامەزراوەكانی تریش دەبێت بەم شێوازە كار بكەن، برێک كە حكومەت بە شێوەی سەرانە دەیدات دەبێت كەم ببێتەوە. بەوەشەوە ئەگەر دانیشتوان بە خێرایی گەشە بكات (زۆر بێت) یان تەمەنی دانیشتوان بە شێوەیەكی بەرچاو بڕواتە سەرەوە یان ئەگەر ئاستی چاودێری و تەكنۆلۆجی پێویست بۆ پشتیوانی كردن لە چاودێرییەكان بە خێرایی گەشە بكات، رەنگە

یارمەتییە گشتییەکانی حکومەت بە HSA زێدە ببێت. ئێمە چاوەڕوانین کە ئەم نرخی زێدەبوونە بگۆڕێت بە نرخێکی بەرەو خوار و کەم ببێتەوە (بۆ نموونە ئەم رادە لە ڕێگای مسۆگەرکردنی نیوێک لە بودجەی پێویست لە لایەن پارەدانی پارەی بیمەکان کەم ببێتەوە).

دەقگەلێک هەن کە دەرەنجامە نەرێنی و ئەرێنییەکانی وەرگرتنی باجی داهات روون دەکەنەوە. باجی مووچە و داهات لە باری تیۆریکەوە، دەتوانێت بە تایبەت کۆمپانیا بچووک و مام ناوەندییەکان لە دروست کردنی کار و پێکهێنانی سەرمایە دڵسارد بکاتەوە هەروەها کە لە سەر هەندێک لە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەسەندنی ئابووری کاریگەری نەرێنی بووە. (واگستاف و هاوکارانی، 1999). زێدە لەوەش لە باری تیۆرییەوە ئەم شێوازە دەتوانێت لە ڕێگای پێشکەشکردنی قازانجی باشتر بە کەسانێک کە باج دەدەن، هاندەری سیستەمێکی دوانە بێت. ئێمە وانازانین کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقیش ئەم کێشە شاراوە و تیۆریکیانە دروست ببن. باجی داهاتێک کە لێرەدا ڕەچاو کراوە تا رادەیەک کەمە و سەرەتا لە سەر کارگێرانی حکومەت، کە نزیکەی 50 لە سەدی کەسانی دامەزراو لە سەر کارن، کاریگەری دەبێت. ئەمڕۆکە کارە حکومەتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە هۆی سەقامگیر بوون و قازانجەکانی خانەنشینی، کە بە جێبەجێکردنی باجی داهاتی بیمەی تەندروستی و دەرمان ناگۆڕدرێت، لایەنگریان زۆرە. کەواتە، وێدەچێت کاریگەری دامەزران لە سەر کار زۆر کەم بێت. دەبێت ئەم بارودۆخە بکەوێتە ژێر چاودێرییەوە بەڵام تا ئەو کاتەی کە کاروکاسبی تا رادەیەک پەرە نەسێنێت کە رکابەرایەتی نێوان کارەکانی کەرتی تایبەتی و کەرتی گشتی زۆرتر ببێت، واتە ئەم کارانە پارەی زۆرتر بدەن و نەگۆڕ بن، ئەگەری گۆڕانی نییە.

**قۆناغی 6: پێویستی کرێکارانی بیانی بۆ پارەدانی سەرجەم تێچوونی ئاماری قازانجەکان.** هەموو ولاتانی ناوچە کە لە باری سەرچاو نەوتییەکانەوە دەوڵەمەندن، بینەری زێدەبوونی خێرای ژمارەی کرێکاری بیانی بوون کە لە پیشەسازی پەیوەندیدار بە نەوت غنی خزمەت دەکەن، وەکوو خزمەتکاری ناوماڵ کار دەکەن، بیناکان و ژێربینا پێویستەکان دروست دەکەن، و ئەو ئەو بوارانەی پسپۆری پێشکەش دەکەن کە لە ناوچەدا دەست ناکەون. بە ئەگەری زۆرەوە ئەم مۆدێلە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دووپات دەبێتەوە. چونکە کۆمپانیاکانی دامەزرێنەری ئەم کرێکارانە بە گشتی زۆر دەوڵەمەندن و بودجەیان بە باشی مسۆگەر دەکرێت، پێشنیار دەکەین کە سەرجەم بەهای ئاماری قازانجەکانی بیمەی تەندروستی لێیان داوا بکرێت. ئەم بەهایە، هەروها کە لە سەرەوەدا شرۆڤە کرا، لە قۆناغی 2 ژمێردراوە. کۆمپانیاکان ناچارن کە لە ڕێگای HSA بۆ هەموو کرێکارانی بیانی خۆیان بیمەی تەندروستی و دەرمان بسێنن تا کرێکارەکان بتوانن ڤیزای کاری درێژماوە وەربگرن. ئەم گۆڕانە لە سیاسەتەکاندا سەرچاوەی گرنگ و روو لە گەشە بۆ یارمەتیدان بە داراییکردنی بەشی چاودێری تەندروستی پێشکەش دەکات.

جووڵەی پارەکان لە سەرچاوەکانی داهات بۆ HSA ستێکە هاوشێوە لەگەڵ گەڕانی پیشان دراو لە شێوەی 6.3. باجە تەرخان کراوەکان وپەیوەندیدار بە تەندروستی و دەرمان (بۆ نموونە باجی جگەرە) و باجی داهات لە لایەن وەزارەتی دارایی کۆ کراونەتەوە و پاشان بۆ HSA دەگوێزرێنەوە. زێدە لەوەش چاوەڕوان دەکرێت کە وەزارەتی دارایی بودجەی کەسانی هەژار و لە کار کەوتوو پێشکەش بکات. HSA بڕێ لە پارەکان بە شێوەی راستەوخۆ بۆ بیمە دراوەکانی کرێکارانی بیانی و کارتی بیمە، کە HSA دەریدەکات، وەردەگرێت. HSA لەم پارانە بۆ دانی تێچوونەکان بە پێشکەشکارانی چاودێری تەندروستی و و هەروەها فەرمانگەی HSA بەکار دەهێنێت. سیستەمی چاودێری تەندروستی (نەخۆشخانە، کلینیک، و پزیشکان) هەروەها تێچوونی بەکارهێنەری نەخۆش، کە لە بڕی پارەی هەرکام لە داواکارییەکان کەم دەبێتەوە، کۆ دەکاتەوە. ئەگەر ڕێبەرە سیاسەتییەکان وەها بڕیار بدەن، ڕەنگە تێچوونەکانی بەکارهێنەر بۆ کەسانێک کە پارەی تێچوونی بیمە دەدەن و کەسانێک کە ئەم پارە نادەن جیاواز بێت. زێدە لەوەش، ئەم سیستەمە دەتوانێت ئەو بڕی پارە کە دراون لە کۆمپانیاکانی بیمەی تایبەتی و یارمەتییە مرۆڤ دۆستانەکانی پێشکەش کراو لە سەرچاوە ناوەکی و نێو نەتەوەییەکان وەربگرن.


### لێدوانی کۆتایی

ڕۆشتن بەرەو A-NHS یێک کە کردەوەیەکی شیاوی هەبێت سالانێکی زۆر دەخایەنێت، لەم ماوەدا سیاسەتدانەران دەبێت چاوەڕوانی گۆڕانکاری زۆرتر بن. داهاتی هەبووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها بودجەی عێراق دەتوانێت بە پێی ئەو سیاسەتانەی کە خەریکی دەرکەوتنن و داهاتەکانی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو بگۆڕدرێت. گرێدراوی خێرایی پەرەسەندن، دەستڕاگەیشتن بە داتاکان، و توانستی وەزارەتی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی و چاودێری لە سەر سیستەمی چاودێری تەندروستی، بژاردە سیاسەتییە جێگرەکان کە ئەمڕۆ لە کردن نایەن، هەلیان بۆ دەرەخسێت. پێشنیار دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی بەردەوام پلانەکە بپشکنێت و بیگۆڕێت بەڵام هەمووکات دەستەبەرکردنی دۆخێکی لە بیر بێت کە لەوێدا کەرتی گشتی دەتوانێت چاودێری تەندروستی بە کواڵیتی بەرز پیسکەش بە هەموان بکات. هەروەها کە لە پێش نووسی یاسای بنچینەییدا ئاماژەی پێکراوە و سیاسەتدانەران دەریان بڕیوە، ئەمە ئامانجێکی نیشتمانییە.

### قۆناغی 2: بیمەی تەندروستی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان-عێراق

لە پاش پێکهێنانی A-NHS یێک بە کاری تەواو و شیاو، ڕێبەرانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگە بیانەوێت سیستەمێکی SHI بە بیمەی تایبەتی تەواوکەر جێبەجێ بکەن تا بودجەی چاودێرییە گشتییەکانی

**شێوەی 6.3**
**جووڵەی پارە لە كۆتایی قۆناغی 1**




RAND *RR490-3.6*


تەندروستی لە هەرێمی كوردستانی عێراق مسۆگەر بكرێت. وەک قۆناغی 1، ئەنجامی ئەم سیاسەتە پیویستی بەوەیە كە تواناكردنەوەكان بكەونە كار و كارە سیاسەتییەكان جێبەجێ بكرێن (بڕوانە بۆ شێوەی 3.7). ئێمە لەم بەشەدا هەندێك لە بابەتە گرنگەكان بە كورتی باس لێ دەكەین

***پێشمەرج و چالاكەرەكانی سیاسەت***

**هەبوونی سیستەمێكی باجی مۆدێرن**

بۆ ئەوەیكە سیستەمی بیمەی كۆمەڵایەتی بە شێوەیەكی تەواو جێبەجێ بكرێت، حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت توانایی خۆی بۆ كۆكردنەوە و دانانی باج بە شێوەیەكی سەرنجڕاكێشەر زێدە بكات. ئەمرۆكە، گەورەترین بەشی كاری ئابووری لەو بەشەدا كە پێی دەوترێت بەشی *نافەرمی* لە گەڕان دایە بە جۆرێک كە شتومەک بە شێوەی نەخت دەسێنرێن و بە كەمی ژمێریاری دەكرێت بۆ ئەوەیكە بەشێكی زۆرتر لە دانیشتوان لە كارەكانی

**شێوەی 7.3**
**قۆناغی 2: گۆڕینی خزمەتگوزارییەكی تەندروستی نیشتمانی وەڵامدەر بە بیمەی تەندروستی كۆمەڵایەتی**




RAND *RR490-3.7*

پەیوەندیدار بە بیمە بگونجێندرێن، حکومەت دەبێت کاروکاسبییەکان—تەنانەت کاروکاسبییە بچووکەکان— ناچار بکات بەوەیکە پێشینەی خۆیان تۆمار بکەن، و دەبێت سیستەمێکی پێک بهێنێت کە بە کاروباری باجی فەرمانبەرانی ئەم کاروکاسبیانە رابگەیەت.

**ڕێکخستن و هاوکات کردنی سیاسەتەکان لەگەڵ بەغا**

بە پێی توانایی هەموو هاوولاتییە عێراقیەکان لە وەرگرتنی چاودێرییەکان لە ناوەندەکانی حکومەتی سەرانسەری وڵات، بینینی شێوازی کاری سیستەمێک وەک SHI لە ناو سیستەمێکی عێراقی گەورەتر و بە بێ بوونی هاوکاری گونجاو و ڕێکخستن و هاوکات کردنی سیستەمەکان کارێکی سەختە.

**دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بیمەی تەندروستی کۆمەڵایەتی**

سەبارەت بە قۆناغی 1، پێکهێنانی یەک HSA نیشتمانی، کە دەتوانێت بنەمای ڕێکخراوی بیمەی کۆمەڵایەتی نوێ (SIA) دروست بکات، شرۆڤەمان کرد. SIA ی نوێ هەموو کارێکی SIA ی کۆنی دەبێت؛ بەوەشەوە، وێدەچێت ئەرکی ئەو ئاڵۆزتر بێت. پارەدانەکان بە ئەگەرەوە بە شێوەی*پارەدانی پێچراوەیی* (بە تایبەت بۆ نەخۆشخانەکان) دەبێت. پارەدانی پێچراوەیی بڕێکی تەنیایە کە بۆ هەندێک لە خزمەتگوزاریە پەیوەندیدارەکان بە یەکتر لە ماوەی خولی چاودێری -بۆ نموونە نەشتەرگەرییەکی دڵ—دەدرێت و پارەیەک نییە کە بە شێوەی جیا بۆ هەموو خزمەتگوزارییەک بە نەخۆشخانە، پزیشکان، و پێشکەشکارانی پزیشکی تر بدرێت. چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم ڕێبازەهاندەری کارامەیی خزمەتگوزاری بێت. پێڕاگەیشتن بە لیستەی حسابەکان و دانی پارەی داواکارییەکان، و هەروەها دیاریکردن و دەستنیشان کردنی بڕی پەیوەندیدار بە پارەدان، کەوتنە نێو بازنەی خزمەتگوزاری، و سیاسەتەکانی قازانج بەر، بە گوێریە رۆڵێک کە لە قۆناغی 1 بۆ HSA رەچاو کراوە، زۆر ئاڵۆزترە.

***کارە سیاسەتییەکان***

**ناساندنی بیمەی تەندروستی کۆمەڵایەتی**

ڕۆشتن بەرەو سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی کارێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە بەرنامەیەکی شیاو و کاتی تەواو هەیە تا ئەم سیستەمی لە جێی خۆیدا دابنرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە پێکهاتەی HSA کەڵک وەربگرێت و بۆ جێبەجێ کردنی کارە زێدەکانی سیستەمی SHI گۆڕانکاریگەلێک بە کار ببات. بە تایبەت، ڕێکخراوی نوێ دەبێت بتوانێت نرخەکان دیاری بکات، داواکارییەکان تاوتوێ بکات و بڕی پەیوەندیدار بە دانی پارە بدات بە پێشکەشکاران لەوانە پزیشکان، نەخۆشخانەکان، و دەرمانگەکانی تەندروستی گشتی. پێکهێنانی سیستەمێک بۆ دانی پارەی تێچوونەکان بە پێشکەشکاران لەگەڵ ئەو هاندەرانەی کە ببنە هۆی باشترکردنی کارامەیی و کواڵیتی خزمەتگوزاری، پرۆژە و بەرپرس بوونێکی گرنگە. ژمارەی ئەم جۆرە سیستەمانە زۆرە، بەلام ئەمڕۆکە زۆربەیان لە ڕێبازی پارەدانی پێچراوەیی کەڵک وەردەگرن. ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی دەبێت بە جۆرێکی جیاواز بە ڕێوە ببرێن و وێدەچێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی خۆیان پێویستیان بە بودجەیەکی سەرەتایی هەیە و دەبێت ڕێیان پێ بدرێت کە داواکارییەکان بۆ تاوتوێ کردنی تایبەت بۆ SIA بنێرن.

لە ئاکامدا،هەموو سیستەمەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی ناچار بوون کە بە کاروباری پەیوەندیدار بەو کەسانەی کە ناتوانن پارەی تێچوونی بیمە بدەن، رابگەن. زێدە لەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەم بابەتە رەچاو بکات و بۆ گەرەنتی پێشکەشکردنی چاودێرییەکان بەو کەسانەی کە ناتوانن پارەی تێچوونەکانی بدەن، ڕێبازێک پێشکەش بکات.

بە رادەیەک کە بۆ HSA لە بەر چاو گیرابوو، داوا لە کرێکاران دەکرێت کە پارەی باجێکی داهات بدەن. لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری، ئێمە چاوەڕوانین کە کۆمپانیای تایبەتی زۆرتر و گەورەتر دابمەزرێن، کە ئەم کارە دەبێتە هۆی زێدەبوونی کارگێڕانی مووچە خۆر و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی زێدەبوونی لە سەدی کرێکارانێک کە پارەی باجی داهات دەدەن. کەسانێک کە پارەی باجی داهات نادەن دەبێت بیمەی خۆیان بە شێوەی کەسی بسێنن یان لە ڕێگای پلانێک کە بۆ کەسانی هەژار رەچاو کراوە لەوانە پارەدانە پێویستەکان کە حکومەت بۆ کەسی هەژار تەرخان دەکات، بکەونە نێو بازنەی بیمەوە. هەموو ئەم بابەتانە بریاری سیاسەتی ئاڵۆزن کە جێبەجێ کردنیان سەختە، بەم بۆنەوە دەبێت پێش لەوەیکە سیستەمێک بە شێوەی گشتی بناسێنرێت، باسی ئەم کێشانە بە وردەکارییەوە کراوە.

**دیاریکردنی نرخەکانی باجی مووچە**

SIA بە هاوکاری وەزارەتی دارایی دەبێت نرخەکانی باجی داهات و نرخەکانی SHI دیاری بکەن. کرێکارانی بیانی سەرجەم پارەی تێچوونی ئاماری کەوتنە نێو بازنەی خزمەتگوزاری دەدەن. نرخەکان بە پێی داهات جیاواز دەبن و هەندێک لە گرووپەکان لەوانە کەسانی هەژار خاوەن چاودێرییەکانی پەیوەندیدار بە سووبسید کە تێچوونیان لە بودجەی فیدراڵ مسۆگەر دەکرێت، دەبن. رەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات کە بۆ چاودێری تەندروستی یارمەتی تێچوون بدات، کە ئەگەر وەها بێت باجی داهات نابێت بە پێی سەرجەم پارەی تێچوونی ئاماری چاودێری دیاری بکرێت. هەر جۆر کە بێت، چاوەڕوان دەکرێت بڕی بودجەی فێدراڵ کە بۆ دانی پارەی تێچوونی چاودێری تەندروستی تەرخان کراوە، بە شێوەیەکی سەرجڕاکێشەر کەم ببێتەوە.

**دیاریکردنی سیاسەتێک بۆ خستنە نێو بازنەی خزمەتگوزاری کەسانی هەژار و لە کار کەوتوو**

هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، حکومەت دەبێت بۆ پێشکەشکردنی چاودێری تەندروستی بە کەسانی هەژار سیستەمێک پێک بهێنێت. بۆ نموونە، کەسانێک کە بۆ داواکردنی کارتی بیمە خاوەن مەرجن و ئەوە بە شێوەیەکی خۆڕایی لە حکومەت وەربگرن. حکومەت دەبێت تێچوونی ئەو چاودێرییانەی کە ڕەنگە تاکەکان لە ماوەی ساڵدا کەڵکی لێ وەربگرن، بژمێرێت و پارەیەک بە SIA بدات تا ئەم ڕێکخراوەیشە پارەی تێچوونەکانی بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری بدات.

**دیاریکردنی نرخی پارەدان**


وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی بیمەی کۆمەڵایەتی دەبێت میتۆدێک بۆ دانی پارەی تێچوونەکان بە پێشکەشکاران و دیاریکردنی نرخەکانی پەیوەندیدار بە پارەدانەکان ببرێتەوە؛ زێدە لەوەش ئەوان دەبێت بۆ وەرگرتن و پشکنینی داواکارییەکان و دانی پارەکان سیستەمێک دروست بکەن، بۆ ئەوەی کە بزانن گەڕانی پارەکان لە پاش جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە سیستەمە چۆن دەبێت، بڕوانە شێوەی 8.3.

***کورتە و دەرەنجامی کۆتایی***

سیستەمی داراییکردنی چاودێری تەندروستی وڵاتێک وەکوو بەشێکی پێویست بۆ سیستەمی چاودێری تەندروستی ئەو ولاتە دێتە ئەژمێر؛ لە ڕاستیدا، داراییکردن یارمەتی پرۆسەی بەشەکانی تری سیستەم دەدات. سیستەمی داراییکردن دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە کۆکردنەوەی دادوەرانەی سەرچاوەی تەواو بۆ پێشکەشکردنی چاودێریی کارامە و بە کواڵیتی بۆ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا. سیستەمی داراییکردن هاندەرگەلێکی تێدایە کە بۆ دیاریکردنی چاودێری کارامە و بە کواڵیتی و هەروەها بڕی زیانێک کە پێشکەشکاران وەریدەگرن، یارمەتی دەدات. هەروەها ئەم سیستەمە بەها سەرەتاییە کەلەپووری و ئابوورییەکانی وڵاتێک پیشان دەدات. هەر وڵاتێک سیستەمێکی بێهاوتای هەیە، و بەشێوەی ئاسایی لە زیاتر لە فۆرمێکی داراییکردن کەڵک وەردەگرێت.

ئێستا کوردستان کەمبوونی داتا پێشکەوتووەکان، سیستەمەکانی تەکنۆلۆجی زانیاری، و لێهاتووییەکانی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتیی هەیە کە بۆ بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی ئەوسیستەمانەی کە بەڕێوەبەرایەتیەکی چڕتریان هەیە، لەوانە پلانەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی یان تەندروستی نیشتمانی، پێویستن. ئەم پێویستیانە دەبێت پێش لەوەیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بە سەرکەوتووییەوە چاکسازی دەست پێبکات، لە جێگای خۆیاندا دانرابێتن . لە پاش ئەوەیکە ئەم بابەتانە لە جێگای خۆیاندا دابنرێن، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان دادەڕێژێت بۆ ئەوەیکە سیستەمی داراییکردن لە سەر بنەمای بودجەی ئێستای خۆی بگۆڕێت بە NHS بە

**شێوەی 3.8**
**جووڵەی پارە لە کۆتایی قۆناغی 2**




RAND *RR490-3.8*

هاندەر ەكانی شیاو بۆ هاندان بەرەو كارامەیی و كوالێتی خزمەتگوزاری؛ بەشێ لە بودجەی NHS نوێ لە رێگای باجی داهات دانراو بۆ كارگێرانی مووچەخۆر مسۆگەر دەكرێت. لە داهاتوودا، رەنگە حكومەتی هەرێمی كوردستان بیەوێت كە سیستەمێكی بیمەی كۆمەڵایەتی هەبێت. لەم پاژەدا خەریتەیەكی رێگا پێشكەش كراوە كە بۆ گەیشتن بەم ئاسۆ لە بەرچاو گیراوە یارمەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەدات و ئەو كارە سیاسەتییە تایبەتانەش كە دەبێت لە بە درێژایی رێگا رەچاو بكرێن، پێرست كراون.

ئەم پلانە باس لە سەر كاروباری پەیوەندیدار بە پێنج تا حەوت ساڵی داهاتوو دەكات و قۆناغی 1 پیشان دەدات كە لەو ماوەیەدا حكومەتی هەرێمی كوردستان لە سیستەمێک كە لە سەر بنەمای بودجەی ئێستای خۆیەتی، كە هاندەر بۆ كارامەیی یان كوالێتی تێدا نییە، مەودا دەگرێت و بەرەو یەک A-NHS دەروات. لە كۆتایی قۆناغی 1، بە هەبوونی یەک A-NHS، حكومەت وەڵامی هەموو پرسیارە سەرەتاییەكان سەبارەت بە شیاوبوون(هەموو ئەوانەی كە لە هەرێمی كوردستانی عێراق دا دەژین)، رووماڵی خزمەتگوزاری (دەستەیەكی قازانجەكان پێک دەهێنرێت و لە نێوان خەڵكدا دابەش دەكرێت)،داراییكردن (باجی داهات، پارەدانە هاوبەشەكان، بودجەی حكومەت، و سەرجەمپارەی تێچوونی چاودێری كە كرێكارانی بیانی یان كۆمپانیاكانی ئەوان دەیدەن)، هاوپەیمانی (لە NHS روو دەدات)، و تەرخانكردنی سەرچاوەكان (سەرچاوەكان بە شێوەی خەلات لە بەرانبەر كار و دەركەوت، پێشكەشكارانی خزمەتگوزاری تەرخان دەكرێت) دەداتەوە. لە كۆتایی قۆناغی 1، رەنگە حكومەتی هەرێمی كوردستان بیەوێت گۆڕینی سیستەم ئێستا بۆ سیستەمێكی SHI رەچاو بكات. ئەگەر وەها بێت، لە قۆناغی 2، وەلامی هەموو پرسیارەكانی سەرەوە هەر بە شێوەیە دەدرێتەوە مەگەر ئەوەیكە وەها چاوەڕوان بكرێت كە هەموو كەس بكەونە نێو بازنەی وەرگرتنی بیمە و سیستەمی بیمەی كۆمەڵایەتی بە پێی مۆدێلێكی پارەدان كە هان دەدات بۆ باشتركردنی كارامەیی و زێدەبوونی دەركەوت، بە داواكارییەكان رابگات و پارەی ئەوانە بدات.

## پێشەکی

**پێناسەی بابەتی سیاسەت**

نزیکەی هەموو زیشکەکانی KRI بە شێوەی کەرتەکات هەم لە کەرتی تایبەت و هەم لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن. لە بواری پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری چاودێریدا، ئەم شێوازە *ناوی چالاکی دووکاری* (Dual Practice). لە KRI دا، زۆربەی پزیشکەکان لە سەرلەبەیانیدا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە نەخۆشخانەکان یان نۆڕینگە حکومیەکاندا کار دەکەن و کاتژمێرەکانی دوانیوەڕۆ یان ئێوارە خەریکن بە چالاکیەوە لە نۆڕینگەی تایبەتی خۆیاندا. ژمارەی کاتژمێری چالاکی لە ناوەندە دەوڵەتی و تایبەتییەکاندا بۆ هەر پزیشک و و نەخۆشخانەیەک یان نۆڕینگەیەک دەگۆڕێت. لە ئێستادا، شیاوی بەراوردکردنی کاتی بەرسەربراو لە ناوەندە دەوڵەتییەکاندا لەگەڵ ناوەندە تایبەتییەکاندا نیە بەڵام سیاسەت داڕێژەرانی KRI دەزانن کە بۆ چاکسازی سیستەمی تەندروستی و چارەسەری و بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی و چۆنیەتی، دەبێ بابەتی "چالاکی دووکاری" تاوتوێ بکرێت. لە چاوپێکەوتنێکدا، وەزیری تەندروستی ئاماژەیدا بە دووکاری وەک یەکێک لە گەورەترین ئەو کێشانەی رووبەڕووی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێتەوە (رەئوف، 2012).

سەرەڕای ئەوەی کە پزیشکەکان—بە تایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست—زۆرجار هەم لە کەرتی تایبەتدا و هەم لە کەرت گشتیدا چالاکن، ئەم بابەتە لە KRI دا تاکوو بەر لە رووداني شەڕی یەکەمی کەنداوی فارس لە ساڵی 1991 بەرچاو نەبوو. لەو کاتەدا، دەوڵەتی عێراق بە رێبەرایەتی سەدام حسێن کە وڵاتەکەی تووشی دواکەوتنی زۆر ببوو و رووبەڕووی ئابڵۆقەی چەند لایەنە ببووەوە، بەردەوام مووچەی پزیشکەکانی نەدەدا. پزیشکەکان لە کاردانەوەیان بۆ ئەم بارودۆخە، زۆرجار لە کاتژمێرەکانی سەرلە ئێوارەدا لە نۆڕینگەی تایبەتی خۆیاندا کە بۆ وەدەست هێنانی داهات کردبوویانەوە، نەخۆشەکانیان چارەسەر دەکرد.

لە 20 ساڵی رابردوودا، دوو کاری پەرەی سەندووە. لە راستیدا، هەندێ لە پزیشکەکان کاتێکی زۆر کەم لە نۆڕینگە یان نەخۆشخانە دەوڵەتییەکاندا بەسەر دەبەن و دواتر دەچنە نۆڕینگەی تایبەتی خۆیان یان نەخۆشخانە تایبەتییەکان. کێشەی دوو کاری بەم راستیە زۆرتر دەبێت کە دوای خولی کارفێربوونی پزیشک و تۆمارکردنی ناوی لە سەندیکای پزیشکاندا، بەهەرەمەند دەبێ لە مووچەی مانگانە و مووچەی خانەنشینی. نە مووچەی مانگانە و نە مووچەی خانەنشینی پێوەندی نیە بە رێژە یا چۆنیەتی چالاکی پزیشکەکەوە لە کەرتی گشتیدا.

پەرەسەندنی چالاکی دووانە بۆتە هۆی کیشەگەلێکی تریش. هەقدەسی زۆری پزیشکەکان لە بەشی تایبەتیدا و نەبوونی سیستەمی وردی دەرکردنی گەوایی، بۆتە هۆی ئەوەی کە فەرمانبەری کارامە ی بەشی یاریدەدەری پزیشکی راهێنراو و ئەو فەرمانبەرانەی تر کە شایستەییان نیە ناو خۆیان بنێن پزیشک و نۆڕینگەی تایبەتی دابنێن.

وەزیری تەندروستی KRG داوای لە کۆمپانیای RAND کرد بۆ تاوتوێ کردنی کێشەی دوو کاری، خاڵگەلێک بۆ لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە پێشکەش بکات.

KRG ئامانجگەلێکی بۆ سیستەمی تەندروستی و چارەسەری خۆی داناوە کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بەم بابەتانە بکرێت:

- مسۆگەرکردنی دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی چارەسەری وەکوو مافی هەموو دانیشتوانی KRI.
- بەرزکردنەوەی چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و چارەسەری.
- بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی سەرتاسەری.

بە شێوەی گشتی، مسۆگەرکردنی دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی چارەسەری بەو واتایەی کە بەشی خزمەتگوزارییە چارەسەرییە حکومیەکانی بتوانێت خزمەتگوزارییە تەندروستی و چارەسەرییەکان بە تێچوونێکی زۆر کەم پێشکەش بە هەموو دانیشتوانی KRI ناوچەکە بکات. پێویستی گەیشتن بەم ئامانجە، بوونی هێزی مرۆیی پێویستە لە ناوەندە دەوڵەتییەکاندا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست. زۆرێک لە کەسەکان پێیان خۆشە بە تێچوونی خۆیانەوە لە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت بەهرەمەند ببن چوونکوو لەو بڕوایەدان خزمەتگوزاری کەرتی تایبەت خێراتر و بە چۆنیەتی باشترەوە پێشکەش دەکرێت. لێکۆڵینەوەکان و سەرنجەکانی ئێمە لە KRI لە ساڵی 2010 دا لێرەوە باس لەوە دەکات کە راستیدا خزمەتگوزارییەکانی بەشی تایبەتی خێراتر پێشکەش دەکرێت بەڵام گرانترە و نیشاندەرەکانی تێبینی چۆنیەتی نیە.

بەم دواییانە، سیاسەت داڕێژەرانی یاسای دامەزراندنی سیستەمی نەتەوەیی دابین کردنی ئابووری خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکانیان لەسەر بنەمای ئینشوورانس پەسەند کردووە. ئەم سیستەمی چارەسەری نەتەوەییە ئەوها دەبێ کە دەوڵەت هەم بە دابین کردنی سەرچاوەوە و هەم بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە خەریک دەبێت یان سیستەمی دابین کردنی کۆمەڵایەتی دەبێتە بنەما بەڵام راستەوخۆ خزمەتگوزاری چارەسەری پێشکەش ناکات. لە حاڵەتی بوونی ئەوها سیستەمێکدا، هەقدەسی پزیشکەکان لە کەرتی تایبەت و دەوڵەتیدا بۆ چالاکی هاوشێوە یەکسان دەبێت و بواری رکابەرایەتی درووست دەبێت. هەر چەند، تا ئەو کاتەی کە سیستەمی دابین کردنی ئابووری و سیستەمەکانی دابین کردنی زانیارییەکانی پێویست بوونی نەبێت، دەوڵەت بۆ گەیشتن بە ئامانجی مسۆگەرکردنی دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان دەبێ لە بوونی هێزی مرۆی پێویست لە کەرتی گشتیدا دڵنیا ببێتەوە.

لەم رووەوە، بابەتی سیاسەتی سەرەکی ئەمەیە: دەوڵەت لە داهاتوویەکی نزیکدا چۆن دەتوانێ بە کێشەی چالاکی دووانەدا رابگات و بوونی هێزی مرۆیی پێویست لە کەرتی گشتیدا مسۆگەر بکات و لە هەمان کاتیشدا بواری بەڕێوەبردنی یەکسانی سیاسەتەکانی دابینکردنی چاکسازی ئابووری و بوارەکانی تر بەڕێوە بەرێت؟

ئەم بەشە کورتەی ئاکامەکانی هەوڵەکانی ئێمەیە بۆ کۆکردنەوەی خاڵە یاساییەکانی KRG یە بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتەیە. رەوتی لێکۆڵینەوە بە شێوەی خوارەوە رێکخراوە: (1) تاوتوێ کردنی بڵاوکراوەکانی پەیوەندیدار بە تیۆری چالاکی دوانە و هەروەها ئەو وانەگەلەی کە لە ئەزموونەکانی پەیوەندیدار بە چالاک دووانەوە لە وڵاتەکانی تردا وەرگیراوە، (2) شرۆڤەی بارودۆخی ئێستای چالاکی دوونە لە KRI، (3) سنووردارێتییە یاساییەکانی بەردەم سیاسەت داڕێژەرانی KRG، (4) لێکۆڵینەوەی گشتی ئەو خاڵە یاساییانە کە لە KRG بوونیان هەیە، (5) بەرنامەی شیمانەیی بۆ گۆڕینی سیاسەت و(6) ئاکام لێوەرگرتن و پێشنیار.

## بیروبۆچوونە باسکراوەکان لە دەقە پسپۆڕیەکاندا سەبارەت بە دوو کاری

### پێناسەی دوو کاری

*DP* بە باروودۆخێک دەوترێت کە تێیدا پزیشک هەم لە ناوەندە چارەسەرییە دەوڵەتییەکاندا و هەم لە ناوەندە چارەسەرییە تایبەتییەکاندا چارەسەری نەخۆشەکان دەکات. بۆ پزیشکانی پسپۆڕ، دوو کاری رەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی بارودۆخێک کە نەخۆشخانەکان رێگە دەدەن بە پزیشکەکان کە نەخۆشەکانی هەر دوو سیستەمەکە لە یەک ناوەنددا چارەسەر بکەن. لە زۆرێک لە بابەتەکاندا، نەخۆشەکانی کەرتی تایبەت خۆیان تێچوونی چارەسەرییەکایان دەدەن. زۆرێک لە کەسەکان پێیان خۆشە بۆ کەڵک وەرگرتن لە خزمەتگوزارییە چارەسەرییە تایبەتییەکان پارەی زیاتر بدەن لەبەرئەوەی خزمەتگوزاری تایبەتی زۆرجار چۆنیەتی لەسەرەوەیە، ریزی کورتترە و کاتی چاوەڕوانی کەمە و باشبوونی ئەم لە بەراورد لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتیدا زۆرترە.

دوو کاری دوو کاریگەری گرینگ لە سەر سیستەمی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان و تەندروستی خەڵکی دادەنێت. یەکەم ئەوەی کە، دوو کاری کاریگەری لە سەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان دادەنێت. کاریگەری پەتی رەنگە ئەرێنی یان نەرێنی بێت. دووەم ئەوەی کە، دوو کاری بەرابەری لە بواری دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. زۆربەی

سیستەمەکانی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا، لە جێی قەدەغە کردنی چالاکی دووانە، سنوورداریان کردووە. سنووردارێتییەکانی دوو کاری لەم سیستەمانەدا بۆ درووست کردنی بواری یەکسانی بۆ هەموو ئاستەکانی داهات، مسۆگەری بەردەوامبوونی سیستەمە دەوڵەتییەکان و بەرگریکردن لە دانی پاڵپشتی دارایی حکومی بە کەرتی تایبەت لەبەرچاو گیراوە. سەرەڕای سنووردارێتی، دوو کاری بەشێکی قبووڵکراو و جیانەکراوەیە لە سیستەمەکانی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکانی وڵاتە پڕداهاتەکان (فرینیۆ و هاوکاران، 2004). ئەم راستییە باس لەوە دەکات کە سیاسەت داڕێژەران لانی کەمی هەندێ لە قازانجەکانی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت دەزانن و قبووڵی دەکەن.

سیاسەت داڕێژەرانی وڵاتە کەم داهاتەکان و بە داهاتی مامناوەندەوە زۆرجار بۆ لێکۆڵینەوە لە چالاکی دووانە رووبەڕووی بارودۆخی جیاواز دەبنەوە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، زۆر جار پزیشکی پێویست بۆ خزمەت کردن لە ناوەندە دەوڵەتییەکان و تایبەتییەکاندا بوونی هەیە، سیستەمەکانی قەرەبووکردنەوەی تێچوونی شیاوی کەڵک وەرگرتن لە خاڵەکانی دانەوە بۆ مسۆگەرکردنی چۆنیەتی و دابین کردن تەیار دەکەن و نرخی دانەوەکان بۆ هاندانی پزیشکەکان بۆ چالاکی لە کەرتی گشتیدا بەسە. لەو وڵاتانەی کە کەمتر پێشکەوتوون، بوودجە بۆ دانی هەقدەسی چالاکانی کەرتی گشتی بۆ ئەو کارانەی کە دەتوانن لە کەرتی تایبەتدا بیکەن، بەس نیە و زۆر جار لەم وڵاتانەدا کەمبوونی پزیشک—بەتایبەت پزیشکی پسپۆڕ—بۆ خزمەتکردن لە بەشی دەوڵەتیدا روونە. سیاسەت داڕێژەرانی ئەم وڵاتانە رەنگە سنووردارێتیگەلێک لەسەر دوو کاری بگونجێنن. هەر چەند، بۆ ئەم کارە، رەنگە ئەوان ناچار بن بە لابردنی بەربەستە گشتییەکانی فەرمانگەیی، زانیاری و سیاسی.

**کاریگەری دووکاری لەسەر کارامەیی چاودێری**

دوو کاری رەنگە کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر کارامەیی سیستەمی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان دابنێت. کاریگەری پەتی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا جیاوازە. لە بواری بڵاوکردنەوەی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکاندا، دوو کاری بە دابین کردنی بواری کڕینی خزمەتگوزاری لە کەرتی تایبەت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە پێیان خۆشە تێچوونی پزیشکانی باوەڕپێکراو بدەن، دەستپێڕاگەیشتنی باشتر یان چۆنیەتی باشتر، *کارامەیی بەرز دەکاتەوە*. هەروەها دوو کاری دەتوانێ بواری دەسپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان بە درووستکردنی پاڵنەری ئابووری بۆ پزیشکەکان بۆ چالاکی درێژماوە یان پشکنینی ژمارەیەکی زۆرتری نەخۆشەکان، دابین بکات.

هەر چەند، گەر پزیشکەکان نەخۆشەکان رابکێشن بۆ ناوەندە تایبەتییەکانی قازانجهێنەر یان گەر لەو کاتژمێرانەی کە بۆ پێشکەشکردنی خزمەت لە کەرتی گشتیدا هەقدەس دەگرن بە باشی کار نەکەن، پاڵنەری ئابووری رەنگە *کارامەیی دابەزێنێت*. هەڵسووکەوتی دووەم لە زۆرێک لە سیستەمەکانی خزمەتگوزارییەکانی چارەسەریدا تووشی دوو کاری بێتەوە وەکوو ئیتاڵیا (فەڕەنسا، تاروونی و دووناتینی، 2005)، کاستاریکا (سیووداف و گۆترێت، 2008) و ئەندۆنزیا (بیر و ئێگڵێستۆن). لە کۆتاییدا، دوو کاری زۆر جار رەوتی دانەوەی نافەرمی بە چالاکانی ناوەندە دەوڵەتییەکان ئاسان دەکاتەوە (لوویس، 2000؛ سیسکۆ و هاوکاران، 2008).

**کاریگەری دوو کاری لەسەر یەکسانی دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان**

دوو کاری، بواری یەکسانی بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان لە باری جۆر و چۆنیاتییەوە بۆ ئاستە جیاوازەکانی داهات تێکدەدات (سیسکۆ و هاوکاران، 2008). ئەو کەسانەی کە لە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکانی کەرتی تایبەت کەڵک وەردەگرن، تێچوونەکەی لە سەرچاوەی داهاتی خۆیان یان لە رێگای ئینشوورانسی تایبەتی خۆیانەوە دەدەن. ئەم خاڵانەی دانەوە بە شێوەی ئاسایی بۆ کەسانی کەم داهات بوونی نیە.

**تیۆری دوو کاری**

تیۆری دوو کاری لە بواری خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکاندا تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا لە دەقە پسپۆڕییەکاندا باس کراوە. بە هۆی کەمبوونی زانیاری لە بواری خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەتدا، تەنیا ژمارەیەکی کەمی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بۆ پێشبینی تیۆری لەبەر دەستدایە. لەگەڵ ئەمەشدا، کۆی—ئەرێنی و نەرێنی—سەبارەت بە کاریگەرییەکانی دوو کاری لە پەرەسەندندایە:

- دوو کاری، لە هەلومەرجی گونجاو و بە یاسای گونجاوەوە، رەنگە سیستەمی خزمەتگوزارییە چارەسەرییە دەوڵەتییەکان باشتر بکات.
- دوو کاری، لە هەلومەرجی گونجاودا رەنگە ئاستی خۆشگوزەرانی گشتی بەرز بکاتەوە (ئێگڵێستۆن و بیر، 2006).

- ولاّتانی پێشکەوتوو بە سیستەمی ئابووری و چاوەدێری دژوارەوە لە بەراورد لەگەڵ ولاّتانی کەمتر پێشکەوتوودا، خاڵە یاساییەکانی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی دوو کاری لەبەردەستیاندایە.

***باشترکردنی سیستەمی گشتی لە دوو سەرچاوە هەڵدەکەوێت***

لەوانەیە کەرتی تایبەت وەک قورەبوویەکی ناماددی ببێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری بەشدارینەکردنی دابینکاری ئاست بەرز لە سیستەمی گشتیدا (بیر و ئێگلێستۆن، 2006). دەوڵەتەکان زۆرجار توانایی دابین کردنی قەرەبووی رکەبەرایەتی یان پاڵنەرە گونجاوەکان لە سەر بنەمای کردەوە لە سیستەمی دەوڵەتیدا نین(بیگلەیزێر و ئێمە، 2007؛ گۆنزاڵز، 2004). بە شێوەی تیۆری، دەوڵەتەکان بە رێگە پێدانی چالاکی تایبەتی لە راستیدا بەسەی قەرەبووکردنەوەی کەرتی گشتی بۆ ئەو چالاکانەی کە دەتوانن سەرنجی نەخۆشەکان بۆ کەرتی تایبەت رابکێشن، پەرە پێدەدەن. گەر لەسەر رەوتی دابین کردنی قەرەبووی کەرتی تایبەتی بۆ ئەو پزیشکانی کە لە سیستەمی دەوڵەتیشدا کاردەکەن، سنووردارێتی دەگونجێندرێت، پزیشکانی باوەڕپێکراو پێیان باشتر دەبێت کە کە تەنیا لە کەرتی تایبەتدا کار بکەن و بەم شێوەیە کەرتی گشتی لە پزیشکانی شارەزا بێبەش دەبێت. بەڵگە ئەزموونییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم مەزەندەیە هەیە.

دوو کاری رەنگە چۆنیەتی سیستەمی دەوڵەتییش باشتر بکات. گەر پزیشکەکان هەوڵی خۆیان بۆ باشتر کردنی چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکانی سیستەمی دەوڵەتی باشتر بکەن تاکوو لەم رێگایەوە متمانەی پێویست بۆ چالاکی سەرکەوتوو لە کەرتی تایبەتدا وەدەست بهێنن، چۆنیەتی گشتی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتی باشتر دەبێت(گۆنزاڵز، 2004). گونجاندنی سنووردارێتی لە کەرتی تایبەتدا رەنگە پاڵنەری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە چۆنیەتی باشەوە لە بەشی دەوڵەتیدا دابەزێنێت.

چاکسازییەکانی تری هەڵکەوتوو لە دوو کاری رەنگە ئاستی گشتی خۆشگوزەرانی کۆمەلاّیەتی بگرێتەوە. دابین بوونی ئەگەری کڕینی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکانی شیمانەکراو بە باشتر بە نرخی سەرەوە بۆ کەسانی دەوڵەمەند، رێژەی ناکۆکی نێوان دەرخستن و خواستن کەم دەکاتەوە. بە واتایەکی دی، لە حاڵەتی قەدەغە کردنی چالاکی تایبەتیدا، هەموو خەڵکی دەبێ خزمەتگوزارییە چارەسەرییە دەوڵەتییەکان بیان گرێتەوە لە حاڵێکدا هەندێ لە کەسەکان پێیان خۆشە کە بۆ خزمەتگوزاری باشتر و گرانتری کەرتی تایبەت پارەی زیاتر بدەن(سیسکۆ و هاوکاران، 2008).

نموونە تیۆرییەکان، دەرئەنجامەکانی یەکسانی دوو کاری بە شێوەی راستەوخۆ لەبەرچاو ناگرێ. هەر چەند، ئەم دەرئەنجامە کە کەسانی پڕداهات دەتوانن تێچوونی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت بدەن و کەسانی کەم داهات ناتوانن ئەم تێچوونە بدەن، لە بەرچاو دەگرن.

***تیۆرییەکە هەروەها ئاکامە نەرێنییەکانی دوو کاری بە سێ شێوە پێشبینی دەکات***

یەکەم، دوو کاری رەنگە ببێتە هۆی دروووست بوونی سیستەمی خزمەتگوزاری دوو دەستەیی کە تێیدا پزیشکە باوەڕپێکراوەکان(بە قەرەبووی سەرەوە) زۆرتر کاتی خۆیان لە کەرتی تایبەتدا بەسەربەرن و ئەو پزیشکانەی کە شارەزاییان کەمترە تەنیا بە خزمەتکردن لە بەشی دەوڵەتیدا خەریکبن. ئەم دیاردەیە بە روونی نابەرابەری ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی کەسانی دەوڵەمەند و هەژار دەکرێ، بەرز دەکاتەوە. دروووست بوون یان دروووست نەبوونی سیستەمی دوو دەستەیی پەیوەندی هەیە بە قەرەبووی رێژەیی بەشی تایبەتی و دەوڵەتی و بە توانایی دەوڵەت بۆ چاوەدێری پێویست لەسەر چالاکی تایبەتی، وەکوو گونجاندنی سنوور یان سنووردارکردنی چالاکییەکانی تایبەتی. دووەم، گەر پزیشکەکان لە ناوەندە دەوڵەتییەکان بۆ پشکنین یان راکێشانی نەخۆشی تایبەتی کەڵک وەرگرێت، دوو کاری رەنگە ببێتە هۆی بەهرەمەند بوونی چالاکی تایبەتی لە سووبسیدی ناڕاستەوخۆی دەوڵەتی، مەگەر ئەوەی کە پەیماننامەگەلێک بۆ چاوەدێری کردنی ئەوها هەڵسووکەوتێک بنووسرێت و لە نێوان پزیشکەکان و ناوەندە دەوڵەتییەکاندا بەڕێوە بچێت. سێهەم، چالاکی دووانە رەنگە ببێتە هۆی دروووستبوونی داخوازی وەبەرنان واتە بەرزکردنەوەی داخوازی بۆ خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت. چوونکوو پزیشکەکانی بەشی دەوڵەتی نەخۆشەکان بۆ نۆڕینگەی تایبەتی خۆیان کە زۆر جار لەوێدا خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش دەکرێت، دەنێرن.

**کێشەکانی تری پەیوەندیدار بە چالاکی دووانەوە**

دوو کێشەی سیاسی تریش هەیە کە بەتەواوی لە هەڵسەنگاندنە تیۆرییەکانی پێشتر گووتراودا باس ناکرێن. یەکەم ئەوەی کە، رێژەی ئەو سووبسیدانەی کە لە سیستەمی دەوڵەتی بۆ خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکانی کەرتی تایبەت رادەگوێزرێت، هەندێ جار بە رێکوپێکی دیاری ناکرێت. بۆ وێنە، ئایا نەخۆشانی سەردانکەری کەرتی تایبەت هەموو تێچوونەکان لە گیرفانی خۆیان دەیدەن، یان ئایا پزیشکەکان بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە کەرتی تایبەتدا پێشکەشی دەکەن، لە سیستەمی دەوڵەتی هەقدەس وەردەگرن؟ وەلاّمی ئەم پرسیارە دیاری

دەکات کە ئایا ئاکامە نەرێنییەکانی داخوازی وەبەرنان یان سواربوونی خۆڕایی بەسەر سیستەمی دەوڵەتیدا دەشکێتەوە یان بەسەر خەڵکیدا. دووەم ئەوەی کە، لە نموونە تیۆرییەکاندا مەزەندە ئەوەیە کە سیستەمەکانی خزمەتگوزاری چارەسەری یان دەوڵەتی بە پارێزگاری و رێکخستنی یەک بە یەکی پزیشکەکانی خاوەن چالاکی دووانە و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا خەریکن لە حاڵێکدا سەبارەت بە KRI بە روونی ئەوها نیە(بیگلێرز و ئێمە، 2007). ئەم مەزەندەیە لە هەندێ لە بابەتەکاندا بەتایبەت لە وڵاتانی کەم داهات و مامناوەنددا، دوور لە عەقڵە.

## بارودۆخی هەنووکەیی دوو کاری لە ناوچەی کوردستان—ی عێراقدا

پزیشکە چالاکەکان لە سیستەمی دەوڵەتی KRI دا ئەمرۆژە سنووردارێتییان لە شێواز، کار یان شوێنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە کەرتی تایبەتدا نیە. پزیشکەکان زۆرجار سەرلەبەیانی خەریکی چارەسەر نەخۆشەکانی کەرتی گشتی، لە نەخۆشخانە یان ناوەندەکانی چاوەدێریدان و کاتژمێرە کارییەکانی تری رۆژ لە نۆڕینگەی تایبەتیدا بەسەر دەبەن(موور و هاوکاران، 2012). رێژەی ئەو کاتەی لە کەرتی گشتیدا بەسەر دەبرێت، بگۆڕە بەڵام لە کاتی وتووێژ لەگەڵ چالاکانی کلیلیدا پێیان گووتین کە رێژەی لە سفرەوە تاکوو تەنیا چەند کاتژمێرێک بگۆڕە. چالاکی لە دەرەوەی کەرتی گشتیشدا دەگۆڕێت. زۆربەی پزیشکەکان لە نۆڕینگەی تایبەتی خۆیاندا کاردەکەن بەڵام هەندێکیان لە نەخۆشخانەکان یان دەستە تایبەتییەکان کار دەکەن.

#### هەقدەسی پزیشک

دوای ئەوەی کە پزیشک خولی کارفێربوونی کلینیکی یەک یان دوو ساڵەی دوای تەواوکردنی خوێندن و ساڵێک ناچاری خزمەت لە ناوەندی پێشکەشکردنی چاوەدێرییە سەرەتاییەکانی تەواو کرد، دەتوانێ لە یەکێتی پزیشکاندا ناوی بنووسێت و لە مووچەی مانگانگ و مووچەی مسۆگەری دوای خانەنشینی بەهرەمەند بێت. ئاستی قەرەبووی پزیشک بە پێی پێشینە، وەک پلە یان بابەت، جیاوازە بەڵام قەرەبوو پەیوەندی نیە بە رێژەی کاتی کار کردن لە رۆژ، حەوتوو یان مانگدا لە کەرتی گشتیدا یان چۆنیەتی ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێشکەش دەکرێت. بە کورتی، لە کەرتی گشتیدا، نزیک بە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان کارامەیی و قەرەبوودا نیە.

هەروەها، قەرەبووی پزیشکەکان راستەوخۆ وەزارەتی ئابووری KRG دەیان داتێ. بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکان هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر قەرەبووی ئەو پزیشکانەی کە لە نەخۆشخانەکەی خۆیاندا کار دەکەن، نیە و ناتوانن بۆ کاری زۆڕ پاداشت لەبەر چاو بگرن یان قەرەبووی ئەو پزیشکانەی کە کارامەییان نیە دابەزێنن. هەمان بابەت سەبارەت بە فەرمانبەرانی تەندروستی ئەو ناوچەیەی کە چاوەدێری کاری پزیشکە دامەزراوەکان لە ناوەندەکانی چاوەدێرییە سەرەتاییەکانی ناوچەی خۆیان دەکەن، راستە. هەموو پزیشکەکانی ئەندام لە یەکێتی پزیشکانی دوای خانەنشینیدا، بە چاوپۆشین لە رێژەی کاتژمێرەکانی چالاکی لە کەرتی گشتیدا، مووچەی هەمیشەیی وەردەگرن.

پزیشکانی کەرتی تایبەت، نزیکەی هەمیشە قەرەبووی خۆیان بەشیوەی دەستی لە دەستی نەخۆشەکان یان خزمەکانیان وەردەگرن. ئەو بڕە پارەیەی کە نەخۆش دەیداتە پزیشک، بە پێی رێژەی داخوازی خزمەتێکی تایبەت جیاوازە بەڵام شیاوی ئەوەیە کە چەندین بەرانبەری تێچوونی هاوشێوە بێت لە کەرتی گشتیدا. بۆ ئەو بڕە پارەیەی لە کەرتی تایبەتدا وەردەگیرێت، ئاستی زۆرینە پێناسە دەکرێت بەڵام چالاکانی کلیلی ئەوانەی وتووێژیان لەگەڵ دەکرا دەیانگوت کە ئەم یاسایە نزیکەی هیچ کاتێ بەڕێوە نەبراوە. بەداخەوە زانیارییەکی دڵنیا سەبارەت بە تێچوون یان رێژەی داهاتی پزیشکەکانی کەرتی تایبەت بوونی نیە کە بتوانرێ سەبارەت بەم یاسایە روونکردنەوە بدرێت. هەر بەم هۆیەوە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە لێکۆڵینەوەی راسەری زۆری بۆ راگەیاندن بۆ سیاسەتی داهاتووی هەیە.

هەموو وڵاتەکانی تووشبوو بە کێشەی دوو کاری دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی سیستەمەکان و بارودۆخی خۆت لەم کێشەیە بکۆڵنەوە. لە KRI دا، راستییەکان ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت:

- کەمبوونی پزیشک بۆ دابین کردنی پێویستی بەشی دەوڵەتی لە ئێستا و لە داهاتوودا
- چاوەڕوانییە گشتییەکان سەبارەت بە بە خۆڕایی بوونی راستی هەموو خزمەتگوزارییەکان لە ناوەندەکانی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکانی دەوڵەتیدا

- بودجەی زۆر کەم بۆ دابین کردنی هەموو پێویستییە هەنووکەییەکانی دەوڵەت. کەمبوونی بودجە بە تایبەت بۆتە هۆی ئەوەی کە قەرەبووی پزیشکەکان زۆر کەمتر لەو بڕە پارەیەیە کە دەتوانن لە بەشی تایبەتیدا وەدەستی بهێنن.

لێکۆڵینەوەی پێشووی RAND (موور و هاوکاران، 2012) دەریخست کە ژمارەی پزیشکی پێویست بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی داهاتووی ئەو دانیشتووانەی کە رۆژبەرۆژ زیاد دەکات زۆر زیاتر لەو کەسانەیە کە لە ئێستادا خەریکن پەروەردە دەبن. لەوێوە کە ژمارەی ئەو پزیشکانەی کە نوێ پەروەردەکراون لە بنەڕەتدا لەگەڵ ژمارەی ئەو پزیشکانەی کە لە حاڵی تەواوبوون لە خزمەتن بە هۆی خانەنشینی، مردن یان کۆچەوە، گونجاوە، خستنەڕووی پەتی پزیشک بەرز نابێتەوە.

گەر مەزەندە بکەین کە داخوازی بۆ خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتدا زۆرتر دەبێت، ژمارەی سەرانەی پزیشک لە KRI دا زۆر کەمتر لە ژمارەی پەیوەندیدار بە وڵاتە دراوسێکانەوەیە(چاو لە خشتەی 1.4 بکەن) و ژمارەی پزیشکانی دامەزراو لە کەرتی گشتیدا زۆر کەمتر لە ژمارەی پێویستە لە سەر بنەمای سیاسەتە هەنووکەییەکان، رێژەی دابەزینی خستنەڕووی پزیشک تەنانەت لە داهاتوودا زیاتر دەبێت. لەوێوە کە KRG پاراستنی شیاوی دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان وەکوو یەکێک لە مافەکانی هاوولاتیبوون دەخاتە ئەستۆی خۆی، پێویست بە ژمارەیەکی زۆر زیاتری پزیشک لە داهاتوودا یان پێویست بە بەرزکردنەوەی بەرهەمداری پزیشکەکانی کەرتی گشتی روون دەبێتەوە. هەروەها، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو پێویستییەکانی پەرەسەندن لە KRI دا، بودجەی تەندروستی شیمانە دەکرێ هەروەها لە ژێر ئاستی مەبەستی رێبەرانی کەرتی گشتی یان لە ژێر ئاستی پێویست بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییە تەندروستیەکانکان کە بوونیان هەیە، بە تایبەت، تێچوونی زیادەی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتووی سیاسەتی لێکۆڵینەوە لە دوو کاری، بمێنێتەوە.

**خشتە 1.4**
**پزیشکە زیادەکانی پێویست بۆ هەرێمی کوردستان—عێراق لە 2020 دا سەرتر لە ئاستی هەنووکەیی، بە نرخی بەکاربردنی (ژمارەی سەرانەی پزیشک)**

| گەر نرخی بەکاربردن لەگەڵ نرخی ئەم وڵاتەدا گونجاو بێت | پزیشکە زیادەکانی پێویست بە نموونەی هەنووکەیی بەکاربردنی ئەم وڵاتە | رێژەی بەرزکردنەوە لە خستنەڕووی دابین بوونی پزیشک لە KRI بە کەڵک وەرگرتن لە نرخی بەکاربردنی ئەم وڵاتە |
|---|---|---|
| KRI | 2,574 | 33 |
| ئێران | 3,656 | 11 |
| تورکیە | 13,787 | 83 |
| کوێت | 6,550 | 120 |
| میسر | 8,721 | 195 |
| ئۆردۆن | 1,299 | 216 |
| جیهان | 13,064 | 71 |

سەرچاوە موور و هاوکاران، 2012

ئامانجی گشتی KRG، خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان وەکوو یەکێک لە مافی هاوولاتیبوونە و نەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکانی دەوڵەتی رۆڵی بنەڕەتییان هەیە لە وەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا. لەم رووەوە، چاکسازی سیاسەت لە بواری چالاکی دووانەدا دەبێ بە لەبەرچاو گرتنی دابین کردنی—راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ—ژمارەی پزیشکانی کارامەی پێویست بۆ ناوەندە دەوڵەتییەکان بکرێت.

**کەرتی تایبەت**

پزیشکانی KRI لە یەکێک لە سێ ناوەندی تایبەتی خوارەوەدا کار دەکەن:

- نۆڕینگە تایبەتییەکان (زۆرجار نۆڕینگەیەکی یەک یان دوو ژووره بە شیمانەی هەندێ کەرەستەی تاقیکردنەوەیی)
- نۆڕینگە چەند پزیشکییەکان(ئەمانە زۆر جار ناوەندێکی گەورەیە بە چەندین ژوور و دەزگای پێشکەوتووەوەن)
- نەخۆشخانە تایبەتییەکان کە لە باری قەبارە و دژوارییەوە جیاوازن. ژمارەی نەخۆشخانە تایبەتییەکان بە خێرایی بەرز دەبێتەوە. خزمەتگوزارییەکانی ئەم نەخۆشخانانە بە شێوەی ئاسایی نرخێکی جێگیریان هەیە کە چەندین بەرانبەری نرخی خزمەتگوزارییەکانی هاوشیوەیە لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکاندا. هەروەها نەخۆشخانە تایبەتییەکان زۆر بچووکتر لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکانن (بۆ وێنە 15 تا 40 تەخت لە بەرانبەر 100 تا 300 تەختدا)

**بەشداربوونی دەوڵەتی/تایبەتی**

بەرنامەکان و تاقیکردنەوە تێکەڵکراوەکان لە KRI دا، کە بە کەمێک چاوپۆشینەوە دەکرێ ناویان لێ بنرێت بەشداربوونەکانی دەوڵەتی/تایبەتی، دەرکەوتوون کە بۆ کەڵک وەرگرتنی باشتر لە ژێرخانەکانی دەوڵەتی و هاندانی پزیشکەکان بۆ ئامادەبوون لە ناوەندە دەوڵەتییەکاندا—بەتایبەت لە کاتژمێرەکانی دوانیوەڕۆ—داڕێژراون. دەبێ سەرنجی سێ بابەتی گرینگ بدرێت:

- **نۆڕینگەکانی نەخۆشخانە دەوڵەتییەکان لە کاتژمێرەکانی دوانیوەڕۆدا:** هەندێ لە نەخۆشخانە حکومیەکان، وەکوو رزگاری، چەند نۆڕینگەیەکیان لە نەخۆشخانەدا بۆ پێشکەشکردنی خزمەت لە دەرەوەی کاتژمێرە فەرمانگەییەکاندا دامەزراندووە. پزیشکەکان و فەرمانبەرەکانی تر بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری لەم نۆڕینگانەدا پارەی زیادە کارکردن وەردەگرن.
- **بەشە تایبەتییەکان لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکاندا:** لە نموونەیکدا کە لە باشووری عێراقدا تاقیکراوەتەوە، هەندێ نەخۆشخانەکانی KRI بەشگەلێکیان بە کرێ داوە بە بەشە تایبەتییەکان و بە وەدەست هێنانی داهات لەم رێگایەوە هەوڵیانداوە بۆ پەرەپێدانی بەشی گشتی نەخۆشخانە.
- **نۆڕینگەکانی راوێژی حکومی/ تایبەتی Suli (بە ناوی نۆڕینگەکانی راوێژیش دەناسرێن):** لە Suli دا، پزیشکەکان لە بیناکانی تیمارگە دەوڵەتییەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ نەخۆشەکان کەڵک وەردەگرن. ئەوان رێگەیان پێدراوە کە داوای تێچوونی زۆر زیاتر لە تێچوونی کەرتی گشتی و کەمتر لە تێچوونی کەرتی تایبەت بکەن. نەخۆشەکانیش باشی وەردەگرن چوونکوو لە خزمەتگوزارییە گونجاوەکان بە نرخی خوارتر لە نرخی کەرتی تایبەت بەهرەمەند دەبن. تاوتوێکردنی وردی ئەم نموونە، شیاوی ئاشنابوونی زیاتر لەگەڵ ئاستی پشتیوانی پێویست بۆ هێشتنەوەی پزیشکەکان لە کەرتی گشتیدا دابین دەکات. ئەم نموونەیە ئێستاکە لە ئاستی KRI دا پەرەی پێدەدرێت.

## سنووردارێتییە یاساییەکان

سیاسەت سازڕێژەرانی KRI داواکاری لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی کارامەیی و یەکسانی لە بواری چالاکی دووانەدان، رووبەڕووی سنووردارێتییە یاساییەکانن کە زۆربەی ئەوان تا رادەیەک لە بەشی دوودا شیکراوەتەوە. لەم بەشەدا ئاماژە بە هەندێ لە سنووردارێتییە سەرەکیەکان کراوە.

**زانیارییەکان**

زانیاری زۆر کەم—بەتایبەت زانیارییەکانی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی—بە رێکوپێکی کۆدەکرێتەوە و دەخرێتە بەردەستی سیاست داڕێژەران. هەندێ لە زانیارییەکان لە ناوەندەکانی چاودێری سەرەتایی و نەخۆشخانەکاندا کۆ دەکرێنەوە بەڵام ئەم زانیارییانە بە شێوەی ئاسایی ژمارەی نەخۆشەکان و هەندێ جار سکاڵا گشتییەکان یان نەخۆشیە دیاریکراوە تۆمارکراوەکان لە سەر فۆرمی کاغەزیدا لە خۆ دەگرێت. زۆرجار، زانیارییەکان لە ئاستی دەوڵەتیدا کۆدەکرێتەوە و بە کەمی بۆ ئامانجە بەڕیوەبەرایەتییەکان بەکار دەهێنرێن. زانیاری ورد لەبەر دەستدا نیە. زانیارییە ئاساییەکان نیشاندەری کاتژمێرە کارییەکانی پزیشک لە نەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی چاودێری سەرەتایی تایبەتیدا یان ژمارەی ئەو کارانەی کە ئەو جێبەجێیان

دەکات، بوونی نیە. هەروەها ئەو زانیارییانەی کە بتوانن نێوان کارامەیی و پزیشکەکان یان دەستەکانی پزیشکی پەیوەندی درووست بکەن، بوونیان نیە.

وەزارەتی تەندروستی بۆ گەیشتن بە ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆی لە بواری رێکخستنی چارەسەریدا، دەبێ ئەم بۆشای زانیارییانە پڕ بکاتەوە. لەڕاستیدا، وەزارەتی تەندروستی لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەدایە کە کارێکی ئەوها بکات. هەر چەند، پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە شیمانە دەکرێ چەندین ساڵ بخایەنێت و ئەو بۆشاییەی ئێستا سنوردارێتی جیدی بۆ داڕێژەرانی ئەمڕۆ دروست دەکات.

### ئاڵۆزی چاوەدێری

ئاڵۆزی چاوەدیری پێویست بۆ لێکۆڵینەوە لە چالاکی دووانەی پزیشکەکان بەرچاوە لە حاڵێکدا کە توانایی هەنووکەیی وەزارەتی تەندروستی بۆ پاراستنی سیستەمی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان سنووردارە. کادری کارامە و سەرچاوەکانی وەزارەتی تەندروستی سنووردارە و ژمارەیەکی کەمی سیستەمی چاوەدێری بوونی هەیە. ئەم بەربەستانە، لە لای نەبوونی زانیارییە وردەکان، خاڵە یاساییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار دەکات.

### بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانە

هەروەها کە لە بەشی دوودا گووترا، نەخۆشخانەکان هەنووکە بەڕێوەبەرانی پزیشکی ناکارامە کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان سەبارەت بە فەرمانبەرەکان نیە و بە دەست نەبوونی بودجە و سەرمایەوە دەناڵێنن، بەڕیوەیدەبەن. تەیار بوونی بواری بەڕێوەبردنی هەندێ لە خاڵەکانی چاکسازی لە بواری چالاکی دووانەدا پێویستی بەوەیە کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە یەک بە یەکی نەخۆشخانەکان.

### بودجە

لە کۆتاییدا، نزیک بە باوەڕ نەکردنە کە گونجاندنی گۆڕانکارییە کاریگەرەکان بە بێ بەرزکردنەوەی زۆری بودجەی دەوڵەتی بۆ بەرزکردنەوەی قەرەبووی پزیشکەکانی بەشی گشتی بە شێوەیەک کە هەقدەسی ئەوان لەگەڵ قەرەبووی پزیشکەکانی کەرتی تایبەتدا شیاوی بەراوردکردن بێت، یان پێشکەشکردنی پاڵنەرە ئابوورییەکان لە بەرانبەر کردەوەی گونجاودا، شیاو بێت.

## خاڵە یاساییەکان

خاڵە یاساییەکانی بەردەست سیاسەت داڕێژەرانی KRG بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە پەیوەندیدارەکان بە دوو کاری دەکرێ دابەش بێ بەسەر پێنج دەستەدا:

1. خۆ بە دوور گرتن لە کردەوەی سنووردارێتی لەسەر دوو کاری و کردنەوەی رەهەندی گۆڕینی بازاڕ.
2. گونجاندی سنووردارێتی یاسایی لە سەر کاری پزیشکە چالاکەکان لە کەرتی تایبەتدا.
3. گونجاندی سنووردارێتی لە سەر بنەمای کاتژمێرە کارییەکان، داهات یان بگۆڕەکانی پەیوەندیدار بە پزیشکەوە.
4. پێشکەش کردنی پاڵنەرە ئابوورییەکان بە پزیشکەکان.
5. مسۆگەرکردنی چۆنیەتی لە کەرتی گشتیدا.

#### 1. خۆ بە دوور گرتن لە کردەوەی سنووردارێتی لەسەر دووکاری و کردنەوەی رەهەندی گۆڕینی بازاڕ

وەکوو بابەتی KRI، زۆرێک لە دەوڵەتەکان لەبەر یەک یان چەند هۆکار هەوڵ بۆ پاراستن یان کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان لە بواری چالاکی دووانەدا نادەن. کاریگەرییەکی پەتی کە لەسەر سیستەمی چارەسەری دادەنێت، پەیوەندی هەیە بە بارودۆخی تایبەتی ئەوانەوە. هەروەها کە باس کرد، بارودۆخی بازاڕئازادی دوو کاری لە KRI دا بۆتە هۆی درووستبوونی بارودۆخێک کە تێیدا چاکسازی کەرتی گشتی لە بوارەکانی کارامەیی، چۆنەتی و دەستپێڕاگەیشتندا بە بێ لێکۆڵینەوە لە کێشەی دوو کاری دژوار دێتە بەرچاو.

### 2. گونجاندی سنووردارێتی یاسایی لە سەر کاری پزیشکە چالاکەکان لە کەرتی تایبەتدا

#### *a.2. گونجاندی سنووردارێتی تەواو لەسەر دوو کاری*

هەندێ لە وڵاتەکان (وەکوو کەنەدا) پزیشک ناچار دەکات کە لە نێوان کارکردن لە کەرتی تایبەت و دەوڵەتیدا یەکێکیان هەڵبژێرێت. پزیشک ڕێگەی پێنادرێت لە هەر دوو بەشەکەدا کار بکات. سیاسەتی هاوشێوە بەڵام ناتەواو، ئەوەیە کە پزیشک ناچار دەبێت کە دوای تەواوبوونی خوێندنەکەی بۆ ماوەی چەند ساڵی دیاریکراو لە کەرتی تایبەتدا کار بکات و دواتر مۆڵەتی کار کردن لە کەرتی تایبەتدا پێبدرێت.

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە ئاماژە بە جێگیربوونی سیستەمێکی تەواو پێناسە کراو دەکەن کە بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبردنی بەو مەرجەی دەوڵەت دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتەی هەبێت، تارادەیەک ئاسانە. لە لایەکی ترەوە، لە نەبوونی ڕکابەرایەتی پێویستی کەرتی تایبەت بۆ پزیشکەکان، زۆرجار ئەوها سیاسەتێک دەبێتە هۆی درووستبوونی دیاردەی خزمەتگوزاری پزیشکی دوو دوستە کە تێیدا پزیشکە باوەڕپێکراوەکان لە بەشی تایبەتیدا کار دەکەن و خزمەتگوزاری باشتر پێشکەشی خەڵک دەکەن. پاشان کەرتی گشتی پڕ دەبێت لە پزیشکی کارامەیی نزم، ئەوانەی کە ناتوانن داهاتی بەرزتر بەدەستبهێنن لە کەرتی تایبەتدا. لە کۆتاییدا نەخۆشەکانی کەرتی گشتی خزمەتگوزاری خراپتر وەردەگرن.

لە KRI دا، قەرەبووی پزیشک بۆ هەر نەشتەرگەرییەک لە کەرتی تایبەتدا—تەنانەت دوای کەمکردنی تێچوونە فەرمانگەیی و کەرەستەییەکان—زۆر زیاتر لەو قەرەبووە پزیشک بۆ بەسەربردنی کات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی هاوشێوە لە کەرتی گشتیدا وەردەگرێت. گەر KRG بیەوێت سنووردارێتیگەلێک لە سەر دوو کاری بگونجێنێت، دەبێ بودجەیەکی زۆر بۆ بەرزکردنەوەی قەرەبووی پزیشکەکانی بەشی دەوڵەتی تەرخان بکات، لە نەبوونی ئەم حاڵەتەدا ئەم سیاسەتە کاریگەر نابێت. روونە کە لە هەلومەرجێکدا کە ئەم سیاسەتە بێ هاوسەنگ کردنی قەرەبووەکانی کەرتی گشتی بەڕێوەبراوە، یان پزیشکەکان سنووردارێتییەکان و یاسایان لە بەرچاو نەگرتووە یان سیستەمی دوو دەستەیی درووست بووە.

#### *b.2. ناچارکردنی خزمەتی گشتی چەند ساڵە پێش دەرکردنی مۆڵەتی چالاکی تایبەتی*

ناچارکردن بە خزمەتی گشتی بۆ چەند ساڵێکی دیاریکراو پێش دەرکردنی مۆڵەتی چالاکی کەرت تایبەت وەک بەندێکی یاسایی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق پێشنیار کراوە. لە سیناریۆیەکی لەو جۆرەدا، وەزارەتی تەندروستی ئەو پزیشکانەی کە بەم دواییانە خوێندنیان تەواوکردووە ناچار دەکات بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو (بۆ نمونە سێ تا پێنج ساڵ) لە کەرتی تایبەتدا کاربکەن و دواتر مۆڵەتی دامەزراندنی نۆڕینگەی تایبەت یان چالاکیان لە کەرتی تایبەتدا پێدەدات. سیاسەتی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوەیە کە بەڵگەی تەواوکردنی خوێندنی پزیشکی لەسەر بنەمای ئەو خزمەتی یەک ساڵە دەبێت کە لە ناوەندی چاودێری سەرەتاییدا بەسەری دەبات.

لەوڵاتانی تریشدا ناچارکردنی هاوشێوەی ئەمە لەئارادان، بۆ نمونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە تێچوونی خوێندن لە سوپادا، خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان (USPHS) یان فەرمانگە فیدراڵیەکانی تر خەریکە ناچاردەکرێن تێچوونی خوێندنەکەیان بە شێوەی نانەختینە بە خزمەتکردن لە سوپا یان USPHS، یان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی لە ناوچە بێبەشە دیاریکراوەکاندا بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو بدەن، دواتر مۆڵەتی چالاکی لە کەرتی تایبەتدا وەردەگرن. ئەگەری ئەوە هەیە پزیشکە گەنجەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەڵستی ئەم گۆڕینی سیاسەتە بکەن. خولی ئاشنابوون ناچارییە. هەرچەندە لە ڕوانگەی چاودێری و تێچوونەوە سیاسەتێکی لەمجۆرە شیاوی بەڕێوەبردن نییە.

### 3. گونجاندنی سنووردارێتی لەسەر بنەمای کاتژمێرە کارییەکان، داهات یان بگۆڕەکانی تر

وڵاتەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەڕواننە بابەتی چالاکی دوونە. هەندێک لە دووی ناچارکردنی پزیشکەکانن بۆ خزمەتکردن لە بەشی گشتیدا و هەندێکیشیان لەدووی سنووردارکردنی کاتی چالاکی ڕێگەپێدراوی پزیشکە تایبەتییەکانن لە بەشی گشتیدا کە ئەم ناچار کردنە زۆر جار سووبسید لە خۆ دەگرێت. بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کارامەیی بەشی گشتی و شیاوی دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان کە سنووردارێتییەکانی سەرەکی چاکسازی خستنەڕوو، چۆنیەتی و کارامەیی بەشی گشتییە، بەرزکردنەوەی ماوەی کاتی چالاکی پزیشکەکان لە کەرتی تایبەتدا دەبێ یەکێک لە ئامانجە سیاسییە کلیلییەکانی لە KRI دا بێت. لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێ چاکسازی تریش بگونجێندرێت، ئێمە بە لەبەرچاو گرتنی بابەتی پێشتر گووتراو بە خاڵی گونجاندنی سنووردارێتی لەسەر ماوەی کاتی چالاکی پزیشکەکان لە کەرتی تایبەت خەریک دەبین.

هەندێ لە روانگەكان گرێدانی چالاكی لە كەرتی تایبەتدا بە چالاكی لە بەشی گشتیدا لە خۆدەگرێت. ئەم روانگانە بریتین لە:

- a.3.* دیاریكردنی ناچارییەكان وەكوو ژمارەی كاتژمێرە كارییەكان یان ژمارەی نەشتەرگەری كردنی دیاریكراو لە رۆژ، حەوتوو یان مانگدا لە بەشی گشتیدا وەكوو مەرجی دەركردنی چالاكی لە بەشی تایبەتیدا.
- b.3. دیاریكردنی سنووردارێتی كاتژمێرە كارییەكان لە بەشی گشتیدا بۆ پزیشكەكانی كەرتی تایبەت و سنووردار‌كردنی قەرەبوو و مووچەی بەشی گشتی لەسەر بنەمای سنووردارێتی گونجێندراو.

رەنگە چالاكی لە كەرتی تایبەتدا ببێتە بنەمای قەرەبوو، بۆ وێنە بەم شێوەیە:

- c.3. درووستكردنی ئەو ناچارییە كە داهاتی پزیشكە دامەزراوەكان لە دەرەوەی بەشی گشتیدا نابێ لە رێژەیەكی دیاریكراو لە داهاتی پزیشكەكانی بەشی گشتی دەربچێت.
- d.3. پزیشك رێگەی پێدرابێت كە تەنیا رێژەیەكی دیاریكراو لە داهاتی خۆی لە چالاكی لە كەرتی تایبەتداوەدەست بهێنێت.

لە خاڵەكانی سەرەوە، ئێستا تەنیا خاڵی a.3 (درووستكردنی ئەو ناچارییە كە چالاكی لە بەشی گشتیدا سنووردارێتی ژمارەی كاتژمێرە كارییەكان یان ژمارەی كارە نەشتەرگەرییەكانی دیاریكراو لە ماوەیەكی دیاریكراودا لەخۆ بگرێت) لە KRI دا شیاوی بەڕێوەبردنە. خاڵی b.3 بۆ ئەو كێشەی كە ئێستا لێی دەكۆڵدرێتەوە گونجاو نیە چوونكوو خستنەڕووی پزیشكەكان تووشی كەمبوون و زیادنەبوونی خستنەڕووە و دەبێت. خاڵەكانی c.3 و d.3، كە چالاكی لە كەرتی تایبەت دەبەستنەوە بە داهاتەوە، شیاوی بەڕێوەبردن نین چوونكوو زانیارییەكانی پەیوەندیدار بە داهاتی دەرەوەی بەشی گشتی لە بەردەستدا نیە.

**4. پێشكەشكردنی پاڵنەرە ئابوورییەكان بە پزیشكەكان**

پاڵنەرە ئابوورییەكان دەكرێ داهێنەرانە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر پێشكەش بكرێت. وەكوو:

- a.4.* گرێدانی داهاتی بەشی گشتی بە ژمارەی كاتژمێرەكانی چالاكییەوە لە بەشی گشتیدا.
- b.4.* گرێدانی داهاتی بەشی گشتی بە ژمارەی نەشتەرگەری ئەنجامدراو لە بەشی گشتیدا.
- c.4. گرێدانی داهات بە كارامەییەوە، وەكوو پێوانەكانی قەبارە و چۆنیەتی خزمەتگوزارییە پێشكەشكراوەكان
- d.4. گرێدانی داهاتی پزیشك لە بەشی گشتیدا بە چۆنیەتی خزمەتگوزارییە پێشكەشكراوەكان لە نەخۆشخانەكان و نۆڕینگە گشتییەكان كە پزیشك تێیدا كار دەكات
- e.4. دانی قەرەبووی یەكسان بۆ نەشتەرگەری، چ لە كەرتی تایبەت و چ لە بەشی گشتیدا.

ناچاری كردنی ئاستە جیاوازەكانی بەشداربوونی چاوەدێری، خاڵەكانی a.4 و b.4 شیاوی بەڕێوەبردنن. خاڵەكانی c.4 و d.4 ئەمڕۆ شیاوی بەڕێوەبردن نین چوونكوو ئاكامی كردەوە گرێدراو نیە بە بەشداربوونی پزیشكەوە. نە كردەوەی پزیشك و نە كردەوەی نەخۆشخانە لە ئێستادا ناپارێزرێت. خاڵی e.4 یش ئەمڕۆ شیاوی بەڕێوەبردن نیە چوونكوو سیستەمی دانەوە لەسەر بنەمای بودجەیە و بە شێوەیەک نیە كە بەپێی شێواز بگۆڕێت.

**5. مسۆگەركردن لە كەرتی گشتیدا**

هەندێ لە وڵاتەكان هەوڵیان داوە تاكوو لە رێگای سەرمایەگوزاری زۆرەوە لە بەشی گشتیدا كێشەی چوونە دەرەوەی پزیشكەكان لە بەشی گشتیدا چارەسەر بكەن و چۆنیەتی لانی كەم بگەیەننە ئاستی كەرتی تایبەت و داهاتی پزیشكەكانی بەشی گشتی لەگەڵ داهاتی پزیشكەكانی كەرتی تایبەتدا شیاوی ركابەرایەتی بكەن. ئەوها شێوازێك لە شیلیدا بوونی هەیە. لەم وڵاتەدا، برە پارەیەكی زۆر بۆ یەكسان كردنی چۆنیەتی خزمەتگوزارییەكانی بەشی گشتی و كەرتی تایبەت خەرج كراوە. بە لەبەرچاو گرتنی بێ سەرنجی بە ژێرسازییەكانی چارەسەری KRI لە سەردەمی سەدام حسێندا و پێویستی سەرمایەگوزاری زۆر لە ژێرسازییەكان و قەرەبووەكاندا، ئەوها شێوازێك ئەمڕۆكە لە KRI ناكارامەیە.

## پێوەرەکانی بڕیاردان

خاڵەکانی پێنج دەستەی سەرەوە، چ بە شێوەی سەربەخۆ و چ تێکەڵاو، دەبێ هاو کات لەگەڵ پێوانە بابەتییەکان و بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە گشتییەکانی سیستەمی چارەسەری KRG هەڵبسەنگێندرێن. پێوانە کلیلییەکان دەبێ ئەم بابەتانە لە خۆ بگرێت:

- ڕێژەی کارامەیی خاڵ بۆ ئاسانسازی دەستپێڕاگەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی KRG لە بواری خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکاندا
- ئاسانی بەڕێوەبردن
- ئاڵۆزی و شیاوی بەریوەبردنی چاوەدێری بە لە بەرچاوگرتنی سیستەمی چارەسەری KRG و سیستەمەکانی تر و راسەرییە دەوڵەتییەکان
- ڕێژەی کارامەیی خاڵ بۆ دابین کردنی پێویستی خستنەڕووی پێویستی پزیشکانی کارامە لە بەشی گشتیدا
- ڕێژەی کارامەیی خاڵ بۆ بەرزکردنەوەی چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکانی چارەسەری
- ڕێژەی کارامەیی خاڵ بۆ پەرەپێدانی یەکسانی(بواری درووستکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری دوو دەستەیی تەیار دەکات یان نایکات)
- کاریگەری لەسەر کارامەیی.

هەندێ لەو خاڵانەی کە هەن و بەراوردەکانی ئێمە لە کارامەیی خاڵەکان لەسەر بنەمای پێوەرە کلیلییەکانی پێشتر گووتراو، لە خشتەی 2.4 دا هاتووە. ریزبەندی خشتە، باس لە پێوەری سێ خاڵی دەکات: ئەرێنی(سەوز)، بێکاریگەر(سپی) و نەرێنی(سوور).

## شێوازی سیاسەتی پێشنیارکراو

چەندین شێوازی سیاسەتی هەیە کە دەتوانێ لەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجە چارەسەری و نەتەوەییە گشتییەکانی خۆی لە KRG بواری چالاکی دووانەدا کەڵک وەرگرێت. لەم بەشەدا، ئێمە شێوازی شیاو لە سێ قۆناغدا باس دەکەین:

### قۆناغی I: وەدەست هێنانی ئامادەیی بۆ گۆڕینی سیاسەت

***ڕاگەیاندنی مەبەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڕینی سیاسەت لە بواری چالاکی دووانەدا***

وەکوو یەکەم هەنگاو، KRG دەبێ مەبەستی خۆی بۆ گۆڕینی سیاسەتی پەیوەندیدار بە چالاکی دووانەوە رابگەیەنێت بە پزیشکەکان و خەڵکی بە گشتی. دواتر وەزارەتی تەندروستی دەبێ یارمەتی لە پزیشکەکان و پسپۆڕەکانی تری پزیشکی وەرگرێت تاکوو دڵنیا بێتەوە کە بە رادەی پێویست بیر لە گۆڕینی سیاسە کراوەتەوە و رێککەوتنەکان تا رادەی شیاو رووی داوە. ئەم بابەتە بە تایبەت بۆ یەکێتی پزیشکان گرینگ نیە چوونکوو این مساله به ویژه برای اتحادیه پزشکان مهم است زیرا اگر در زمینه تغییرات طرف مشورت قرار نگیرد احتمال آن را رد خواهد کرد.

**خشتە 2.4**
**سیاسەتەکانی چالاکی دووانە لە بەراورد لەگەڵ پێوەرە جۆراوجۆرەکاندا**

| ژمارە | سیاسەت | جێبەجێکردنی ئاسانی | ئاڵۆزی ڕێک | داینکردنی پزیشکی گشتی | کواڵیتی | یەکسانی | شیاوی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | ڕێگەدان بە گەشەی بازاڕ بێ سنووورداری | 🟢 | 🟢 | 🔴 | ⚪ | 🔴 | 🔴 |
| a.2 | ڕێپێدان تەنها بە کارکردن لە کەرتی تایبەت یان گشتی | 🟢 | 🟢 | 🔴 | ⚪ | ⚪ | ⚪ |
| b.2 | ڕێپێدان بە کاری تایبەت تەنها دوای کەمترین ژمارەی سالی داواکراو بۆ کارکردن لە کەرتی گشتی | 🟢 | 🟢 | 🟢 | 🟢 | 🟢 | ⚪ |
| a.3 | داواکاری کەمترین کاتژمێر/ ڕۆژ لە کەرتی گشتی بەر لە کاری کەرتی تایبەت کە ڕێگەپێدراو بێت | 🟢 | 🟢 | 🟢 | 🟢 | ⚪ | ⚪ |
| b.3 | پزیشکانی تایبەت سنووورداره لە کاتژمێرەکان لە کەرتی گشتی | 🟢 | 🟢 | ⚪ | ⚪ | ⚪ | 🔴 |
| c.3 | داهاتی تایبەت سنووردارکراوە بۆ کۆی ڕێژەی کار لە کەرتی گشتی | 🔴 | 🔴 | 🟢 | 🔴 | ⚪ | 🔴 |
| d.3 | تەنها چەند ڕێژەیەکی داهات ڕێپێدراوە لە کەرتی تایبەت | 🔴 | 🔴 | 🟢 | ⚪ | 🟢 | 🔴 |
| a.4 | بەستنەوەی داهات بە ژمارەی ئەو کاتژمێرەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | 🟢 | ⚪ | ⚪ | ⚪ | 🟢 | 🟢 |
| b.4 | بەستنەوەی داهات بە ژمارەی نەشتەرگەری ئەنجامدراوەوە | 🔴 | 🔴 | ⚪ | ⚪ | ⚪ | ⚪ |
| c.4 | بەستنەوەی داهات بە کردار (کواڵیتی و بڕ) | 🔴 | 🔴 | ⚪ | ⚪ | ⚪ | 🟢 |
| d.4 | بەستنەوەی داهاتی نەخۆشخانە بە کردار | 🔴 | 🔴 | ⚪ | 🔴 | ⚪ | ⚪ |
| e.4 | هەرمان ڕێژە بدە بە پزیشکی تایبەت و گشتی | 🔴 | 🔴 | 🟢 | 🟢 | 🟢 | 🟢 |
| .5 | گەرەنتیکردنی کواڵیتی نەخۆشخانە گشتیەکان | 🔴 | ⚪ | 🟢 | 🟢 | 🟢 | 🔴 |

تێبینی: MD= پزیشک

***جێبەجێکردنی گۆڕانکاریە پێشمەرجیەکان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی سەرکەوتوو لە سیاسەتی دووکاریدا***

گۆڕانکاری شێوازی پێویست پەیوەندی هەیە بە سیاسەتە هەڵبژێردراوەکان بەڵام نزیکەی بە تەواوی بابەتەکانی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

- پەیرەوکردنی سیستەمێک بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکارییە پەسەندکراوەکان لە سیاسەتەکاندا (وەک کاتژمێری کاری پزیشک، پەرستار و کارمەندی تر).

- کەڵک وەرگرتن لە زانیارییە کۆکراوەکان، جێبەجێ کردنی لێکدانەوە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتە هەڵبژێردراوەکان(وەکوو تاوتوێی ئاستی قەرەبووی پێویست بۆ پاراستنی پزیشکە دامەزراوەکان لە بەشی گشتیدا، تاوتوێی نۆڕینگەکانی بەشداربوونی گشتی/تایبەتی وەکوو ناوەندەکانی سلێمانی).
- بەڵێن وەرگرتن لە دەوڵەت بۆ پشتیوانی کردن لە سیاسەت و دابین کردنی بودجەبۆ بەڕێوەبردنی سیاسەت.
- بەرزکردنەوەی تواناییەکانی وەزارەتی تەندروستی لە بواری راکێشان و پاراستنی فەرمانبەرەکان لە رێگای دامەزراندن و پەروەردەوە.
- بەڕێوەبردنی سیستەمێک بۆ دەرکردنی مۆڵەتی پزیشکی و هەروەها نوێکردنەوەی سیستەمی پەروەدەی پزیشکی بۆ وەدەست هێنانی دڵنیایی لە پەروەردەی کارامەییەکانی بەڕۆژی پزیشکەکان.

***پشت بەستن بە بەرنامە هەنووکەییەکان بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی کاتژمێرە کارییەکانی پزیشکەکان لە بەشی گشتی و ناوەندە گشتییەکاندا***

ئەم سیاسەتە، خستنەڕووی کاتی پزیشکەکان لە بەشی گشتیدا کە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی سیاسەتی KRG بۆ داهاتوویەکی نزیکە. هەندێ لە بەرنامە نوێکانی گشتی/تایبەتی لە KRI دا دەستپێکردووە. ئەم بەرنامەیە دامەزراندنی بەشە تایبەتییەکان لە نەخۆشخانە گشتییەکان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەپاییەکان لە نەخۆشخانەکان و تیمارگە گشتییەکان لە کاتژمێرەکانی دوانیوەڕۆ و نموونەی نۆڕینگەی سلێمانی لە خۆ دەگرێت. لە هەر یەک لەم نموونانەدا، بەشی گشتی بە هاوکاری پزیشکانی کەرتی تایبەت پاڵپشتی دارایی حکومی دەدات. ئەم پزیشکانە دەتوانن لە ژێرسازییە تەندروستیەکان و ئەو نرخانەی کە سەرتر لە نرخی بەشی گشتین بەڵام خوارتر لە نرخەکانی کەرتی تایبەت، بەهرەمەند بن. ئەم پزیشکانە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کەسەکان و بەرزبوونەوەی رێژەی دەستپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بە نرخی گونجاوەوە دابین دەکەن. ئەوان هەروەها بە شێوەی باش کەڵک لە سەرمایەی گشتی وەردەگرن و بە گشتی کارامەیی بەرز دەکەنەوە.

نموونەی نۆڕینگەی راوێژی سلێمانی بەتایبەت سەرنجراکێشە. لەم بابەتەدا، پزیشکەکان لە کاتژمێرەکانی دوانیوەڕۆ بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەستەکانی ناوەندی چاوەدێرییە سەرەتاییەکان لە ناوەندەکانی چارەسەری بەشی گشتیدا کار دەکەن و مۆڵەتیان هەیە تێچوونێک زۆر زیاتر لە تێچوونی بەشی گشتی و زۆر کەمتر لە تێچوونی کەرتی تایبەت لە نەخۆشەکان وەردەگرن. ئەم نموونەیە کارامەیی بەشی گشتی بە کاڵک وەرگرتنی باش لە کەرەستەکان بەرز دەکاتەوە، پێویستی پزیشکەکان بە داهاتی زیاتر دابین دەکات و خزمەتگوزاری دەخاتە بەردەستی ژمارەیەکی زیاتر لەو کەسانەی کە رەنگە توانایی دانی نرخەکانی کەرتی تایبەتیان نەبێت بەڵام توانایی دانی تێچوونی ئەم نۆڕینگە تێکەڵکراوانەیان هەبێت.

**قۆناغی II: چاکسازی سیاسەت**

***دیاریکردنی خولی ناچاری بۆ خزمەتکردن لە بەشی گشتیدا وەکوو مەرجی چالاکی لە کەرتی تایبەتدا***

یاسا و رێساکان پزیشکەکان ناچار دەکات بۆ گرتنی مۆڵەتی کار لە کەرتی تایبەتدا سەرەتا بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە بەشی گشتیدا کار بکەن. لە یاسادا دەبێ دیاری بکرێت کە یەم ناچارکردنە بە پێی نێوەنجی کاتژمێرە کارییەکان یان کاتژمێرە کارییەکانی هەموو سڵەکە بۆ گەیشتن بە سنووری دیاریکراوە. بۆ وێنە، ساڵێک خزمەت بە شێوەی نێوەنج شەش کاتژمێر (یان کەمتر) کاری رۆژانە لە خولێکدا کە رۆژە دیاریکراوەکان لە خۆدەگرێ، پێناسە بکرێت.

ژمارەی ساڵە پێویستەکان بۆ دابین کردنی نزیک بوونەوە تارادەیەک هەڵبژاردەیە بەڵام گونجاوە ئەگەر لەنێوان سێ تا پێنج ساڵدا دابنرێت دوای تەواوکردنی خوێندن لە خولی پزیشکی گشتی یان پەروەردەی پسپۆڕی دیاری بکرێت. دیاریکردنی ناچاری سێ تا پێنج ساڵ خزمەت بۆ پزیشکانی تەواو کارامە مسۆگەر دەکات کە پزیشکەکان لە کارامەیی و ئەزموونی پێویست بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو لە کەرتی تایبەتدابەهرەمەندن و بەقەد رادەی پێویست پزیشک بە کارامەییە جۆراوجۆرەکانەوە لە بەشی گشتیدا کار دەکەن.

ساویلکانەیە گەر پێمان وابێ کە ئەم سیاسەتە بە بێ بوونی (1) رێگایەک بۆ تۆمارکردنی کاتژمێر و رۆژە کارییەکانی پزیشک لە بەشی گشتیدا، (2) ویستی سیاسی بۆ بەڕیوەبردنی سیاسەت و(3) بەرزکردنەوەی زۆری قەرەبووی پزیشکەکانی بەشی گشتی کاریگەرە. لە دەقە پسپۆڕییەکاندا هاتووە کە لە نەبوونی ئەم مەرجانەدا، کەسەکان بەرهەڵستکاری ئەم قەدەغەیە دەکەن و بۆ چالاکی لە کەرتی تایبەتدا وەدەری دەنێن.

دیاری نەکراوە کە ئاستی قەرەبوو لە کەرتی گشتیدا دەبێ چەند بێت تاکوو ئامانجە سیاسییەکانی KRG وەدەست بێت. پێشنیار دەکەین کە بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە لە پزیشکە گەنجەکان راپرسی بکرێت.

ئێمە هەروەها ناساندنی ئەم سیاسەتە، لەسەر لابردنی هەموو پزیشکە چالاکەکان و گونجاندنی سیاسەت تەنیا دوای خولێکی دوو یان سێ ساڵە پێشنیار دەکەین. بەم شێوەیە، ژمارەیەکی کەم (یان هەر هیچ) لە پزیشکەکان هەوڵ بۆ چالاکی لە کەرتی تایبەتدا دەدەن.

***بەڕێوەبردنی سیستەمی پاداشتدان بە کار و بەرهەمداری***

هەروەها کە باسکرا، KRG دەتوانێ هەوڵ و بەرهەمداری لە بەشی گشتیدا بە گرێدانی قەرەبوو یان مووچە بە هەر یەک لە بابەتەکانی خوارەوە پاداشت بدات:

- کات (ژمارە کاتژمێر یان رۆژە کارییەکان)
- ژمارەی نەخۆشانی پشکنراو
- ژمارەی نەشتەرگەری ئەنجامدراو
- داهات (رێژەیەک لە داهاتی گشتی کە وەدەست هێنانی لە رێگای چالاکی لە کەرتی تایبەت یان گشتیدا شیاوە).

وڵاتەکانی تر، بە سیستەمە ئاڵۆزەکانی تری دابین کردنی ئابووری، دەتوانن نرخی قەرەبووی پزیشکەکان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر بۆ کاریگەربوون لەسەر سیاسەت بگۆڕن و لە پاڵنەرە ئابوورییە داهێنەرەکانی تر وەکوو پاداشتدان بۆ ئاستێکی تایبەت لە چۆنیەتدا، کەڵک وەربگرن. هەر چەند، ئەم خاڵانە ئەمڕۆکە لە KRI دا کە دابین کردنی ئابووری لەسەر بنەمای بودجە و ئاستی قەرەبوو، کردەوەیی نیە. لە داهاتوودا، KRG رەنگە بەڕیوەبردنی سیستەمی پاڵنەری ئابووری کە لە خوارەوەدا زیاتر شیدەکەینەوە، لەبەرچاو بگرێت.

هەروەها کە گووترا، زانیاری پێویست بۆبەڕیوەبردنی سیاسەتی لەسەر بنەمای کات، نەشتەرگەری یان داهاتی گشتی لە KRI دا کۆ نەکراوەتەوە. لە داهاتوودا، KRG شیمانە دەکرێ زانیارییە وردەکان سەبارەت بە رێژەی ئەو پارەیەی(زۆرتر نەختینەیی) کە پزیشکەکان لە چالاکی لە کەرتی تایبەت وەدەستی دەهێنن، لە پزیشکەکان وەربگرێت. کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە کاتژمێرییە کارییەکان لە بەشی گشتیدا لە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەکارەکانی نەشتەرگەری ئەنجامدراو یان چۆنیەتی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان زۆر ئاسانترە. سەرەڕای ئەوەی کە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە جۆراوجۆری نەخۆشەکانی لە ژێر پشکنینی پزیشکەکاندا، بە پێی دیاریکردن، بەسوودە، لێکدانەوەی لە چوارچێوەی کات و نرخی دانەوەدا کارێکی ئاسان نیە. بە سەرنجدان بەم خاڵە، پێشنیار دەکەینکە کاری چاکسازی سیاسەتی چالاکی دووانە لەسەر بنەمای کاتژمێرە کارییەکان لە بەشی گشتیدا دەستپێبکات. بە تێپەڕبوونی کات و جێگیربوونی سیستەمگەلێک بۆ شوێنەواری چالاکی بەپێی ژمارە نەخۆش، کاری نەشتەرگەری و چۆنیەتی، رەنگە تەواوکردنی سیستەمی سەرەتایی بەم بگۆڕانەوە لەبەرچاو بگیرێت.

*سیاسەتی لەسەر بنەمای کات* بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت:

- **زانیارییەکان:** داڕشتن و بەڕیوەبردنی سیستەمەی زانیارییەکان بۆ تۆمارکردنی ژمارەی کاتژمێرە کارییەکانی رۆژانەی پزیشک لە بەشی گشتیدا.
- **قەرەبوو:** ناساندنی بەرنامەیەک کە قەرەبوو گرێدەدات بە کاتژمێرییە کارییەکانەوە.
- **مووچە:** گرێدانی شایستەیی کەڵک وەرگرتن لە مووچە بە کاتژمێرییە کارییەکانەوە لە بەشی گشتیدا.

***داڕشتنی سیستەمەکانی زانیاری***

وەزارەتی تەندروستی دەبێ شێوازێک بۆ تۆمارکردنی کاتژمێرییە کارییەکان لە هەموو نەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی چاوەدێرییە سەرەتاییە گشتییەکاندا دابنێت. بە کەڵک وەرگرتن لە نیشاندەری کار، کارتی تۆمارکردنی کاتژمێر یان تەنانەت پێشبینی دەکرێ بگاتە ئەم ئامانجە. لە بنەڕەتدا، تۆمارکردنی ژمارەی نەخۆشی بینراو رێگەیەکی شیاوە بۆ پێوانەکردنی کاتی تەرخانکراو، بەڵام بە تەنها بەدیلێکی گونجاو نییە. لەگەڵ بوونی ئەوها سیستەمێکدا، زانیارییەکان دەکرێ بەشێوەی ئەلکترۆنیکی بە شێوەی حەوتانە، دوو—حەوتانە یان مانگانە راپۆرت بدرێ بە وەزارەتی تەندروستی. وەزارەتی

تەندروستیش دەتوانێ زانیارییەکان رابگوێزێت بۆ وەزارەتی ئابووری کە بەرپرسی دانی قەرەبووەکانە.[1]
ئێمە دەزانین کە لە ئێستادا چاوەڕوان دەکرێ لە پزیشکەکان کە لە کاتژمێر 8 سەرلەبەیانییەوە تا 2 دوانیوەڕۆ یان شەش کاتژمێر لە بەشێ گشتیدا کار بکەن. لە رەوتی وتووێژ لەگەڵ چالاکە کلیلییەکاندا، هەموو ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە گوتوویانە کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو پزیشکەکانەی کە خولی پەروەردەییان تەواو کردووە (چیتر یاریدەدەری بالاّ نین) ئەم ژمارە کاتژمێرانە لە بەشی گشتیدا کاردەکەن.

***گرێدانی قەرەبوو بە کاتژمێرییە کارییەکانەوە***

**خاڵی 1**

بە پێی زانیارییە کۆکراوەکان، وەزارەتی ئابووری تەنیا دەتوانێ رێژەیەک لە قەرەبوو لەسەر بنەمای کەمکردنی رۆژەکانی چالاکی شەش کاتژمێری لە مانگدا بدات. لە حاڵەتی بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتەدا، پێشنیار دەکەین ئەم سیستەمە بناسێندرێت. بۆ وێنە، لە خولی سێ ساڵەی ناساندندا، لە ساڵی یەکەمدا، پزیشک بتوانێ 100 لە سەد لە قەرەبووەکەی خۆی بۆ نێوەنجی چوار کاتژمێری کاری لە رۆژدا، لە ساڵی دووەمدا، 100 لە سەد بۆ نێوەنجی کاری پێنج کاتژمێری و لە ساڵی سێهەمدا 100 لە سەد بۆ نێوەنجی کاری چوار کاتژمێری وەرگرێت. ئەو کەسەی کە بە شێوەی نێوەنج چوار کاتژمێر لە رۆژدا کار دەکات، لە ساڵدا 100 لە سەدی (4⁄4) قەرەبوو، لە ساڵی دووەمدا 80 لە سەدی (4⁄5) قەرەبوو و لە ساڵی سێهەمدا 66 لە سەدی (4⁄6) قەرەبووەکەی وەردەگرێت. لەوێوە کە وەزارەتی ئابووری قەرەبووەکانی بە شێوەی خولی دەدات، شیمانەی ئەوە دەکرێ باشترین شێوازی کارەکانی مانگی رابردوو لەسەر قەرەبووەکان مانگە هەنووکەییەکان و بەردەوامی ئەم رەوتە لە داهاتوودا دەبێت. کردەوەی باشتر و دادوەرانەتر کە ئەم رێگایە خۆش دەکات، نێوەنجی وەرگرتن لە سێ یان تەنانەت شەش مانگی رابوردوودا و کەڵک وەرگرتن لە رێژەی نێوەنجە وەکوو بنەمای هەژمارکردن.

ئێمە جەخت دەکەینەوە کە بە هۆی لە خوارەوەبوونی قەرەبووی پزیشکەکانی بەشی گشتی بە نیسبەت کەرتی تایبەتەوە، سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە لە گرێوی بەرزبوونەوەی زۆری قەرەبووەکاندا دەبێت. ئێمە دەبێ دیاری بکەین کە داهاتی پزیشکەکان لە بەشی گشتیدا لە بەرانبەر یەک رۆژی کاریدا دەبێ چەند بێت تاکوو پێش کۆچیان بۆ کەرتی تایبەت بتوانین ئەوان بۆ چالاکی تەواوکات لە بەشی گشتیدا رازی بکەین. پێشبینی دەکەین کە ئەم بڕە پارەیە زۆر زیاتر دەبێ لە ئاستی هەنووکەیی. چوونکوو هەم کاتژمێری کاری زیاتر قەرەبوو بکرێتەوە و هەم دەبێ جیاوازی زۆری قەرەبووی بەشی گشتی و تایبەتی چارەسەر ببێت. قەرەبووی بەشی گشتی هیچ کاتێک ناگاتە ئاستی کەرتی تایبەت بەڵام پارێزراوی هەڵکەوتوو لە بوونی داهاتێکی جێگیر لەگەڵ بەهرەمەندبوون لە کەلوپەل و کەرەستەکانی بەشی گشتی تاڕادەیەک، گەرچی نە ویستراو، جیاوازییەکە قەرەبوو دەکاتەوە. نۆڕینگەکانی راوێژ جێگرەوەیەکی باشن بۆ خوێندنەوە. لەم نۆڕینگانەداپزیشکەکان لە کاتژمێرەکانی دوانیوەڕۆدا بۆ وەدەست هێنانی داهاتی زیاتر. کە بە پێی وتەی پزیشکە دامەزراوەکان لەم ناوەندانەدا لە نێو وتووێژەکەدا، دیسان نزیکەی نیوەی قەرەبووی کەرتی تایبەت، لە ناوەندە گشتییەکانی کاردا.

**خاڵی 2**

خاڵێکی تر، دانی قەرەبووی پایە بە پزیشکەکان لەگەڵ پاداشتی گرێدراو بە کاتژمێرییە کارییەکانەوە. ئەوها سیاسەتێک ئەو قازانجەی هەیە کە نیسبەت بە خاڵی 1 ئاسانتر قبووڵ دەکرێت چوونکو پزیشکەکان شتێک لەدەست نادەن. بۆ وێنە، لەم خاڵەدا، ئەو پزیشکانەی کە بە شێوەی نێوەنج چوار، پێنج یان شەش کاتژمێر لە رۆژدا کاردەکەن، زێدە لەگەڵ قەرەبووی پایە پاداشت بە ریزی 10، 20 یان 30 لە سەد وەردەگرن. دیاریکردنی ئاستی رێکی پاداشت بۆ وروژاندنی ئاکاری ویستراو پێویستی بە خوێندنەوەیە. بە تێپەڕبوونی کات، سیستەمەکە بە شێوەیەک دەگۆڕێت کە هیچ پاداشتێک بەو پزیشکانەی کە بەشێوەی تەواوکات بە پێی یاساکانی KRG کار ناکەن، نەدرێت.

---

[1] لە داهاتوودا، گەر دەسەڵاتی دامەزراندن و دەرکردن و دیاریکردنی ئاستی قەرەبووی فەرمانبەرەکان، وەکوو پزیشکەکان، بدرێتە بەرێوەبەرانی نەخۆشخانە، ئەم سیاسەتە دەبێ چاوی پێدا بخشێندرێتەوە.

***بەڕێوەبردن***

هەموو ئەم سیستەمانە پێویستیان بە راپۆرتی وردی زانیارییەكانە. وەزارەتی تەندروستی پێویستی بە سیستەمێكە كە زانیارییە وەرگیراوەكان بەردەوام تاوتوێ بكات و یاسای كۆكردنەوەی زانیاری بەڕێوە ببات. لە نەبوونی یاسادا، هەموو سیستەمەكە بە خێرایی گەندەڵ و ناكارامە دەبێت.

***چاكسازی خانەنشینی پزیشكان***

KRG دەبێ كارە ناچارییەكان لەسەر لانی كەمی ساڵەكانی چالاكی لە بەشی گشتیدا كە بۆ وەدەست هێنانی شایستەیی وەرگرتنی موچەی خانەنشینی حكومی پێویستە بگونجێنێت. بە بوونی زانیارییەكانی پەیوەندیدار بە ژمارەی كاتژمێرە كارییەكانەوە، وەزارەتی تەندروستی بە ئاسانی دەتوانێ سیاسەتێك داڕێژێت كە وەرگرتنی مچەی خانەنشینی گرێ بدات بە ژمارەی ساڵە دیاریكراوەكانی خزمەتەوە. هەر ساڵی خزمەتكردن دەكرێ بە ئاسانی بە پێی ژمارەی كاتژمێرییە كارییەكان لە ساڵدا پێناسە بكرێت. نزیكەی هەموو فەرمانبەرەكانی كەرتی تایبەت بۆ وەدەست هێنانی شایستەیی وەرگرتنی ووەی خانەنشینی دەبێ ژمارەی ساڵە دیاریكراوەكان خزمەت بكەن. زۆر جار بڕی مووچەی خانەنشینی گرێدراوە بە ژمارەی ساڵەكانی خزمەتكردنەوە. بەڕێوەبردنی ئەوها سیاسەتێك، پزیشكەكان هاندەدات لە كەرتی گشتیدا بمێننەوە.

ژمارەی ساڵەكانی خزمەتكردنی پێویست بۆ وەدەست هێنانی شایستەیی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی تارادەیەك هەڵبژاردەییە. بەڵام رەنگە لە ساڵە سەرەتاییەكانی بەڕێوەبردنی سیاسەتەكەدا بگۆڕێت. گەر دەوڵەت پێناسەی یەك ساڵ خزمەت پێشكەش بكات، بڕی مووچەی خانەنشینیش دەكرێ گرێبدرێت بە ژمارەی ساڵەكانی خزمەتكردنەوە. بۆ وێنە، تۆماركردنی ژمارەی كاتژمێرییە كارییەكان، ژماردنی كۆی كاتژمێرەكان و دابەشكردنی بەسەر ژمارەی ئەو كاتژمێرانەی كە دەوڵەت بۆ یەك ساڵ بە بەسی دەزانێت، ئاسان دەبێت. (كەوایە، گەر 200 رۆژ جیا لە كۆتاییەكانی هەفتە و ئەو رۆژانەی كە پشوو نیە، لە ساڵدا بوونی هەبێت، بە لێدانی ئەم ژمارەیە لەگەڵ شەش كاتژمێر لە رۆژدا، ساڵێك خزمەتی 1200 كاتژمێری لە ساڵدا دەبێت.) خاڵێك ئەوەیە كە دیاریبكرێت كە ساڵێكی رۆژمێریدا چەند كاتژمێر دەبێ كار بكرێت تاكوو ئەو ساڵە، ساڵی خزمەتكردن بناسرێت. بۆ وێنە، KRG دەبێ، لە سێ ساڵدا، رابگەیەنێت كە هەر پزیشكێك دەبێ بۆ بەهرەمەندبوون لە بڕی تەواوی مووچەی خانەنشینی لانی كەم دەبێ دە ساڵ خزمەتی گشتی، پێناسەكراو بەشێوەی كاركردن بە ژمارەی كاتژمێرە دیاریكراوەكان لە یەك ساڵ لە بەشی گشتیدا، هەبێت. پێوەری بەرەوژووری، جۆرێك دەبێ لە سیاسەتە. بۆ وێنە، پزیشكێك بە 9 ساڵ خزمەتی گشتییەوە 80 لە سەد، بە هەشت ساڵەوە 60 لە سەد، بە حەوت سالەوە 40 لە سەد و بە شەش ساڵەوە 10 لە سەدەی بڕی مووچەی خانەنشینی بەتەواوی وەردەگرێت.

لە نموونەی سەرەوە، دەوڵەت دەبێ سەبارەت بە (1) نێوەنجی ژمارەی كاتژمێرە كارییەكانی رۆژانەی (یان ژمارەی كاتژمێرییەكانی ساڵانە) پزیشك بۆ هەڵگرتنی مەرج، (2) ماوەی كاتی چالاكی پزیشك، (3) پێوەری بەرەوژووری شیمانەیی و(4) سیاسەتی ناساندن بڕیار بدات.

پێشنیاری ئێمە ئەوەیە كە سیاسەتی پەیوەندیدار بە مووچەی خانەنشینیەوە لە درێژەی چەندین ساڵدا بناسێندرێت تارادەی شیاو بۆ ئەو كەسانەی بەم دواییانە هاتوونەتە نێو پیشەی پزیشكییەوە دادوەرانە بێت. هەر چەند، گرێدانی بڕی مووچە بە ژمارەی ساڵەكانی خزمەت بە شێوەی كردەوەیی بڕی كۆی مووچە دادەبەزێنێت مەگەر ئەوەی كە دەوڵەت لە نێوەنجی بڕی مووچە وردبپێتەوە و بەرزی كاتەوە. گەر دەوڵەت بیەوێت لە كارامەیی پاڵنەرەكان لە بەشی گشتیدا دڵنیا بێت، بڕی مووچەی خانەنشینی بۆ هەر ساڵێكی خزمەت دەبێ بە زیادبوونی ژمارەی ساڵەكانی خزمەتكردن، زیاتر بێت. وەبیر دەهێنینەوە كە چاكسازی بڕی مووچەی خانەنشینی كێشەیەكی نیشتیمانیە و لە بوارەكانی تردا پێوەندی نێوان ژمارەی كاتژمێرە كارییەكان و بڕی مووچەی خانەنشینی دەبێ لە روانگەی نیشتیمانیەوە تاوتوێ بكرێت.

**قۆناغی III: درێژەی وردبوونەوە و بەڕۆژكردنی سیاسەت بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانكاری كەرەستەكانی زانیاری و سیاسەتی**

لە قۆناغی III—راستیینانە، لانی كەم تاكوو پێنج ساڵی داهاتوو—لە حاڵەتی دابین بوونی كەرەستەكانی باشتری راگەیاندن و سیاسەتی هاوكات لەگەڵ گەشەكردنی بەشی گشتی و تەواوبوونی سیستەمە چاوەدێرییەكان، گۆڕانكارییەكانی گونجێندراو دەبێ سەرنج بدرێت و بەراورد بكرێت. سستیەمێكی نوێی دارایكردن كە بتوانێ قەرەبووی پزیشكەكان جیاواز بكات دەبێتە هۆی تەیاربوونی خاڵە یاساییەكان كە لە ئەمرۆدا كردەوەیی نین. كاتێك نەخۆشخانەكان دەبنە سەنتەری خۆدارایكردن و توانا و بەرپرسیارێتیان دەبێت بۆ خۆبەڕێوەبردن، كۆمەڵێكی تر لە سیاسەتەكان شایانی جێبەجێكردن دەبن.

***چاکسازی دارایی***

ئەو گۆڕانکارییانەی کە بڕیارە لە سیستەمی دارایی بگونجێندرێت، کاریگەرییەکی سەرسووڕهێنەری دەبێت و دەرفەتگەلێکی نوێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی کێشەی چالاکی دووانە دابین دەکەن. گەر KRG بەرەو قبووڵکردنی سیستەمی ئینشوورانسی کۆمەڵایەتی بجووڵێ، پێدانی قەرەبوو بە چالاکانی بواری خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان لە سەر بنەمای شوێنی خزمەت و سرووشت و چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکان، شیاوی گونجاندن دەبێت. لە سیستەمی ئینشوورانسی کۆمەڵایەتیدا، پارەدان بە نەخۆشخانەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەهرەداری لەسەر بنەمای دانی زۆر، وەکوو DRG ەکان، روودەدات. ئەم دانەوانە رەنگە هەقدەسی پزیشکەکان لەخۆ بگرێت یان لەخۆ نەگرێت. دانی بڕی هاوشێوە بە نەخۆشخانە گشتی و تایبەتییەکان بۆ هەر نەشتەرگەرییەک دەبێتە هۆی رکابەرایەتی لە نێوان بەشی گشتی و تایبەتیدا.

***چاکسازی نەخۆشخانەکان***

بۆ ئەوەی کە KRG بتوانێ سیستەمی دابین کردنی ئابووری چاک بکات، چاکسازی نەخۆشخانەکان پێویستە. نەخۆشخانەکان دەبێ لە توانایی و دەست بڵاوبوون لە کارکردندا بۆ کارە پاڵنەرییە پێویستەکان بۆ پاداشتدان بە هەوڵ و بەرهەمداری و هەوەهاش لە دەسەڵاتی پێویست بۆ بڕیاردان لە بواری فەرمانبەران و بەڕێوەبەرایەتیدا بەهرەمەندبن. گەیشتن بەم ئامانجە لە رێگا جیاوازەکانەوە شیاوە بەڵام رەنگە سادەترینان لە سیستەمی هەنووکەییدا تایبەتدانی بودجەی سەرتاسەریە بە نەخۆشخانە(وەکوو بەشی جێگیری ساڵانە) تاکوو ئەوان بودجەکەی خۆیان بەهەر شێوەیەک کە بە شایستەی دەزانن، بۆ نموونە بۆ هەقدەسدان و دابین کردنی کەرەستەکان—خەرج بکەن. لانی کەمی ئاستی چۆنیەتی دەبێ لە رێگای چاوەدێری و دەرکردنی مۆڵەت لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا دیاری و مسۆگەر بکات. وەزارەتی تەندروستی هەنووکە خەریکی جێگیرکردنی سیستەمی دەرکردنی مۆڵەتی نەخۆشخانە لەسەر بنەمای پێوەرە جیهانییەکانە. گەر چاکسازی چۆنیەتی و شێوازی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکان و شیاوی دەستپێڕاگەیشتنی سەرچاوە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان روونەدات، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە پزیشکەکان پێیان خۆش نەبێت لە بەشی گشتیدا کار بکەن و پێکهاتەکانی هاندان کارامەیی پێویستیان بۆ وروژاندنی کەسەکان بۆ نیشاندانی ئاکاری ویستراویان نابێت.

## دەرەنجام

بۆ بەرەو پێش بردنی چاکسازییەکانی سیستەمی تەندروستی KRI، بڕیاردەرانی KRG بڕیارگەلێکی سیاسەتی کلیلی بدەن و هەوڵی یەکگرتوو و بەهێزکەری یەکتر بدەن. لێکۆڵینەوە لە کێشەی چالاکی دووانە یەکێک لەم هەوڵانەیە. بەکورتی، پێشنیار دەکەین کە KRG بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی دووکاری یەکێک لە کارەکانی خوارەوە جێبەجێ بکات:

- دەست بکات بە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ ناسینی باشتری بارودۆخەکە و بواری کۆکردنەوە، پاراستن و بەڕێوەبردنی چاکسازی سیاسەتی بۆ سیاسەت دارێژەران دابین بکات.
- قەرەبوو (قەرەبوو و مووچە) پزیشکەکانی بەشی گشتی گرێبدات بە ژمارەی کاتژمێرە کارییەکانیان لە بەشی گشتیدا.
- دەسەڵاتی ئەوە بدەنە نەخۆشخانەکان کە پاداشتی کردەوەی باشی پزیشکەکان بکەن. دانی ئەوها دەسەڵاتێک پێویستی بەوەیە کە شێوازی هەنووکەیی دابین کردنی ئابووری نەخۆشخانەکان و دەسەڵاتی بەڕیوەبەرەکان بگۆڕێت.

بەڕێوەبردنی وردی چاکسازییە سیاسییەکان چەندین ساڵ درێژە دەکێشێت. بۆ کەمکردنەوەی شیمانەی تێکدان و دابینکردنی نەرمی هاوکات لەگەڵ گونجاندنی گۆڕانکارییەکان لە لە بوارەکانی تری سیاسەتی بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان دەبێ وردەوردە رووبدات.

ئێمە ئەو بوارانەی كە پێویستیان بە زانیاری، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی تەواوە دەستنیشانمان كردوون تاكوو شێوازی پێشنیاركراو شیاوی بەڕێوەبردنی ژیرانە پەیدا بكات. ئەم هەوڵە زانیارییانە لە هەر كاتێكدا دەكرێ بدرێت.

## پێشەکی

لە ساڵی 2010، لێکۆڵەرانی RAND سیستەمی چاودێری تەندروستی سەرەتاییان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەڵسەنگاند و نزیکەی 60 پێشنیاری تایبەتیان پێشکەش کرد کە پەیوەندیدار بوون بە سێ توخمی گرنگ لەم سیستەمە و بوارە کردەوەییە بەربڵاوەکانی خوارەوەدا:


- ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی بنکە و خزمەتگوزاریەکانی چاودێری سەرەتایی
  - دابەشکردنی شیاوی دامەزراوە و بنکە و خزمەتگوزاریەکان و خزمەتگوزاری
  - پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیستەمێک بۆ ناردنەوە و بەردەوام بوونی چاودێرییەکان
  - پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ بەرەوپێش بردنی بەردەوامی چۆنێتی
- هێزی کاری تەندروستی
  - برەودان بە شیاندن و بروانامەدان لەرێگەی فێرکردن و راهێنانەوە.
  - باشترکردنی دابەشکردن و کردەوەی هێزی کاری تەندروستی و دەرمان لە رێگای دەستێوەردانە تایبەتەکانی بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان
- سیستەمەکانی پەیوەندیدار بە زانیاری تەندروستی و دەرمان
  - پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیستەمەکانی پەیوەندیدار بە زانیاری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی (MISs)
  - بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەمە چاودێری و وەڵامدەرەکان.

لە ماوەی ساڵی 2012 و لە راوێژ لەگەڵ وەزیری پلاندانان و وەزیری تەندروستی KRG، ئێمە باسمان لە ستاندارد کردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کرد کە دەبێت بە ناوەندە سەرەکییەکانی تەندروستی (ناوەندەکانی خاوەن پزیشک) و ناوەندە لاوەکییەکان (ناوەندەکانی بە بێ پزیشک) پێشکەش بکرێن، و هەروەها باسمان لە پەرەپێدانی رێگایەکی سیستەماتیک بۆ بەدواداچوون و بەڕێوەبەرایەتی پێشخستن کرد. ئەم دوو چالاکییە گرنگە، پاڵپشتێکن بۆ تواناکردنەوەی زۆرتر لە جارانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە داهاتوودا. ئەم چالاکیانە لە شێوەی 1.5 دا کورت کراونەتەوە و لە درێژەی ئەم پاژەدا وردەکارییەکانیان، لەوانە ئاماژە بە چەند نموونە لە دەرکەوتە (بەرهەم) گرنگ و سەرەکییەکان کراوە. شایانی باسە کە تا کۆتاییەکانی نۆڤەمبەری 2012، کاتێک ئەم راپۆرتە ئامادە کرا، تەنیا داتاکانی دهۆک وەرگیرابوون؛ هەندێک لە داتاکان (ناتەواو) لە جوونی 2013 لە هەولێر و سلێمانیەوە بە دەستی ئێمە گەیشتوون و لە ئاگۆستی 2013 بەردەوام لە حاڵی لێکۆڵینەوەدان. کەواتە، ئەم راپۆرتە سەرەتا پەرچی داتاکانی وەرگیراو لە دهۆک دەدەنەوە.

### دیاریکردنی ئامانجەکان/پێوەرەکان: ستانداردکردنەوەی خزمەتگوزاری چاودێری سەرەتایی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری

خزمەتگوزاری چاودێری سەرەتایی بە مەبەستی چارەسەری پێویستییەکانی چاودێرییە سەرەتاییە پارێزەر و دەرمانییەکان رەچاو کراون و دەبێت بە شێوەی بێمەترسی و کاریگەر لە ناوەندەکانی تەندروستیدا پێشکەش بکرێن. لە KRI، ناوەندەکانی تەندروستی، کە ئاراستەی جیاوازیان هەیە لە رووی دابینکردنی کارمەند، کەرەستە و خزمەتگوزاریەکانەوە:

**شێوەی 1.5**
**دوو چالاکی گرنگ لە ماوەی ساڵی 2012: پێوەرەکان و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بە زانیاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان**




RAND *RR490-5.1*

- ناوەندە لاوەکییەکان، بۆ نموونە لانیکەم پەرستارێک و یاریدەدەری پزیشکیان هەیە
- ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی، بۆ نموونە لانیکەم یەک پزیشکی گشتییان هەیە
- جۆرێکی نوێ لە ناوەندەکانی زۆرتر گشتگیری پزیشکی خێزان، بۆ نموونە پسپۆڕانی پزیشکی خێزان لەوانە پزیشکانی پسپۆڕ لە بواری پزیشکی ناولەش، پزیشکی منداڵان، و تەندروستی دایکانیان هەیە.

هەرچەند هەندێک لە خزمەتگوزارییەکان لە ناوەندە لاوەکییەکان یان تەنانەت لە ناوەندە سەرەکییەکان پێشکەش ناکرێن چونکە ئەمانە وەکوو ناوەندی خاوەن ستاف یان ئامێرە پەیوەندیدارەکان ڕەچاو نەکراون، هەڵسەنگاندنی ساڵی 2010 پیشانی داین کە بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاری لە هەمموو ئاستەکاندا دەرفەتگەلێکی شیاو و گرنگ هەیە. بە تایبەت، دەرفەتگەلێک بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە چاودێری سەرەتایی بنەرەتی و "سەرەکی"، لەوانە چاودێری لە سەر گەشەی منداڵ (GM)، کوتان (VAX)، دەرمان بە گیراوەی خۆراکی ڕێهیدراتاسیۆن (ORS)، و چاودێرییەکانی پێش لە منداڵبوون (ANC)، لە زۆرێک لە ناوەندەکانی تر، جگە لەو ناوەندانەی کە ئێستا ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکەن، هەیە. زێدە لەوەش دەرفەتگەلێکی شیاو و گرنگ بۆ ئەنجامدانی پشکنینی بەرایی و بە دواداچوونی نەخۆشییە درێژخایەنەکان ، لەوانە زەختی خوێن و شەکرە، کە بە شێوەیەک کە بەرەو زێدەبوون دەچێت هۆی سەرەکی باری نەخۆشی لە نێوان دانیشتووانی KRI دایە، هەیە.

تا ساڵی 2012، وەزارەتی تەندروستی پێوەر یان ئەو ستانداردانەی کە خزمەتگوزاری دەبێت بە پێی ئەوانە لە هەرکام لە جۆرەکانی ناوەندەکانی تەندروستی پێشکەش بکرێن، دیاری نەکردبو. لێکۆڵەرانی RAND بە پێی پێشنیارەکانی وەزارەتی تەندروستی جیهانی 2009 بۆ عێراق، ژمارەی زۆری سەردانەکانی لە ناوەندەکانی تەندروستی لە هەر سێ پارێزگا، و وتووێژ لەگەڵ بەرپرسانی تەندروستی و دەرمانی ناوەندەکانی تەندروستی، فەرمانگەی تەندروستی (DOH)، و وەزارەتی تەندروستی، کۆپڵەیەکی گەڵاڵەکراو لە ئامانج/پێوەرە پێشنیارکراوەکانیان ئامادە کرد. پێشنیارەکانی ئێمە لە خشتەی 1.5 پیشان دراون. خشتەی 1.5 دەستەکانی چاودێریی پیشان دەدات کە فەرمانبەران، ئامێرەکان، و جۆرەکانی خزمەتگوزاری لە هەمموو ئاستێکدا پێناسە دەکات. زێدە لەوەش ئەم خشتە دیاری دەکات کە ئاخۆ فەرمانبەران و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ئێستا پێشکەش کراون (سەوز)، لە ئاستی دیاریکراوی ناوەند دا نوێن(زەرد)، یان بۆ ئاستی ڕەچاوکراوی ناوەند شیاو نین (سوور). خشتەی 2.5 زانیارییەکی هاوشێوە سەبارەت بە خزمەتگوزاری تایبەتی هەبو لە هەرکام لە جۆرە

**خشتەی 1.5**

**خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ ئاستە جیاوازەکانی ناوەندەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق، 2012: پێوەرە گشتیەکان بۆ دانیشتووانی دیاریکراو، سیستەمەکانی ناردن، فەرمانبەران، و خزمەتگوزاری و ئامێرە سەرەتاییەکان**

| شرۆڤە | ناوەندی لاوەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (ناوەندی لاوەکی، جۆری D، ناوچەی دوور) | ناوەندی سەرەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (بەش یان بەشی لاوەکی، جۆری A یان C) | ناوەندی پزیشکی خێزان |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی دانیشتوانێک کە لە خزمەتگوزاری سوود وەردەگرن (دانیشتوانێک کە لە خۆدەگرێت) | 10,000–5,000 | 30,000-10,000 | 20,000 |
| سیستەمی ناردنی ڕێکخراوە لە و بۆ پێشکەشکارانی ناردن (بۆ نموونە، خزمەتگوزاری دەستنیشانکردنی یان پسپۆڕیانە) | کاغەزی، لە کۆتاییدا ئەلێکترۆنیکی | کاغەزی، لە کۆتاییدا ئەلێکترۆنیکی | کاغەزی، لە کۆتاییدا ئەلێکترۆنیکی |
| فەرمانبەران | | | |
| پەرستاران، ئاستی کۆلێج (قوتابخانەی پەرستاری) | 2-1 | 1≤ (فەنکشنی دانیشتووان) | 8≤ |
| پەسرتار، ئاستی پەیمانگا | 2-1 | 1≤ (فەنکشنی دانیشتووان) | |
| دەرمانسازەکان | 0 | 1≤ | 2≤ |
| ستافی تاقیگە | 0 | 1≤ | 6≤ |
| پزیشکەکان | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| پزیشکە گشتییەکان | 0 | 2-1 | 2 |
| پزیشکە پسپۆڕەکان | 0 | 0 | 2 |
| یاریدەدەری پزیشک | 2-1 | زیاتر لە 1-2 | زیاتر لە 1-2 |
| خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە نەخۆشی دەرەکی گشتی (بنچینەیی)کە دەبێت پێشکەش بکرێت | | | |
| یارمەتی سەرەتایی گشتی (بنچینەیی) | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| تەندروستی دایک و منداڵ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| بەڕێوەبەرایەتی برین | لاوەکی، ناردنەوە | لاوەکی | لاوەکی |
| چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە فێرکاری تەندروستی (زانیاری، خوێندن، و پەیوەندییەکان) | بەڵێ | ڕەنگە | بەڵێ |
| پارێزکردنەکان | بەڵێ، یان بزۆک | بەڵێ | بەڵێ |
| خزمەتگوزاری دەرمانی | سەرەتایی | بەڵێ | بەڵێ |
| بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشییە تەشەنەکەرەکان | لاوەکی | بەڵێ | بەڵێ |
| خزمەتگوزاری دەرمانخانە (دەرمانە پێویستەکان) | ڕێژەیی | بەڵێ | بەڵێ |
| پشکنینی فشاری خوێنی سەرەوە | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| ڕێکخستنی فشاری خوێنی سەرەوە یان شەکرە | سەرەتایی | بەڵێ | بەڵێ |
| خزمەتگوزاری سەلامەتی دەروون | نەخێر | سەرەتایی | سەرەتایی |
| خزمەتگوزاری پزیشکی ددان | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| تاقیگە | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| یارمەتی بۆ منداڵبوونی سرووشتی | نەخێر | ڕێژەیی | بەڵێ |

**خشتەی 1.5—درێژە**

| شرۆڤە | ناوەندی لاوەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (ناوەندی لاوەکی، جۆری D، ناوچەی دوور) | ناوەندی سەرەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (بەش یان بەشی لاوەکی، جۆری A یان C) | ناوەندی پزیشکی خێزان |
|---|---|---|---|
| ئامێرەکانی سەرەتایی لە ناوەندەکانی تەندروستی | | | |
| ئامێرەکانی دەرمانخانە (بۆ نموونە، دەرمانەکان) | بنەماکانی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی | بەڵێ | بەڵێ |
| کۆمپیوتەر بۆ پێشینەکانی پەیوەندیدار بە فەرمانگە و نەخۆش | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| مایکرۆسکوپ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| سانتریفیوژ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| ئۆتۆکلاڤ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| تیشکی ئیکس بۆ کارەکانی تر جگە لە پزیشکی ددان | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| تیشکی ئیکسی پزیشکی ددان | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| کورسی پزیشکی ددان | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| سینی پزیشکی ددان | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| ئامێری ECG | نەخێر | ڕەنگە | بەڵێ |
| سۆنۆگرافی یان سۆنۆگرام | نەخێر | نەخێر | بەڵێ |
| جێگەکانی خەوتن | نەخێر | هەندێک لە | بەڵێ |

تێبینی: سەوز = ئێستا پێشکەش دەکرێت. زەرد = نوێ. سوور = نەشیاو. GP = پزیشکی گشتی. ECG = ئەلێکترۆکاردیۆگرام. ناردنەکان بۆ ناوەندی دواتر کە خاوەن ئاستێکی بەرزتر لە ئیمکاناتە، جێبەجێ دەکرێن

سەرەکییەکانی خزمەتگوزاری پیشان دەدات. بە پێی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە ماوەی ساڵی 2010، پێشکەوتن لە دوو بواری سەرەکیدا بینراوە: (1) دڵنیا بوون لەوەیکە فەرمانبەران، ئامێرەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ئێستا لە ئاستێکی دیاریکراو لە ناوەندی تەندروستیدا هەن، لە هەموو ناوەندەکان لە سەرتانسەری هەرێمدا هەن؛ و (2) پێناسە کردنی خزمەتگوزاری نوێ لە ئاستە دیاریکراوەکانی ناوەندەکانی تەندروستی. تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە نموونەکانی خاڵی یەکەم بریتین لە دڵنیا بوون لەوەیکە هەموو ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لانیکەم پزیشکێکیان هەیە، و ئەوەیکە چاودێری لە سەر گەشەی منداڵ، کوتان، و دەرمان بە گیراوەی خۆراکی ڕێهیدراتاسیۆن (دەرمان لە سایت) بۆ بابەتی تووشبوون بە کەم ئاوی بە هۆی سکچوونی کەم تا مام ناوەندی، لە هەموو ناوەندە لاوەکییەکان، و هەروەها ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و ناوەندەکانی تەندروستی خێزان پێشکەش دەکرێن. نموونەگەلێک بۆ خاڵی دووهەم بریتین لە زێدە کردنی پشکنینی فشاری خوێنی سەرەوە و شەکرە بە هەموو ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و پشکنینی فشاری خوێنی سەرەوە لە هەموو ناوەندە لاوەکییەکاندا.

وەزیری تەندروستی لەم بابەتانە لێکۆڵیوەتە و بە زمانی کوردی وەریگێڕاوەتەوە، لەگەڵ فەرمانگەی تەندروستی قسەی کردووە و ئەوانەی وەکوو مەرجەکان و سیاسەتەکانی KRG دەستنیشان و مۆری کردووە. ئەم دەستانە، ئامانجی بەڕێوەبەران لە وەزارەتی تەندروستی،فەرمانگەی تەندروستی، و ئاستە ناوچەییەکان دێنە ئەژمێر کە دەبێت بۆ پلاندارێژی، دابینکردنی بودجە، چاودێری، و تیشک خستنە سەر هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوان بەکاربهێنرێن. بەم شێوە، ئەوان بنەڕەتی تواناکردنی زۆرتری سیستەمی چاودێری تەندروستی سەرەتایی KRG دادەمەزرێنن.

**خشتەی 2.5**

**خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ ئاستە جیاوازەکانی ناوەندەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق، 2012: خزمەتگوزاری تایبەت**

| شرۆڤە | ناوەندی لاوەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (ناوەندی لاوەکی، جۆری D، ناوچەی دوور) | ناوەندی سەرەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (بەش یان بەشی لاوەکی، جۆری A یان C) | ناوەندی پزیشکی خێزان |
|---|---|---|---|
| بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشییە تەشەنەکەرە تایبەتەکان | | | |
| هەوکردنی کۆئەندامی میز، دەستنیشانکردن | نەخێر، ناردن | بەڵێ | بەڵێ |
| هەوکردنی کۆئەندامی میز، دەرمان | نەخێر، ناردن | بەڵێ، ناردن ئەگەر پێویست بکات | بەڵێ، ناردن ئەگەر پێویست بکات |
| ئیلتیهابی لکێنە، دەستنیشانکردن یان دەرمان | بەڵێ، ناردن ئەگەر پێویست بکات | بەڵێ، ناردن لە کاتی قایم و توند بووندا | بەڵێ، ناردن لە کاتی قایم و توند بووندا |
| تیفۆئید، دەستنیشانکردنی کلینیکاڵی | ناردنی بابەتی گومانلێکراو | بەڵێ | بەڵێ |
| تیفوئید، دەرمان، سادە | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| هیپاتیت، دەستنیشانکردنی کلینیکی | نەخێر، ناردن | بەڵێ | بەڵێ |
| شیستۆزۆمیازیس، دەستنیشانکردن کلینیکی | ناردن بابەتی گومانلێکراو | بەڵێ | بەڵێ |
| شیستۆزۆمیازیس، دەرمان، سادە | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| لیشمانیاز، دەستنیشانکردنی کلینیکی | نەخێر | نەخێر، ناردن | نەخێر، ناردن |
| بەڕێوەبەرایەتی ئەو نەخۆشیانەی تەشەنە ناکەن | | | |
| پشکنین فشاری خوێنی سەرەوە | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| زەختی خوێنی سەرەوە ، بەڕێوەبەرایەتی دۆسییە | نەخێر | بەڵێ، ناردن لە کاتی قایم و توند بووندا | بەڵێ، ناردن لە کاتی قایم و توند بووندا |
| شەکرە، پشکنین | کلینیکی، ناردن | بەڵێ | بەڵێ |
| شەکرە، بەڕێوەبەرایەتی دۆسییە | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| جومگە هاوسان، دەستنیشانکردن | ناردن | بەڵێ | بەڵێ |
| جومگە هاوسان، بەڕێوەبەرایەتی دۆسییە | نیشانەی نەخۆشی | بەڵێ، ناردن ئەگەر پێویست بکات | بەڵێ، ناردن ئەگەر پێویست بکات |
| نەخۆشی کۆئەندامی هەرسک (بۆ نموونە، برینی گەدە)، دەستنیشانکردن | ناردن | ناردنی بابەتی گومانلێکراو | ناردنی بابەتی گومانلێکراو |
| نەخۆشی کۆئەندامی هەرسک، بەڕێوەبەرایەتی دۆسییە | ناردن | ناردن لە کاتی قایم و توند بووندا | ناردن لە کاتی قایم و توند بووندا |
| گەشکە (فێ)، دۆزینەوە و دەرمان | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| خزمەتگوزاری تەندروستی دەروون، ڕەوان | | | |
| سایکۆز، دۆزینەوە و بەڕێوەبەرایەتی دەروونی-کۆمەڵایەتی-زیندەوەری | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| شێواوی پەیوەندیدار بە مەراق و دەروون (بۆ نموونە، نارێکی سترێس پاش ڕووداو و کارەسات، نارێکی ترس) | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| شرۆڤە، دۆزینەوە یان بەڕێوەبەرایەتی دەروونی-کۆمەڵایەتی-زیندەوەری | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| بەد بەکار هێنانی مادەکان، دۆزینەوە یان پەروەردە (ئاگادارکردن) | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |

**خشتەی 2.5—درێژە**

| شرۆڤە | ناوەندی لاوەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (ناوەندی لاوەکی، جۆری D، ناوچەی دوور) | ناوەندی سەرەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی (بەش یان بەشی لاوەکی، جۆری A یان C) | ناوەندی پزیشکی خێزان |
|---|---|---|---|
| خزمەتگوزاری تاقیگەیی[ئەلف] | | | |
| میز | | | |
| تاقیکردنەوەی زگپڕی | وێدەچێت | بەڵێ | بەڵێ |
| راڤە و شیکردنەوە (بۆ پرۆتین یان شەکر، بۆ نموونە لە ڕێگای تاقیکردنەوەی میز) | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| مایکرۆسکوپی بۆ خانە سپییەکانی خوێن | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| هیماتۆلۆژی | | | |
| هیمۆگلۆبین یان هیماتۆکریت | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| ڕێژەی خانە سپییەکان یان پەڵەکانی خوێن | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| خێرایی نیشتنی ئێریترۆسیت | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| گرووپبەندی خوێن یان فاکتەری Rh | وێدەچێت | بەڵێ | بەڵێ |
| سیرۆلۆژی | | | |
| ویدال (تیفۆئید) | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| کیمیای زیندەوەر | | | |
| گلۆکۆزی خوێن | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| تاقیکردنەوەی کاری گورچیلەکان | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| تاقیکردنەوەی کاری جەرگ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| پرۆفایلی چەوری | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| مشەخۆرناسی | | | |
| سمیری خوێن بۆ مشەخۆری مەلاریا، کۆکردنەوە یان تاقیکردنەوە | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| تاقیکردنەوەی گشتی پیسایی بۆ پشکنینی هێلکەی مشەخۆر یان مشەخۆر | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| بەکتری ناسی | | | |
| بۆیەکردنی گەرم (بەکتریاکان) | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| بۆیەکردنی زیل نیلسەن (سیل) | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| تاقیکردنەوەی بەکتریایی خێرا | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |
| دیکەی خزمەتگوزاری دەستنیشانکردنی نەخۆشی | | | |
| سۆنۆگرافی | نەخێر | هەندێک | بەڵێ |

تێبینی: سەوز = ئێستا پێشکەش دەکرێت. زەرد = نوێ. سوور = نەشیاو. GI = کۆئەندامی هەرسەک. Hgb = هیمۆگلۆبین.
Hct = هیماتۆکریت. WBC = خانەکانی سپی خوێن. ESR = خێرایی نیشتنی ئێریتروسایت.

[ئەلف] بە لێگەیەکی تەندروستی جیهانی/وەزارتی تەندروستی عێراق 2009 چەندین تاقیکردنەوەی تاقیگەیی پیشان دەدات کە دەبێت ناوەندە لاوەکییەکان جێبەجێیان بکەن.

## سیستەمی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەگەر وەها بیربکەینەوە کە KRG دەیەوێت ئاستی سیستەمی چاودێری تەندروستی سەرەتایی خۆی بە هەمان بەرِبلاوبوونێک کە ئێمە پێشنیارمان کردووە بگەیەنێت و هاوتا لەگەڵ باشترین شێوازە جیهانیەکاندا بەرەو پێشەوە برِوات، پێوێستی بە رێگایەکی شیاو بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتنەکان لە هەموو ئەم لایەنانەدا دەبێت—لە رادەی لە خۆ گرتنی (لە ناو بازنەدا بوون) دانیشتووانی تا فەرمانبەران، ئامێرەکان، و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان. سیستەمێکی زانیاری بەرِێوەبەرایەتی نموونەیی و خوازراو دەتوانێت ساکار ە لە هەمان کاتیشدا بە هێز بێت، و داتا سەرەکییەکان بە شێوەی رێکوپێک کۆ بکاتەوە و رۆڵی ئامرازێکی بەرِێوەبەرایەتیی تر بۆ سیاسەتدانەرانی KRG بگێرِێت. لە ساڵی 2012، ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارمان کردووە بۆ ئەوەی وەها سیستەمێک پێک بهێنین. بە شێوەی تایبەت، کارەکانی ئێمە بەم جۆرە بووە کە لە خوارەوە دێت:

- پێکهێنان، تاقیکردنەوە، و چاکسازی فۆرمی داتاکانی MIS (شێوەی 2.5)
- پێکهێنانی پێرِستێک لە داتا دەرکەوتەکانی MIS: ستانداردکردنی خشتەکان ،هێڵکارییەکان، و خەریتەکان (شێوەی 3.5؛ هەروەها خشتەکانی 3.5 و 4.5 یش ببینن)
- پێکهێنانی سیستەمێک بۆ لێکدانەوەی داتاکان، ئامادەکردنی بنکەیەکی داتا، و پێکهێنانی داتا دەرکەوتەکان (شێوەی 4.5)
- پێشکەشکردنی خولەکانی فێرکاریی بۆ هەموو فەرمانگەکانی تەندروستی بۆ کەڵک وەرگرتن لە فۆرمی MIS
- پێکهێنانی داتا دەرکەوتەکان(خشتەکان و هێڵکارییەکان) بە پێی داتا کۆکراوەکان لە ماوەی ساڵی 2012 (نموونە هەڵبژێردراوەکان لە شێوەکانی 5.5 تا 10.5)
- پێکهێنانی رێنمایەکی بەکارهێنەری MISی کورت و تەواو.

هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، MIS لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا شتێکی نوێیە؛ تا کۆتاییەکانی نۆڤەمبەری 2012، تەنیا داتاکانی فەرمانگەی تەندروستی دهۆک (بۆ لێکدانەوە لە لایەن RAND) کۆکرانەوە و بە زمانی ئینگلیزی فۆرمەتبەندی کران. لە جوونی ساڵی 2013 داتاکانی ناوەندەکانی هەولێر و سلێمانی کۆکرانەوە و پاشان بۆ لێکدانەوە بۆ RAND نێردران، بەڵام فۆرمەتبەندی داتاکان بە زمانی ئینگلیزی تا ئاگوستی 2013 درێژەی هەبوو(لە ماوەی لێکدانەوە، ئێمە زانیمان کە زۆرێک لەم داتایانە نادروست یان ناتەواون). زێدە لەوەش، تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شوێن دۆزینەوەی جیهانی (GPS) کۆکرانەوە؛ بەوەشەوە، تا ئاگوستی 2013، ناوی ناوەندەکانی تەندروستی هێشتا لە حاڵی وەگێراندنەوە بە زمانی ئینگلیزی بوون، ناردنەناوی داتاکان درێژە ی هەبوو، و خەریتەکانی MIS خەریک بوو ئامادە دەکران. کۆکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکانی زۆرتر تا قۆناغی سێهەمی پرۆژە دەخایەنێت (2013-2014).

داتا هەڵبژێردراوەکانی خوارەوە سەرەتا داتاکانی دهۆک کە لە ماوەی ساڵی 2012 دا کۆکراونەتەوە، پیشان دەدات، بەڵام لە هەندێک لە نموونەکان، هەروەها داتای هەولێر هێنراون کە ئێمە بە شێوەی دەسی لە نێوان راپۆرتە بڵاوکراوەکان لە لایەن فەرمانگەی تەندروستی لە ساڵی 2010 و 2011 دەرمانهاوردووە . سەرەرِای ناتەواو بوونی داتاکانی ئەم راپۆرتە، ئێمە دەتوانین هەندێک تێبینی گرنگ دەست بخەین. کاتێک کە لە ماوەی قۆناغی سێهەمی پرۆژە داتاکان تەواو بکرێن و هەموو خشتەکان، هێڵکارییەکان، و خەریتەکان ئامادە بکرێن، تەنانەت رەنگە ئێمە بە پێشبینی و رووناسی زۆرتر—بۆ هەموو پارێزگاکان و بۆ ئەم ناوچە بە گشتی—بگەین. ئەو داتایانەی کە ئێستا هەن، کە بە زۆری لە دهۆکەوە وەرگیراون، ئەم بابەتانەی خوارەوە پیشان دەدات:

- رادەی لە خۆ گرتنی (لە ناو بازنەدا بوون) دانیشتووانی ناوەندەکانی تەندروستی بۆ هەر پارێزگا و ناوچەیەک بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە.
- خزمەتگوزاری پاش نیوەرِۆو شەوانە هێشتا لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی بە شێوەیەکی بەربلاو بوونیان نییە، و دابەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە لە ناوەندەکان بۆ هەر ناوچەیەک زۆر جیاوازە.
- نزیکەو تەواوی هەرکام لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک لانیکەم پزیشکێکیان هەیە. لە کۆی 183 پزیشک کە لەم ناوەندانەدا هەن، 131 کەس (72 لە سەدی) پزیشکی گشتی؛ 39 (21 لە سەدی) پسپۆرِی پزیشکی خێزان؛ و 13 کەسی پاشماوە (7 لە سەدی) پسپۆرِی ژنان یان منداڵبوون (چوار)، پزیشکی هەناوی (چوار)، نەشتەرگەر (سێ)، پزیشکی منداڵان (یەک)، یان پسپۆرِەکانی ترن (یەک).

## شێوەی 2.5
## فۆرمی داتاکانی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتی زانیاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لاپەڕەی 1

| | ئایتمی داتا | کۆدەکانی داتا | وەڵام (پڕکردنەوە ٭ گشت ٭ خانە خۆڵەمێشیەکان) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕاپۆرت | **ناوی ناوەندی تەندروستی** | | | | | | |
| | ڕاپۆرتی بەروار تەواوکرا | سال: | | مانگ: | | ڕۆژ: | |
| | ناوی ئەو کەسەی ڕاپۆرتەکە تەواودەکات | | | | | | |
| | تەلەفۆن | | | | | | |
| | ئیمەیل | | | | | | |
| زانیاری بنەڕەتی سەبارەت بنکەی تەندروستی | شوێن - پارێزگا و بەشی تەندروستی | پارێزگا: | | بەشی تەندروستی: | | | |
| | شوێن - قەزا و ناحیە | قەزا: | | ناحیە: | | | |
| | شوێن - زانیاریەکانی جی پی ئێس | هێڵی پانی: | | هێڵی درێژی: | | | |
| | جۆری ناوەندی تەندروستی | لق(BR) ، بنکەی سەرەکی چاودێری سەرەتایی (PHC)، بنکەی خێزان (FAM)، ناوەندی پزیشکی تایبەت (SMC)، ئی تر (OTH) | | بنکەی تەندروستی کۆدی ناسنامە: | | | |
| | دانیشتوانی شوێنی گۆماو | دانیشتوان: | | | | | |
| | کاتەکانی کارکردنی بنکەی تەندروستی | #کاتژمێر لە ڕۆژێک: | | #ڕۆژەکان/هەفتە: | | | |
| | خزمەتگوزاری ئێواران یان شەوان دابین دەکات؟ | 0=نەخێر، 1=بەڵێ ئێواران؟ | | لە شەوان؟ | | | |
| ستاف دانان | بە لایەنی کەم یەکی دکتۆری پزیشکی؟ | 0=نەخێر،1=بەڵێ | | | | | |
| | # GPs | ژمارەی گشتی GPs: | | # خول: | | #درێژخایەن: | |
| | #دکتۆری دەرمانی خێزان | ژمارە: | | | | | |
| | # Ob/gyn دکتۆر | ژمارە: | | | | | |
| | #دکتۆری دەرمانی ناوخۆیی | ژمارە: | | | | | |
| | #دکتۆری تایبەت بە منداڵ | ژمارە: | | | | | |
| | #پسپۆری تیشک | ژمارە: | | | | | |
| | #نەشتەرکار | ژمارە: | | | | | |
| | #دکتۆری تر - دیاری بکە | ژمارە: | | جۆر: | | | |
| | #دکتۆری پزیشکی - کۆی گشتی | کۆی ژمارەی دکتۆرە پزیشکیەکان: | | | | | |
| | #پەرستار (کۆی گشتی) | ژمارەی گشتی پەرستار: | | #نێر: | | #مێ: | |
| | #پەرستار - کۆلێژ (کۆلێژی پەرستار) | ژمارە: | | | | | |
| | #پەرستارەکان - پەیمانگە (دیپلۆما) | ژمارە: | | | | | |
| | #پەرستار - ئامادەیی (قوتابخانەی ئامادەیی) | ژمارە: | | | | | |
| | #پەرستارەکان - ڕاهێنراو | ژمارە: | | | | | |
| | #مامان | ژمارە: | | | | | |
| | #دکتۆری ددان | ژمارە: | | | | | |
| | #دەرمانساز | ژمارە: | | | | | |
| | #بایلۆجیست (تاقیگە) | ژمارە: | | | | | |
| | #کیمیست (تاقیگە) | ژمارە: | | | | | |
| | #تەکنیکاری تاقیگەیی | ژمارە: | | | | | |
| | #یاریدەدەری پزیشکی | ژمارە: | | | | | |
| | #یاریدەدەری دکتۆری ددان | ژمارە: | | | | | |
| | #یاریدەدەری دەرمانخانە | ژمارە: | | | | | |
| | #یاریدەدەری تیشکزانی | ژمارە: | | | | | |
| | #یاریدەدەری خۆپاراستن | ژمارە: | | | | | |
| | #ستافی بەڕێوەبردن و کارگێری | ژمارە: | | | | | |
| | #ستافی خزمەتگوزاری (شوفێر، پاککەرەوە، هتد) | ژمارە: | | | | | |
| | #ستافی تر | ژمارە: | | وەسف: | | | |
| | کۆی گشتی ژمارەی ستاف: | ژمارەی گشتی: | | | | | |
| کەرەستە و ئامێرەکان | هێڵی تەلەفۆنی زەمینی کارا | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | | | | |
| | کۆمپیوتەر | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | کاردەکات؟ | | بەکارهێنەری ڕاهێنراو؟ | |
| | #کۆمپیوتەر | ژمارە: | | | | | |
| | کێ کۆمپیوتەر بەکاردێنێت؟ | 1 = بەڕێوەبردن/کارگێری، 2= دەرمانخانە، 3= دکتۆر/پەرستار 4= تاقیگە، 5= زۆرتر لە یەکێک لەمانە | | | | | |
| | ئینتەرنێت بەردەستە؟ | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | | | | |
| | میکرۆسکۆپ | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | کاردەکات؟ | | بەکارهێنەری ڕاهێنراو؟ | |
| | سەنتەرفیوج | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | کاردەکات؟ | | بەکارهێنەری ڕاهێنراو؟ | |
| | ئۆوتۆکلاڤ | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | کاردەکات؟ | | بەکارهێنەری ڕاهێنراو؟ | |
| | سەروو دەنگ / سۆنۆگرام | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | کاردەکات؟ | | بەکارهێنەری ڕاهێنراو؟ | |
| | ئامێری ECG | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | کاردەکات؟ | | بەکارهێنەری ڕاهێنراو؟ | |
| | تیشکی ئێکس (بۆ ددان نا) | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | کاردەکات؟ | | بەکارهێنەری ڕاهێنراو؟ | |
| | تیشکی ئێکس بۆ ددان | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | کاردەکات؟ | | بەکارهێنەری ڕاهێنراو؟ | |
| | کورسی ددان | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | | | | |
| | "سنی" ددان (کەرەستە) | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | | | | |
| | شانۆی کار؟ | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | | | | |
| | ئەمبولانس؟ | 0=نەخێر، 1=بەڵێ هەیە؟ | | | | | |
| | #قەرەوێڵە | ژمارە: | | | | | |

RAND *RR490-5.2*

**شێوەی 3.5**
**فۆرمی داتاکانی پەیوەندیدار بە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لاپەڕەی 2**

| | ئایتمی داتا | کۆدی داتا | وەڵام (پڕکردنەوە • گشت • خانەی خۆڵەمێشی) |
|---|---|---|---|
| وادە و ئیحالەکردن | سیستەمی دیاریکردن؟ | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | بەدوا داچوونی ئەو کلایەنتانەی ناگەڕێنەوە؟ | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | سیستەمی ڕێکخراو بۆ ئیحالەی دەرچوو لە ناوەندی تەندروستی؟ | 0=نەخێر,1=بەڵێ, کاغەز,2=بەڵێ,ئەلیکترۆنی | |
| | سیستەمی ئیحالەی ڕێکخراوی فیدباک؟ | 0=نەخێر,1=بەڵێ, کاغەز,2=بەڵێ,ئەلیکترۆنی | |
| تۆمار - پاراستن | تۆماری پزیشکی نەخۆش - لە بنکە | 0=نەخێر,1=بەڵێ, کاغەز,2=بەڵێ,ئەلیکترۆنی | |
| | تۆماری تەندروستی خێزان | 0=نەخێر,1=بەڵێ, کاغەز,2=بەڵێ,ئەلیکترۆنی | |
| | یاداشتی بەڕێوەبردنی لیست: تاقیگە | 0=نەخێر, 1=بەڵێ-کاغەز, 2=بەڵێ-کۆمپیوتەر, 9=بەردەست نیە | |
| | یاداشتی بەڕێوەبردنی لیست: دەرمانخانە | 0=نەخێر, 1=بەڵێ-کاغەز, 2=بەڵێ-کۆمپیوتەر, 9=بەردەست نیە | |
| خزمەتگوزاریەکان: پزیشکی / برینپێچی | چاودێری گەشەی منداڵ | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | کوتان (VAX) | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | ORS - قەرەبووکردنەوەی شلەی دەمی - پاکێت بۆ ماڵەوە | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | قەرەبووکردنەوەی شلەی دەمی - دەستکردن بە چارەسەر لە بنکە | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | چاودێری بەر لە دایک بوون | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | دایکایەتی (کار و گەیاندن) | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | پلاندانانی خێزان | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | فریاگوزاری سەرەتایی/ چاودێری برینی بچووک | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | چارەسەری نەخۆشی درم | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | TB چارەسەری (DOTS) | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | پاڵەپەستۆی خوێن | 0=نەخێر, 1=بەڵێ پشکنین؟ | بەدوا داچوون؟ |
| | شەکرە | 0=نەخێر, 1=بەڵێ پشکنین؟ | شەبەنگ؟ بەدوا داچوون؟ |
| | خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی عەقڵی | 0=نەخێر, 1=بەڵێ پشکنین؟ | بەدوا داچوون؟ |
| | پەروەردە و فێربوون/ باشترکردنی تەندروستی | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| خزمەتگوزاریەکان: ددانی | گەیشتن بە کۆمەڵگە | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | یەکە/خزمەتگوزاری ددان؟ | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | ددان - پڕکردنەوە | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | ددانی - کێشانی سادە | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | کارە ددانیەکان (تاخمی ددان) | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| خزمەتگوزاریەکان: دەستنیشانکردن | هیچ خزمەتگوزاریەکی تاقیگە؟ | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - Hgb/Hct | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - WBC | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - ESR | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - گلوکۆسی خوێن | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - نمونەی خوێن بۆ مەلاریا | 0=نەخێر, 1=بەڵێ کۆکردنەوە؟ | پشکنین؟ |
| | تاقیگە - WBCمیز | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - پشکنینی میز بۆ دوو گیانی | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - پرۆتینی میز | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - پشکنینی پیسایی (ئۆڤا/ مشەخۆر) شێوەی لولەیی پاشەڕۆ) | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | تاقیگە - پشکنینی تر؟ | هەر پشکنینێکی تر؟ (0=نەخێر, 1=بەڵێ) | دیاریکردن: |
| | یەکە/خزمەتگوزاری تیشکگرتن؟ | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | خزمەتگوزاریەکانی سەروو دەنگ؟ | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| دەرمانخانە | دەرمانە بنەڕەتیە سەرەکیەکان | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | زیاتر لە دەرمانە بنەڕەتیە سەرەکیەکان | 0=نەخێر,1=بەڵێ | |
| | بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ خزمەتگوزاریەکانی دەرمانخانە | 0=نەخێر,1=داواکردن,2=ئینفێنتۆری,3=هەردووک | |

تێبینی: DOTS = چارەسەری ڕاستەوخۆ تێبینیکراو، کۆرسی کورت.

RAND *RR490-5.3*

- نزیک دوو لە سێی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک پزیشکێکی ددانیان هەیە: ئەم بازنە لە نێوان 43 تا 87 لە سەدی ناوەندەکانی سەرانسەری حەوت ناوچەی دهۆکن. بەوەشەوە، زۆربەی ناوەندەکانی دهۆک کە پزیشکێکی ددانیان هەیە، خاوەن ئامێرەکانی پەیوەندیدار بە پزیشکی ددانی تیشکی ئیکس(X-ray) نین.
- زۆرینەی ناوەندەکان لە دهۆکدا پزیشکی دەرمانسازیان نییە.
- کەمتر لە 1 لە سەدی پەرستاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک لە فێرگەدا فێری پەرستاری بوون؛ نزیک بە یەک لە سێی ئەوانە لە فێرکاری سەرەتایی یان فێرکاری لە دامەزراوەکان بەهرەیان وەرگرتووە، و دوو لە سێی ئەوان خاوەن دیپلۆمی پەرستارین. لە نێوان ناوەندە لاوەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی دهۆک، تەنیا لە ناوچەکانی عیمادیە و سمیل پەرستاران، فێرکاری سەرەتایی یان فێرکاری لە دامەزراوەکانیان تێپەڕاندووە؛ پەرستارانی ناوچەکانی تر تەنیا دیپلۆمیان هەیە.

**خشتەی 3.5**
**پێرستی خشتەکان و هێڵکارییە ستاندارد کراوەکان بۆ سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

| ڕێژە | سەردێڕ یان شرۆڤەکان | هێڵکاری |
|---|---|---|
| | زانیاری سەرەتایی | |
| 1 | ڕێژەی ناوەندەکانی تەندروستی، بە پێی جۆر<br>1ئەلف. بە پێی بەش<br>1ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 0 |
| 2 | ڕادەی لە خۆ گرتنی (لە ناو بازنەدا بوون) دانیشتووان لە لایەن ناوەندەکانی تەندروستی<br>2ئەلف. بە پێی بەش<br>2ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 2 |
| 3 | کاتژمێرەکانی دەوام لە ناوەندی تەندروستی، بە پێی جۆری ناوەند<br>3ئەلف. بە پێی بەش<br>3ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 0 |
| 4 | خزمەتگوزاری ئامادەکردنی پزیشک بە تەلەفۆن (یان پزیشکی ئێشکگر) لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی<br>4ئەلف. بە پێی بەش<br>4ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 1 |
| | فەرمانبەران | |
| 5 | جۆرەکانی پسپۆڕی لە ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی<br>5ئەلف. بە پێی بەش<br>5ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 4 |
| 6 | ڕێژەی پزیشکان و پەرستاران لە ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی<br>6ئەلف. بە پێی بەش<br>6ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 0 |
| 7 | ڕێژەی ستافی پسپۆڕ، بە پێی جۆر، لە ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی<br>7ئەلف. بە پێی بەش<br>7ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 0 |
| 8 | ئاستی فێرکاری پەرستاران لە ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی، ڕێژە<br>8ئەلف. بە پێی بەش<br>8ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 0 |
| 9 | ئاستی فێرکاری پەرستاران لە ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی، لە سەد<br>9ئەلف. بە پێی بەش<br>9ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 1 |
| 10 | ڕێژەی پزیشکان، بە پێی جۆر/تایبەتمەندێتی (بواری پسپۆڕی)، لە ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی<br>10ئەلف. بە پێی بەش<br>10ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 0 |
| 11 | ڕێژەی ستافی نیوە پسپۆڕ، بە پێی جۆر، لە ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی<br>11ئەلف. بە پێی بەش<br>11ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 0 |
| | ئامێرەکان | |
| 12 | بوون و دۆخی کاریی ئامێرەکانی تەرخان بە داتا کراو لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی<br>12ئەلف. بە پێی بەش<br>12ب. بە پێی بەشی لاوەکی<br>12ج. لە ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی تایبەت<br>1.12. دەسڕاگەیشتن بە کۆمپیوتەر و ئینتێرنێت<br>2.12 بوونی ئامێرەکانی تاقیگەی و تیشکی ئێکس(X-ray): مایکرۆسکوپ، سانتریفیووژ، ئۆتۆکلاڤ، تیشکی ئێکس بۆ کارەکانی تر جگە لە پزیشکی ددان، تیشکی ئێکس(X-ray) پزیشکی ددان<br>3.12. دۆخی کاریی ئامێرەکانی تاقیگەیی و تیشکی ئێکس(X-ray): مایکرۆسکوپ، سانتریفیووژ، ئۆتۆکلاڤ، تیشکی ئێکس بۆ کارەکانی تر جگە لە پزیشکی ددان، تیشکی ئێکسی پزیشکی ددان<br>4.12. کورتەی ئاگادارکردنەوەی ئامێرەکان:ئامێرەکانی تاقیگەیی یان تیشکی ئێکس(X-ray) کە کار ناکەن یان کەسی فێرکراو و لێهاتوو بۆ کار بەوانە بوونی نییە—مایکرۆسکوپ، سانتریفیووژ، ئۆتۆکلاڤ، تیشکی ئێکس بۆ کارەکانی تر جگە لە پزیشکی ددان، تیشکی ئێکسی پزیشکی ددان | 10 |

**خشتەی 3.5—درێژە**


| ڕێژە | سەردێڕ یان شرۆڤەکان | هێڵکاری |
|---|---|---|
| 13 | لە سەدی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی هۆڵی مناڵبوون، فەرمانبەران، ئامبولانس، و جێگەی نووستنن<br>13ئەلف. بە پێی بەش<br>13ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 3 |
| | بەڕێوەبەرایەتی نەخۆش | |
| 14 | سیستەمەکانی دیاریکردنی کات و ناردن، بە پێی جۆری ناوەند و بەشی لاوەکی<br>14ئەلف. بە پێی بەش<br>14ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 4 |
| | خزمەتگوزاری | |
| 15 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی خاوەن خزمەتگوزاری پزیشکی ددان، تاقیگە و رادیۆگرافین<br>15ئەلف. بە پێی بەش<br>15ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 3 |
| 16 | لە سەدی ناوەندە سەرەکییەکان چاودێری تەندروستی سەرەتایی خاوەن یەکە، فەرمانبەران و ئامێرەکان پزیشکی ددانن<br>16ئەلف. بە پێی بەش<br>16ب. بە پێی بەشی لاوەکی<br>16ج. لە ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی تایبەت | 1 |
| 17 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە خزمەتگوزارییەکی بنکەیی دیاریکراو پێشکەش دەکەن<br>17ئەلف. بە پێی بەش<br>17ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 4 |
| 18 | ڕێژەی خزمەتگوزاری ناوەڕۆکی کە ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی پێشکەش دەکەن (خزمەتگوزاری بنکەیی: ANC ،ORS ،VAX ،GM)<br>18ئەلف. بە پێی بەش<br>18ب. بە پێی بەشی لاوەکی<br>18ج. لە ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی تایبەت | 0 |
| 19 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە خزمەتگوزارییەکی زێدەی دیاریکراو پێشکەش دەکەن<br>19ئەلف. بە پێی بەش<br>19ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 6 |
| 20 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە پشکنین و بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشییە درێژخایەنەکان پێشکەش دەکەن<br>20ئەلف. بە پێی بەش<br>20ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 6 |
| 21 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە خزمەتگوزاری پزیشکی ددانێکی دیاریکراو پێشکەش دەکەن<br>21ئەلف. بە پێی بەش<br>21ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 3 |
| 22 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە خزمەتگوزاری تاقیکردنەوەی دیاریکراوی خوێن پێشکەش دەکەن<br>22ئەلف. بە پێی بەش<br>22ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 6 |
| 23 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە خزمەتگوزاری تاقیکردنەوەی میز و پیسایی دیاریکراو پێشکەش دەکەن<br>23ئەلف. بە پێی بەش<br>23ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 3 |
| 24 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە دەوا و دەرمانی دیاریکراو پێشکەش دەکەن<br>24ئەلف. بە پێی بەش<br>24ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 3 |
| 25 | لە سەدی ناوەندە لاوەکی و سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە لە سیستەمەکانی بەڕێوەبەرایەتی دەوا و دەرمان کەڵک وەردەگرن<br>25ئەلف. بە پێی بەش<br>25ب. بە پێی بەشی لاوەکی | 1 |

**خشتەی 4.5**
**ئامێرەکان لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک**

| بەشی دەسەڵاتی دادوەری | ڕێژەی ناوەندە سەرەکییەکان چاودێری تەندروستی سەرەتایی | لە سەدی ناوەندەکانی خاوەن مایکرۆسکۆپ | لە سەدی ناوەندەکانی خاوەن سانتریفیووژ | لە سەدی ناوەندەکانی خاوەن ئۆتۆکلاف | لە سەدی ناوەندەکانی خاوەن تیشکی ئیکس بۆ کارەکانی تر جگە لە پزیشکی ددان | لە سەدی ناوەندەکانی خاوەن تیشکی ئیکس(X-ray) پزیشکی ددان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک، کۆی گشتی | 62 | 74 | 71 | 66 | 31 | 15 |
| دهۆک (شار) | 15 | 87 | 80 | 87 | 47 | 20 |
| سومەیل | 8 | 75 | 75 | 75 | 38 | 0 |
| زاخۆ | 13 | 77 | 77 | 54 | 23 | 15 |
| عیمادیە | 8 | 88 | 88 | 75 | 37 | 25 |
| ئەلشێخان | 5 | 60 | 60 | 40 | 0 | 0 |
| ئاکرە | 7 | 43 | 29 | 71 | 0 | 0 |
| بەردە رەش | 5 | 60 | 60 | 20 | 40 | 40 |

سەرچاوە: داتاکانی فەرمانگەی تەندروستی دهۆک.

**شێوەی 4.5**
**لاپەڕەی پێرستی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری**




RAND RR490-5.4


شێوەی 5.5
**رادەی لە خۆ گرتنی (لە ناو بازنەدا بوون) دانیشتووانی لە لایەن ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پێی بەشی دەسەڵاتی دادوەری**




سەرچاوەکان: Duhok DOH data; Wahab and Petros, 2011.

RAND *RR490-5.5*


**شێوەی 6.5**
**ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک کە لانیکەم یەک پزیشکی ددانیان هەیە یان خاوەن ئامێرەکانی تیشکی ئێکسی(X-ray ) پزیشکی ددانن**




RAND *RR490-5.6*

- زۆربەی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک لانیکەم کۆمپیوتەرێکیان هەیە؛ نزیک بە تەواوی کۆمپیوتەرەکان کار دەکەن، زۆربەیان لە لایەن کەسانێکەوە بەکار دەهێنرێن کە بۆ ئەم کارە فێر کراون. ڕێژەیەکی زۆر کەم لەم ناوەندانە دەسراگەیشتنیان بە ئینتێرنێت هەیە.
- لە چوار قەزا لە حەوت قەزای دهۆک، زۆربەی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی مایکرۆسکوپێک، سانتریفیووژێک، و ئۆتۆکلاڤێکیان هەیە؛ لە سێ قەزای تردا، زۆربەی ناوەندەکان یەک یان چەند ئایتێم لەم پێویستیانەیان لە بەردەستدا نییە. زۆربەی ناوەندەکانی خاوەنی ئەم ئامێرانە، بەکارهێنەری فێرکراویشیان هەیە، بەلام تەنیا مایکرۆسکوپەکان بە باشی کار دەکەن؛ سانتریفیووژەکان و ئۆتۆکلاڤەکان لە زۆربەی ناوەندەکاندا بە باشی کار ناکەن.
- لە دهۆک، ئامێرەکانی پەیوەندیدار بە تیشکی ئێکس(X-ray) بە شێوەی ئاسایی لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی دەست ناکەون؛ تەنیا نزیکەی نیوێک لە ئامێرەکانی تیشکی ئێکس (X-ray) بۆ کارەکانی جگە لە-پزیشکی ددان چالاکن و کار دەکەن، و تەنیا نزیکەی نیوێک لەوانە لە لایەن کەسانێک بە کار دەهێنرێن کە بۆ ئەم کارە فێرکارییان تێپەڕاندووە (فێر کراون).
- لە چوار قەزای دەرەوەی شاری دهۆک، زۆربەی ناوەندە سەرەکییەکان لانیکەم جێگەیەکی خەویان هەیە؛ لە دوو قەزای تردا، نزیک بە یەک لە چواری ناوەندە سەرەکییەکان لانیکەم جێگەیەکی خەویان هەیە.
- لە شەش قەزا لە حەوت قەزای دهۆک، هەموو ناوەندە لاوەکییەکان و نزیکەو تەواوی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی خاوەن سیستەمێکی ناردنی نەخۆسەکان بۆ دەرەوەی ناوەندن تا خزمەتگوزاری دەستنیشانکردنی و کلینیکاڵی زۆرتریان پێ بدرێت.
- نزیکەی سێ لە چواری ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک یەک تاقیگەیان هەیە. باوترین تاقیکردنەوە بەکارهێنراوەکان بریتین لە تاقیکردنەوەی خوێن بۆ دیاریکردنی هیمۆگلۆبین (Hgb) یان هیماتۆکریت (Hct) (لە 71 لە سەدی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی) و گلۆکۆز (73 لە سەد)، و هەروەها تاقیکردنەوەی خوێن بۆ دیاریکردنی خانە سپییەکانی خوێن (WBC) و خێرایی نیشتنی ئێریتروسیت (ESR) (بۆ هەردووکیان 60 لە سەد). نزیکەی دوو لە سێی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک بۆ دەستنیشانکردنی زگپڕبوون تاقیکردنەوەی میز ئەنجام دەدەن؛ نزیکەی نیوێک لەوانە بۆ دەستنیشانکردنی بوونی هێلکەی مشەخۆر و مشەخۆر تاقیکردنەوەی پیسایی ئەنجام دەدەن.

**شێوەی 7.5**
**ئاستەکانی خوێندنی ستافی پەرستاری ناوەندی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک**





سەرچاوە: Duhok DOH data, 2012.
RAND *RR490-5.7*

- لە هەولێر، زۆربەی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و هەروەها ناوەندە لاوەکییەکان خزمەتگوزاری چاودێری لە سەر گەشە پێشکەش دەکەن؛ ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە هەولێر خزمەتگوزاری کوتان، دەرمان بە گیراوەی خۆراکی ڕێهیدراتاسیۆن، و چاودێرییەکانی پێش لە منداڵبوونیان هەیە، بەلام ڕێژەیەکی زۆر کەم لە ناوەندە لاوەکییەکان ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکەن. نزیکەو تەواوی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک خزمەتگوزاری چاودێری لە سەر گەشە و کوتانیان هەیە؛ نزیکەی سێ لە چواریان دەرمان بە گیراوەی خۆراکی ڕێهیدراتاسیۆن و چاودێرییەکانی پێش لە منداڵبوونیش پێشکەش دەکەن. ئەم خزمەتگوزارییانە بە کەمی لە ناوەندە لاوەکییەکانی دهۆک دەست دەکەون.
- نزیکەی یەک لە سێی ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک—بە زۆری لە دوو قەزا—خاوەن پشکنینی سەلامەتی دەروونین.
- نزیکەو نیوێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک خزمەتگوزاری بەڕێوەبەرایەتی زەختی خوێنی سەرەوەیان هەیە؛ بەلام هیچیان بەڕێوەبەرایەتی شەکرە یان سەلامەتی دەروون پێشکەش ناکەن.
- نزیکەو تەواوی ناوەندە سەرەکیی و لاوەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک خزمەتگوزاری دەرمانخانەیی پێشکەش دەکەن و دەرمانە سەرەکییەکانیان لە بەرد دەستدایە؛ نزیکەی نیوێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و ڕێژەیەکی زۆر کەم لە ناوەندە لاوەکییەکان جگە لە دەرمانە سەرەکییەکان، دەرمانەکانی تریشیان هەیە. نزیکەی یەک لە چواری ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە دهۆک سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی دەرمانخانەیی بە کۆمپیوتەر کراویان هەیە (سیستەمی هەڵگرتنی زانیاری بە کۆمپیوتەر).

## یارمەتی تەکنیکی زێدە

کاتێک کە وەزارەتی تەندروستی لە ئۆکتۆبەری 2012 بە بڵاوبوونەوە و تەشەنەی کۆلێرا لە سلێمانی رادەگەیشت، ئێمە یارمەتی تەکنیکی سنووردارمان پێیان پێشکەش کرد. لە سەر بنەمای ئەزموونەکانی مێلیندا مور، یەکێک





سەرچاوەکان: Duhok DOH data; Wahab and Petros, 2011.

RAND *RR490-5.8*

[illegible] 5.8


**شێوەی 9.5**
**هەبوونی خزمەتگوزاری تاقیگەیی لە ناوەندە سەرەکییەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی**




سەرچاوەکان: Duhok DOH data; Wahab and Petros, 2011.

RAND *RR490-5.9*

**شێوەی 10.5**
**خزمەتگوزاری پاش نیوەڕوانە و شەوانە لە ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی**




سەرچاوەکان: Duhok DOH data; Wahab and Petros, 2011.
RAND *RR490-5.10*

لە ئەندامانی تیمی RAND، لە پشکنینی تەشەنە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە ماوەی خزمەتکردنی خۆی وەکوو پسپۆڕی ئێپیدمیۆلۆژی لە ناوەندەکانی کۆنترۆڵ و بەرگیری لە نەخۆشی ئەمریکا، بۆ پشکنینی ئەو نەخۆشینانەی کە بە هۆی مادەی خۆراکی دروست دەبن فەرمانە کارییکانی (ڕێنموونییەکانی پەیوەندیدار بە کار) پێشکەش کرد. پشکنینی بڵاوبوونەوە و تەشەنەی نەخۆشییە هەو کردنییە تیژەکان(سەخت) چەند قۆناغی سادەی هەیە. مەبەست لە پێشکەشکردنی فەرمانە کارییکان (ڕێنموونییەکانی پەیوەندیدار بە کار)، کە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی کوردی، ئەوە بوو کە لە دۆزینەوەی سەرچاوەی بڵاوبوونەوە و تەشەنەی نەخۆشی و کاری بنەڕەتی بۆ سنووردار کردنی تەشەنەی نەخۆشی لە کاتی دەرمانکردنی کەسانی تووشبوو یارمەتی وەزارەتی تەندروستی بدرێت. دکتۆر موور لەگەڵ وەزیری تەندروستی و تیم ئەویشدا دیداری کرد تا سەبارەت بە وردەکارییەکانی توێژینەوەی لە دەستی ئەنجام لەگەڵیان قسە بکات و پێشنیارە تایبەتەکانیان پێشکەش بکات.

## دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان

KRG لە ماوەی ساڵی 2012 هەنگاوی کاریگەری بۆ باشترکردنی سیستەمی چاودێری سەرەتایی هەڵگرتووە. بە شێوەی تایبەت، پێکهێنانی بەستەیەکی ستانداردی خزمەتگوزاریی و خستنە کاری فەرمانبەران و ئامێرە شیاوەکان بۆ هەر ئاستێکی ناوەندی تەندروستی هەلومەرجی پێویست بۆ پلاندارێژان و بەڕێوەبەرانی کاروباری تەندروستی دابین دەکات تا بگەن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. MIS نیشانە تایبەتەکانی هەرکام لە ناوەندەکان لە باری فەرمانبەران، ئامێرەکان و خزمەتگوزاری هەڵدەسەنگێنێت و بەم جۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەڕێوەبەران بە ئاگادارییەوە بڕیار بدەن. هەروەها کە لە پرسیارەکانی خوارەوە دەردەکەوێت، داتا سەرەتاییەکان کە زۆربەیان لە دهۆک بە دەست هاتبوون، پیشان دەدات کە KRG دەرفەتی زۆری بۆ روونکردنەوەی سیاسەتەکانی باشترکردنی کارەکان لە بەر دەستدایە:

- ئاخۆ قەبووڵ دەکرێت کە لە ژمارەیەک لە کەسانێک کە کە لە ژێر چاودێری ناوەندە جۆربەجۆرەکاندان جیاوازییەکی زۆر هەبێت، یان دەبێت ستانداردکردنی ئەم بابەتە وەکوو یەکێک لە سیاسەتەکان و کارەکان باشتر جێبەجێ بکرێت؟
- کامیەک لە ناوەندەکان دەبێت خزمەتگوزاری پاش نیوەڕوانە و شەوانە پێشکەش بکەن؟
- لە جۆرە جیاوازەکانی ناوەندەکان، مۆدێلی فەرمانبەرانی پزیشک و پەرستار دەبێت چۆن بێت (واتە، چەند پزیشک لە کام بواردا، چەند پەرستار بە چ ئاستێکی فێرکاریی)، و دابەشکردنی ئەم پسپۆڕانە چۆن چاکتر دەکرێت؟
- کامیەک لە ناوەندەکان دەبێت لانیکەم پزیشکێکی ددانیان هەبێت؟ کامیەک لە خزمەتگوزارییەکانی پزیشکیی ددان دەبێت پێشکەش بکرێت؟
- کامیەک لە ناوەندەکان دەبێت ئامێرەکانی پەیوەندیدار بە تیشکی ئێکسیان (X-ray) هەبێت؟ فەرمانگەی تەندروستی و وەزارەتی تەندروستی چۆن دەتوانن دڵنیا ببن کە ئامێرەکانی تیشکی ئێکس(X-ray) بە چاکی کار دەکەن؟
- کامیەک لە ناوەندەکان دەبێت تاقیگەیەکیان هەبێت؟ کامیەک لە تاقیکردنەوەکانی تاقیگەیی دەبێت پێشکەش بکرێت؟ کام ئامێر بۆ ئەم تاقیگانە پێویستە؟ فەرمانگەی تەندروستی و وەزارەتی تەندروستی چۆن دەتوانن دڵنیا ببن کە ئامێرەکان بە چاکی کار دەکەن ؟
- کامیەک لە ناوەندەکان دەبێت دەرمانخانەیەکیان هەبێت؟ کامیەک لە دەرمانەکان دەبێت بوونیان هەبێت؟
- کامیەک لە ناوەندەکان دەبێت لانیکەم یەک کۆمپیوتەریان هەبێت؟ ئەم ناوەندانە دەبێت چەن کۆمپیوتەریان هەبێت؟ چۆن دەبێت لەم کۆمپیوتەرانە کەڵک وەربگیردرێت و کێ دەبێت کەڵکیان لێ وەربگرێت؟
- فەرمانگەی تەندروستی یا وەزارەتی تەندروستی چۆن دەتوانن دڵنیا ببن کە هەموو ناوەندەکان بازنەیەکی تەواو لە خزمەتگوزاری شیاو بۆ ئاستی خۆیان (بۆ نموونە، ناوەندە سەرەکییەکان، ناوەندە لاوەکییەکان) پێشکەش دەکەن؟
- باشترین ڕێگا بۆ ناساندنی پشکنینی نەخۆشینە درێژخایەنەکان و بەڕێوەبەرایەتی سادە بەو ناوەندانەی کە ئێستا ئەم خزمەتگوزارییە پێشکەش ناکەن، (بۆ نموونە، پشکنین و ڕێکخستنی شەکرە، فشاری خوێنی سەرەوە، ئاڵۆزییەکانی پەیوەندیدار بە سەلامەتی دەروون) چییە؟

MIS ی نوێی چاودێری تەندروستی سەرەتایی KRG كە ئێمە پێكمان هێناوە دەبێت بە تەواوەتی دابمەزرێت تا ببێتە شتێكی ئاسایی—كۆكردنەوە، لێكدانەوە و پێشكەشكردنی ئاسانی داتاكان—و بەڕێوەبەران و پلاندارێژان لە هەموو ئاستەكاندا لە بەشەوە تاكوو پارێزگا و قەزا كەڵكی لێوەربگرن. ئەم سیستەمە دەتوانێت لە چوارچێوەی هێز و كاریگەری گەورەی وڵاتە یەكگرتووەكان بۆ پەرەپێدانی نێونەتەوەیی (USAID)—پرۆژەی چاودێری تەندروستی سەرەتایی پشتیوانی لێكراو، بە چاكسازییە بچووک و پێویستەكان بۆ راكێشانی بەشەكان لە پلاندارێژی پشتیوانی لێكراو لە لایەن USAID كە هێشتا لە MISی نوێی ئێمەدا نەگونجێندراوە—بەكاربهێنرێت. ئێمە هەروەها لەگەڵ هاوكارانمان لە سەرانسەری KRI كار دەكەین تا ئەم سیستەمە رێكبخەین، هەموو توانستەكانی داتاكان بگوێزینەوە، و لە داتاكان بۆ راپۆرتی ئاسایی و ئامانجی بەڕێوەبەرایەتی كەڵک وەرگرین. زێدە لەوەش رەنگە KRG بۆ پەرەپێدان بە دیكەی سیستەمەكانی داتای تەندروستی، بەتایبەت چاودێری تەندروستی گشتی، سوودوەرگرتن و تێچوونەكانی نەخۆشخانە و ناوەندی تەندروستی، و راپۆرتە ئەلێكترۆنیكیەكانی تەندروستی، لە رێبازێكی سیستەماتیک و هاوشێوە كەڵک وەرگرێت. RAND لەم بوارانەدا خاوەن پسپۆڕی و ئەزموونە و بۆ بۆ هاوكاری لەگەڵ KRG ئامادەیە.

# کواڵیتی و سەلامەی نەخۆش

## پێشەکی

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، RAND لە نزیکەوە کاری کردووە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگەکان بۆ باشترکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ساڵی ڕابردوو، ئەم کارە گەیشتە چڵەپۆپە لە ووردەکاری تێروتەسەڵ و ڕاپۆرتێک پێشکەشکرا بەناونیشانی *ئایندەی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق: بەرەو سیستەمێکی چاودێری تەندروستی کاریگەر و کواڵیتی بەرز لەگەڵ جەختکردنە سەر چاودێری سەرەتایی* (Moore et al., 2012). هەروەها، لە شوباتی 2011، RAND بەشداریکرد لە کۆنگرێسی جیهانی سەبارەت بە چاکسازی و پەرەپێدانی سیستەمی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

دوای گفتوگۆ لەگەڵ هاوکاران لەم چاوپێکەوتنە، و بە زانیاری وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی تەندروستی داوای لە RAND کرد کە هەڵسەنگاندنێک ئەنجام بدات بۆ کواڵیتی گشتی تەندروستی و سەلامەتی نەخۆش لە هەرێمی کوردستانی عێراق و پێشخستنی ڕێگەیەک بۆ باشترکردنی کواڵیتی و سەلامەتی. ئەم بەشە باس لەو هەڵسەنگاندنە دەکات. هەروەها باس لە پێکهاتەکانی کواڵیتیە گرنگەکانی پلانی باشترکردن دەکات، لە گەڵ ئامانجی دڵنیاکردن کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان سەلامەتترین چاودێری تەندروستیان پێشکەش دەکرێت، هاوشانی ستاندەرە جیهانیەکان بۆ سەلامەتی و کواڵیتی.

لێکۆڵینەوەکە جەختی کردە سەر باشترکردنی سەلامەتی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی بۆ تاکەکان کە داوای چاودێریان دەکرد لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی تایبەت بە پێشکەشکردنی چاودێری تەندروستی (بۆ نموونە، چاودێری ڕووداو و باری لەناکاو). گفتوگۆکەمان بنیاتنراوە لە سەر سەردانی شوێن و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسان، بەڕێوەبەرانی چاودێری تەندروستی، و دابینکەرانی چاودێری لە هەولێر، دهۆک و سلێمانی. هەرچۆنێک بێت، گەرچی شیاوە هەوڵە سەرەتاییەکان جەخت بکاتە سەر دابینکەرانی نەخۆشخانەکان بۆ چاودێری، گرنگە دڵنیایی ئەوە بکرێت کە جەختی درێژخایەن بەرزکردنەوەی کواڵیتی چاودێری لەخۆ دەگرێت لە ڕێگەی سیستەمی چاودێری تەندروستی، بەلەخۆگرتنی خزمەتگوزاریە دابینکراوەکان لە بنکەکانی چاودێری سەرەتایی و شوێنەکانی تیمارکردن.

## شەش بوارەکەی پەیمانگەی ئەمریکی بۆ دەرمان بۆ کواڵیتی چاودێری تەندروستی

تیمی RAND سەلامەتی نەخۆش و کواڵیتی پشکنی لە مەودای شەش بوارەکەی کواڵیتی چاودێری تەندروستی کە دیاریکراوە لە لەلایەن ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی IOM لە ساڵی 2001، کە باسکراوە لە بڵاوکراوە کاریگەرەکانی *Crossing the Quality Chasm: A New Health System for the 21st Century* (IOM, 2001). بە تایبەت، چوارچێوەی IOM ئەم بوارانەی خوارەوە دیاری دەکات ( هەروەها سەیری شێوەی 6.1 بکە):

- **سەلامەت:** زیان دوور دەخاتەوە لە نەخۆشەکان لە چاودێریەی کە مەبەست لێی یارمەتیدانیانە
- **کاریگەر:** خزمەتگوزاری دابین دەکات لە سەر بنەمای زانیاری زانستی بۆ گشت ئەوانەی دەکرێت سوودمەند بن لە گەڵ وەستاندنی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکە لەوانەی کە سوودی لێ نابینن (ڕێگری دەکات لە زۆر بەکارهێنان و خراپ بەکارهێنان)
- **جەختکردنە سەر نەخۆش:** چاودێری دابین دەکات کە بە پێی پێویستی و ویست و پێداویستی و بەهاکانی نەخۆشە و زامنی ئەوە دەکات کە بەهاکانی نەخۆش ڕێبەری گشت بڕیارە پزیشکیەکان دەکات

**شێوەی 1.6:**
**شەش بوارەکەی IOM بۆ کوالێتی چاودێری تەندروستی**




RAND *RR6.1-490*

- **بە پێی کات:** کاتەکانی چاوەڕوانکردن و هەندێک جار دواخستنی مەترسیدار کەم دەکاتەوە بۆ ئەوانەی چاودێری وەردەگرن و بۆ ئەوانەش کە چاودێری پێشکەش دەکەن
- **گونجاو:** بەفیڕۆدان بەلاوە دەنێت، وەک بەفیڕۆدانی کەرەستە، پێداویستیەکان، بیرۆکەکان و ووزە
- **دادوەرانە:** ئەو جۆرە چاودێریە دابین دەکات کە هەمەچەشن نیە لە جوردا بەهۆی تایبەتمەندیە تاکە کەسیەکان، وەک ڕەگەز، نەژاد، شوێنی جوگرافی، باری کۆمەڵایەتی و ئابوری.

### ئەنجامە سەرەتاییەکان لە هەڵسەنگاندنی ئێمە

پسپۆرانی تەندروستی کوردستان لە گرنگی جۆر و سەلامەتی چاودێری تەندروستی دەگەن. بەهۆی بوونی نەریتی نایابی کە پێشووتر لە هەرێمەکە هەبوو، ئەوانەی چاودێری دابین دەکەن تێگەیشتنیان هەیە بۆ زۆرێک لە سنووردایەکان لە تواناکانیان بۆ گەیاندنی چاودێری لە دەوروبەری کاری ئێستایان. ئەم چاودێریە، بە شێوەیەکی بەردەوام لە نەخۆشخانەکانی هەر سێ پارێزگاکە بوونی هەیە لە هەرێمەکە، شتێکی گرنگە. کاتێک بابەتەکە دێتە سەر ئەنجامدانی گۆڕانکاری و باشترکردن، گەورەترین فەراهامکەر ( و گەورەترین بەرهەڵستکار) بریتین لە کادرانی پسپۆر کە بەشدار دەبن لە گۆڕانکاری و بەرپرسن لە "خاوەنداریەتی" ئایندەی سیستەمی گەیاندنی چاودێری تەندروستی.

لە بڕیارەکەمان، ئێمە جەخت دەکەینە سەر کوالێتی گشتی چاودێری نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی کوردستان. زۆرینەی سەردانەکانمان بۆ دامەزراوە گشتیەکان بوو، بەڵام، پێویستی بۆ باشترکردنی سەلامەتی و کوالێتی بە سەر گشت دامەزراوەکان جێبەجێ دەبێت. ئاستەنگەکان لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی جیاوازن، بەڵام بنەماکان و گرنگپێدان بە لایەنی سەرەکی کوالێتی بە یەکسانی بەسەر هەردوو کەرتدا جێبەجێ دەبێت. بۆ نموونە، نەخۆشخانە سەرەکیەکانی کەرتی گشتی کۆنترن لەوانەی لە کەرتی تایبەتدا هەن ( کە هەروەها بچووکترن) و کۆنترن لە نەخۆشخانە بچووکەکانی کەرتی گشتی (وەک نەخۆشخانە گشتیەکانی ئاستی قەزاکان و نەخۆشخانە تایبەتەکان)، و ژێرخانی فیزیایی کێشەیەکە لە دامەزراوە کۆنەکان بەراورد بە هەندێک لە نەخۆشخانە نوێکان. هەرچۆنێک بێت، زامنکردنی ئەوەی کە ژێرخان بە شێوەیەکی گونجاو پتەوە بۆ دابینکردنی چاودێری شیاو لەگەڵ ستانداردەکانی کوالێتی نیشتیمانی جیهانی ئەوە پێویستە جێگەی بایەخ بێت بێ گوێدانە ئەوەی کەی باڵەخانەکە دروستکراوە.

لە دۆخی ئێستای گەیاندنی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەڵسەنگاندنێکی ڕوون بۆ هەر یەک لە ئامانجەکانی IOM نەکرا ئەنجام بدرێت. هەرچۆنێک بێت، هەندێک هەوڵی سەرەتایی تایبەت لە هەندێک بواری کوالێتی دەست پێدەکەن (بۆ نموونە سەلامەتی). بە پێچەوانەوە، DP کە لە هەرێمەکە بوونی هەیە سیستەمێک دروست دەکات کە شیاو نیە بۆ گشت نەخۆشەکان، هانی ناگونجاوی دەدات لە

گەیاندنی چاودێری، دەبێتە ئاستەنگ بۆ ئاوێتەکردنی سیستەمەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی (زۆرینەی بۆ کەرتی گشتی) ئەو کاتەی هەوڵ دەدرێت چاودێری بە پێی کات دابین بکرێت. لەبەرئەوەی پزیشکەکان سۆزی دوو لایەنەیان هەیە لە نێوان کارەکانیان لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، سیستەمی گەیاندن کە بوونی هەیە زیاتر جەختی لە سەر دابینکەرە نەوەک خودی نەخۆشەکە.

### هەوڵە دیاریکراوەکانی باشترکردنی کواڵیتی

لە ماوەی سەردانەکان لە هەولێرو دهۆک و سلێمانی، تێبینی هەنگاوی تایبەتمان کرد کە بەرِوونی ڕەنگدانەوەی ویستێکە بۆ باشترکردنی سەلامەتی و کواڵیتی. بۆ نموونە، لە نەخۆشخانەی فێرکاری رزگاری، دەربارەی هەنگاوی باشترکردنی کۆنترۆڵی نەخۆشیمان بیست لە ڕێگەی دەست شوشتنی باشتر. هەوڵەکان بۆ باشترکردنی لایەنە گرنگەکانی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی داڕێژرابوون بۆ دەستنیشانکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە لەخۆگرتنی دکتۆرەکان، برین پێچەکان و سەیدەلانیەکان، بەیەکەوە کاردەکەن بۆ گۆڕینی کارەکان.

تایبەتترین کاری سەلامەتی نەخۆش کە دەربارەیەوە فێر بووین بریتی بوو لە پلانێک بۆ ئەنجامدانی ڕووپێویەکی ستاندەری سەلامەتی نەخۆش لە نەخۆشخانەی فێرکاری ئازادی لە دهۆک. نەخۆشخانەکە پلانی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئاژانسێک بۆ لێکۆڵینەوەی چاودێری تەندروستی و ڕووپێوی کواڵیتی سەبارەت بە کەلتوری سەلامەتی نەخۆش. دهۆک وەشانێک بەکاردێنێت کە وەرگێڕدراوە و بەکاردێت لە وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. گەرچی هێشتا لە قۆناغی پلاندانان و سەرەتادایە، بەڵام ئەم هەنگاوە بناغەیەکی کاریگەر دابین دەکات کە لێیەوە گۆڕانکاری و چاکسازی زیاتر لە بوارەکانی کواڵیتی و سەلامەتی بەدی دێت.

لەبەرئەوەی ئەم ڕووپێویە پەسندکراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سەلامەتی و کواڵیتی نەخۆش دیاری بکات لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەرامبەر بە سیستەمەکانی تر لە ناوچە جوگرافیەکە. لە ڕێگەی ئەم هەنگاوەوە و هەنگاوی ترەوە، دەکرێت لە دابینکەرانەوە فێر بین بۆ ئەنجامدانی باشترین کاری هاوشێوەی گۆڕانکاریەکان لە کوردستان. سەرکردەکانی چاودێری تەندروستی لە سەرانسەری هەرێم پێویستە هەڵەکە بقۆزنەوە بۆ فێربوون سەبارەت بە ئاستەنگەکان و سەرکەوتنەکان لە گەڵ ئەنجامدانی ڕووپێوی لە نەخۆشخانەی فێرکاری ئازادی و پەرەپێدانی پلانەکان بۆ ئەنجامدانی ڕووپێویەکی بناغە لە گشت دامەزراوە سەرەکیەکان لە سەرانسەری هەرێم، وەک دامەزراوە تایبەتەکان، تا ئەو ڕادەیەی بشێت.

گفتوگۆی نارەسمی لەگەڵ موماریسەکانی ئێستا لە نەخۆشخانەکانی هەولێر و دهۆک پێشنیاری ئەوەیان کرد کە، گەرچی زۆرێک لە کارەکانی سەلامەتی زانراو بوون، نە ژێرخانەکە نە کارە باوەکان بوونیان نەبوو بۆ بەدواداچوونی ڕێوشوێنی سەلامەتی بە شێوەیەکی بەردەوام. بۆ نموونە، لەکاتی قسەکردن بۆ چەندین کەسی بەشداربوو لە کاری بەنجکردن، ئەوەمان پێوترا کە کارەکانی دیاریکردن نەخۆش بە شێوەیەکی جێگیر پەیرەو ناکرێن، گەرچی دابینکەران تەواو ئاگاداربوون سەبارەت هەنگاوە شیاوەکان لە ئوسترالیا، شانشینە یەکگرتووەکان، و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. هەروەها فێری ئەوە بووین، کاتی ڕووداوی ناخۆش ڕوودەدات، هیچ ڕێگەیەکی سیستەماتیکی نیە بۆ دەسنیشانکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی هەڵەکە. سەرەڕای ئەوەش، وەڵامی ئاسایی بریتی بوو لە دەسنیشانکردن ئەو کەسەی بەرپرس بووە لە هەڵەکە و دیاریکردنی ڕێژەی بەرپرسیاریەتی هەر یەک لە پزیشکەکان. کەمێک لە جەخت درا بوو بە هۆکارە سیستەمیەکانی هەڵە، گەرچی توێژینەوەکان بە بەردەوامی ئەوە نیشان دەدەن کە زۆرینەی هەڵەکان ڕەنگدانەوەی لاوازیە لە سیستەمەکە کە وا دەکات کەسە نیاز باشەکان بەهۆی کەمتەرخەمیەوە ئازاری نەخۆشەکان بدەن.

هەروەها ئەوەمان زانی کە پێشکەوتن ڕوویداوە سەبارەت بە مافەکانی نەخۆش. هەوڵەکان لە ڕێگەدان بۆ زامنکردنی ئەوەی کە نەخۆشەکان تێگەیشتنیان هەیە سەبارەت بە مافەکانیان و بەپرسیاریەتیەکانیان لەو کاتەی داوای خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تێگەیشتن دەکەن. بەڵام هەستێک هەیە کە ئاگادارکردنەوەی نەخۆش و دابینکەران سەبارەت بە مافەکان و بەرپرسیاریەتیەکان شیاو نیە: بەهێزکردنی مافەکانی نەخۆش پێویستی بە یاسایەکە بۆ ئەوەی پشتیوانی بکات. ئەوەمان پێوترا کە خەڵکان داوای یاسایەک دەکەن سەبارەت بە مافەکانی نەخۆش لەگەڵ ڕێساکان کە پەرلەمان هەوڵەکان لە ئەستۆ بگرێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم پرۆژە یاسایە. بەڵگەنامەکە ڕەشنووسکراوە و لەکاتی ئێستادا پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە.

زامنکردنی ئەوەی کە نەخۆشەکان تێگەیشتنیان هەیە سەبارەت بە مافەکانیان و بەرپرسیاریەتیەکانیان هاوتایە لەگەڵ بواری بەهەندوەرگرتنی نەخۆش لە بوارەکانی کواڵیتی وەزارەتی تەندروستی کە لەسەرەوە باسی لێوەکرا. لە ڕێگەی گفتوگۆکانمان لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی، تێگەیشتین کە دەکرێت یاساکە بناغەیەک دابین بکات بۆ نەخۆشەکان (و دابینکەرانیش) بۆ ئەوەی ڕێککاری یاسایی بگرنە بەر لەو کاتەی هەست دەکەن کە مافەکانیان فەراهەم نەکراوە. یاساکان ڕێڕەوێک دیاریدەکەن بۆ تاکەکان بۆ ئەوەی بەدوای سەرچاوەی یاساییەوە بن لەو کاتانەی کە مافەکانیان پێشێل دەکرێت. هەرچۆنێک بێت، تیمی RAND تەواو بڕوای وایە

کە ئەوەی زۆر گرنگترە بریتیە لە دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەکان بۆ چاکسازیەکانی ئایندە بۆ زامنکردنی ئەوەی کە نمونەی کەمتر هەبێت کە تیایدا نەخۆشەکان یان کەسانی تر هەست بە پێویستی بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ سیستەمی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی کێشە. بەتایبەتی، لەو کاتەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق کواڵیتی سیستەمێکی چاودێری تەندروستی سەلامەتتر پەرەپێدەدات، ژمارەی حاڵەتەکان کە تیایدا مافەکانی نەخۆش لەبەرچاو ناگیرێت پێویستە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم ببێتەوە.

**نەبوونی پلانی ستراتیجی بۆ دەستخستنی سەلامەتی نەخۆش**

ئێمە تێبینی هەنگاوی تایبەتمان کرد لە نەخۆشخانەکانی کوردستان کە داڕێژراوە بۆ باشترکردنی سەلامەتی نەخۆش، لەگەڵ پرۆژە یاسای تایبەت کە مەبەست لێی پاراستنی مافەکانی نەخۆشە. هەرچۆنێک بێت، *ئەوەی نیە بریتیە لە پلانی جێگیر و ڕێکخراو بۆ باشترکردنی کواڵیتی و سەلامەتی لە سەرانسەری دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی.* زۆرنەی هەوڵەکان، گەرچی جێگەی سەرنج و بەشدارن لە بەرزکردنەوەی گشتی لە جۆری دامەزراوە تاکە کەسیەکان، لەوە دەچێت پشت ببەستێت بە هەنگاو و ویستی تاکە کەسەکان لە نێو سیستەمە جیاکراوەکانی نەخۆشخانەکان.

جەخت لە سەر کواڵیتی و سەلامەتی گرنگە بۆ گشت ئەوانەی داوای چاودێری تەندروستی دەکەن لە نێو هەرێم. پێویستە هەوڵەکانی ئایندە جەخت بکاتە سەر پەرەپێدانی ژێرخانێک و سیستەمێک کە پشت ببەستێت بە هاندانی ئەو کەسانەی بەشدارن لە چالاکیەکانی چاکسازی لەو کاتەی کرداری هاوشێوە و جێگیر ئەنجام دەدەن وەک ئامانجێکی هەرێمی، لە نێو کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی. پێویستە ژێرخانەکە میکانیزم لەخۆبگرێت بۆ دانانی ئامانجی چاکسازی لە کواڵیتی و ڕێککاری بابەتیانەی پێشکەوتن بەرەو ئەم ئامانجانە. دانانی ئامانجەکانی ڕێوشوێنی چاکسازی کواڵیتی، کە لە لایەن بوارەکانی کواڵیتیەوە باسی لێوەکرا، ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە گەیاندنی چاودێری تەندروستی. بەشی داهاتوو ڕێگەچارەیەک بەرەو پێش دادەنێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ستراتیجی پلانێک پەرەی پێبدرێت.

## ڕێگە بەرەوەپێشەوە

کۆبوونەوە و سەردانی زیاتر بۆ دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان لەسەرانسەری هەرێم دڵنیای ئەنجامەکانی کردەوە کە پێشنیارکرابوو لە لایەن ئەو نموونانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا. بەتایبەتی، دابینکەران بە شێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەن باشترین چاودێری نەخۆش دابین بکەن بەڵام ئاگاداری زۆرینەی بەربەستەکانن کە لە کاتی ئێستادا لە سیستەمەکە بوونی هەیە. دەربارەی ئاستەنگەکانی زنجیرەی-دابینکردنمان بیست لە سەرانسەری سیستەمی گشتی، لە دۆخەکانی نەخۆشخانەکان و چاودێری نوژداری. پرۆسەکانی چاودێری و شێوازەکانی دامەزراوەی فیزیایی، بە تایبەتی لە دامەزراوە کۆنەکان، یارمەتیدەر نین لە گەیاندنی چاودێری بۆ نەخۆشەکان.

گەرچی ئەوە دەردەکەوێت کە ستافی پێویست هەبێت لە زۆربەی دامەزراوە گشتیەکان، کێشە هەیە سەبارەت بە ڕاهێنان و لێهاتوویی زۆرینەی ستافەکان کە لە کاتی ئێستادا پۆستی تایبەت بە چاودێری نەخۆشیان هەیە. کواڵیتی چاودێری تەندروستی دەوەستێتە سەر هێزی کاری ڕاهێنراو و لێهاتوو. کێشەکانی سەلامەتی و کواڵیتی نەخۆش لەو کاتە دەردەکەوێت کە ستاف بە شێوەیەکی دروست ڕاهێنانیان پێنەکراوە بۆ دابینکردنی چاودێری بە گوێرەی ستاندەرە پەسەندکراوەکان. سیستەمی گشتی دووچاری ئاستەنگ بووە بەهۆی ویستە پێشبرکێکارەکانی کەسە پسپۆرەکانی تایبەت بەخۆی. بۆ نموونە، پزیشکەکان هاندەدرێن بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە سیستەمی تەندروستی گشتی وەک ڕێگەیەک بۆ دەستخستنی ئاسایشی دارای درێژخایەنی تاکە کەسی. هەرچۆنێک بێت، وەلائی تێکەڵیان هەیە و زۆربەی کاتیان لە کەرتی تایبەت بەسەر دەبەن، کە تیایدا دەستکەوتی ماددی ڕاستەوخۆ زۆر بەرزترە. ئەم دیاردەیەی DP و ئەو ئاستەنگانەی دروستی دەکات بۆ چاکسازیە گرنگەکانی تری چاودێری تەندروستی باسیان لێوەکرا بە تێروتەسەڵی لە بەشی چوار.

دەستخستنی دیدی کواڵیتی و سەلامەتی سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکار دەبێت بۆ زەرووڕەتی دووبارە داڕشتنەوەی سیستەمی چاودێری تەندروستی لەگەڵ جەختکردنە سەر باشکردنی کواڵیتی. گۆڕانە هاوکاتەکان لە داراییکردنی چاودێری تەندروستی بە ستاندەرەکانی سەلامەتی و کواڵیتی زامنکەری ئەوە دەبێت کە هاندەرەکان هاوڕێکن بۆ باشینە کردنی گەیاندنی چاودێری. سەرەڕای ئەوەش، هاندەرەکان بۆ کواڵیتی و سەلامەتی پێویستە لە سەرەنجامدا جێبەجێ ببێت بەسەر گشت دابینکەرانی چاودێری، بەلەخۆگرتنی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی و هەردووک نەخۆشخانە و چاودێری نوژداری. ئەو نەخۆشانەی بەدوای چاودێری تەندروستین لە هەرێمی کوردستانی عێراق پێویستە دڵنیا بکرێنەوە بە هەمان ئاستی کواڵیتی چاودێری بێ گوێدانە ئەوەی چ شوێنێک هەڵدەبژێرن بۆ وەرگرتنی ئەم چاودێریە. لەبەرئەوەی زامنکردنی سەلامەتی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیەکانی ڕۆڵی سەرەکی حکومەتە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەولەویەتی داوە بە

جێبەجێکردنی پێکهاتەیەکی کواڵیتی و سەلامەتی جێگیر لە سەرانسەری دامەزراوەکانی چۆنێتی تەندروستی لە کوردستان.

زانراو لە ئەنجامەکان و بەشداری وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان، ئێمە پێشنیاری چوار چالاکی بەرجەستە دەکەین بۆ ڕێنماییکردنی دابینکەرانی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەو ستاندەرە جیهانیەکان. چالاکیەکان بە شێوەیەکی ڕیشەیی دەبێتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمی چاودێری تەندروستی و پێشبینیەکانی. بە بوونی ژێرخانی چاودێری تەندروستی ئێستا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەست بەکارکردن بکات لە سەر هەر یەکێک لەم هەنگاوانە لە ساڵی داهاتوودا. پێشنیازی یەکەم، کە جەخت دەکاتە سەر بەدەستهێنانی متمانە بۆ دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی، چالاکیەکی قۆناغدارە کە دەکرێت ئێستا دەست پێبکات، گەرچی جێبەجێکردنی تەواو پێویستە لە پێنج ساڵی داهاتوودا ڕوو بدات. سێ پێشنیازەکەی تر دەکرێت ساڵی داهاتوو جێبەجێ بکرێت.

**پێشنیازی 1: دروستکردنی تیمێکی سەرکردایەتی هەرێمی**

تیمێکی سەرکردایەتی هەرێمی پێویستە دروست بکرێت بۆ یارمەتیدان لە بەهێزکردنی کواڵیتی و ئامانجەکانی سەلامەتی لە هەرێم. ئەگەر سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆدێلی کۆمیتەی هاوبەش پەسەند بکەن، کە لە سەرەتادا لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە پێنج تیم، هەر دانەیەک بۆ یەکێک لە پێویستەکان، دروست بکرێن بۆ ئەوەی ببن بە شارەزا لە ناوەرۆکی ئەم پێویستیە و پێکهاتەکانی لە نێو هەر یەک لە پێویستیەکان. پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی گرنگ لە شێوەی 2.6 نیشاندراوە. هەر یەک لە تیمەکان دەتوانێت ئامانجی تایبەت دیاری بکات بۆ نەخۆشخانەکان لە هەرێم و پرۆگرامی یەکخراو و چەمکەکان دەسنیشان بکات بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەکان ئەم ئامانجانە بپێکن.

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە سەرکردایەتی ئەم پێنج تیمە ببێتە بەشێک لە ئەنجومەنی کواڵیتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سەرکردایەتی دەکرێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان. ئەنجومەنەکە ئەم ئامانجانەی خوارەوەی دەبێت:

- زامنکردنی هاوڕێکی لە پێشنیازەکان لە نێو گرووپەکان.
- دابینکردنی بەردەوامی و هاریکاری کە ڕێگەدەدات بە دەسنیشانکردنی ستراتیجیەتەکانی ئەم پێویستیە گشتیانە.[1]
- پێداچوونەوەی ئامانجەکان کاتێک کە پێشدەخرێن بۆ زامنکردنی ئەوەی کە بوارە سەرەکیەکانی کواڵیتی دەسنیشان دەکەن.
- پێشکەشکردنی فیدباک بۆ هەریەک لە تیمەکان بۆ دیاریکردنی ئامانج و مەبەستەکانیان.


لە ناوەڕۆکدا، ئەنجومەنی کواڵیتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکات وەک گروپی جێبەجێکاری کواڵیتی و سەلامەتی، بە بەرپرسیاریەتی بۆ زامنکردنی ئەوەی کە بوارە سەرەکیەکانی کواڵیتی دەستدەخرێن لە ڕێگەی جەختکردنە سەر پێنج پێکهاتە سەرەکیەکەی مۆدێلەکە بە کۆمەڵ، لەگەڵ ئامانجی سەرەکی دەستخستنی ئامانجەکانی کواڵیتی و سەلامەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

چارتی ڕێکخراوەیی هەندێک پێشنیازی تایبەت دابین دەکات، هاوتا لەگەڵ پێویستیەکانی کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی، بۆ هەر تیمێک بۆ ئەوەی دەسنیشانی بکات کە دەست بە گفتوگۆکانی دەکات. هەرچۆنێک بێت، هەوڵە سەرەتاییەکان جەختدەکەنە سەر ئەم پێکهاتانە، کە ڕێنوێنی کراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداری سەرکردەکانی چاودێری تەندروستی، کە زۆر گرنگن بۆ هەرێم. لەم ڕوانگەوە، کۆبوونەوەکانی یەکەمی هەر یەک لە گروپەکان پێویستە پێداچوونەوە بە پێشنیارەکان بکات، ئەوە دیاری بکات کامەیان یەکەم جار وەربگیرێت و کامەیان شیاو نیە، و پێشنیاری پێکهاتەی زیاتر بدات کە لەوانەیە زیاتر پەیوەندیدار بێت بۆ باشترکردنی گەیاندنی کواڵیتی چاودێری تەندروستی لە کوردستان. سەرۆکی هەر یەک لە تیمەکان، یان کەسی ڕاسپێردراو، لەوانەیە شیاو بێت بۆ بەشداربوون لە کردارەکە (پێشنیازی 3).

---

[1] زاراوەی *پێویستیەکان* بەکارهاتووە لە لایەن کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی (Joint Commission International). ئەم پێویستیانە دەکرێت وەک جۆری سەرەکی هەژمار بکرێت کە لە ژێریەوە ستاندەرەکان و ڕێنماییەکان پۆلین دەکرێن.

**شێوەی 2.6:**
**پێکهاتەی ڕێکخراوەیی گرنگ بۆ تیمی سەرکردایەتی هەرێمی**




RAND *RR490-6.2*

**پێشنیازی 2: ئەنجامدانی متمانە (اعتماد)ی جیهانی بۆ دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان—عێراق**

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆدێلێکی متمانەپێدان پەرەپێبدات بۆ دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی کە هاوتا بێت لەگەڵ ستاندەرە جیهانیەکان بۆ گەیاندنی چاودێری تەندروستی. پێویستە هەوڵەکانی متمانەپێدان لە نەخۆشخانەکان دەست پێبکات، لەگەڵ فراوانکردنی دواتر بۆ شوێنەکانی تری گەیاندنی چاودێری تەندروستی، وەک دامەزراوەکانی چاودێری سەرەتایی و چاودێری نوژداری تایبەت.

متمانەپێدانی نەخۆشخانە هەڵسەنگاندنێکی دەرەکیە بۆ لێهاتوویی نەخۆشخانە و کواڵیتی پێکهاتەکان. متمانەپێدان پرۆسەیەکە بۆ زامنکردنی ئەوەی کە نەخۆشخانەیەک بە ئاستێکی شیاو و پەسەند و داواکراو کاردەکات. کاتێک نەخۆشخانەیەک بەگوێرەی ئاستە پەسەندەکانی ئەدا بێت، ئەو کات متمانەی پێدەدرێت. هەرچۆنێک بێت، *پرۆگرامی* متمانەپێدان پێویستە وێنا بکرێت وەک زنجیرەیەک خاڵ بەدرێژایی ڕێگا بۆ کارەکانی کواڵیتی لە چاودێری تەندروستی.

جەختی متمانە پێدان بریتیە لە بەردەوامی کواڵیتی کردارەکانی چاودێری تەندروستی و چاکسازی بەردەوامە. متمانەپێدان دڵنیایی بۆ حکومەتەکان ولایەنە مۆڵەت بەخشەکان دابین دەکات کە دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی و دابینکەرانیان بە ئاستی ئەدای شیاو و داواکراو کاردەکەن، و دڵنیایی دەبەخشێت بەوانەی کە نەخۆشخانە بەکاردێنن، بەلەخۆگرتنی کلینکەوان و نەخۆشەکان، کە ڕێکخراوەکە ستاندەری بەرزی هەیە. متمانەپێدان ئەو زانیاریە بە کارمەندان دەبەخشێت کە هەوڵەکانیان بۆ دەستخستنی کواڵیتی بەگوێرەی هاوتا دەرەکیەکانە. متمانەپێدان دەبێتە هۆی دیاریکردنی بەردەوامی درێژخایەن بۆ کردارەکانی کواڵیتی. ستاندەرەکانی متمانەپێدان نەخشە ڕێگایەک دادەنێت بۆ کواڵیتی و سەلامەتی نەخۆش.

دەکرێت متمانەپێدان لە چەندین ئاستدا بێت، لە پێویستی کۆبوونەوەی ناوخۆیی تا ئاستی پێویستی کۆبوونەوەی جیهانی بەو شێوەیەی پەرەی پێدرا و باسی لێوەکرا لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی بۆ بەستاندەرکردن (ISO) لە پێداویستیەکانی ISO 9000 بۆ (بەڕێوەبردنی کواڵیتی) (سەیری ISO بکە، بەرواری نیە) و بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان (بۆ نموونە ISO 9001:2008 [ پێداویستیەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی کواڵیتی؛ سەیری ISO بکە، بێ بەروارە] و ISO 15189:2012 [ پێداویستیەکان بۆ کواڵیتی لێهاتوویی لە تاقیگە پزیشکیەکان؛ سەیری ISO, 2012 بکە] و لە لایەن کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی (کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی، 2010)، لە نێو ئەوانی تر.

زۆرینەی نەخۆشخانەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی بەخێرایی پابەندی کۆی پێداویستیەکانی ستاندەرە جیهانیەکان بن ئەرکێکی تا ڕادەیەکی زۆر قورس دەبێت. (لە ڕاستیدا، ئەمە ڕاستە بۆ گشت نەخۆشخانەکانی سەرانسەری جیهان، لە ووڵاتانی تازەپێگەیشتوو و وڵاتە پێشکەوتووەکان.) بۆ ئەوەی بە تەواوەتی پابەندی ستاندەرە جیهانیەکان بێت، پێویستە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕێگەیەکی قۆناغدار بگرێتە بۆ متمانەپێدانی نەخۆشخانەکان.

هەندێک پێکهاتەی متمانەپێدان ئەرک دەگرێتەوە کە پێویستی بە تەواوکردنی شیاو هەیە بۆ ستافی تەواو ڕاهێنراو و پێشبڕکێکارانە لەگەڵ زانیاری کارکردنی بەهێز سەبارەت بە بابەتەکانی بەڕێوەبردنی کواڵیتی. ڕاهێنانی تاکەکان تەنها یەک پێکهاتەیە لە دابینکردنی کواڵیتی خزمەتگوزاریەکان لە نەخۆشخانەکان. ڕاهێنان دەبێتە هۆی دابینکردنی ئەزموونێکی پەروەردەیی ستاندەرکراو و کردەیی بۆ بەشداربووان. لە ڕێگەی ڕاهێنان، تاکەکان فێری چەمکەکانی کرداری کواڵیتی نەخۆشخانە و ئامرازەکانی تێگەیشتن لە چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەم کردارانەی کواڵیتی دەبن و شارەزاییان لێیان دەبێت (بۆ نموونە، ڕێوشوێنە ستاندەرەکانی کارکردن، تۆمارەکانی کۆنترۆڵکردنی کواڵیتی).

وڵاتان و هەرێمەکان لە سەرانسەری جیهان ستراتیجی کارایان پێشخستووە بۆ نەخۆشخانەکان و سیستەمەکانی تری چاودێری تەندروستی بۆ ئەوەی بە تەواوەتی پابەندی دۆخەکان بن، لە سەر بنەماکانی باشترکردنی پرۆسەی بەردەوام.[2] پێویستە پرۆگرامەکە گرنگی بە پابەند بوون بە داواکاریە جیهانیەکان بدات کە ستراتیجیەکان بوونیان هەیە بۆ ئەوەی پابەند بوونی تەواو پێیانەوە هەبێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک هەنگاو پلەدار و قۆناغ بە قۆناغ وەک، لە ماوەیەکی دیاریکراو، نەخۆشخانەکان لەم وڵاتانەدا بە گوێرەی ستاندەرە ناسراوەکانی متمانەپێدان بن.

نموونە جیهانیەکان پێشنیاری ئەوە دەکات کە نەخۆشخانەکانی کوردستان دەتوانن بە سەرکەوتوویی متمانەپێدان بەدەست بێنن، کارکردن لە چوارچێوەی پرۆگرامە نیشتیمانیەکان، وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی پلاندانان، بە یارمەتی کەسانی تەواو شارەزا لە بوارەکە. بۆیە، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ستراتیجیەتێک جێبەجێ بکرێت کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی متمانەپێدانی نیشتیمانی و جیهانی بۆ گشت نەخۆشخانەکان لە سەرانسەری هەرێم. جێبەجێکردنی ستراتیجیەتەکە بە چەند قۆناغێک دەبێت لە ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و جێبەجێ بکرێت لە ژێرچاودێری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەکارهێنانی ڕێگەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بۆ متمانەپێدان لە کوردستان ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ گشت نەخۆشخانەکان بۆ ئەوەی دەست بکەن بە هەمان ڕێگە بۆ باشترکردنی سەلامەتی و کواڵیتی نەخۆش بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ستاندەری باوی پێشخراو لە لایەن شارەزایانی ناسراوی جیهانی لە بواری کواڵیتی چاودێری تەندروستی و گەیاندن.

چەندین مۆدێڵ هەیە بۆ متمانەپێدان. لە بەشی داهاتوودا، ئێمە باس لە مۆدێڵی متمانەپێدانی کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی دەکەین لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی جیهانی ناسراوە و بە باشی پێشوازی لێکراوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. سەرەڕای ئەمەش، لەبەرئەوەی زۆربەی نەخۆشخانەکان و سیستەمی تەندروستی لە هەرێمە جوگرافیەکە لێکۆڵینەوەیان لە متمانەپێدان کردۆتەوە (خشتەی 1.6)، لە وڵاتانی دراوسێدا هاوکاران هەن کە دەکرێت وەک سەرچاوەی سەرکردەی چاودێری تەندروستی لە کوردستان کاربکەن.

لە بەشی داهاتوودا، ئێمە باس لە مۆدێڵی متمانەپێدانی کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی دەکەین لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی جیهانی ناسراوە و بە باشی پێشوازی لێکراوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. سەرەڕای ئەمەش، لەبەرئەوەی زۆربەی نەخۆشخانەکان و سیستەمی تەندروستی لە هەرێمە جوگرافیەکە لێکۆڵینەوەیان لە متمانەپێدان کردۆتەوە (خشتەی 1.6)، لە وڵاتانی دراوسێدا هاوکاران هەن کە دەکرێت وەک سەرچاوەی سەرکردەی چاودێری تەندروستی لە کوردستان کاربکەن.

---

[2] بۆ نموونە، تاقیگە کلینیکیەکان لە ڕێگەی ناوەندەکانی کۆنترۆڵ کردن و خۆپاراستن لە نەخۆشی لە ئەمەریکا و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ئەفریقا وەک بەشێک بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی تاقیگە بەرەو پرۆگرامی متمانەپێدان.

**خشتەی 1.6**
**نەخۆشخانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە متمانەیان پێدراوە لە لایەن کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی**

| وڵات | نەخۆشخانە |
|---|---|
| بەحرەین | نەخۆشخانەی تایبەتمەندی بەحرەین |
| میسر | نەخۆشخانەی ئەلسەلامی نێودەوڵەتی، نەخۆشخانەی دارەلفواد، نەخۆشخانەی مەگرابی چاو |
| ئوردەن | نەخۆشخانەی ئەلئیسرا، نەخۆشخانەی ئیتیقلال، نەخۆشخانەی ئوردەن و سەنتەری پزیشکی، نەخۆشخانەی زانکوی ئوردەن، نەخۆشخانەی زانکۆی شا عبداللە، سەنتەری شێرپەنجەی شا حوسەین، نەخۆشخانەی لوزمیلا، نەخۆشخانەی تایبەتمەند |
| کازاخستان | سەنتەری لێکۆڵینەوەی نیشتیمانی بۆ تەندروستی دایک و منداڵ |
| کوەیت | نەخۆشخانەی مواصاتی نوێ، نەخۆشخانەی تەیبە |
| لوبنان | سەنتەری پزیشکی بەیروت لە زانکۆی ئەمەریکی، سەنتەری پزیشکی کلیمنصو |
| عومان | نەخۆشخانەی تایبەتی مەسقەت، نەخۆشخانەی ستارکێر |
| پاکستان | نەخۆشخانەی زانکۆی ئاغاخان |
| قەتەر | نەخۆشخانەی ئەلخۆر (هاریکاری حەمەد)، نەخۆشخانەی ئەلئەمەل، نەخۆشخانەی گشتی حەمەد، نەخۆشخانەی ڕومەیلە، نەخۆشخانەی ئافرەتان |
| عەرەبستانی سعودی | نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئەجیاد؛ نەخۆشخانەی ئەلحەممادی؛ نەخۆشخانەی ئیمام عبدالرحمن بن فیصل؛ نەخۆشخانەی ئەلئەحسا، نەخۆشخانەی گشتی ئەلموسا؛ نەخۆشخانەی گشتی ئەلمانا، چەندین شوێن، نەخۆشخانەی دالا؛ نەخۆشخانەی گشتی دکتۆر عرفان و باگیدۆ؛ نەخۆشخانەی دکتۆر سلیمان فەقیە؛ نەخۆشخانەی دکتۆر سلیمان الحبیب، ئەڕەیان، شاری پزیشکی شا عبدالعزیز، چەندین شوێن، شاری پزیشکی شا فەهد، ریاز، نەخۆشخانەی تایبەتمەندی شا فهد، دەممام، نەخۆشخانەی تایبەتمەندی شا فیصل و سەنتەری لێکۆڵینەوە، چەندین شوێن، نەخۆشخانەی چاوی تایبەتی شا خالید، نەخۆشخانەی چاو و گوێی مەگرابی، جەددە، نەخۆشخانەی مواسات، چەندین شوێن، نەخۆشخانەی چاودێری ڕیاز، سەنتەری پزیشکی کۆمسیۆنی شاهانە، نەخۆشخانەی تایبەتی سعد، سەنتەری دڵی سعود ئەلبابتەین، ڕێکخراوی خزمەتگوزاری پزیشکی ئارامکۆی سعودی، نەخۆشخانەی سعودی ئەڵمانی، چەندین شوێن، شاری مرۆیی سوڵتان بن عبدالعزیز |
| تورکیا | نەخۆشخانەی ئەجیبادیم ئەدەنە، گروپی چاودێری تەندروستی ئەجیبادیم، چەندین شوێن، Alman Hastanesi-Deutsches Krankenhaus، نەخۆشانەی ئەمریکی، سەنتەری پزیشکی ئەنادۆڵ، نەخۆشخانەی ئەنکەرە گوڤێن، گروپی چاودێری تەندروستی مێدیکەڵ پارک، چەندین شوێن، نەخۆشخانەی بایندیر، نەخۆشخانەی BSK Metropark، نەخۆشخانەی Dünya Eye، نەخۆشخانەی Ege IQglik، نەخۆشخانەی Florence Nightingale، چەندین شوێن، نەخۆشخانەی پێگەیشتووانی زانکۆی Hacettepe ، نەخۆشخانەی جیهانی هیسار، نەخۆشخانەی HRS Ankara Kadin Hastaliklari Dogum، چەندین شوێن، نەخۆشخانەی Memorial Antalya، نەخۆشخانەی Memorial Sisli، نەخۆشخانەی Npistanbul Neuropsychiatry، نەخۆشخانەی Ortopedia، نەخۆشخانەکانی Ozel Medicana، چەندین شوێن، نەخۆشخانەی Ozel Pendik Bolge، نەخۆشخانەی Sema، Sifa Universitesi Bornova IQglik Uygulama Ve Arastirma Merkezi، نەخۆشخانەی TDV Ozel 29 Mayis، نەخۆشخانەی Tobb Etu، Uludag Üniversitesi IQglik Kuruluslari، نەخۆشخانەی زانکۆی Yeditepe |
| ئیمارات | نەخۆشخانەی ئەلئەهالیە، نەخۆشخانەی ئەلعەین، نەخۆشخانەی ئەلکرۆنیک؛ نەخۆشخانەی ئەلنور؛ چەندین شوێن؛ نەخۆشخانەی ئەلرەحبا؛ نەخۆشخانەی ئەلسەلامە؛ نەخۆشخانەی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ نەشتەرگەری جوانکاری؛ نەخۆشخانەی ئەمریکی دوبەی؛ نەخۆشخانەی بیلهەولی ئەوروپی؛ نەخۆشخانەی بیلهەولی تایبەتمەند؛ نەخۆشخانەی تایبەتمەندی کەنەدی؛ نەخۆشخانەی کۆسمسێرگ و ئیمارات بۆ نەشتەرگەری ڕۆژ؛ نەخۆشخانەی دار الشفاء، نەخۆشخانەکانی هاریکاری DOHMS، چەندین شوێن؛ نەخۆشخانەی ئیمارات؛ نەخۆشخانەی نێودەوڵەتی ئیمارات؛ نەخۆشخانەی سەنتەری دەسنیشانکردنی کەنداو؛ نەخۆشخانەی مۆدێرنی نێودەوڵەتی؛ نەخۆشخانەی لەتیفە؛ نەخۆشخانەی لایفلاین؛ نەخۆشخانەی مێدکێر؛ نەخۆشخانەی تایبەتمەندی سەنتەری پزیشکی نوێ، چەندین شوێن؛ نەخۆشخانەی ئۆسیس؛ نەخۆشخانەی ڕاک؛ شاری پزیشکی شیخ خلیفە، نەخۆشخانەی تەوام، نەخۆشخانەی شار؛ نەخۆشخانەی وێڵکێر؛ نەخۆشخانەی زەیدی سەربازی، نەخۆشخانەی زولێخا، چەندین شوێن |
| یەمەن | نەخۆشخانەی سعودی ئەڵمانی |

پەسەندکردنی ئەم پێویستیانە و کارکردن بەرەو پابەند بوون بە گشت ستاندەرە پەیوەندیدارەکان دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕێگەیەک بۆ هەر یەک لە دامەزراوەکان بۆ ئەوەی بە تەواوەتی متمانەپێدان بەدەست بێنن. ستاندەرە هاوتاکان بوونیان هەیە بۆ کردارەکانی چاودێری نوژداری، تاقیگەی سەربەخۆی کلینیکی، و دامەزراوەکانی چاودێری درێژخایەن.

پێنج پێویستیەکە کە چوارچێوەکە دروست دەکات بۆ متمانەپێدان ئەوانەی خوارەوەن:

- پرۆسەی سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی
- هێزی کاری لێهاتوو و توانادار
- ژینگەیەکی سەلامەت بۆ ستاف و نەخۆشەکان
- چاودێری کلینیکی بۆ نەخۆشەکان
- باشترکردنی کواڵیتی و سەلامەتی.

هەر یەک لە پێکهاتە پێویستیەکان پێوەری تایبەتی هەیە کە ڕوونی زیاتر وەسفی پێشبینیەکان دەکات بۆ سیستەمی چاودێری تەندروستی کواڵیتی بەرز.

***پێشنیازی 2أ: دامەزراندنی تیمی سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی***

سەرکردایەتی کاریگەر گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی باشترکردنی کواڵیتی. پێویستە سەرکردایەتی بەهێز بێت لە سەرانسەری ڕێکخراوەکە، زانینی ئەوەی کە سەرکردایەتی باڵای دامەزراوە ئاراستە دیاری دەکات بۆ گشت ڕێکخراوەکە، جا گشتی یان تایبەت بێت. پێویستە سەرکردایەتی هەم بەڕێوەبردن و هەم کلینیکی بێت. بێ پابەند بوونی سەرکردە سەرەکیەکان بۆ گۆڕینی سەرەکی و پاداشتکردنی باشترکردنی کواڵیتی، هەوڵەکان بۆ باشترکردنی کواڵیتی و سەلامەتی لە باشترین حاڵەتدا لەسەرخۆ دەبێت.

سەرەڕای سەرکردایەتی نەخۆشخانە ناوخۆییەکان، شتێکی گرنگە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکان و سەرکردەکانی چاودێری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پێشبینی نیشتیمانی دابڕێژن بۆ کواڵیتی و سەلامەتی لەکاتێکدا هانی هەر یەک لە دامەزراوەکان دەدەن بۆ فێربوون لە باشترین کارەکانی دراوسێکان و دامەزراوە هەرێمیەکان کە هەمان خزمەتگوزاری دابین دەکەن.

ئەوانەی خوارەوە داواکاریە بنەڕەتیەکانن بۆ پرۆسەی *سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی* کە گرنگن بۆ چوارچێوەی متمانەپێدان. گشت داواکاریەکان جێبەجێ نابن بەسەر دۆخی گشت نەخۆشخانەکان؛ هەرچۆنێک بێت، چوارچێوەیەک دابین دەکەن بۆ سەرکردایەتی نەخۆشخانە بۆ پێوانەکردنی پێکهاتەی سەرکردایەتی ڕێکخروەکەیان.

- هەر ڕێکخراوێک پێکهاتەیەک پێشدەخات کە بەرپرسیاریەتیەکان و لێپرسراویەتیەکان دەسنیشان دەکات.
- سەرکردەکانی کواڵیتی و سەلامەتی بە ڕوونی دیاریکراون و زانراون لە سەرانسەری سیستەمەکە. سەرکردەکان فێرکراون سەبارەت بە ڕۆڵەکانیان و بەرپرسیاریەتیەکانیان.
- هاریکاری کراوە هەیە لە سەرانسەری ڕێکخراوەکە.
  - میکانیزمێک پێناسەکراوە بۆ هاریکاری و دانانی سیاسەتەکان و ڕێوشوێنەکان کە پشتیوانی لە کواڵیتی و سەلامەتی نەخۆش دەکات و برەو بە هاریکاری ڕۆژانە دەدات لە نێوان گشت دابینکەرانی بەرپرس لە چاودێری تەندروستی.
  - چالاکیەکانی سەلامەتی و کواڵیتی هەر ساڵەو ڕاپۆرت دەکرێن بۆ ڕێکخراوەکە و وەزارەتی تەندروستی.
- کواڵیتی بەشێکە لە هەر گرێبەستێک بۆ خزمەتگوزاریە کلینیکی و پشتیوانیەکان و خزمەتگوزاران وەک پێوەرێک بۆ نوێکردنەوەی ئایندە.
- کواڵیتی، سەلامەتی نەخۆش، و بەڕێوەبردنی مەترسی یەکخراون بە شێوەی تایبەت لەبەرئەوەی پێکهاتەی بەیەکەوە بەستراوی گشت قەوارەی کواڵیتین.
- ڕێکخراوەکە قەبە دەبێت بە گشت یاسا و ڕێسا کاراکان (عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگاکان).
- پابەندبوونێک هەیە بۆ مافەکانی نەخۆش و خێزان.
  - ستاف ڕێز لەم مافانە دەگرێت و دەیانپارێزێت لە پرۆسەی چاودێری تەندروستی.

– هەر ئەندامێکی تیمی چاودێری تەندروستی بەدوای ئەوە دەگەڕێت لە ڕازیکردنی نەخۆش بگات لەگەڵ پرۆسەکانی چاودێری، وەک بەشێک لە ڕێزگرتن لە مافەکانیان.
- ڕێوشوێنی کلینیکی مەترسی بەرز و نەخۆشەکان دەسنیشانکراون.
– سیاسەتەکان و ڕێوشوێنەکان پێشدەخرێن بۆ ڕێنماییکردنی چاودێری نەخۆشە مەترسی بەرزەکان و ئەو نەخۆشانەی بە ژێر مەترسیدارترین ڕێوشوێنی کلینیکیدا دەڕۆن.
– پابەندبوون بە سیاسەتەکان و ڕێوشوێنەکان چاودێری دەکرێت بۆ دەستخستنی زانیاری بۆ باشترکردن لە ڕاهێنانی ستاف و بەکارهێنانی سیاسەت و ڕێوشوێنەکان.
- مافەکانی نەخۆش چاودێری دەکرێت کاتێک نەخۆشەکان بەشدارن لە لێکۆڵینەوە.
- چاودێری شیاوی بەخشینی شانە و چاندن زامنکراوە.

***پێشنیازی 2.ب: دامەزراندنی تیمێکی هێزی کار***

ئەو نەخۆشانەی بەدوای چاودێری تەندروستین لە سیستەمی چاودێری تەندروستی کوردستان پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەو پسپۆرانەی چاودێری دابین دەکەن کەسانی لێهاتوو و بەتوانان. پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەو ڕێکخراوانەی لێیەوە چاودێری وەردەگرن ژینگەیەک دابین دەکەن کە هانی چاودێری سەلامەت و کاریگەر دەدات. هەروەها نەخۆشەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە ڕێکخراوی چاودێری تەندروستی کاریگەرانە پێداچوونەوەی کردووە بۆ بڕوا پێدانەکانی دابینکەر بەر لەوەی دیاری بکرێت بۆ ستافەکە. چاودێریکردن تێبینیکردنی تاکەکان دەگرێتەوە لە ڕاهێنان و دامەزراندنی نوێ کە شارەزا نین بە کارە ناوخۆییەکان.

هەرچۆنێک بێت، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی چاودێری تەندروستی پێشنیاری ئەوە دەکات کە زۆرێک لەو کەسانەی چاودێری دابین دەکەن و ئەوانەی خزمەتگوزاری یاریدەدەر دابین دەکەن پەروەردە و فێربوون، ڕاهێنان، و شارەزایی پێویستیان نیە بۆ ئەوەی کارەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر ئەنجام بدەن. "هەڵسەنگاندنی نوێکردنەوەی کەرتی تەندروستی کەرتی گشتی عێراق و ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی کرداری" (وەزارەتی تەندروستی عێراق، 2012) پێشنیاری ئەوە دەکات کە، گەرچی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق باشترە لە چاو ناوچەکانی تری عێراق، پلانی پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی وەک یەکێک لە ئاستەنگەکان دەمێنێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنمایی لە خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی پێشەنگ (Pioneer Healthcare Services) وەرگرتووە سەبارت بە دروستکردنی پێکهاتەیەک بۆ زامنکردنی لێهاتوویی پسپۆرانی بواری چاودێری تەندروستی لە کوردستان. ڕێکخراوی ئەنجومەنی کارمەندانی پزیشکی و تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیەی باسی لێوەکراوە لە لایەن پێشەنگ (Pioneer) و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی بۆ زامنکردنی لێهاتوویی سەرەتایی و بەردەوامی هێزی کاری تەندروستی لە کوردستان پێویستە لە ئەولەویەتە بەرزەکان بێت. ڕاپۆرتی پایۆنیر ڕێنمایی لەخۆ دەگرێت بۆ چۆنیەتی دروستکردنی پرۆگرامەکانی مۆڵەتدان و لێهاتوویی کارمەندان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. بە تایبەتی، پێویستە هەرێم بەرپرسیاریەتی بگرێتە ئەستۆ بۆ دروستکردنی داواکاریەکانی مۆڵەتدانی کارمەندانی پسپۆر کە هاوتا بن لەگەڵ ستاندەرە جیهانیەکان بۆ پەروەردە و فێربوون، ڕاهێنان، و ئەزموون. داواکاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەردەوام بوون لە پەرەپێدانی پرۆفێشناڵ وەک پێوەرێک بۆ دووبارە مۆڵەتدانەوە لە ماوەیەکی دیاریکراو (بۆ نموونە هەر دووساڵە و جارێک) پێویستە هانی گەشەی بەردەوامی لێهاتووی هێزی کار بدات لە هەرێم.

ڕاپۆرتی پایۆنیر ڕێنمایی دابین دەکات بۆ ڕێکخراوەکانی چاودێری تەندروستی بۆ دروستکردنی پرۆسەکانی خۆیان بۆ پێداچوونەوەی هاوتاکان و هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی. ئەمە لایەنێکی گرنگە بۆ زامنکردنی کواڵیتی سیستەمی چاودێری تەندروستی بۆ هەرێم بۆ ئەوەی بەرەو پێش بچێت.

ئەوانەی خوارەوە داواکاریە بنەڕەتیەکانن بۆ پرۆسەی *هێزی کار* کە گرنگن بۆ چوارچێوەی متمانەپێدان. گەرچی گشت داواکاریەکان جێبەجێ نابن بەسەر دۆخی گشت نەخۆشخانەکان؛ هەرچۆنێک بێت، چوارچێوەیەک دابین دەکەن بۆ سەرکردایەتی نەخۆشخانە بۆ پێوانەکردنی پابەندبوونی ڕێکخروەکەیان بە باشترکردنی هێزی کار. کاتێک جەختەکە فراوان دەبێت بۆ ئەوەی چاودێری نوژداری بگرێتەوە، ڕێوشوێنی هاوشێوە جێبەجێ دەبێت.

- گشت ستاف فایلی کارمەندانیان هەیە کە وەسفی بڕوا نامەکانیان، ئیمتیازاتیان (بە شێوەی شیاو)، لێهاتوویەکانیان، و ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن ساڵانەیان لەخۆ دەگرێت.
- پرۆسەی پێداچوونەوەی هاوکار هەیە بۆ پێداچوونەوەی بڕوا پێدانەکان و لێهاتوویی پزیشک.
- پرۆسەیەک هەیە بۆ پێداچوونەوەی بڕوا پێدانەکان و لێهاتوویی برینپێچ.
- بڕوا پێدان و لێهاتوویی دابینکەرانی تری چاودێری بە شێوەیەکی ڕێک پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

- ئەندامانی ستاف ئاڕاستە دەکرێن بۆ کارەکانیان. ئەمە ئاڕاستەکردن دەگرێتەوە بۆ شوێنەکانی شتەکان، چۆن شتەکان کاردەکەن، و هەنگاوەکان بۆ زامنکردنی چاودێریی سەلامەت.
- چاودێری جێگیری ڕاهێنەر بوونی هەیە لە نەخۆشخانە فێرکاریەکانی کوردستان.
- ئەوانەی لە هێڵی پێشەوەن دەزانن چۆن نەخۆشەکان بژیێنەوە (بنەڕەتی، پێشکەوتوو، پشتیوانی ژیانی دڵی).
- ستاف پەروەردە کراون و لێهاتوون لە کۆنترۆڵکردنی نەخۆش و کردارەکانی پاراستن. ستراتیجیەتەکان دەست شوشتن و فڕێدانی خاشاک وەک نموونە دەگرێتەوە.
- پەیوەندی کاریگەر هەیە لە نێوان ستاف، بەلەخۆگرتنی پزیشکەکان؛ کاتێک چاودێری نەخۆشێک دەگوازرێتەوە بۆ دابینکەرێکی تر، گواستنەوەکە تەواو ڕوونە.
- پرۆسەیەک هەیە بۆ زامنکردنی ئەوەی کە ستاف دەزانێت چۆن تەندروستی و سەلامەتی خۆیان دەست بخەن.

***پێشنیازی 2.ج: دامەزراندنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ تیمی چاودێری لەنێو هەر یەک لە دامەزراوەکان***

دابینکردنی چاودێری کواڵیتی بەرز پێویستی بە ژینگەیەک هەیە کە دڵنیایی ئەوە دەکات کە ستاف، نەخۆشەکان، و سەردانیکەران لە مەترسیدا نین بەهۆی دامەزراوە یان دامەزراوەکان کە تیایدا چاودێری پێشکەش دەکرێت و وەردەگیرێت. چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ دابینکەرانی چاودێری تەندروستی لە دامەزراوەکان، بە تایبەتی لە هەولێر، پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئاگاداری سەبارەت بە ژینگەی هەمەجۆرە. شارەزایان ڕەنگدانەوەی ئەمەیان هەبوو، کاتێک وەبەرهێنانێکی بەرچاو هەبووا لە ژێرخانی چاودێری تەندروستی هەرێم، بەر لەماوەی ژێر-وەبەرهێنان لە کاتی حوکمی سەددام/ دامەزراوەکان بە باشی صیانە دەکران و لە دۆخێکی چاکردنەوەی باشدا بوون. بە وەبەرهێنانی سنووردار، ویست بۆ پێوەرەکانی کواڵیتی پێکهاتەیی گرنگی پێدانی پێویستی پێنەدراوە.

بەخۆشحاڵیەوە، پسپۆرانی چاودێری تەندروستی ئەوانەی قسەمان لە گەڵ کردن گشتیان درکیان بەو ئاستەنگانە دەکرد کە دووچاری دەبنەوە، زۆرینەیان باسیان لە ویستێک کرد بۆ بینینی گۆڕانکاری و حەزیان دەکرد بەشداربن لە ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکە. ئەوەمان بیست کە نەخۆشخانەی تایبەتی نوێتر باشتر بوون، کە دروستکردنی زۆر نوێیان هەبووە؛ هەرچۆنێک بێت، هەر سەرکردەیەکی چاودێری تەندروستی کە لەگەڵی قسەمانکرد دانی بەوەدانا کە گرنگی پێدانی بەرز بۆ کواڵیتی ژینگەیی پێویستە هەبێت لە گشت دامەزراوەکان.

ئەوانەی خوارەوە داواکاریە بنەڕەتیەکانن بۆ *ژینگەی سەلامەت بۆ ستاف و نەخۆشەکان* کە گرنگن بۆ چوارچێوەی متمانەپێدان. گشت داواکاریەکان بە شێوەی یەکسان جێبەجێ نابن بەسەر دۆخەکانی گشت نەخۆشخانەکان، بە سەر زۆرینەیان جێبەجێ دەبێت. چوارچێوەیەک دابین دەکەن بۆ سەرکردایەتی نەخۆشخانە بۆ پێوانەکردنی پابەندبوونی ڕێکخراوەکەیان بۆ ژینگەیەکی سەلامەت بۆ چاودێری تەندروستی.

- باڵەخانەکان پشکنینیان بۆ دەکرێت بۆ دەسنیشانکردنی مەترسیەکان لە سەر نەخۆشەکان، ستاف، و سەردانیکەران و بۆ پلاندانان بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان و بەردەوام باشترکردنی سەلامەتی ژینگەی چاودێری.
- لیستێک بۆ ماددە مەترسیدارەکان هەیە لە ڕێکخراوەکە و پلانێک هەیە بۆ مامەڵەکردنی سەلامەت لە گەڵیان، هەڵگرتنیان و بەکارهێنانیان. ماددە مەترسیدارەکان بە شێوەیەکی دروست ناونراون، و پلانێک هەیە بۆ دیاریکردنی هەر ڕووداوێکی مامەڵەکردن یان هەڵگرتن.
- پرۆگرامێک هەیە بۆ زامنکردنی ئەوەی گشت کارمەندانی دامەزراوەی چاودێری تەندروستی سەلامەتن لە ئاگر، دووکەڵ، و بارە لە ناکاوەکانی تر.
- لیستێک هەیە بۆ کەرەستە پزیشکیەکان، و کەسانی شارەزا پشکنینی شیاو و تاقیکردنەوە دابین دەکەن لە گەڵ چاکردنەوەی پارێزکارانە بۆ کەرەستەکان.
- ئاوی خواردنەوەی سەلامەت و ووزەی کارەبا بە بەردەوامی بەردەستن بۆ ئەوەی پێویستیە گرنگەکانی چاودێری نەخۆش دابین بکەن.
- هاریکاری و گرنگیدانی ڕوون هەیە بۆ پرۆسەکانی کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی.
- پرۆگرامێکی پاک و خاوێنیی دەست هەیە بۆ کەمکردنەوەی پەتای نەخۆشخانەیی.
- دەستەوانە، دەمامک، پاراستنەکانی تر بە شێوەی دروست لە کاتی پێویستیدا بەکاردێن.
- ستاف تێگەیشتنی هەیە بۆ چۆنیەتی فڕێدانی (بەکار نەهێنانەوە)ی کەرەستە تیژەکان (بۆ نموونە دەرزی، چەقۆی توێکاری) و پاشەڕۆی پیس بە هەموو جۆرەکانیەوە.

***پێشنیازی 2.د: دامەزراندنی تیمی ناوخۆیی بۆ جەختکردنە سەر چاودێری کلینیکی نەخۆش***

ئەم پێکهاتەیەی چوارچێوەی متمانەپێدان جەخت دەکاتە سەر هاریکاری چاودێری لە نێوان گشت بەشدار بووان لە دابینکردنی چاودێری. کاتێک چاودێری تەندروستی ئاڵۆز دەبێت، و کاتێک کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ستاندەرە جیهانیەکان، پێویستیەکی زۆر بوونی دەبێت بۆ هاریکاری و جەخت لە نێوان دابینکەرانی چاودێری تەندروستی، پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکان کە تیایدا کردارەکان ئەنجام دەدرێن، و گرنگیدان بە کاری سەلامەت. کاتێک لە سەرەتادا دەست دەکەین بە باسکردنی سەلامەتی و کواڵیتی لەگەڵ سەرکردەکان لە سەرانسەری کوردستان، لە سەرەتادا جەختمان کردە سەر پێویستی دابینکردنی چاودێری کلینیکی سەلامەت. هەرچۆنێک بێت، دوابەدوای گفتوگۆکان لەگەڵ سەرکردەکان لە سەرانسەری هەرێم، گفتوگۆکانمان سەبارەت بە سەلامەتی نەخۆش فروان کرد بۆ ئەوەی گشت پێکهاتەکانی کواڵیتی IOM بگرێتەوە، زانینی ئەوەی کە سەلامەتی نەخۆش لە چاودێری کلینیکی نەخۆشەکان دەکرێت بەدەست بهێنرێت تەنها لەو کاتەی ڕێگەیەکی گشتگیر هەبێت بۆ باشترکردنی گەیاندنی چاودێریەکە.

ئەوانەی خوارەوە داواکاریە بنەڕەتیەکانن بۆ *چاودێری کلینیکی بۆ نەخۆشەکان* کە گرنگن بۆ چوارچێوەی متمانەپێدان. کە ئەمە دۆخی پێویستیەکانی تری چوارچێوەکانی ترە، گشت داواکاریەکان بەسەر دۆخی گشت نەخۆشخانەکان جێبەجێ نابن؛ هەرچۆنێک بێت، زۆرینەی داواکاریەکان شیاوی جێبەجێ کردنن، و چوارچێوەیەک دابین دەکەن بۆ سەرکردایەتی نەخۆشخانە بۆ پێوانەکردنی پابەند بوونی ڕێکخراوەکەیان بۆ گەیاندنی چاودێری نەخۆشی سەلامەت و کاریگەر.

- پرۆسەیەک بوونی هەیە بۆ زامنکردنی ئەوەی کە نەخۆشەکە بە دروستی دەسنیشانکراوە هەر جارەک کە مامەڵە دەکات لە گەڵ ئەندامێکی تیمی چاودێری تەندروستی، بەگرتەخۆی ئەوەی کاتێک نەخۆشێک بەژێر ڕێوشوێنێک دەڕوات یان چارەسەر یان بەرهەمی خوێن وەردەگرێت و کاتێک سامپڵ لە نەخۆشەکە وەردەگیرێت. پێویستە دوو دەسنیشانکەری نەخۆش بەکاربێت بۆ دەسنیشانکردنی هەر یەک لە نەخۆشەکان.
- ڕەزامەندی تەواو وەردەگیرێت لە نەخۆشەکە بەر لەوەی هیچ کارێکی بۆ ئەنجام بدرێت کە مەترسی بەرچاوی تێدا بێت. ئەو لەو پێکهاتەیە هەیە ئەوەیە کە نەخۆشەکان و خانەوادەکانیان تەواو فێرکراون سەبارەت بە هەڵبژاردەکان بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدەن سەبارەت بە چاودێریەکانیان.
- نەخۆش هەڵسەنگاندنێک وەردەگرێت لە پزیشکەکەی و برینپێچەکان کە کاتێکی گونجاوی هەیە بۆ ئەوەی پرۆسەکانی تری چاودێری بزانرێت.
- خزمەتگوزاریەکانی تاقیگەی کلینیکی بە شێوەیەکی ئامادە بەردەستن و پێشکەش دەکرێن لە لایەن کەسانێک کە ڕاهێنانی پێویست و شارەزایی تەواویان هەیە لە بواری ئەو پشکنینەی دابین دەکرێت. ئەمە پێویستە بەتەواوەتی بڕوانامەی کارمەندانی تاقیگە بگرێتەوە، وەک ئەوەی لە ساڵی 2012 پەسندکرا لە لایەن دەسەڵاتدارانی تەندروستی لە تاقیگەکانی ئەبوزەبی لە ئیمارات. تاقیگەکان زنجیرەی ئیحالە دروست دەکەن پشکنینەکان پەسند دەکەن بە کرداری باشی تاقیگەیی.
- خزمەتگوزاریەکانی دەسنیشانکردنی تیشکی (بۆ نموونە، تیشکی ئێکس، سۆنەر) بەردەستن و بواری خزمەتگوزاری پێویست دابین دەکەن بۆ چاودێری نەخۆش کە لە ڕێکخراوەکە دابین دەکرێت. ئەمە پێویستە بە تەواوەتی بڕواپێدانەکانی تەکنیکارانی تیشکی لەخۆ بگرێت، بەو شێوەیەی لە هەندێک وڵات لە سەرانسەری جیهان ئەنجام دەدرێت. جەختێک هەیە لە سەر ستاندەرەکانی سەلامەتی تیشکدان لە کاتی گەیاندنی چاودێری.
- چاودێری تەواو تۆمار دەکرێت بۆ ئەوەی تۆمارە نووسراوەکە بە شێوەیەی کاریگەر ئەو زانیاریانە بگات بە گشت ئەوانەی بەشدارن لە چاودێری نەخۆش سەبارت بە چاودێری کە وەرگیراوە و پلانەکان بۆ کاری تر وەک دەرەنجام.
- ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە بەنج یان هێمنکەرەوە هەیە ئەوە چاودێری سەلامەت و کاریگەر وەردەگرن، بەلەخۆگرتنی وەرگرتنی کەمترین ئاستی بەنج و هێمنکەرەوەی پێویست بۆ دابینکردنی چاودێری پێویست بە کەمترین مەترسی. ئەوەی لەم پێکهاتەیە گرنگە بریتیە لەو داواکاریەی کە ئەوانەی خزمەتگوزاریەکانی بەنج دابین دەکەن لێهاتوون بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.
- خزمەتگوزاریەکانی نەشتەرگەری جۆرەکانی تر شیاون بۆ پێویستیەکانی نەخۆش بنیاتنراون لە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیری دۆخی نەخۆش. لە ماوە و دوای خزمەتگوزاریەکانی نەشتەرگەری، نەخۆشەکە لە نزیکەوە چاودێری دەکرێت بۆ دڵنیابوون لە جێگیری.

- چارەسەرەکان بەکاردێن لەگەڵ کردارەکانی چارەسەری سەلامەت. تەنها ئەو دابینکەرانەی نیشان دراون کە لێهاتوو بن وەسف وەردەگرن، ئامادە کردن دەکەن، و چاودێری ئەو نەخۆشانە دەکەن کە چارەسەری وەردەگرن. چاودێری زۆر دەدرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە چارەسەری دروست دەدەرێت بە نەخۆش دروست و لە کاتی پێویست.
- نەخۆشەکان و خانەوادەکان (تا ئەو ڕادەیەی شیاو بێت، لە سەر بنەمای داب و نەریتی خێزان) پەروەردە و فێربوونی پێویست وەردەگرن سەبارەت بە چاودێری کە پلانی بۆ دانراوە تاوەکو بتوانن بەشدار بن بە زۆرترین ڕێژەی شیاو لە چاودێری نەخۆش و لە چاودێری کردارە سەلامەتەکان.

***پێشنیازی 2.ذ: دامەزراندنی تیمی کوالیتی و سەلامەتی***

بەو شێوەیەی ڕوونکرایەوە لە گشت گفتوگۆکان لە گەڵ تیمی RAND، دابینکەرانی کوردستان ئەوە دەزانن کە ئەو چاودێریەی نەخۆشەکان وەریدەگرن، بە تایبەتی دوای ساڵانێک لە پشتگوێخستن لە دەیەیەکانی ڕابردووو، بەو ئاستە نەبوو کە هاوتا بێت لەگەڵ ستاندەرە جیهانیەکانی کوالیتی. ئەم ڕاستیە کە سیستەمەکانی چاودێری تەندروستی دوورن لەوەی کاملٌ بن مەترسیدارترین چەمکە لە چوارچێوەی باشترکردنی کوالیتی. کە ئەجێندای کوالیتی گەشە دەکات، پێویستە جەخت لە سەر بەدەستهێنانی کاملٌ بوون نەبێت، بەڵکو زیاتر، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دابینکەران لە هەرێم فەلسەفەیەکی باشترکردنی بەردەوام پەیڕەو بکەن. ئەگەر ئامانجی سەرەتایی کاملٌ بوون بێت، زۆرینەی ڕێکخراوەکان هەرەس دێنن؛ ئەمە بەدڵنیاییەوە مەبەست یان ئامانجی چاکسازی کوالیتی نیە. کاتێک جەختەکە بریتی دەبێت باشترکردنی ڕۆژی داهاتوو لە ڕۆژی ڕابردوو، ئینجا بە تەواوەتی ستاندەرە جیهانیەکانی کوالیتی دەکرێت بەدەست بێن.

ئەوانەی خوارەوە داواکاریە بنەڕەتیەکانن بۆ *چاکسازی کوالیتی* کە گرنگن بۆ چوارچێوەی متمانەپێدان. زۆرینەی داواکاریەکان بەشێوەی یەکسان جێبەجێ دەبن بەسەر دۆخی گشت نەخۆشخانەکان، بە ڕوونی چوارچێوەیەک دابین دەکەن بۆ سەرکردایەتی نەخۆشخانە بۆ پێوانەکردنی پابەند بوونی ڕێکخراوەکەیان بۆ باشترکردنی کوالیتی چاودێری.

- هەر ڕێکخراوێک سیستەمێکی ڕاپۆرت کردنی بەگوێری ڕووداویان هەیە کە تیایدا دابینکەران دەتوانن ڕووداوە زیان بەخشەکان یان گرنگەکان دەسنیشان بکەن.
  – پێناسەی ڕوون هەیە بۆ ڕووداوە زیان بەخشەکان.
  – دابینکەران هەست بە سەلامەتی دەکەن لە دەسنیشانکردنی ڕووداوە زیان بەخشەکان لە ژینگەیەکی بێ سزادان.
- ڕووداوەکان شیدەکرێنەوە بە شێوەیەکی ڕێک بە بەکارهێنانی ڕێگەی شیکاری هۆکاری-ڕیشە بۆ دەسنیشانکردنی دۆخە مەترسیدارەکان. مەترسیە بەرچاوەکان دیاری دەکرێن لە ڕێگەی ستراتیجیەتی گونجاوی کەمکردنەوەی مەترسی. تاک ڕووداوی سەخت (بۆ نموونە، مەرگ، برینداری سەخت) پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وەک ڕووداوی پارێزکارانە و ڕاستەوخۆ پشکینیان بۆ دەکرێت؛ هەر کارێکی ڕاستکەرەوەی پێویست ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت.
- پرۆسە مەترسی بەرزەکان و ئەو نەخۆشانەی مەترسیان زۆر لەسەرە گرنگیپێدانی تایبەت وەردەگرن بۆ ئەوەی چاودێری شیاو بکرێت ئەنجام بدرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان بۆ کەمترین ڕێژە.
- ڕێکخراوەکان ڕازیکردنی نەخۆش و خێزانەکان بەهەند وەردەگرن لە ڕێگەی چاودێری و هەنگاونان بۆ باشترکردنی ئەزموونەکان بە چاودێری و ئەو خەڵکانەی چاودێری دابین دەکەن. وێناکردنی نەخۆش بۆ کردارە سەلامەت و ناسەلامەتەکان دەکرێت سوودبەخش بێت لە ڕێبەریکردنی هەوڵەکانی باشترکردنی ئەدا.
- ڕەزامەندی ڕێوشێنی سەرکردایەتی ڕێکخراوەیی ئەندامانی ستاف لەگەڵ سەرکردەکانیان، زانینی ئەوەی کە، کاتێک ستاف هەست دەکات بەهێزکراوە، پەروەردەکراوە، و پارێزراوە لە زیانگەیاندنی ناویستانەی نەخۆش، توانایان بۆ دابینکردنی چاودێری باش و سەلامەت بە شێوەیەکی بەرچاو فەراهەمکراوە. ئەو دابینکەرانەی لە هێڵی پێشەوەی دابینکردنی چاودێرین زۆرجار لاوازیە سەرەکیەکانی سیستەمەکە دەزانن؛ کاتێک هەست دەکەن سەلامەتن لە دەسنیشانکردنیان بۆ سەرکردەکانیان، هەل بوونی هەیە بۆ کەمکردنەوەی کردارە نا سەلامەتەکان بەر لەوەی ببنە هۆی زیانگەیاندن.
- هەر ڕێکخراوێک سیستەمێکی هەیە کە ئاسان دەستگەیشتن پێیەوە بوونی هەیە کە نەخۆشەکان و خێزانەکان دەتوانن کێشەکانیان سەبارەت بە کوالیتی چاودێری دابینکراو بگەیەنن. کێشەکان شیدەکرێنەوە و دەسنیشان دەکرێن. زۆرجار دەکرێت وەک پێشبینیکەرێک کار بکەن بۆ کرداری نا سەلامەت. تەنانەت ئەگەر هیچ کێشەیەکیش دیاری نەکرێت، فیدباک بۆ ئەوانە لە گەڵ گرنگی پێدان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕازیکردن بە چاودێری باشتر دەکات.

- ڕێکخراوەکە و ئەوانەی چاودێری دابین دەکەن لە نێوی ڕێنماییەکانی کرداری کلینیکی شیاو بەکاردێنن، لە گەڵ ڕێگەچارە و ستاندەرەکان بۆ دیاریکردنی باشترین کۆرسی چاودێری بۆ هەر نەخۆشێک. ڕێنماییە جیهانیەکان و ڕێڕەوەکان لەوانەیە پێویست بێت بۆ ئەوەی بگونجێنرێت بۆ بەکارهێنان لە کوردستان؛ هەرچۆنێک بێت، بەڵگە بۆ پەسندکردن پێویستە بەهەند وەربگیرێت لە کاتی ئەنجامدانی هەر گۆڕانکاریەکی پێویست.
- ستاف فێر دەکرێن سەبارت بە بنەماکانی پرۆسەی باشترکردن و تێگەیشتن لە ڕۆڵەکانیان لەو چاودێریانەی بەردەوام باشتر دەکرێن.
  - ستافەکان ئاسوودەن لە دەسنیشانکردنی هەلەکان بۆ باشترکردنی چاودێری و پێشنیارکردنی ستراتیجیەتەکان بۆ باشینە کردنی چاودێری.
  - سەرکردەکان ژینگەیەک دروستدەکەن کە تیایدا گشت لایەک لە کواڵیتی خۆیان دەگەن. گەرچی تیمی باشترکردنی کواڵیتی دەکرێت پرۆسەکە ئاسان بکات، بەڵام بەرپرسیاریەتی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە باشترکردنی کواڵیتی پێویستە وەک بەرپرسیاریەتی گشت لایەک ببینرێت.
- ڕێکخراوەکان پێوانەی دەرەنجامەکانی چاودێری دەکەن و دەرەنجامەکانیان بەراورد دەکەن لەگەڵ هێما هەرێمی و جیهانیەکانی دابینکەران. کە هەوڵەکانی باشترکردنی ئەدا بەردەوام دەبێت، میتریکی دەرەنجامی ناوخۆیی بەڵگە نیشان دەدات بۆ سەرکەوتنی ئەو هەوڵانەی کە دەکرێت ڕاپۆرت بکرێن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕای گشتی.
- سەلامەتی نەخۆش و دەرەنجامەکان دەگەیەنرێن بۆ ستافەکان و خەڵکی گشتی. پرۆگرامێکی باشترکردنی متمانەپێکراوی ئەدا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی شانازی ستاف لە دابینکردنی چاودێری و متمانەی خەڵکی گشتی لە وەرگرتنی چاودێری.

**پێشنیازی 3: تاقیکردنەوەی نەخۆشخانە متمانە پێدراوەکان بۆ زانینی ئەوەی چۆن سەرکەوتنیان بەدەستهێنا**

خشتەی 1.6 ئەوە نیشان دەدات کە زۆربەی نەخۆشخانەکان لە هەرێم کە متمانەپێدانی کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانیان بەدەست هێنا. ئەو ڕاستیەی کە زۆربەی نەخۆشخانەکان و سیستەمی نەخۆشخانەکان مۆدێلی کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانیان بەکارهێنا دڵنیایی ئەوە دەکاتەوە کە ئەم مۆدێلە دەکرێت بەدەست بهێنرێت و لە ڕووی کەلتوریەوە شیاوە. خۆشحاڵ دەبین بە ڕێکخستنی سەردانیکردن بۆ چەندین دامەزراوە لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەرکردەکانی چاودێری تەندروستی و بڕیار بەدەستانی حکومەت. سەردانیکردنەکە ئەم ئامانجانەی خوارەوەی دەبێت:

- تێگەیشتن لەو ستراتیجیەتانەی کە نەخۆشخانەکان و وڵاتەکان بەکاریان هێناوە بۆ هاندانی متمانەپێدان.
- دیاریکردنی بڕی هەوڵ و کات کە دامەزراوەکان پێویستیان بووە بۆ دەستخستنی متمانەپێدان.
- بەهەند زانینی ئەو بەهایەی کە متمانەپێدان بۆ ڕێکخراوەکان دروستی دەکات لە بوارەکانی سەلامەتی و کواڵیتی نەخۆش بۆ چاودێریەکە.
- دەستکردن بە پەرەپێدانی تۆڕێکی هاوکاران لەنێو هەرێمی جوگرافی ئەوانەی دەتوانن پشتیوانی و ڕێنوێنی دابین بکەن، کە هەمان پابەند بوونیان هەبێت بۆ بەهاکانی نایابی لە چاودێری نەخۆش.

**پێشنیازی 4: ئامادەبوون لە پرۆگرامێکی کرداری کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی**

لە پرۆگرامێکی کرداری کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی، سەرکردەکانی چاودێری تەندروستی جیهانی و هەرێمیەکان نمایشی ڕاهێنانی کرداری دەکەن لە سەر پرۆگرامی پەروەردەیی کە تێگەیشتنی بەشداربووان بەهێز دەکات سەبارەت بە داواکاریەکان و ستراتیجیەتەکان. لە ڕاستیدا پرۆگرامەکە بەشداربووانی پرۆسەی ڕووپێوی متمانەپێدانی نەخۆشخانەیەکی بەشداربوو لەخۆ دەگرێت لەو شوێنەی کردارەکە ئەنجام دەدرێت. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە تیمەکە کوردستان سەرکردەکانی حکومەتەتی هەرێم و سەرکردایەتی نەخۆشخانەی دوو یان سێ نەخۆشخانەی دەسنیشان کراو لەخۆ بگرێت کە دەیانەوێت یەکەمین بن بۆ متمانەپێدان. سوودێک هەیە بۆ بەشداری پێکردنی کەسانی پەیمانگاکا فێرکاریەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەستیانکردووە بە پشکنینی

پابەند بوونیان بۆ کواڵیتی (بۆ نموونە، نەخۆشخانەی فێرکاری ئازادی). بەشداریکردنی کرداری ئەم ئامانجانەی خوارەوەی دەبێت:

- تێگەیشتن لە تایبەتمەندیەکان پێویستە بۆ دەستخستنی متمانەپێدان بە بەکارهێنانی سێتێک لە ستاندەرەکان.
- دەستخستنی پەروەردە و فێربوونی پێویست سەبارەت بە پرۆسەکە بۆ ئەوەی کاریگەرانە پلان دابنرێت بۆ جێبەجێکردنی لە هەرێم.
- پەرەپێدانی کادرانی پسپۆر ئەوانەی دەتوانن ڕاهێنان بەکەسانی تر بکەن لە سەر بنەماکانی متمانەپێدان و ستراتیجیەتەکان بۆ پێکانی ئامانجەکە.
- پەیوەندی لەگەڵ دابینکەرانی چاودێری تەندروستی و دامەزراوەکانی تر کە هەمان کرداری هاوشێوە ئەنجام دەدەن بۆ.

کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی سپۆنسەری پرۆگرامە کردەییە هەرێمیەکان بکات لە سەرانسەری جیهان. بە نموونەیی، شارەزایانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەیانەوێت بەشدار بن لە پرۆگرامێک کە بە شێوەیەکی جوگرافی نزیکە لە کوردستان، هەم بۆ ئاسانکردنی گەشت و بەرزکردنەوەی حەزی چاوکەتن بە هاوکارانی زیاتر ئەوانەی دەتوانن کار بکەن وەک سەرچاوەی ناوخۆیی پەیوەندیدار. گەرچی شوێنەکان پرۆگرامەکان جیاوازن لە ساڵێکەوە ساڵێک، بەڵام لەوانەیە سوودبەخش بێت کە بەشدار بیت لە پرۆگرامێک لە وڵاتێک کە کوردستان پەیوەندی و ڕاوێژکاری لە گەڵیدا هەیە (بۆ نموونە سەنگافورە).

## ئەنجام

گروپی هەنگاوەکان کە ئێمە پێشنیازمان کرد بەرزیخوازە. هەرچۆنێک بێت، هەر وەک ڕوون بوو لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ کۆمەڵەی حکومی و دابینکەران، ویست بۆ باشترکردن لە سیستەمی چاودێری تەندروستی کوردستان ڕەسەن و بەهێزە. مۆدلێکی متمانەپێدانی پلە بە پلە، جەخت بکاتە سەر ئەوەی گرنگە و پەیوەندیدارە بە خەڵکی کوردستان، کاریگەرێکی ئاشکراو و واتاداری دەبێت لە سەر دابینکەرانی کوردستان و هاوڵاتیانی هەرێم.

# پوختە و دەرەنجامەکان

ئەم ڕاپۆرتە پوختەی شیکاریەکەمان بۆ سێ بواری بابەتی سیاسەتی تەندروستی جیاوازی بەیەکەوە بەستراو: دارایی، چاودێری سەرەتایی، و کواڵیتی و سەلامەتی نەخۆش. وەزیری تەندروستی و وەزیری پلاندانان ئەم بوارانەیان هەڵبژارد کە خاون تایبەتمەندی تایبەتن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێک بەردەوامە لە باشترکردنی سیستەمی چاودێری تەندروستی خۆی. هەر یەک لە بابەتەکانمان دیراسە کرد، پێداچوونەوەمان بۆ پێشنیە پەیوەندیدارەکان کرد، گەڕیان بە نێو بابەتەکە لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکیەکان، کۆمەڵێک هەڵبژاردەی سیاسەتی جیاوازمان پەرەپێدا و هەڵسەنگاند، و پلان یان ڕێگەمان پەرەپێدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکان و ئامانجەکانی سیاسەتی دیاریکراومان بەدەست هێنا. لە بواری چاودێری سەرەتایی، یارمەتیدەر بووین لە جێبەجێکردنی MIS یێکی نوێ.

لە بواری سیاسەتی دارایی چاودێری تەندروستی، نەخشەڕێگایەک و ستراتیجیەتێکمان پەرەپێدا بۆ ڕێبەریکردنی چاکسازی دارایی تەندروستی لە دەیەی داهاتوودا. نەخشەڕێگاکە ڕێگەیەکی دوو-قۆناغی داناوە کە، لە پێنج بۆ حەوت ساڵی داهاتوودا، دەبێتە هۆی A-NHS یێکی کاریگەر و گونجاو و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دروستکردنی سیستەمێکی SHI.

قۆناغە بەراییەکانمان دیاریکرد، لەگەڵ کردارەکانی سیاسەت، کە پێویستە لە قۆناغێک بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی دیاریکراو، لەگەڵ جەخت کردنە سەر قۆناغی 1. لە قۆناغی 1، کردارە بەراییەکانی گۆڕانکاری سیستەمەکانی داتای باشترکراو، وەزارەتی تەندروستی مۆدێرنکراو، باشترکردن لە کواڵیتی چاودێری لە کەرتی تایبەت، دەرکردنی کارتی تەندروستی، و دامەزراندنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمەکە دەگرێتەخۆ. هەروەها ئێمە کردارەکانی سیاسەتمان نمایشکرد بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێت لە ماوەیەکی ڕێژەیی کورت خایەن، بەلەخۆگرتنی دامەزراندنی سیستەمێکی NHS کە پارەدار بکرێت بە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ جێبەجێکردنی وەرگرتنی باج لە کارمەندانی خاوەن مووچە (ئەوانەی لە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت یان کۆمپانیا گەورەکان کاردەکەن). خاوەن کارەکانی کرێکارە بیانیەکان دەبێت تەواوی تێچووی زەمانیان بدەن. کردارەکانی تری سیاسەت ئەمانە دەگرێتەوە؛ بەڕوونی پێناسەکردنی پاکێجی سوودەکانی تەندروستی دابینکراو کە حکومەت خۆی بۆ ناچارکردووە، چاکسازی کەرتی نەخۆشخانە، و سیاسەتی گۆڕانکاریە پەیوەستەکان بە پزیشکان ئەوانەی لە کەرتی تایب و گشتی کاردەکەن.

ئەگەر سیاسەتمەدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار بدەن لە سەر دەستبەکار بوون لە سەر چاکسازی زیاتر و جێبەجێکردنی سیستەمی زەمانی کۆمەڵایەتی، ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات چۆن، لە کۆتای قۆناغی 2، سیستەمێکی کارکردنی SHI دەکرێت دروست بکرێت. SHI پارەدار دەکرێت لەو داهاتانەی وەردەگیرێت لە باجی کرێ، قستەکانی تەئمین و پارەدانە هاوبەشەکان. ئاژانسێکی SHI بەرپرسیار دەبێت بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانی پارەدان، مامەڵەکردن لە گەڵ بانگەشەکان، و پارەدان بە دابینکەران بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن. لە هەردوو قۆناغی 1 و 2، زەمانی تایبەتی تەواوکەر هاندەدرێت بۆ پشتیوانی کردنی پارەدان بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی نەهێنراونەتە نێو کەرتی گشتی یان بەشێکیان هاتووە بۆ یارمەتیدانی تاکەکان لە بڵاو کردنەوەی مەترسیەکانیان ئایا بڕیاربدەن لە سەر بەکارهێنانی کەرتی تایبەت.

چەمکی *DP* ئاماژەیە بۆ کرداری ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە تیایدا پزیشکەکان، ئەوانەی مووچەیان پێدەدرێت بۆ کارکردن لە کەرتی تەندروستی گشتی، تەنها چەند کاتژمێرێکی کەم لە نەخۆشخانە گشتیەکان کاردەکەن بەر لەوەی ڕۆژانە بڕۆن بۆ کارەکانیان لە کەرتی تایبەت. هەروەها پزیشکەکان گەرەنتی قەرەبویەکیان پێدەدرێت کە بڕەکەی پەیوەندیدار نیە بەو بڕەی چاودێری کە پێشکەشی دەکەن. دوای هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەڵ، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە DP لە هەرێمی کوردستانی عێراق نەشیاوە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێت. هێزێکی زۆر لە کەرتی گشتی دەبات کە پێویستیەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و بەربەستێکی زۆر بەرچاوە لە دارایی گشتی و چاکسازی نەخۆشخانەکان.

ڕاپۆرتەکە باس لە هەڵبژاردەی سیاسەتەکان دەکات بۆ دەسنیشانکردنی ئاستەنگە پەیوەندیدارەکان بە DP و هەڵبژاردەکان تاقی دەکاتەوە لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە، بەلەخۆگرتنی کاریگەریەکانی سەر پشتیوانی پزیشکەکان لە کەرتی گشتی، ئاسانی جێبەجێکردنی سیاسەتە نوێکان، ئاڵۆزیە ڕێکەکان، کواڵیتی چاودێری، و دادپەروەری. دوای نمایشکردنی فرەیی سیاسەتە بەدیلەکان، ئێمە پێشنیاری ڕێگەیەکی کرداریمان کردووە بۆ دەسنیشانکردنی کێشەی DP ڕاستەوخۆ-تایبەتمەندانە، ڕێگەنەدان بە پزیشکان بەوەی لە کەرتی تایبەت کار بکەن تا ئەو کاتەی ماوەی سێ بۆ پێنج ساڵ خزمەتیان هەبێت لە تەندروستی کەرتی گشتی، پەیوەستکردنی کرێ بە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن، و چاکسازی مووچەی پزیشکان بۆ ئەوەی ببەسترێتەوە بە قەرەبووی خزمەتی ژمارەی ساڵەکان. ساڵێک خزمەت پێویستە پێناسە بکرێت و ببەسترێتەوە بە بڕی خزمەتگوزاری دابینکراو لە کەرتی گشتی.

لە ماوەیەکی درێژتر، کاتێک سیستەمی داتای باشتر کارپێکراو دەبن و چاکسازی نەخۆشخانەکان تەواو دەبێت، دیدی پلانەکەمان کە کواڵیتی چاودێری یان ڕێوشوێنە جێبەجێکراوەکان لەخۆ دەگرێت وەک گۆڕاو بۆ ئەوەی سیاسەتێکی پارەدان-بۆ-ئەدا بکرێت دروست بکرێت. هەروەها ئەم گفتوگۆیە داوای چاکسازی نەخۆشخانە و پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە دەکات.

لە بواری چاودێری سەرەتایی، کارە درێژخایەنەکەمان بنیات دەنێن لە سەر چەند ساڵێکی کەمی ڕابردوو بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی گۆڕانکاری. بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و ئەزموونی پێشووترمان، مەبەست/ئامانجی چاودێری سەرەتاییمان پەرەپێدا: ستافی پێشنیارکراو، کەرەستە، و لیستێکی پێشنیارکراوی خزمەتگوزاریەکان کە ئێمە بڕوامان وایە پێویستە خزمەتگوزاری ستاندەر بێت کە پێشکەش بکرێت لە هەر جۆرێک یان ئاستێکی ناوەندی تەندروستی. پێشنیازەکان بۆ ستاف، کەرەستە، و خزمەتگوزاریەکان ووردبینیکراون لە نێو سەرکردەکانی سیاسەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەر لەوەی تەواو بکرێن. وەزیری تەندروستی ئەوانەی پەسەند کرد وەک سیاسەتی نوێی وەزارەتی تەندروستی، ئەو بەلگەنامەیەی پەرەمانپێدا وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، و بڵاویکردەوە بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکانی گشت پارێزگاکان بۆ ئەوەی بەکاری بێنن وەک ئامانجەکانی پلاندانانیان.

بۆ پشتیوانیکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتەکە، ئێمە MIS ێکمان پێشخست بۆ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی بتوانێت بزانێت کام ناوەندی تەندروستی ستاف و کەرەستەی دیاریکراوی هەیە و خزمەتگوزاری پێشبینیکراو پێشکەش دەکەن؛ هەروەها MIS ئامرازەکانی دابین کرد بۆ دروستکردنی سیاسەتی بەردەوام لە کۆمەڵێک بواردا. ئێمە فۆرمی داتامان پەرەپێدا و تاقیکردەوە، پێداچوونەمان بۆ کرد لە سەر بنەمای پشکنین لە دهۆک و گفتوگۆی تێروتەسەڵ لەگەڵ نوێنەرانی گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، و دەستمانکرد بە جێبەجێکردنی بە یارمەتی وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە گشت پارێزگاکان. وەزارەتی تەندروستی فۆرمەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و ناردی بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا. وەک لە کۆتاییەکانی تشرینی دووەمی 2012، تەنها دهۆک داتای تەواوی پێشکەشکرد، بەڵام داتای پارێزگاکانی تر لەچاوەڕوانیدا بوو.

ئەم ڕاپۆرتە نمایشی خشتە و گرافی هەڵبژێردراو دەکات بە شێوەیەکی سەرەکی لە داتای دهۆک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەم داتایانە دەبنە هۆی دروستکردنی سیاسەتێکی شیاوی بەکارهێنان و ئامرازێکی بەڕێوەبردن. داتاکە وا دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ستاندەرەکانی خزمەتگوزاری بەراورد بکات لەگەڵ ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هەن، بەم شێوەیە ئامرازی بەهێز دەداتە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردنی چاودێری سەرەتایی و ڕێنوێنی کردنی سیاسەتی چاکسازی.

ئێمە هەروەها هەندێک یارمەتی تەکنیکی سنووردارمان دابین کرد بۆ وەزارەتی تەندروستی لەو کاتەی بەرەنگاری بڵاوبوونەوەی کۆلێرا دەبوویەوە لە سلێمانی.

لە کۆتاییدا، هەڵسەنگاندنێکی سەرەتاییمان ئەنجامدا بۆ سەلامەتی نەخۆش (لایەنێکی سەرەکی کواڵیتی گشتی چاودێری) لە نەخۆشخانە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. شیکاریەکە ئەوەی نیشاندا کە هەندێک پێشکەوتنی ڕاستەقینە ڕوویداوە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا لە باشترکردنی کواڵیتی، بەڵام هێشتا پێویستە شتی زۆر زیاتر ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بگەیەندرێتە ستاندەرە جیهانیەکان. سوودبینین لە چوارچێوەی پەرەپێدراو لە لایەن IOM لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتەکە ڕێگەیەک دیاری دەکات بۆ بەردەوام بوون لەکواڵیتی مەیدانی فراوانتر. ڕێگەکە مۆڵەتدانی نەخۆشخانە لەخۆدەگرێت لە لایەن دەستەی جیهانی ڕێگەپێدراو، وەک کۆمسیۆنی یەکخراوی جیهانی، و ستاندەری متمانەپێدانی پزیشکی تر، بەلەخۆگرتنی ستاندەرەکان بۆ بەردەوام بوون لە پەروەردە و فێربوونی پزیشکی، مافەکانی نەخۆش، و ڕێوشێنەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵە پزیشکیەکان.

گەرچی ئێمە سەیری لایەنی جیاوازی سیستەمی چاودێری تەندروستیمان کرد—دارایی، DP، کواڵیتی، و سیستەمی زانیاری—پێویستە ئەوە بزانرێت کە ئەوان یەکتری بەهێز دەکەن. بۆ نموونە، بێ بوونی زانیاری پێشبینیکراو بۆ ئەوەی کۆبکرێتەوە لە MIS، زەحمەتە مەزەندە بکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە بتوانێت گۆڕانکاری ئاڵۆز بەڕێوە ببات لە بواری دارایی. کردارە باشترکراوەکان بۆ DP و کواڵیتی هەردووک هۆکاری گرنگن کە پێویستە جێبەجێ بکرێت لە هەمان کاتدا یان بەر لە گۆڕانکاری دارایی بۆ سەرکەوتنی سیاسەت.

لەم سێ بوارەی سیاسەت، ئێمە پێشنیاری چاکسازی سیاسەتی تایبەت، کردەیی و بەدەستهاتوومان کردوە. ئەگەر بە تەواوەتی تەبەنی بکرێت، چاکسازیەکان کاریگەری بەرچاویان دەبێت لە سەر باشترکردنی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە چەند ساڵی داهاتوودا و هاندەر دابین دەکات لە سیستەمەکە کە دەبێتە هۆی کواڵیتی بەرزتر و شیاوی زیاتر لە چاودێری تەندروستی بۆ گشت دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

# لیستی سەرچاوەکان


Al-Halawani, Fatina, Dwayne Banks, Taissir Fardous, and Ali Al-Madani, *Jordan National Health Accounts, 2000 and 2001*, Washington, D.C.: U.S. Agency for International Development, August 2006. As of November 12, 2013:
http://www.who.int/nha/country/jor/jordan_NHA_2000_2001.pdf

Anthony, C. Ross, "Options for Dealing with Combined Public Private Practice Among Physicians in the Kurdistan Region–Iraq," Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, unpublished research, 2012.

Ashton, Joanne, *Taxonomy of Health System Standards*, Bethesda, Md.: Health Care Improvement Project, U.S. Agency for International Development, 2000. As of November 24, 2012:
http://www.hciproject.org/node/985

Baris, Enis, Salih Mollahaliloglu, and Sabahattin Aydin, "Healthcare in Turkey: From Laggard to Leader," *British Medical Journal*, Vol. 342, 2011, p. c7456.

Biglaiser, Gary, and Ching-to Albert Ma, "Moonlighting: Public Service and Private Practice," *RAND Journal of Economics*, Vol. 38, No. 4, Winter 2007, pp. 1113–1133.

Bir, Anupa, and Karen Eggleston, *Physician Dual Practice: Access Enhancement or Demand Inducement?* Medford, Mass.: Tufts University Department of Economics working paper, 2003. As of November 12, 2013:
http://ase.tufts.edu/econ/papers/200311.pdf

Bloor, Karen, Alan Maynard, and Nick Freemantle, "Variation in Activity Rates of Consultant Surgeons and the Influence of Reward Structures in the English NHS," *Journal of Health Services Research and Policy*, Vol. 9, No. 2, April 1, 2004, pp. 76–84.

Buchmueller, Thomas C., and Agnes Couffinhal, *Private Health Insurance in France*, Paris: Organisation for Economic Co-operation and Development, Directorate for Employment, Labour and Social Affairs, Health Working Paper 12, March 11, 2004. As of November 12, 2013:
http://www.oecd.org/france/30455292.pdf

Eggleston, Karen, and Anupa Bir, "Physician Dual Practice," *Health Policy*, Vol. 78, No. 2–3, October 2006, pp. 157–166.

Farzadfar, F., C. J. Murray, E. Gakidou, T. Bossert, H. Namdaritabar, S. Alikhani, G. Moradi, A. Delavari, J. Jamshidi, and M. Ezzati, "Effectiveness of Diabetes and Hypertension Management by Rural Primary Health-Care Workers (Behvarz Workers) in Iran: A Nationally Representative Observational Study," *Lancet*, Vol. 379, No. 9810, January 7, 2012, pp. 47–54.

Ferrinho, Paulo, Wim Van Lerberghe, Inês Fronteira, Fátima Hipólito, and André Biscaia, "Dual Practice in the Health Sector: Review of the Evidence," *Human Resources for Health*, Vol. 2, No. 1, October 2004, p. 14. As of November 12, 2013:
http://www.human-resources-health.com/content/2/1/14

France, G., F. Taroni, and A. Donatini, "The Italian Health-Care System," *Health Economics*, Vol. 14, No. S1, September 2005, pp. S187–S202.

Frenk, Julio, Jaime Sepúlveda, Octavio Gómez-Dantés, and Felicia Knaul, "Evidence-Based Health Policy: Three Generations of Reform in Mexico," *Lancet*, Vol. 362, No. 9396, November 15, 2003, pp. 1667–1671.

Fujisawa, Rie, and Gaetan Lafortune, *The Remuneration of General Practitioners and Specialists in 14 OECD Countries: What Are the Factors Influencing Variations Across Countries?* Paris: Organisation for Economic Co-operation and Development Health Working Paper 41, December 18, 2008. As of November 12, 2013:
http://www.oecd-ilibrary.org/fr/social-issues-migration-health/the-remuneration-of-general-practitioners-and-specialists-in-14-oecd-countries_228632341330;jsessionid=7wupo1n0njpa.delta

González, P., "Should Physicians' Dual Practice Be Limited? An Incentive Approach," *Health Economics*, Vol. 13, No. 6, June 2004, pp. 505–524.

Gottret, Pablo, and George Schieber, *Health Financing Revisited: A Practitioner's Guide*, Washington, D.C.: World Bank, 2006. As of November 12, 2013:
http://web.worldbank.org/WBSITE/EXTERNAL/TOPICS/EXTHEALTHNUTRITIONANDPOPULATION/EXTHSD/0,,contentMDK:22335643~menuPK:376811~pagePK:148956~piPK:216618~theSitePK:376793~isCURL:Y,00.html

Gottret, Pablo, George J. Schieber, and Hugh R. Waters, eds., *Good Practices in Health Financing: Lessons from Reforms in Low- and Middle-Income Countries*, Washington, D.C.: World Bank, 2008. As of November 12, 2013:
https://openknowledge.worldbank.org/handle/10986/6442

Hurst, Jeremy, Peter Scherer, Sarbani Chakraborty, and George Schieber, *OECD Reviews of Health Systems: Turkey*, Washington, D.C.: Organisation for Economic Co-operation and Development, International Bank for Reconstruction and Development, and World Bank, 2008. As of November 12, 2013:
http://www.oecd-ilibrary.org/social-issues-migration-health/oecd-reviews-of-health-systems-turkey-2008_9789264051096-en

Institute of Medicine, *Crossing the Quality Chasm: A New Health System for the 21st Century*, Washington, D.C., March 1, 2001. As of November 12, 2013:
http://www.iom.edu/Reports/2001/Crossing-the-Quality-Chasm-A-New-Health-System-for-the-21st-Century.aspx

International Organization for Standardization, "ISO 9000: Quality Management," undated. As of November 19, 2013:
http://www.iso.org/iso/iso_9000

———, "ISO 15189:2012: Medical Laboratories—Requirements for Quality and Competence," c. 2012. As of November 19, 2013:
http://www.iso.org/iso/home/store/catalogue_tc/catalogue_detail.htm?csnumber=56115

IOM—*See* Institute of Medicine.

Iraq Ministry of Health, "Iraq Public Sector Modernization Health Sector Assessment and Functional Review Report," 2012.

ISO—*See* International Organization for Standardization.

Joint Commission International, *International Essentials of Health Care Quality and Patient Safety*, Oakbrook Terrace, Ill., 2008. As of November 12, 2013:
http://www.jointcommissioninternational.org/common/pdfs/consulting/jci-essentials-framework.pdf

———, *Joint Commission International Accreditation Standards for Hospitals*, 4th ed., July 2010. As of November 19, 2013:
http://store.jointcommissioninternational.org/jci-accreditation-standards-for-hospitals-4th-edition/

KRG—*See* Kurdistan Regional Government.

Kurdistan Regional Government, "The People of the Kurdistan Region," May 20, 2010. As of November 15, 2013:
http://www.krg.org/a/d.aspx?s=03010400&l=12&r=141&a=18657&s=010000

———, Ministry of Planning, "Kurdistan Region—Iraq 2020: A Vision for the Future," September 2013.

Lewis, Maureen, *Who Is Paying for Health Care in Eastern Europe and Central Asia?* Washington, D.C.: World Bank Publications, 2000. As of November 12, 2013:
http://siteresources.worldbank.org/ECAEXT/Resources/publications/healthcareinECA2000/Who+Is+Paying+text.pdf

Lim, Meng-Kin, "Shifting the Burden of Health Care Finance: A Case Study of Public–Private Partnership in Singapore," *Health Policy*, Vol. 69, No. 1, July 2004, pp. 83–92.

Moore, Melinda, C. Ross Anthony, Yee-Wei Lim, Spencer S. Jones, Adrian Overton, and Joanne K. Yoong, *The Future of Health Care in the Kurdistan Region—Iraq: Toward an Effective, High-Quality System with an Emphasis on Primary Care*, Santa Monica, Calif.: RAND Corporation, 2012. Not available to the general public.

Morlock, Laura, Hugh Waters, Alan Lyles, S. Haluk Özsari, and Göksenin Aktulay, *Charting the Way Forward: Health Care Reform in Turkey*, Turkish Industrialists' and Businessmen's Association, T/2005-3/389, August 2005. As of November 12, 2013:
http://www.tusiad.org/committees/social-policy-committee/report/charting-the-way-forward--health-care-reform-in-turkey/

Organisation for Economic Co-operation and Development, *Economic Survey of Turkey 2000–01*, Paris, 2002.

———, *OECD Reviews of Health Systems: Mexico*, Paris, July 2005.

Raouf, Hana, "Kurdish Health Minister: 'Not Saying Our Doctors Don't Make Mistakes,'" *Niqash*, September 6, 2012. As of November 28, 2012:
http://www.niqash.org/articles/?id=3114

Runciman, William B., Enrico W. Coiera, Richard O. Day, Natalie A. Hannaford, Peter D. Hibbert, Tamara D. Hunt, Johanna I. Westbrook, and Jeffrey Braithwaite, "Towards the Delivery of Appropriate Health Care in Australia," *Medical Journal of Australia*, Vol. 197, No. 2, 2012, pp. 78–81.

Savas, B. Serdar, Ömer Karahan, and R. Ömer Saka, *Health Care Systems in Transition: Turkey*, Copenhagen: European Observatory on Health Care Systems, 2002.

Savedoff, William D., and Pablo Gottret, *Governing Mandatory Health Insurance: Learning from Experience*, Washington, D.C.: World Bank, 2008. As of November 12, 2013:
https://openknowledge.worldbank.org/handle/10986/6526

Seijaparova, Dinara, and Jack W. van Holst Pellekaan, *Jordan: An Evaluation of World Bank Assistance for Poverty Reduction, Health and Education*, Washington, D.C.: World Bank, June 7, 2004. As of November 12, 2013:
http://documents.worldbank.org/curated/en/2004/06/4362742/jordan-evaluation-world-bank-assistance-poverty-reduction-health-education

Shabila, Nazar P., Namir G. Al-Tawil, Tariq S. Al-Hadithi, Egbert Sondorp, and Kelsey Vaughan, "Iraqi Primary Care System in Kurdistan Region: Providers' Perspectives on Problems and Opportunities for Improvement," *BMC International Health and Human Rights*, Vol. 12, No. 21, 2012.

Singapore Ministry of Health, *National Standards for Healthcare Public Hospitals*, 2011.

Siskou, O., D. Kaitelidou, V. Papakonstantinou, and L. Liaropoulos, "Private Health Expenditure in the Greek Health Care System: Where Truth Ends and the Myth Begins," *Health Policy*, Vol. 88, No. 2–3, December 2008, pp. 282–293.

Sorra, Joann, and Veronica Nieva, *Hospital Survey on Patient Safety Culture*, Rockville, Md.: Agency for Healthcare Research and Quality, Publication 004-0041, September 2004. As of November 12, 2013:
http://www.ahrq.gov/professionals/quality-patient-safety/patientsafetyculture/hospital/userguide/hospcult.pdf

Taylor, R., and S. Blair, *Financing Health Care: Singapore's Innovative Approach—Public Policy for the Private Sector*, Washington, D.C.: World Bank, 2003.

Wagstaff, Adam, Eddy Van Doorslaer, Hattem Van der Burg, Samuel Calonge, Terkel Christiansen, Guido Citoni, Ulf-G Gerdtham, Mike Gerfin, Lorna Gross, Unto Häkinnen, Paul Johnson, Jürgen John, Jan Klavus, Claire Lachaud, Jørgen Lauritsen, Robert Leu, Brian Nolan, Encarna Perán, João Pereira, Carol Propper, Frank Puffer, Lise Rochaix, Marisol Rodriguez, Martin Schellhorn, Gun Sundberg, and Olaf Winkelhake, "Equity in the Finance of Health Care: Some Further International Comparisons," *Journal of Health Economics*, Vol. 18, No. 3, June 30, 1999, pp. 263–290.

Wahab, Moayad Abdullah, and Mazin Yousif Petros, *Health Facilities in Erbil Governorate*, 4th ed., Planning Department, Directorate of Health, Kurdistan Regional Government Ministry of Health, August 2011. As of December 31, 2013:
http://www.dohhawler.org/merg2012/kashkolenglish.pdf

WHO—*See* World Health Organization.

World Bank, *World Development Indicators 2010*, Washington, D.C., 2010. As of November 12, 2013:
http://data.worldbank.org/data-catalog/world-development-indicators/wdi-2010

World Health Organization, "Global Health Observatory Data Repository," undated.

———, *The World Health Report 2000: Health Systems—Improving Performance*, Geneva, 2000. As of November 12, 2013:http://www.who.int/whr/2000/en/

———, *Health System Profile: Islamic Republic of Iran*, Cairo: Eastern Mediterranean Region Office, 2006a. As of November 12, 2013:
http://apps.who.int/medicinedocs/en/m/abstract/Js17294e/

———, *Health System Profile: Jordan*, Cairo: Eastern Mediterranean Region Office, 2006b. As of November 12, 2013:
http://apps.who.int/medicinedocs/en/m/abstract/Js17296e/

———, *Monitoring the Building Blocks of Health Systems: A Handbook of Indicators and Their Measurement Strategies*, Geneva, 2010. As of December 31, 2013:
http://www.who.int/healthinfo/systems/WHO_MBHSS_2010_full_web.pdf

Yao, Katy, Barbara McKinney, Anna Murphy, Phil Rotz, Winnie Wafula, Hakim Sendagire, Scolastica Okui, and John N. Nkengasong, "Improving Quality Management Systems of Laboratories in Developing Countries: An Innovative Training Approach to Accelerate Laboratory Accreditation," *American Journal of Clinical Pathology*, Vol. 134, 2010, pp. 401–409.

Yasar, G. Y., "'Health Transformation Programme' in Turkey: An Assessment," *International Journal of Health Planning and Management*, Vol. 26, No. 2, April–June 2011, pp. 110–133.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان . وەزارەتی تەندروستی

OBJECTIVE ANALYSIS.
EFFECTIVE SOLUTIONS.

لە ساڵی 2010، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە دامەزراوەی RAND کرد بۆ یارمەتیدان لە ڕێنوێنی کردنی چاکسازی سیستەمی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
ئامانجی گشتگیری چاکسازی بریتی بوو لە یارمەتیدان لە دامەزراندنی سیستەمێکی تەندروستی کە خزمەتگوزاری کواڵیتی بەرز دابین بکات بە شێوەیەکی گونجاو بۆ گشت کەسێک بۆ خۆپاراستن، چارەسەرکردن، و بەڕێوەبردنی نەخۆشی و برینە جەستەیی و دەروونیەکان. ئەم راپۆرتە بریتیە لە پوختەی قۆناغی دووەمی کاری دامەزراوەی RAND، ئەوە بوو لێکۆڵەران شێکردنەوەیان بۆ سێ مەسەلەی سیاسەتی تەندروستی تایبەت بەڵام پەیوستدار بە یەکترییان ئەنجامدا: پەرەپێدانی سیاسەتی داراییکردن، جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی چاودێری سەرەتایی و هەڵسەنگاندنی جۆرێتی و سەلامەتی نەخۆش. سەبارەت بە دارایی تەندروستی، لێکۆڵەران پێداچوونەوەیان بە پێشینە پەیوەندیدارەکاندا کرد، گەڕیان بە نێو بابەتەکە لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکیەکان، کۆمەڵێک هەڵبژاردەی سیاسەتی جیاوازمان پەرەپێدا و هەڵسەنگاند، و پلان یان ڕێگەمان پەرەپێدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکان و ئامانجەکانی سیاسەتی دیاریکراومان بەدەست هێنا. لە بواری چاودێری سەرەتایی، لێکۆڵەرانمان هەستان بە پەرەپێدان و یارمەتیدەر بوون لە جێبەجێکردنی سیستەمێکی زانیاری بەڕێوەبردنی نوێ. لە بواری کوالیتی و سەلامەتی نەخۆشدا، ئەوان پێداچوونەوەیان بە پێشینە پەیوەندیدارەکاندا کرد، گفتوگۆیان لەبارەی مەسەلە و بەربژارەکانەوە لەگەڵ سەرکردەکانی تەندروستیدا کرد و پێشنیاری ئاراستەکانیان بەرەو جێبەجێکردنی ڕوولەزیاد بوویان کرد.

$34.95

ISBN-10 0-8330-8795-9
ISBN-13 978-0-8330-8795-9

RR-490/2-KRG